
# ژیان و خەبات بەرگی یەکەم
# چاپی دووەم
# نوسینی مستەفا شڵماشی
# ١٩٩٥



وێنەی سەربەرگ: کاروان تەییب فەتتاح

پێشەکیی چاپی دووەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێنەری بەڕێز:

لە پێشەکیی چاپی یەکەم دا بەو ڕستەیە دەستم پێ کردبو:

مەبەست لە نوسینی ئەم ڕۆمانە ، نەک ڕۆمان نوسین،بەڵکو نیشاندانی گۆشەیەک لە بار و دۆخی کوردستان و خەباتی بەردەوام لە پێناوی ئازادی دایە. ئێستا دوای چەند ساڵ لە بڵاوبونەوەی ئەم بەرگە لە ڕۆمانەکە، هەست کردن بە پێویستیی دوو بارەی لەچاپدانەوەی بەهۆی داواکرانی لە لایەن چەندین دۆست ناسراوەوەو ئامادە بونی بەرگی دووەمی ڕۆمانەکە، بە باوەڕی خۆم پێچەوانەی ئەو ڕستەیە سەلمێنراوە و زۆرکەس ئەم نوسینە وەک ڕۆمانی بەرگری چاو لێ دەکەن کە لە زۆر ولاتی دنیاش دا لەم جۆرە بەرهەمانە بڵاوبونەوەو لە نێو کۆمەڵگای خۆشیان دا زۆر شوێندانەر بوون. بیرۆکەی داڕشتنی ئەم ڕۆمانەش لە لای من زۆرتر بە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی هولەندی بە ناوی (verzetsroman) یا ڕۆمانی بەرگری کە لە کاتی خۆی دا بە کتێبی ساڵی هولەندی دیاری کراوە، چرۆی گرت و گوڵی کرد. هیوادارم کاتم هەبێ ئەویش بۆ خوێنەری کورد بکەم بە کوردی.

لێرەدا نامهەوێ پێشەکیەکەی زۆر درێژ کەمەوە، چونکە ئەوەندەی بە بۆ چونی خۆم پێویست بوبێ، لە پێشەکی یەکەم چاپی دا باسم کردوە. تەنیا ئەوەندە وەبیر دێنمەوە کە نەزەری لوتفی ئەوانەی کاتی خۆی چاپی یەکەمیان خوێندەوەو زیاتر وورەیان پێ بەخشیم کە درێژەی بدەم و بە خۆشیەوە بەرگی دووەمیشی تەواو کەم. هەر وەها ئەوەندەشیان باوەڕبەخۆبوون دامێ کە وەک جاری پێشو بە چاوێکی نەرێنیەوە نەڕوانم بۆ پێزی ڕۆمانەکە و بە ڕاشکاوی ناوی ڕۆمانی لەسەر بنێم.

مەسەلەیەکی جێگای سەرنجی دیکە ئەوەیە کە بە خۆشیەوە نەوەی نوێ، کە بە شێوەی ڕێکەوت چاویان بە چاپی یەکەم کەوتوە، نەزەریان زۆر لەسەری ئەرێنی بوە. ڕاست دەڵێن کە تۆ ڕووداوەکان هەر تۆمار بکە. ڕەنگە هاوتەمەنەکانی خۆت زۆریان بۆ گرنگ نەبێ و زۆر بە ساکاری بزانن و تەنانەت بە جێگای ڕەخنەشی بزانن. ئەوهەڵوێستانە لە وەوە سەرچاوە دەگرن کە بۆخۆیان هەمو ئەو شتانەیان تاقیکردوەتەوەکە تۆ باسیان دەکەی. هەر بۆیە نرخێکی ئەوتۆی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا نانێن. ڕەنگە هێندێکیان زۆر لەتۆش باش تر تاقیکردنەوەکانیان لە مێشکی خۆیان دا تۆمار کردبێ، بۆیە نوسینەکەی تۆ بە جێگای ڕەخنە و نا تەواو دەزانن.
بەڵام ئەوەی تۆ باسی دەکەی بۆ نەوەی نوێ هەموی تازەیە و چێژی لێ دەبینێ، بۆیە بە چاوێکی ئەرێنی تریش چاوی لێ دەکا.
بە هەر حاڵ بۆ من زۆرتر ئەوەیە کە بە پێی توانای خۆم دەستەچیلەیەکم ذستبێتە سەر زمان و ئەدەبی کوردی و شتێکم بۆ نەوەکانی دا هاتو بەجێ هێشتبێ.
خوێندنەوەتان خۆش
مستەفا شڵماشی

٢٠-ی ١ ی ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکیی چاپی یەکەم

مەبەست لە نوسینی ئەم ڕۆمانە، نەک ڕۆمان نوسین بەڵکو نیشاندانی گۆشەیەک لە بارودۆخی کوردستان و خەباتی بەردەوام لە پێناوی ئازادی دایە. ڕۆمان نوسین قەڵەمی بەهێز وبیری وورد و ناسکی دەوێ. دەبێ نوسەر بتوانێ گیر و گرفتەکانی ژیان بە شێوەیەکی هونەری بخاتە سەر کاغەز و ڕێگای چارەسەرکردنیشیان نیشان بدا. من نە ئەو قەڵەمە بە هێزەم هەیە و نە بیری وورد و ناسک. نوسینەکەم وەڵامێکە بە پێداویستیەکانی سەردەم. بە شێکە لە هەست بە بەرپرسایەتی کردن. هەنگاوێکی نیوە چڵە بەرەو نیشانگای ژیان و خەباتی دژواری گەلە بەش خوراوەکەمان. لەم سەردەمە دا کە سەرانسەری ئێران کەوتوەتە بەر پەلاماری دێوەزمەی دواکەوتویی و بەرەو چەرخە بێ فەرهەنگ و بێ هونەرەکان گەڕاوەتەوەو کوردستان بە پێچەوانەوە، ئەرکی پاراستن و بەرەوپێش بردنی فەرهەنگ و هونەری وە ئەستۆ گرتوەو دیفاع لە ئازادی و دێموکڕاسی دەکا، نیشاندانی ژیان و خەباتی خەڵکی کوردستان شتێکی پێویستە. تۆژینەوە لە بنجە بە هێزەکانی ڕابردو و کلتوری نەتەوەییمان جێگای شانازیە و هەر نەبێ هونەرمەندانی ڕاستەقینە هان دەدا هەڵەکانی مرۆ ڕاست کەنەوە.

ناکرێ باس لە ژیان خەباتی مێژووی تازەی کوردستانی ئێران بکەی خۆت لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ببوێری. ناکرێ ئەم دوانە لێک هەڵاوێری.بۆیە بابەتی بناغەیی ئەم نوسراوەیە، وێنای خەباتی دژوار و بێ ووچانی ئەندامێک لەو ڕێکخراوەیە. نوسینی ئەم شوێنەوارە هەروەک ژیانی ئاسایی خۆمان و قارەمانی ڕۆمانە کە تەنگ و چەڵەمەی زۆری هاتوەتە پێش. دژواریی باری ژیان و تێکۆشان جاری وایە بۆ یەک ساڵ و زیاتریش نووسەری لە درێژەدانی کارەکەی دوور خستوەتەوە. هیچ دوور نییە ئەو پس پسیە لە نێوەرۆکی نوسینەکەش دا ڕەنگ بداتەوە. جاری واشە ڕەنگە هەر ئەو دەستڕاگرتنە نێوەرۆکی نوسینەکەی بە هێزتر کردبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

با بەتی نو سینەکە  بە تێکڕا یی ژ یانی بە شێکی  گەورەی  خەڵکی کورد ستانە. ڕووداوەکانی دەناسرێنەوەو قارەمانەکان لە  کردەوەو دا خۆیان نواندوە. بەڵام مەرج نییە وەک تۆمارکردنی مێژوو، هەموی لە یەک بچێ موو بە موو. بێگومان ئامێزەی خەیاڵی نوسەریش بوە و هەوڵیش دراوە تەڕ و خۆشتر بکرێ، تا هێندە ذفت نەبێ گەرووی خوێنەران بگرێ. جا ئەگەر ئەو ئاڵ و گۆڕانە، دووریش بن لە جوانی و لەتافەتی هونەرمەندانە، دەبێ ببورن. چونکە لە جێ دا هونەر مەندێک نەی نوسیون.

مستەفا شڵماشی
١٩٩٥

# پاژی یەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناو چەی سەردە شت  لە ڕۆژ هەڵاتی کورد ستان لە سەریەک ناوچە یەکی  هەوا خۆشە. لەبەر ئەوەی تاکو ئێستاش لە گەلێک جێگای ئەو مەڵبەندە دا، دار ستانی خۆڕ سک  هەرماوە، هەمیشە هەوا یەکی مامناوە ندی هە یە.  گەرمای زۆر و سەرمای دەست و لاق تەزێن تەنیا لە چلەی  هاوین و چلەی ز ستان دا هە ست پێ دەکرێن. کەچی بە پێچەوانەی ئەم یاسا گشتی و سرو شتیە ئەوڕۆژە  یەکێک لە ڕۆژە گەر مەکانی دوا هەنا سەی  بەهاری  جوانی کورد ستان  بو.  هاڵاوێکی گەرم ئاسمانی داپۆشیبو، هەناسە چیە نەی دەهات.

هیوا:

سەری  بەردابۆوە، کتێبە کۆ نە پەڕزەردە کەی  بە دە ستەوە گرتبو و  لەنگان لەنگان بەرەو چۆمی دەڕۆیشتە خوار. ماندوویی و داهێزان لە ڕوخساریدا بەدی دە کران. ڕو مەتی  سوور  هە ڵگەڕابون و  تەبێکی  ئارام چاوە کانی داگرتبون. ئارە قەی نێو چاوانی  بە لاجانگانی دا  شۆڕ دە بۆوە و  لە  قولایی چەنا گەی دا هەڵوێستەیەکی دەکرد، پا شان دڵۆپ، دڵۆپ دەکەوتە  خوارێ. جۆرە ماتەمێک بەسەر دەرونی دا زاڵ بو. هەستی بە ماندوویی و بێزاری دەکرد. لە ڕوخساری دا  ئەوە  بە با شی دەخوێندرا یەوە.  قەد و گیپاڵیشی نیشاندەری  ئەوە  بوون. هەرچەندە  هەڕەتی  هەرزەکاری و  سەرەتای دە ستپێکردنی وەرزی پو شکوتنی ژیانی بوون، کەچی شل وشەوێق و شپرزە بو.

ئەوڕۆژە  بەجارێک لێک هەڵوە شابو. ئێخەی کرا سەکەی  لە نێو کەوا کەی دا نوشتابۆوە.

شاقەلێکی کەواکەی لە پانتۆڵەکەیەوە هاتبۆ دەرێ. لکێکی پشتێنەکەی  بە دوای دا ڕادەکشا. فەقیانەکانی لە گەڵ ڕاوەشاندنی باسکەکانی دەهاتن و دەچوون. هەمو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارێ کە لاقی هەڵدێنایەوە، لکە پشتێندەکەی وەبەر پێی دەکەوت و خەریک بو بەرەو دەم بکەوێ. بەڵام حەواسی هێندە لەسەر خۆ نەبو کە بە جوانی و توند و تۆڵی بیبەستێتەوە، هەروا بە شل و شەوێقی لە خۆی داڵاندەوە.
هیوا لە جێ دا کوڕێکی توند و تۆڵ و چالاک بو. شپرزەیی ئەو ڕۆژەی هۆیەکی دیکەی هەبو. ئەو ڕۆژە مەلای مزگەوتی گوندەکەی خۆیان ئیزنی دابو کە بڕواو بچێتە نێو فەقێیان. لە گوندەکانی کوردستان دا وا باو بو کە مەلا فەقێی خەڵکی دێی خۆیانی ڕانەدەگرت.دەرسی قورئان و هێندێک ووردە کتێبی وەک ئەحمەدی، ئیسماعیلنامە ، گوڵستان و بۆستان و شتی وای بە منداڵان دەگوت. بەڵام وەختێک جحێڵ دەبون و کاتی خوێندنی مەلایەتیان دەهات، دەبو بچنە نێو فەقێیان. واتە بە گوندەکانی کوردستان دابگەڕێن و لەو دێیانەی حوجرەی لێیە جێگایەک بۆ خۆیان بکەنەوە.

لە ڕاستی دا هیوا کەیفی بە فەقێیەتی نەدەهات. پیشەی مەلەیەتیش ئاخر کار بو کە سەرنجی ڕادەکێشا. پێی خۆش نەبو لە سوچی مزگەوتێ دانیشێ و چاوی لە بەرات و سەرفیترەی خەڵکی بێ. بەڵام مام هۆمەری بابی هیچ شتێکی پێ لەوە گەورەتر نەبو کە ئەو بە شاقەلی مەلایەتیەوە ببینێ. ئەویش لە ڕاستی دا بۆ ئەوەی قسەی باوکی نە شکاندبێ، درێژەی بە خوێندن دەدا و خوی بە لەبەرکردنی شیعرە عەڕەبیەکانەوە ماندو دەکرد، بێ ئەوەی بە باشی مەعنایان بزانێ. هەرچەندە لە بەر ئەوبارە قورسەش دا لە گوندی خۆیان خۆی ڕاگرت. ئێستا دەبو کەس و کار و گوندە خنجیلانەکەی خۆشی بەجێ بێڵێ و ڕوو لە شار و گندەکانی دیکەی کوردستان بکا. بیری ئاوارەیی و غەریبی ئەویان ئازار دەداو تەنانەت دەیانبردە دەریای بێ بنی بیرکردنەوە. بە جۆرێک کە ئاگای لە دەور و بەری خۆی نەبو. سەری بەردابۆوەو وەک ڕۆبۆتێک بە لەقە لەق دەجوڵاوە. دەنگێکی لەرزۆک چەند جار نفوزی کردە نێو دەریای بیرکردنەوەی، بەڵام هێندە کاری تێ نەکرد کە وەخەبەری بێنێ. هەتا زۆرتر بەرەوخوار دەڕۆیی، دەنگەکە زیاتر جێگای خۆی لە مێشکی هیوادا دەکردەوە. هەر دەهات و ڕونتر وەبەر گوێ دەکەوت. نوزە دەبو بە ناڵین و ناڵین دەبو بە گریان. ووردە، ووردە ووشە خۆیان دەردەخست. هیوا هەڵوێستەیەکی کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوێی هەڵخست و هاتە سەر دنیای ڕاستەقینە. لە گۆمی خەیاڵ هاتە دەر. بە ڕونی گوێی لە دەنگێک بو دەی گوت: لێم دەن حەقتانە، خەتای هیچ و پوچی خۆمانە، کافرینە لێم دەن. ئەگەر ماڵ و منداڵم نەدەبو، جا بزانە چۆنتان لێ وەشاخی دەکەوتم.چۆنم کونە مشک لێ دەکردنە قەیسەری. شەرتە بە شەرتی خوای زیندوم لێ نەدەهێشتن، هەموم دەکوشتن، هەر هەموتان. ئەی هاوار خوایە زوڵمی وا قەبوڵ نەکەی. جاوەرە ئەو هەمو سوکایەتیەت پێ بکەن، چونکە بە چرقەی گەرمایە بە کۆڵێ باراشت بۆ نە بردوونە ئاشی. ئاخر خوا بتانگرێ، دەڵێم وەڵاغم نییە ، هاوار دەکەم خۆ ئەمن چوار پێ نیم باری بکێشم. بە گێلمە گێلم تێمرادەخوڕی و بە قۆنداغان وەرم دەگەڕێیەی، یا بە پۆستاڵان دەم شێلی. دەردی گران ئەوەیە لێشی حاڵی نابم. عەجەمیە نازانم، ئاخر بۆ بزانم؟ کەس نازانێ عەجەم لە چ وڵاتێکی ڕا هاتون. ئەمن ئەزمانی وان بۆ بزانم. ئەگەر کورد بان هەر نەبێ دەمتوانی بپاڕەمەوەو بلاڵێمەوە دەستم لێ هەڵگرن. ئەو جارەی حەسەناغای بێدین هەڵی واسیم و دارکاری کردم هەر چاتر بو، ئەو بە کوردی لێی دەدام. دەمزانی دەبێ چۆنی لە بەر وەپاڕێم. لە ئەزمانم حاڵی دەبو. ئەی هاوار برا ڕۆ، چۆن تۆڵەی خۆم لەو کافرانە بکەمەوە. پشتم لە بن باری دا ڕزیوە. دارە بە کۆڵێی دێنم، کایە بە کۆڵێی دەکێشم، باراشە بە کۆڵێی لێ دەکەم. دەبێ بێگاریش بە کۆڵێ بکەم. پشتم نزام لێ دەکا، گوێم لە دەنگی تیغەرەی پشتمە دەناڵێنێ.قرچەی دێ، چۆن ئەگەر بە سەر چرپ و چاڵی دا بڕۆی قرچەی دێ، ئاوا.

هیوا دەستی خستە سەر شانی ، کەکە حەمە، چت لێ قەوماوە؟ وەک شەلاقیان داهێنابێتێ، ڕاپەڕی و هاواری کرد، بەسە لێم گەڕێن، بۆ خاتری خوای لێم گەڕێن.

ئەمنم کاکە حەمە، هیوا، کوڕی مام هۆمەری.

ئاوڕێکی دایەوە، بڕێک ڕەنگی هاتەوە بەر.

هیوا گیان ئەتۆی. هیوا گیان ئەو عەجەمە نەعلەتیانە هەموو لەشیان شکاندوم.

بۆ لە سەرچی کاکە حەمە، لە سەرچی؟

جا لەسەر چی براڵە. خۆ بە بابیان قەرزدار نەبوم،لە سەر بێگارێ. ئەوێ ڕۆژێ دەیان گوت دەبێ بە کۆڵێ گەنمان بۆ بەریە ئاشی، ئەمنیش گوتم وەڵاغم نییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پشتیشم دێشێ بە کۆڵێ ناتوانم. ئەوڕۆ ئاوا یان لێ کردم. وەرە هیواگیان، تەماشایەکی پشتم بکە بزانە چی بەسەر هاتوە.

هیوا کەواکەی هەڵدایەوە. هەمو پشتی حەمەڕەش شیخار، شیخار ببو. خەتی قاوەیی لاو و نیو لە سەر شانی ڕا هاتبونە خوارێ تا سەر سمتانی، جێگە کەیان هەستابو، خوێنی تێزابو، خوێنێکی قاوەیی توند. قەراغی خەتەکان بەرەو شینی دەچو. دەتگوت ئاواتەکانی حەمە لەسەر پشتی وەدی هاتون. ئاخر گەورەترین ئاواتی حەمە ئەوەبو کە زەویەکی پان و بەرینی هەبێ. زەویەکی بەراو، بیکاتە چەند بەش و بە هەربەشەی دا جۆگە ئاوێک هەڵبەستێ و هەر بەشەی بکاتە شتێک. هێندێک شتی دیکەشی لە خوا دەویست، ئاغا نەمێنێ، بێگار هەڵگیرێ و چاویشی بە چاوی عەجەمان نەکەوێ. ئەگەر دنیا ئاوا ببێتە بەهەشت با شار هەر بۆ عەجەمان بێ. شەرتە بە شەرتی دەخوای ڕوو دە شاری نەکا.هەر بە شتی دەسکردی خۆی بژی، مەرەزی بزنەکانی بکاتە ڕانک و چۆغە، لە پێستەکەیان کاڵەی هەڵبەستێ، لە باتی چای خۆشاوی مێوژە ڕەشکەی بخواتەوە، بە نان و میوەو گۆشتی بەرهەمی دەستی خۆی بژی. ماست و کەرەو هەنگوینەکەی خۆی بخواو مسقاڵێکی لێ نەفرۆشێ. هێلکەکان لە مەودوا دەر خواردی منداڵەکانی بدا. چیدی سەوەتە میوەی جوان دانەگرێ و بیبا بۆ شاری. دنیای ئەو دێهاتە، دێهاتی پڕ خێر و بەرەکەتە. باشار هەر بۆ عەجەمان بێ. حەمە بە مێشکی دا نەدەهات کە دەکرێ لە شاریش عەجەم نەمێنن. لەوێش کورد کار بە دەست بن و وەلاتی خۆیان بەڕێوە بەرن. پێی وابو دەوڵەت و عەجەم دوو شتن لێک جیا ناکرێنەوە. دەوڵەتیش شتێکە هەر هەیە و لە بەین ناچێ. جا ئەگەر وایە باشار بۆ وان بێ و دێهات بۆ ئەو. یا باشتر بڵێم بۆ کوردەکان. بەرهەمی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە کارێکی وای کردبو لە زۆر جێگایان ئازەری و فارس بەرەو شارە کوردیەکان هێرش بێنن و سات و سەودای ناوچە بە دەست بگرن. هێزەکانی دەوڵەتیش پشتیوانی ئەوان بون. حەمە و ئەمسالی ئەویان جاڕز دەکردن و ڕێگایان بۆ بازرگانە هاوزمانەکانی خۆیان خۆش دەکرد. ئەگەر شۆڕشی گەلانی ئێران نەبوایە، نەک تەنیا ورمێ، بەڵکو ڕەنگە پیرانشاریش لە ژێر ئەو هێرشە دا وون بایە. لە پڕۆسەی دوور و درێژی ژێر چەپۆکی دا، هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد ڕوویان لە شاخی کردووەو بێگانە بۆ بازرگانی لە شارەکانی دا نیشتەجێ بوون.

هیوا دڵی پڕ ببو، ئەو زوڵمانە بۆ نەدەچونەوە سەریەک. کوڵی گریان لە گەروی دا قەتیس مابو. دەستی حەمەی گرت تا هەستێتە سەرپێ. یارمەتی دا تا جلەکانی لەبەر بکاتەوە. جلی چی، ئەگەر بکرێ ناوی جلیان لە سەر بنێی. بۆ خۆشی دیسان بە رەو چۆمی ملی ڕێیەی گرتەوە. بە دڵێکی پڕەوە هەروا بیری لە بێعەداڵەتیەکانی دنیا دەکردەوە. ئەو دنیایە بۆ هێندە ناتەبایە. جیاوازی حەمە و کەسانی دیکە لە چی دایە. بۆ کورد لە ژێر دەسەڵاتی خەڵکی دایە. بۆ بە ژێر چەپۆک و مەزلوم دروست کرایە. مێشکی هیوا پڕ ببو لە پرسیارانە. لە بیری زۆر و لە گەرمان سەری لێ ئەستور ببو. نە لە سێبەری شۆڕەبیەکەی قەراغ چۆمی ئۆقرەی گرت و نە توانی بە دنسێی پۆلە سپیدارەکە تەزووی گەرما لە لەشی خۆی دەرکا. کەوش و گۆرەوی لە لاقی دەرهێنان، لە سەر تاتەبەردێک دانیشت و لاقی لە ئاوەکەی کێشان. فێنکایەکی ئارامبەخش بە هەمو لەشی دا هات. تەزوویەکی سارد لە بەری پێ یەوە دەستی پێ کرد و لە تۆقی سەریەوە دەر چو. بڕێک چاوی لێک نان و پاشان کردنیەوەو لە ئاوەکە ڕاما کە وەک ڕەشماری بە توانا لووزەوی دەکرد و بە بەر چاوی دا ڕادەبرد. لە گۆماوێکی چۆمەکەدا جار و بار ماسیەک خۆی هەڵداویشت یا بۆقێک لە قەراغێ ڕا خۆی فڕێ دەدایە نێو ئاوە پەنگ خواردوەکەی تەنیشت ئەو تاتەبەردەی لە سەری دانیشتبو.

هەڵبەز دابەزین و ڕاخوشین و سەر وەدەرنانی گیاندارانی نێو ئاو، سەرنجی ئەویان بۆ لای ژیان ڕاکێشا. دەیزانی لە نێو ئاو و لە سەرزەوی، لە هەمو جێگا یەک جۆرە ها گیانلە بەر دەژین. هەر یەک بە شێوەیەک زاوزێ دەکا، هەریەک بە شێوەیەک بژێوی خۆی پەیدا دەکاو هەرکام ڕێ و شوێنێکیان بۆ ژیان هەیە. تەنیا بیری بۆ ئەوە نە دەچوو کە هیچیان لەو بنیادەمە سەیرتر نین. خۆی بەسەر هەموان دا فەرز کردوە. هەمویان بۆ ژیانی خۆی بە کار دێنێ. نایەڵێ هیچ زیندەوەرێک بە ڕاحەتی دانیشێ. تەنانەت بەڵای سەر وگیان و ماڵی نەوعی خۆشیەتی. هەرچی دەسەڵاتی هەبو ئەوی دیکە وەژێر پێ دەدا. یەکێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغایە و هەزاری دی بە نۆکەر ی خۆی دەزانێ. ئەوی دی پیاوی دەوڵەتە و میلیۆنها لە بەر چاوی میللەتن. نۆکەر دەبێ بێگاریێ بکا و ئاغا لە بەر سێبەرێ دانیشێ و بیخوا. میللەت دەبێ باجی بدا و دەوڵەت خۆی پێوە ڕانێ و قشون و ژاندارمانی هەتا ددانی پێ چەکدار بکا، تا هەر کەس فزەی هات، سەر و گوێلاکی پێ بشکێنێ، تا خەتان بە پشتی حەمەڕەشی هەژار دا بێنێ. لە پڕ ماسیەکی سووری زۆر جوان خۆی هاویشتە نێو پەنگاوەکەوە ولە وێ دا دەستی کرد بە هەڵسوڕان.

زنجیرەی خەیاڵی لێک پسا، وازی لە هەمو گیانداران هێنا وبیری لە سەر ماسیە سورەکە کۆ کردەوە. چەند جوانە، چەند دڵخۆش و بێ غەمە. بە کەیفی خۆی لە نێو ئاودا هات و چۆ دەکا. کەس ڕێی پێ ناگرێ و هیچ خەفەتی نییە.نە خەفەتی نان پەیداکردن، نە خەفەتی دەرس خوێندن. کەس بەغیلی پێ نابا و بە غیلیش بە کەس نابا. دیسان خەیاڵی هاتەوە سەر ئینسان، نەی دەتوانی لە مێشکی خۆی وەدەر نێ. چۆن ئینسانی سیاسی لە کۆمەڵێکی چەوساوە دا ناتوانێ تەنانەت بۆ چەند چرکەیەکیش خۆی لە سیاسەت دوور بکاتەوە، ئەویش ئاوای لێ هاتبو. دەی هەویست بە جێگیرکردنی مێشکی خۆی لەسەر ماسیە سوورەکە، ئازاری بیری برینەکانی سەر پشتی حەمەڕەش لە مێشکی دەرکا. بەڵام نەدەبو، وەک چۆن سیاسیە سوتاوە، چەوساوەکە دەیهەوێ بە پیاڵیەک شەڕاب سەری خۆی گەرم کا، کەچی زۆر تر بۆ سیاسەت نەشە دەگرێ، یا دەبینی چەند دۆستێک لە یەک کۆ دەبنەوە و بڕیار دەدەن ئەو ماوەیە سیاسەت نەکەن و بڕێک گاڵتە و گەپ بکەن. کەچی نازانن گاڵتەکەیان بە سیاسەت دەست پێ دەکەن. ئەویش وای بەسەر هاتبو. ئا، دەڵێی وابێ، دەڵێی دنیان گیانلەبەرە بێ زمانەکان لە بوغز و ڕق و دڵپیسی و دوژمنایەتیەی لە نێو مرۆڤ دایە بە دوور بێ. ئەگەر وابێ بە ڕاستی دنیایەکی خۆشە. کوڕە کێ دەڵێ ئەوانیش بۆ خۆیان هەزار و یەک گرفتیان نییە. مادام وەک ئینسان دەخۆن، دەخۆنەوەو زاوزێ دەکەن، بێگومان ئەو گیر و گرفتانەشیان بۆ دێتەپێش کە پەیوەندیان بەم شتانەوە هەیە. هیچ دوور نییە ئەم ماسیە سوورە جوانە بۆ بەدەستهێنانی پاروەنانێک، ئەم هەڵبەز دابەزەی بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مام هۆمەر دەمێک بو بەسەر سەریەوە بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکرد. لە بەرخۆ یەوە دەیگوت ئەو کوڕە بۆ وا چاوی زەق کردو نەوەو لە چۆم یەوە بڕیون؟

بە دەنگێکی نەرم کوتی:

هیوا ئەوە لە چیەوە ڕاماوی کوڕم، بۆ هێندە غەڕقی بیر کردنەوە بووی؟

وەک لە خەوێکی قووڵ وەخەبەر هاتبێ، یەک بە خۆی ڕاچڵەکی و هەستایە سەر پێ؛ بابە گیان ئەوە تەماشای ئەو ماسیە سوورە جوانەم دەکرد. بیرم لەوە دەکردەوە بڵێی ئەوانیش وەک مە خەفەت لە ژیان بخۆن؟ بڵێی ئەوانیش ژاندار مەیان لەسەر بێ. بڵێی ئەوانیش بەد بەختی وەک حەمەڕەش و زاڵمی وەک حەسەناغا یان تێدابێ. دەمگوت ڕەنگە ئێستا ئەم ماسیەش وەک بابی دڵسۆزم لە فکری پەیدا کردنی پاروە نانێک دابێ بۆ بێچوەکانی.

مام هۆمەر

بۆ بێچوەکانی؟ بەسەر بادانەوە

هیوا بەڵێ بابە گیان بۆ بێچوەکانی.

مام هۆمەر :

ئای ڕۆڵە گیان وا دیارە هێشتا نەگەیشتویە مریشکە ڕەشێ.

هیوا:

بۆ بابە گیان مەنزورت چیە؟

مام هۆمەر:

کوڕی خۆم ئەگەر گەیشتبایە مریشکە ڕەشێ دەتزانی ماسی هەر کە (گەرا) کەی دانا کاری بە بێچوەکانی نییە و بە ئاویان دەسپێرێ. ئاو لە باوەشی پڕ خێر و بەرەکەتی خۆی دا بەخێویان دەکا. ئەی نەتبیستوە ماسی بەبێ ئاو ناژی. ئەرێ چۆن بو باسی حەمەڕەش و ژاندارمانت کرد. نەکا مێشکی خۆت بە هێندێک شتی دیکەوە خەریک کەی و دەرسەکەت بۆ نەخوێندرێ.

هیوا:

بابە گیان وەختە جەرگم بیێتە کەباب بۆ کاکە حەمەی. بەدوو ژاندارمان ئەوەندەیان لێداوە هەمو پشتی بریندار بوە. پێموانییە بتوانێ بگاتەوە ماڵێش.

مام هۆمەر:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر وایە ئەو نەعلەتیانە وایان لێ کردوە. ئاخ، گۆڕی بابی شایەکەتان. فەقیرە نەی دەوێرا باسی وانیش بکا. دەیگوت لە دارێ بەربومەوەو بەسەر دڕوان دا کەوتوم. بەرێوەڵلا ڕۆڵە گەیشتەوە ماڵێ، بەڵام چ حاڵێکی نەبو. پێموانیە مانگێکی دیکەش بتوانێ هەستێتەوە. نازانم ئێمە کەنگێ لەو حاڵەی ڕزگارمان دەبێ. هەتا زەمانی بابی گۆڕبەگۆڕی بو لیباسی خۆشمان لێ قەدەغە بو. ئەو دێ زەلامەی دەیبینی بە هەمو پیاوەکان یەک دەست جلی عەجەمیان کڕیبو. هەرچی دەچۆ شاری ئەو دەستە جلەی دەبەر دەکرد. هی وا بو بۆی گەورە بو، دەتگوت داوەڵە بۆ خۆشی پێکەنینی بە خۆی دەهات. دەلینگی دەگەینە سەر کەوشەکانی، شانی بەر دەبونەوەو دەستی لە نێو قۆڵی کۆتی دا وون دەبون. کابرا لە دێ وەدەر دەکەوت لە شەرمان نەی دەزانی چ بکا. ئەگەر دەگەیشتیشە شاری هەر وەتر. دەبو بە مەسخەرەی عالەمێ. هی وا بو بۆی چاک بو، خەڵک پێی پێنەدەکەنی. بەڵام لە پێکەنینەکەش خەراپتر ئەوەبو کە ناوی عەجەمی بەسەر دا دەبڕا. ئەوەتا ئێستاش هەر بە سمایل عەجەم مەشهورە. باش بو ئەمن ئەو وەختی چکۆڵە بوم توشی ئەو ئەتکەی نەبوم. جلی خۆم بە زۆری لەبەر داکەنن و ئەو دوولینگە ناحەزەم لە بەر کەن. ئاخ عەجەم!

هیوا:

ئەرێ بابە ئەوانیش هەر وەک مە حیسانێک نین. بۆ لێیان قەبوڵ دەکەین وئەو هەمو سوکایەتیەی دەکەن، کەسێک غیرەتی نەبوە لێیان ڕاست بێتەوە؟

مام هۆمەر:

کوڕی خۆم بۆچی! زۆرکەس لێیان ڕاست بوەتەوە. ئێستاش زەمانی دێموکڕاتم لە بیرە،

پێشەوا قازی محەممەدم لە بیرە.لە مەیدانی چوارچرای مهابادێ هاواری کرد ئێدی ڕزگار بوین. دەوڵەتی دامەزراند، قشون و ئیدارەی دروست کردن. هێند جوان بوون ڕۆڵە قشونەکەی، ناویان( پێشمەرگە) بو. گەورەکانیان نەبێ هەمو جلی کوردیان لەبەردابو.حیسان لە خۆشیان گەشکەی دەگرت.لە دیاتی ژاندارمان پێشمەرگەی کوردت دەدی کە بەچەکەوە بە پەنات دا دەڕوا. سڵاوێکت لێ دەکا و ئەگەر تۆ کارت بەوی نەبێ، ئەو زۆر ڕازیە. بەڵام ڕۆڵە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەختی کوردی زۆری نە کێشا، ئینگلیز و ئەمیر کە و ڕووس هەمو بە هاواری ئەو جەللادە یەوە هاتن و ڕا ستیان کردەوە. شا خۆی گر تەوەو دیسان وەک لێشاوی بەهاریێ، وەک لا فاوێکی هار کە دار و دەوە نیش ڕادە ماڵێ هاتن و دەوڵەتە کەیان لێ ڕوخا ندین. پێشەوا شیان لێ لە سێدارە داین لە گەڵ چەند کەڵەپیاوی دیکە. ئێستاش کزەم لە جەرگی دێ. دڵی پڕ بو لە گریان، خۆی بۆ ڕانەگیرا و لە سەر چۆکان هەڵتروشکا، تێر و پڕ گریا. هیواش گریا، دڵی پڕ بو و خۆی بەسەر شانی بابی دادا. ماوەیەک بێ دەنگ بەوجۆرە مانەوە. هەزاران پرسیار لە دڵی هیوادا شەپۆلیان دەدا.مام هۆمەر دەروازەیەکی گەورەی بۆ کردبۆوە. دیارە زۆرتر کوڵی دڵی خۆی ڕشتبو، بەڵام هیواشی بەرەو دنیایەکی تازە پاڵ پێوەنابو، دنیای بیرکردنەوەو گەڕان بە دوای گرێکوێرەکان دا. لە سەر شانی بابی هەستایەوەو گوتی:

بابە گیان جا ئەو پێشمەرگانە، ئەو هەمو خەڵکە هەموویان لە بەین چوون؟ مام هۆمەر ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا، نا کوڕی خۆم لە بەین نەچون. زۆریان ئێستاش هەر خەریکن.دێموکڕات ئێستاش هەرماوە. کادێری هەر دێن و دەچن، پێشمەرگەش هەن، بە شاخی یەوەن. ئەوەی ئەو نەعلەتیانە پێیان دەڵێن چەتە ئەوە پێشمەرگەن. کوڕی خۆم بابی خۆت ئێستاش مەیلی ئەوڕۆژەی نەناوە، بە دەستتەنگی خۆشمەوە هەمیشە کۆمەگی دێموکڕاتی دەکەم. بە دەست خۆم نییە دڵم لێی نابێتەوە هەرچەند زۆریش خەتەرە، کوڕی خۆم کادێری دێموکڕات ناوی تۆی ناوە (هیوا). ئەز قەزای ڕەببانی وەختێک خوا ئەتۆی داکادێری دێموکڕات لە ماڵێ مە بو. کاک شەریف کادێری دێموکڕات بو. جل و بەرگێکی شوانانی لە بەر کردبو و بە دێیەکان دا دەگەڕا. ئەو شەوەی هاتە ماڵێ مە. ئەمن هەر نا هومێدیم دەکرد، هەر دەمگوت دەڵێی تازە چمان بۆ بکرێ؟ ئەو دڵخۆشی دەدامەوەو دەیگوت هیوادار بە. ئەمە حەق تەڵەبین. دەیگوت ئەمن شۆڕەتیشم حەق تەڵەبە. هیوادار بە حەق هەر سەردەکەوێ. جا ئەگەر ئەتۆ لەدایک بوی، ناوی نای هیوا. دەیگوت مام هۆمەرباقەت بێ هیوا نەبی. ڕۆڵە ئەوان لە نێو ناچن، ئەوان گەرایان لە نێو دڵی میللەتی دا داناوە. بە هیوای خوای لە نێو ناچن.

هیوا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابە گیان دوو جار باسی گەرات کرد، ئەرێ گەرا چییە؟
ئای ڕۆڵە گیان جارێ زۆرت ماوە بگەیەوە بابی خۆت.بەلای خۆی دەخوێنی و ماشاڵڵا کتێبێکت پێیە، دێی لێ نەبێ، دەڵێی قوڕحانە. نازانی بە تۆوی ماسی دەڵێن گەرا! ئەی کوڕی خۆم ماسی ساڵی جارێک لە نێو ئاو دا گەرا دادەنێ. ئەو گەرایە هەر لە نێو ئاوەکە دا دەترو کێ ماسی وورد ووردی لێ دێتە دەر. ئەوانیش لە نێو ئاوەکەدا گەورە دەبن و دیسان گەرا دەکەن. هەمو ژیانیان لە نێو ئاودایە.
هیوا:
نەوەڵڵا نەم دەزانی، بە چی بزانم هەتا فامم نەکردبۆوە لەم جۆرە شتانە حاڵی نەدەبوم. ئەوەتی فامیشم کردوەتەوەو ناردوتمە کن مەلای بۆ خوێندن. مەلاش ئەوەندەی بە شولکان لە دەست و لاقی داوم، هیچ وەختی وەم نەبوە بیر لە و جۆرە شتانە بکەمەوە، یان بیان پرسم. خۆ بە ناشکوری نەبێ ئەوەی مەلاش پێم دەڵێ هیچی کوردی نییە. کەس نازانێ دەڵێ چی، زەرەبە زەیدون، کەتەبە، کەتەبا......
بە خوای بابە گیان هیچی لێ حاڵی نابین، دەڵێی وڕێنە دەکا. خۆ پێشمان ناڵێ مەعنای چییە. هەر دەبێ ئەوەی دەیڵێ بیڵێینەوەو بینوسینەوە. سەریشمان لێ شێواوە، ناتوانین بیر لە دەور و بەری خۆشمان بکەینەوە.
مام هۆمەر:
نا کوڕی خۆم قسەی وا مەکە؛ مەلا هەرچی بفەرموێ هەر ئەو باشە. ئەوەی پێتان دەڵێ هەموی فەرمودەی خواو پێغەمبەرن، با بە زمانی خۆشمان نەزانی مەعنایان چییە. هەر وەک مامۆستای فێریان بە و بیان ڵێوە. کوڕم فەرمودەی خوداو پێغەمبەر خۆ نابێ هەموو کەس جورحەتی هەبێ مەعنایان بکاتەوە. بە خوای ئەوەتی بابی خۆت هەیە، هەمو ڕۆژێ پێنج فەرزەش دەکەم و نەشم پرسیوە مەغنای چییە و ناش زانم مەعنای چییە، چونکە گوناحە، کوڕم کوناح.
هیوا:
ناکرێ ئەمنیش دەست لەو خوێندنەی هەڵگرم و بێم لە کێڵگە دا یارمەتی تۆ بدەم؟ خۆ ئەتۆ یەکتەنی، هەر منت هەیە.
مام هۆمەر:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسەی وا بکەی لێت حاجز دەبم. ئەمن چەند ساڵە بە هیوای ئەو ڕۆژەوە دەژیم کوڕێکم هەبێ و لە بەر خوێندنێی بنێم، کاک شەریف یادی بە ذێر دەیگوت بنینێرە مەدرەسەی. ئێ ڕۆڵە مەدرەسەش هەر لە شاری هەیە. ئەویش بە زمانی خۆمان نییە، عەجەمییە. خۆ هەر دەمناردی، بەڵام بە خوای پوڵم نییە، پێم بە خێو ناکرێی.

ئەی بۆ مام عەزیز هێندە لەو زمانەی ئەمە دەیخوێنین بێزارە. چاکیشی دەزانێ، هەموی مەعنا دەکاتەوە. ئەوی لە زاری مەلای دەردەچێ ئەو دەیزانێ، جاری وایە غەڵەتان لە مامۆستاش دەگرێ. کەچی دەڵێ تێی هەڵدەن، ئەوە زمانی دوژمنانە. زمانی کافرانە. زمانی ئینسانی دڵڕەق و بێ بە زەیی یە. فێری مەبن، فێری فارسیە بن هەر نەبێ خۆش و ڕەوانە.

مام هۆمەر:

کوڕم مام عەزیز لە کوردستانی گەرمێنێ ڕا هاتوە، لەوێ ئەو زمانە حاکمە. مام عەزیز بەو زمانەی دار کاری کراوە، ئەشکەنجە دراوە و لەسەر ماڵ و حاڵی خۆی ئاوارە کراوە، بۆیە ڕقی لەو زمانەیە. وەک چۆن ئەمە بە عەجەمی لێمان دەدرێ و بە فارسی ملمان بە سێدارەی دا دەکرێ و ڕقمان لێیە. ئەوەندیە قەدیمیەکان دەڵێن عەجەمی زمانی جەهەندەمێیە.

هیوا:

مام عەزیز دەڵێ عەجەمی ترکیە، فارسی خۆشە. فارس قسەخۆش و زمان شیرنن. دەڵێ پیاوی چاکن، بە ئیحتیڕامن، دەڵێ میللەتی چاکن.

مام هۆمەر:

ڕۆڵەگیان مام عەزیز هەر زمانلوسی ئەوانی دیوە. ئەمن دنیا دیدەم و لەو وڵاتەی گەورە بوم. ئاوری بن کایە فارسن. ئەوان هەمو شتێکی ئەم وەڵاتەیان لە ژێر چۆکی خۆیان ناوە. هێندە زمان لوسن بە لبادی سەری پیاوی دەبڕن. هەمو پیاوە گەورەکانی کورد یان بە قسەی خۆش فریو داوەو پاشان کوشتویانن. سمایلاغای سمکۆ، پێشەوا، هەمو، هەمو. ئەمە بەوان، بە کاربەدەستانی دەوڵەت، بە داگیرکەرانی وەڵاتەکەمان دەڵێین عەجەم. بە هەمو ئەوانەی زوڵممان لێ دەکەن، ترکەکانیش لە داوی زمانلوسی وان کەوتون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانیش ئاغایەتیەکەی بۆ خۆیان دەکەن و قسە ڕەقەکانیش بە ترکان دەکەن. کردویاننە داردەستی خۆیان. دەنا خۆ زەمانی پێشەوای ئەوانیش زیندو بونەوەو دەوڵەتی خۆیان دامەزراندبو. کەچی ئێستا کردویانە داردەستی خۆیان. مام عەزیز لێرە تازەیە، جارێ نازانێ فیتنە لە بن سەری کێ دایە. هەر ژاندارمان دەبینێ دەناسێ و ئەوانیش زۆریان ترکن.

هیوا:

کەوابو ئێمە بە زمانی خواو پێغەمبەرانیش هەر لێمان دەدرێ؟ هەمو زمانێک دوژمنی مەیە.

مام هۆمەر:

ڕۆڵە هێندێک زاڵمن زمانی خواو پێغەمبەریان خراپ کردوە. ئەوان فڕیان بەسەر مسوڵمانەتیەوە نییە. بە قسەی بابی خۆت بکە، جارێ بیر لەوانە مەکەوە. وەدوای عیلمی کەوە، ببە دوازدە عیلم، پاشان بۆخۆت دەزانی چ باسە.

سێبەرشۆڕی ئێوارێ داهات، ڕۆژ لە لە ئاسۆ ئاوابو. مام هۆمەر و هیوای کوڕی ووردە، ووردە بەرەوماڵ وەڕێ کەوتن. ماڵێ چی، وەک زوور بەی ماڵەدێهاتیەکانی کوردستان، بریتی بو لە دوو ژوور و دالانێک. ژوورێکیان بۆ دانیشتن، شتومەکی نێوماڵ وخواردن، ژوورێکیشیان بۆ نوستن و میوانان.بەشێک لە دالانەکە جیاکرابۆوە و تەندورێکی نان کردنی لێ دانرابو لە گەڵ کوچکەیەکی ئاور کردنەوە. بە پەنای ئەویشەوە تەویلەیەکی بچوک بە ویشکەکەڵەک درو ست کرا بو. لە ژووری میوا نان مافورەیەکی کۆن و بەڕەیەکی تازە ڕاخرابون. چەند لێفە و پەتو،لەگەڵ دوو سەرینی لە توکە مریشک لە قوژبنێک دانرابون و چەند باڵنجێکیش بە ڕیز دانرابون بۆ پاڵ دانەوە. لە نێوەڕاستی ژوورەکەش سۆبەیەکی داری دانرابو کە لولەی دوکەڵکێشەکەی لە میچی خانوەکەوە دەرچوبو. خێزانی مام هۆمەر بە خۆیەوە چوار کەس بون. خازێی ژنی، هیوای کوڕی ، نازەنینی کچی و بۆ خۆی. ڕۆژێک هیوا بە ناڕەحەتیەوە هاتەوە ماڵێ. مام هۆمەر کە پیاوێکی دنیا دیدە بو، فەوری زانی هیوا خەبەرێکی ناخۆشی پێیە. بانگی کردە تەنیشت خۆی و لێی پرسی، بۆ وا ناڕەحەتی کوڕم؟

هیوا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامۆستا دەڵێ، ئیدی لێرە بەسە. لە سپەینێ ڕا دەبێ بچیە نێو فەقێیان. جا ئەمن چۆن دەتوانم ئێوە بەجێ بێڵم. چۆن دەتوانم لە غەریبایەتی بژیم، بابە گیان.
کوڵی گریانی لە گەرووی دابو.
بەری بەیانی مام هۆمەر هیوای لە خەو ڕاست کردەوە. پێش ئەوەی هیوا لە خەو هە ستێ کەتر یە ڕە شی لە سەر ئاوری دا نابو، کەتری هەروا قوڵ تەی دەهات. خازێ ژنی و نازەنینی کچیشی لە خەو هەستابون و خەریکی پێچانەوەی سڕ و سیپاڵی فەقێ بچکۆلە بون.
دوو، سێ کتێب، لێفەیەکی کۆنی یەکنەفەری، دەستێک جل و دە سرەیەکی سپی داهێنراو لە بوخچەیەکی چیتی چوارگۆشەوە پێچرابون. پاش ئەوەی نان وچا یان خوارد هەموویان لاچاوی هیوایان ماچ کرد، مام هۆمەر بوخچە کەی بۆ هەڵگرت و پێشی کەوت هەتا گەیشتنە دەری دێ کە بە سەر چۆمی دا دەڕوا نی. لەوێ هەڵوێستەیەکی کرد، ئاوڕێکی لە کوڕەکەی دایەوەو بوخچە کەی دا نا. کوڕە کەی لە ئامێزی گرت و جارێکی دی بە تا سەوە ماچی کرد. پا شان دە ستی بۆ لای چۆمی درێژ کرد و ئەوبەری چۆمەکەی نیشان دا:
کوڕم ئاها، هەر کە لە چۆمی پەڕیەوە بەو هەورازەی دا سەرکەوە، کە چو یە سەرێ دەگەیە دەشتێک، لە دەشتێ ڕەت بوی گردێک قوت بوەتەوە، لە گردی چویە ئەودیوی دێیەکی گەورەی دوو سەد ماڵی لێیە، بچۆ ئەو دێیەی. لە وێ حوجرەی لێیە و مەلاو فەقێی لێن، بەڵکو خوا ڕوحم کاو هەر لەوێ دامەزرێی، لە خۆشمان نیزیک دەبی.
هیوا جارێکی دی باوە شی لە بابی دا یەوە. فرمێسکی بە ڕو مەتی دا هاتنەخوار لەبەر قوڵپەی گریان هیچی بۆ نەگوترا. بوخچەکەی تاو دا یە و لە شانی کرد و بەدەست خواحافیزی لە مام هۆمەر کرد و وەڕێ کەوت.
لە چۆمی پەڕیەوەو بە هەورازەکەی هەڵگەڕا. ما ندو و شەکەت، تەواوی لە شی وەسەر ئارەقە گەڕابو. تا ئەو هەورازە بە پێچ و لوو لەی تەواو کرد، ئارە قە تا بەری پ ێی تەڕ کرد بو. بوخچە کەی دا نا، پاڵێکی وێ داو سەری بەردا یەوە. ماوە یەک بەم جۆرە دانیشت، تا ما ندوویی حە سایەوە. پا شان بوخچە کەی لە شانی کردەوەو ملی ڕێیەی گرتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەک بە نێو داری مازوو، قەزوان،بەڕوو،شەکێن،یۆڵ و گێوژ دا ڕۆیی. دوای ئەوانە دەشتی لێ دەرکەوت. لە و دەشتەدا خەڵکێکی زۆر لە چەند لاوە خەریکی دروێنە، گێرە، ئاودا شتن و کا کێشان بون. پیاوێکی پیر لە سەر خەرمانێک کەپرێکی چکۆڵەی کردبو و لە بنی دانیشتبو. لە تەنیشتی کەتریەک لە سەر ئاور بو. هیوا ڕاست ڕووی لە لای ئەو پیاوە پیرە کرد بۆ ئەوەی تاوێک بحەسێتەوە، ماندونەبونی لێ کرد و چوو لە پەنای دانیشت. مامەپیرە تەواوی سەر و دەم و چاوی لە کاوکۆت وگژ و گیا دا وون ببو، دەستێکی لە سەر هەردووک برۆی ڕاگرت بۆوەی سێبەر لە سەر چاوەکانی بکا، تەماشایەکی هیوای کرد و گوتی:

یا خوا بەخێر بێی کوڕم ئەوە لە کوێوە هاتوی و بۆ کوێ دەچی؟

هیواگوتی:

مامەگیان ئەمن کوڕی مام هۆمەرم لە ئاوایی(ک) و دەمەهەوێ بۆ خوێندن بچمە ئەو دێیە، دەڵێن حوجرەی فەقێیانی لێیە.

مامە پیرە بە سەر ڕاوەشاندنێکەوەگوتی:

ئای کوڕی خۆم ، دیارە دەتهەوێ ببیە مەلا. چەند ساڵان ئەم دێ و ئەو دێ و شار بە شار بخولێیەوە بە ڕووت و قوتی و پێخواسی، بە سواڵ و سەدەقە بخوێنی و ببیە مەلا، وە نییە؟

بەڵێ مامە گیان دەمهەوێ ببمە مەلا.

مامە پیرە:

جاکوڕی خۆم ئەو هەمو ساڵە خوێندن و کوێرەوەری بۆچی؟ بۆ وەی هەم دینت بچێ و هەم دنیا؟ وەڵڵاهی وەک بابی خۆت کە چاکی دەناسم و دەزانم چەند پیاوێکی مسوڵمانە، باشترە کاری خۆت بکەی، هەم دینت دەپارێزی و هەم خز مەت بە ماڵ و منداڵی خۆت دەکەی. ئاخر خۆ ئەتۆ لە مەلا دوازدەعیلمەکەی مە باشتر نابی. بۆ عالمیە لەو مەڵبەندەی دا نێوبانگی هەیە! کەچی لە گەڵ زاڵمێکی وەک ئاغای یەکی گرتوە و هەرچی ئاغا بڵێ بۆی لە ملی دەدا. هەر ملکێک ئاغا بیهەوێ کەین و بەینێک ساز دەکرێ و قەباڵەیەک بە خەتی جەنابی مەلای دەنوسرێ و دەبێتە هی ئاغای.

هیوا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامە گیان مەلای زۆر پیاوچاکیش هەن. مەلای دێی مە قەت کاری وا ناکا. لە گەڵ ئاغاش هیچ نێوانیان خۆش نییە. خەڵکە کە هەموو خۆشیان دەوێ و ئاغاش زۆری ڕق لێیە.

مامە پیرە:

بیستومە، بیستومە، مەلای کن وە زۆر چاکە. بەڵام ئاخرەکەی ئەویش تووشی دەردی سەر دەبێ. چونکە هەر مەلایەک لە گەڵ فەقیر و هەژاران چاک بێ، ئاغا و پیاوەکانی دەوڵەت هەزار بەند و بالۆرەی بۆ ساز دەکەن. کافرە، مەلای سورە، دوودەیە و نازام چی و چی یە.

هیوا بەو قسانە هێندەی دیکە دڵی گیرا، بەڵام زۆری وەسەر خۆ نەهێنا. پاش حە سانەوەیەکی باش کۆڵەکەی هەڵگر تەوەو وەڕێ کەو تەوە تا گەیـ شتە بەرماڵان.

دێیەکی گەورە بو، خانوەکان وەک پێپلیکان ، لە دامێنی گردەکەوە تا سەرێ، بەڕیز یەک لە سەر یەک دروست کرابون. حەوز و ئاودەست و مزگەوت لە دامێنی گوندەکە بون. دەوروبەری ئەوانیش بە شیوێک کۆتایی دەهات کە پڕ بو لە داری بی و سپیدار و چنار. حوجرەی فەقێیان بە پەنای مزگەوتەوە دروست کرابو. ژوورێکی درێژۆکەی گەورە و بەرهەیوانێکی بچوکی باریک و بێ شکڵ. لەو حوجرەیەدا چوار فەقێی موستەعید لە گەڵ سێ فەقێی سوختە دەژیان. ئێستا ئەگەر هیوایان ڕاگرتبا دەبونە هەشت کەس. پاش نان و چای ئێواریێ یەکێک لە موستەعیدەکان ڕووی لە هیوا کرد و گوتی:

وێ دە چێ هاتبی لێرە دامەزرێی. خەڵکی کوێی، چ دە خوێنی و لە کەنگێوە هاتوویە نێو فەقێیان؟

هیوا برێک شەرمی دەکرد، ڕەنگی سوور هەڵگەڕابو. بە دەنگێکی لەرزۆک وەڵامی دایەوە:

هەوەڵ جار مە دێمە نێو فەقێیان، هێندێک کتێبی ووردەی وەک گوڵستان، بۆستان، ئیسماعیلنامە و ئەحمەدیم خوێندوە لە گەڵ قورعان. ئەویش لە کن مامۆستای دێی خۆمان.

لە نێو فەقێیان بەوکەسەی کە زۆری خوێندبێ و هێندێک کتێبی دیاریکراور تەواو کردبێ، کە ئەوجار بۆخۆی بتوانێ دەرس بە فەقێ تازەکان بڵێ، گوتویانە موستەعید



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوختەش بەو فەییانە گوتراوە کە تازە چوەتە حوجرە و دەستی بە خوێندن کردوە.

کاکی موستەعید دەستی پێ کرد:

ئەگەر دەتهەوێ لێرە بخوێنی هەرچی گوتمان دەبێ بە قسەمان بکەی. لە دەم موستەعید هەڵنەگەڕێیەوە، پاک و خاوێنی حوجرە ڕا گری، نان کۆ کەیەوە و ڕاتبێ بکەی و بە کورتی بە موو لە قسەمان دەرنەچی.

هیوا زۆر سەری لەو شتانە دەر نەدەچو، تەنیا بە بەڵێ وەڵامی دایەوەو بە نیشانەی قەبوڵکردن سەری تەکان دا. بەم جۆرە لەوێ لە لای ئەو موستەعیدە مایەوە. لای ئێوارێ یەکێک لە سووختەکان هیوای کێشایە بن دیوارێک و دەستی کرد بە دەردی دڵ کردن:

موستەعیدەکان زۆر توند و تیژن، زۆر خراپ لە گەڵمان دەجوڵێنەوە. زۆر تورەن و هەر قسەت کرد وەدەرت دەنێن. جاری وایە کاری هێندە ناحەز دەکەن کە پیاو لە خوێندنیش بێزار دەبێ. هەر ئەو موستەعیدەی ئەتۆ لە لای دامەزراوی سوختەیەکی دیکەی لە کن بو. فەقیرە ئێوارەیەک چوبو بۆ خۆراک کۆکردنەوە، چلەی جستانێ بو. لە ماڵێک قاپێکیان کولەکە بەرۆن دابوویە. بەو زستانەی کولەکە بێ و ڕۆنی لەسەر ڕاوەستێ، زۆری ئیشتیا چوبویە قامکێکی لێدابو. شوێنی قامکەکەی لەسەر کولەکە بە ڕۆنەکە مابو، وەختێک هاتەوە حوجرێ کاکی موستەعید بێ سێ و دوو ملی سوختەی گرت و کولەکە بە ڕۆنەکەی تێ کرد. کولەکە بە ڕۆنی داغ پشتی هەژارەی سوتاند. بەوەش وازی لێ نەهێنا بە چلەی زستانێ دەری کرد. هیوا بڕێک ترسا، بەڵام بێ وەسەر خۆ هێنان و هێندێکیش لە ناچاری مایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پاژی دووەم

پاش چەند مانگان هیوا مەنزڵگای هەوەڵی بەجێ هێشت. بە دێیەکانی کوردستان دا گەڕاو گەلێک ڕێی پێواو زۆر شار و گوندی کوردستانی پشکنی. مانگ لە دوای مانگ زۆرتر شارەزای وەزعی خەڵکی کوردستان دەبو. تا دەهات زیاتر هەستی بە کوێرەوەری و ڕەنجەڕۆیی گەلە بەشخوراوەکەی دەکرد. ئەو لاوێکی بە هەست و بیر تیژ بو، زۆر زوو سەرنجی بۆلای مەسەلە گەورە و بچوکەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕادەکێشرا. لە بەرامبەر هەر ڕوداوێکی دڵ تەزێن دا، یا هەر گیر و گرفتێکی خەڵکە هەژارەکەی دا پر سیاری بۆ دەها تە پێش و شەوان و ڕۆژا نی دوور و درێژ لە گەڵ زۆر ڕووداوی دڵتەزێن بەرەو ڕوو دە بو. ئەوەندەی چارەڕە شیی خەڵک دیبو، هێندەی زو لم و زۆری کار بە دە ستانی دەو لەت چاو پێ کەوتبو، بەتەواوی لە وەزع بێزار بو. بەڵام نەی دەزانی چۆن لە گەڵ ئەو هەمو زوڵمانە بەرەنگاری بکا و هیچ ڕێگایەکی بۆ دەرباز بوون لەو حاڵە شک نەدەهات. لە زۆر خەڵکی ساکار و هەژار ناوی پێشمەرگەی بیستبو. ئەوە شی لێ حاڵی بو کە پێشمەرگە بۆ ئازادی کورد ستان هەوڵ دەدەن و پشتیوانی هەژارانن. بەڵام تا ئێستا ڕێی نە کەوتبۆ جێگایەک کە بتوانێ شوێنیان هەڵگرێ و پەیوە ندیان پێوە بگرێ. لە دڵ دا شەیدای پێ شمەرگە بو، کەچی لە کردەوە دا لێی دوور. تەبلیغاتی ساواک و ئۆرگانە دژی گەلیەکانی دیکەی ڕژێمیش کارێکی وا یان کرد بو، کەس نەی دەوێرا ویستی دڵی خۆی بۆ کەس باس بکا. ساواک بە تەبلیغات تابویەکی لە خۆی دروست کردبو، کە بە سەر سەری هەمو کە سەوە بو. تابویەک کە تەنانەت گوێی دابوون بە دار و دیواریش. قسەت کردبایە دار و دیواریش گوێی ساواک بوون.

هاوینی ١٣٤٦ بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە گوندێکی ناوچەی سەردەشت کرد. لە حوجرەی ئەو گوندەدا هەڵس و کەوتێکی بە تەواوی جیاوازی دی. پێنج فەقێ، دوو سوختە و سێ موستەعید لەو حوجرەدا دەیان خوێند. هەمویان وەک برا دەژیان و زۆر بە کەیف و شادی ڕۆژگاریان بەسەر دەبرد.

لە هەمویان گەورەتر مەلا عەزیز ناوێک بو. تەمەنی بیست و شەش، بیست و حەوت ساڵێک دەبو. داڵە گۆشت و شان چکۆلە و چاوشین، باسکی لە حاڵەتی ئاسایی درێژتر بوون. هەر ئەو درێژی باسکانە لە کاتی خواردن دا فریای دەکەوت. چونکە فەقێکان زۆر جار بە شۆخی گۆشتیان لە یەکتر دەفڕاند و دەکەوتنە سەر یەک. ئەو لە هەموان زۆرتر دەیتوانی کوتە چەور و نەرمەکان بفڕێنێ. زۆرجاریش دەستی درێژی تەماع توشی دەردەسەری دەکرد. ئەوانی دیکە دەڕژانە سەری و لە بن خۆیان دەنا. لە سەر گۆشت گەلێک ئەزیەتی پێ دەگەیشت و ئازاری بە گیان دەکڕی. دەم و چاوە درێژکۆلەکەی ئەوەندەی دیکە باریک دەبو و کەپۆی وای لێ دەهات بت گرتایە گیانی دەردەچو. هێشتا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مووی سمێڵی کەم د یار بون، چونکە هێندە کاڵ بون دەتگوت تازە سەریان وەدەرناوە. هەتا بڵێی زار بە پێکەنین و قسەخۆش بو. مەلا عەزیز لەهەمو شیان لە خوێندن دا لە پێشتر بو. سەرەڕای ئەوەش هیچ کەس هە ستی بەوە نەدەکرد، زۆرتری خوێندوە یان خۆی بە زۆرتر دەزانێ.

دوای وی مەلا خدر بو، تەمەنی خۆی لە بیست و پێنج ساڵ دەدا. بە ڕواڵەت لە مەلا عەزیز بە تەمەنتر دیار بو. چوار شانە و قەد مام نێونجی بو. برۆی بڵیند و سمێڵێکی ڕەشی پڕ، چاوی گەورە و بە نفوس ویقارێکی تایبەتیان دابویە و سامی پ یاوێکی پەنجا ساڵەی هەبو. دەم و چاوێکی پان و چەناگە یەکی قوڵ، لە و هەیبەتەیان زیاد دەکرد. هەتا بڵێی کەم دوێ و لە سەر خۆ بو. هەرچەندە لە مەلا عەزیزی کەمتر خوێندبو، بەڵام هێندە خەت خۆش و ئینشا جوان بو کە ببو بە دەفتەردار و میرزای ئەو حوجرە یە، کە تەنیا بە ڕواڵەت حوجرە بو و لە ڕاستی دا لە بنکە یەکی سیاسی دە چو. زۆر بەی نامەکان مە لا خدر دەینو سین هەر لە بەر ئەوە ئەگەرنەهێنیەکانی ئەو بنکە سیاسیە بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت دەربکەوتایە، بێ شک مە لا خدر گەورەترین سزای وەر دەگرت.

پا شی وی مەلا حە سەن دە هات کە تە مەنی بیست و سێ، بیست و چوار ساڵ دە بو. مەلا حە سەن لاوێکی قەد نێونجی ڕە شتاڵە بو. سمێڵ گەورە و دەم و چاوی خڕ بوون. ڕە شایی چاوە کانی زۆر ڕەش و سپیایی چاوە کانی زۆر سپی بوون. مەند و لەسەرخۆ بو، تازە گەیشتبۆ دەورا نی مو ستەعیدی، بەڵام زۆری دەزانی، بیر تیژ و وورپا بو. ئەگەر قسەیەکی هەبایە بێ ڕاوەستان دەیگوت، زۆر باسی دەکرد و گەلێکیش بە ووردی گوێی بۆ خەڵک ڕادە گرت. هەرچەندە لە مەلا عەزیز و مەلا خدر بچوکتر بو و کەمتریشی خوێندبو، بەڵام کار و باری حوجرە لە دەستی وی دا بو. هەر شتێک هەبایە حەواڵەی مەلا حەسەنیان دەکر.

دوای ئەو مەلا ڕەدمان بو کە دەورو بەری بیست ساڵ دە بو. کەڵە گەت و گۆ شتن. دەم و چاوی پان و سمێڵ پڕ. چاوی قاوەیی و گەورە، دوو دە ستی خەپلەی پان و لێوی گۆ شتن قەڵافەتێکی پیاوا نەیان دابو یە. زاری ڕانەدەوە ستا، قسەی دە کرد، گۆرانی دە گوت، دەی خوارد یا هەر نەبێ لەبەرخۆ یەوە نارەی دەهات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش ویش فەقێ حوسێن بو، یەکی قەد نێونجی داڵە گۆشت. دەم و چاو باریک و چاو دەرپەڕیو، زۆر زیت و زیرەک، هەرچی گوێی لێبایە زەبتی دەکرد. هەر دەرسێکی خوێندبایە، لە بەری بو. بەڵام زۆر جار لە فکرەوە دەچو و بێ دەنگ بو. لەسەر یەک زۆر خۆشحاڵ و بە کەیف نەبو. هەر وا بزانە لە ڕواڵەتی خۆی ڕازی نیە و پێی خۆشبو قەد و قەوارەیەکی دیکەی هەبایە، جار و بار هێندە لە ئاوێنە دا تەماشای خۆی دەکا تا چاوەکانی لێڵ دەبن و خەریکە ڕواڵەتی سەیر و سەمەرە بە خۆی بگرێ، یا ووردە، ووردە تێک چێ. لە خۆی تورە دەبێ و ئاوێنەکە لە گیرفانی داوێتەوەو سەرێک ڕادەوەشێنێ و زەردەیەک دەکا: تێک نەچین.

چەند ڕۆژێک هیوا لەوێ مایەوە کەس نەی گوت بۆچی هاتوی، لە کوێ ڕا هاتوی و مەبەست لە هاتنت چییە. زۆرتر باسی گشتی دەکرا. جار و باریش یەکێک هیوای دە بردە دەرێ و قەدەمی لە گەڵ لێدەدا و باسی شتی جۆراوجۆری لە گەڵ دەکرد. ئەرێ تۆ ژیانت پێ سەیر نییە؟ پێتوانییە ئینسان گیرۆدەی دەستی فڕ و فێڵەکانی خۆی بووە. پێتوانیە ئینسان نابێ خۆی لەوانی دی بە زۆرتر بزانێ. هیوا هیچ سەری لەو قسانە دەر نەدەچو. بەڵام زۆری پێ خۆش بون و هەر پەسندی دەکردن و بە عەلاقەیەکەوە گوێی بۆ ڕادەگرتن کە سەرنجی هەمویانی ڕاکێشابو.

هیوا زۆری پێخۆش بو لەو حوجرەیە بمێنێتەوە چونکە هەر لە هەوەڵین ڕۆژی هاتنیەوە هەستی بە بار و دۆخێکی تازە کرد. مەسەلەکە لە گەڵ جاران جیاوازی زۆر بو. لە جیاتی گوێ لە مستی و دواکەوتنی کوێرکوێرانە، برایەتی و سەفا و ڕێز لە یەک گرتن لەو حوجرەیە دا باو بو. هەرچی دەیکرد دڵی لەو هەمو خۆشیە نەدەبۆوە. ئەو بە جارێک شەیدای ئەو ڕێبازی ژیانە ببو. جارێ نەی دەزانی لە چی ڕا سەرچاوە دەگرێ و چ شتێک ئەو برایەتیەی لە نێو ئەو فەقێیا نەدا پێکهێناوە. بەڵام یەک شت لەو ڕوون بو، هەر هۆیەک ئەو شوێنەوارەی دانابێ، پیرۆزە و جێگای کەڵک لێ وەرگرتنە. ئەو چەند کەسە لانی کەم توانیویانە بە سواڵ و سەدەقەی فەقێیەتی بە هەشتێکی چکۆڵە بۆخۆیان پێک بێنن. بەهەشتی برایەتی وخۆشەویستی، ڕێز لێک نان و یەکیەتی و لە یەکتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەیشتن. بۆیە هیوا پێی نەبو ئەو سەفایە بەجێ بێڵێ، هەرچەندە ڕووشی نەدەهات ویستی خۆی دەربڕێ.

ڕۆژێک هیوا سەری خۆی لە نێو هەردووک دەستی گرتبو و لە نێو دەریای خەیاڵان دا نوقم ببو. مەلا حەسەن لە نکاو لێی پەیدا بو، بە ڕوێکی خۆشەوە گوتی:

دەی کاکی میوان خۆ لێرە ناخۆشت لێ ناگوزەرێ؟

هیوا بڕێک بە شەرمەوە:

ناخۆشی بە ئێرە نازانێ. لە نێو ئەو هەمو برایەتیەدا کەس ناخۆشی لێ ڕانابرێ.

مەلا حەسەن:

ئەی برالە بۆ هیچ باس لەوە ناکەی داخوا پێتخۆشە لێرەبی یان نا؟ سوور دیارە بە دوای جێگادا دەگەڕێی، کەچی ئەوە چەندڕۆژە پرسیارێک لەمە ناکەی.

هیوا:

وەڵڵاهی چت عەرز کەم ڕاستیەکەی لە ترسی ئەوەی بڵێن ڕات ناگرین.دەڵێم هەرنەبێ با بڕێک بمێنمەوەو بە چاکی فێری هەڵس و کەوتی ئێوە بم.

مەلاحەسەن بە پێکەنینەوە:

یانی وەزعی مەت هێندە بە دڵە؟ کەوابو پێتخۆشە لێرە و لە کن برای خۆت دامەزرێی؟

هیوا:

جا کوێر چی دەوێ، دوو چاوی ساغ.

مەلاحەسەن:

ئاخر برالە تەماشای زاهیریەکەی مەکە، مانەوە لە کن مە زۆر سەختە، کەڵی دەوێ خۆی لە بەر بگری.

هیوا:

وەڵڵاهی مامۆستا ئەگەر مردنیشی تێدابێ، بەو شێوەی ئێوە پێکەوە دەجوڵێنەوە هەر خۆشە. ئەمن حازرم هەموو ژیانی خۆم لە گەڵ ئێوە دانێم.

مەلا حەسەن:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەرجی هەرە گرنگ ئەوەیە کە نابێ ڕووداوەکانی حوجرە لە لای هیچ کەس باس بکەی. بۆت نییە ئەوەی دەیبینی بۆ کەسی بگێڕیەوە. با ئەو شتەش زۆر سادە بێ وەک هاتنی میوانێک، یا سەفەر کردنی یەکێک لە فەقێکان. ئەگەر سوێند دەخۆی ئەوە ڕیعایەت بکەی، لە سەر هەمو شتەکانی دیکە ڕێک دەکەوین.

هیوا:

هەرچی دەفەرمون وا دەکەم.

لەو ڕۆژەوە هیوا دەرگایەکی تازەی بۆ خرایە سەرپشت و بەرەو ژیانێکی تازە هەنگاوی هەڵێنا. ژیانێکی کە پڕ بو لە برایەتی، خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ یەکتر و بۆخەڵک. ژیانێک کە بەتەواوی تێکەڵی دەرد و ڕەنجەکانی کۆمەڵانی خەڵک بو. هیوا و هاوڕێکانی باسیان لە گیر و گرفتەکانی گەلەکەیان دەکرد و ڕوداوەکانی ڕابوردوی کوردستانیان شی دەکردەوە. لە جیاتی خۆ ماندوکردن بە ووشە و زاراوەی عەرەبی سەردەمی جاهیلیەت، بە زمانی کوردی شتیان دەخوێندەوە. زۆر شەوان وێکرا لە دەوری یەک کۆ دەبو نەوەو بڵاو کراوەی کورد یان دەخوێندەوە. ئەو بڵاوکراوانە لە لایەن دەستەیەک پێشمەرگەی گەڕۆکەوە لە پەرچەکانی دەورو بەری ئاوایی دادەنران و سەری وەخت یەکێک لە فەقێکان دەچو دەیهێنان. ئەوانە هەمووی بۆ هیوا تازە بون. لە گەڵ ئەوەش دا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بە قوڵایی مەسەلەکە دا دەچۆ خوارێ.

ئێوارەی ڕۆژێکی بەهاری یەکێک لە فەقێکان بەرەو شاخی پشت ئاوایی سەرکەوت و تا شەوێ کاتی ماڵ نوستنان نەگەڕا یەوە. وەختێک هاتەوە دوو کەسی دیکەشی لەگەڵ بون. یەکێکیان ڕانک و چۆغەیەکی شینکی لە بەر دا بون. پیاوێکی داڵەگۆشتی قەد نێونجی بو. دایم زەردەخەنەی لەسەر لێوان بو. پەیتا، پەیتا قسەی خۆشی دەکردو جار وباریش لەبەر خۆیەوە نارەیەکی دەهات. جار جارەش سەری هەڵدەبڕی شۆخیەکی لەگەڵ فەقێکان دەکرد. تەمەنی لە سی ساڵ زیاتر دەبو. هاوڕێکەشی لاوێکی زیتەڵەی دەم بە پەکەنین بو. دایم بە چوار دەوری خۆی داچاوی دەگێڕا هەروەک شتێکی لێ وون بوبێ لە چواردەوری خۆی وورد دەبۆوە. ئەو لەسەر هەست و گوێ قوڵاغ بو. هیوا دەمی بردە بن گوێی یەکێک لە هاوڕێکانی و پرسی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانە کێن؟
ئەویش وەڵامی دایەوە:
تا وەختی خۆت نەیە نابێ بزانی چونکە ئەمن بۆم نییە پێت بڵێم.
پاش ئەوەی ماڵ نو ستن، میوانە کە هە ستایە سەرچۆکان و ڕووی لە مەلا حەسەن کرد وپرسی:
هاوڕێ دەتوانین قسەکانمان بکەین؟ یا هەڵیان گرین بۆ دوایی؟
ئەویش بەڕێزەوە وەڵامی دایەوە کە هیچ مانعێک نیە و باشترە دەست پێ بکا.
میوان بەم جۆرە دەستی پێکرد:
مە سەلەیەک کە دەمەوێ با سی بکەم بریتی یە لە ئەرکی سەر شانی خوێندەوارانی گەلە هەژارەکەمان. وەختێک با سی خوێندەوارەکانی کورد ستان دەکەین، مەلا و فەقێکانیش دەگرێتەوە. یان باشترە بڵێم زۆر تر مەلا و فەقێکان دەگرێتەوە. چونکە تا ئێستا مەدرەسە و زانستگا تازەکان بە داخەوە کەمتر گەیشتونە کوردستان و ناوەندی خوێندەوارکردن زۆر تر حوجرەکانن. ئەوەش نیشانەیەکی بەرچاوی دواکەوتویی و چەوسانەوەیی گەلەکەمانە. جێگای داخە زۆر لە مەلاو فەقێکانیش پێیان وایە دەبێ هەر بۆ مەلایەتی بخوێنن. چەند ئایەت و حەدیسێک فێر بن تا بتوانن نانی خۆیانی پێ پەیداکەن و هەر کە ئیجازەیان وەر گرت لە کونجی مز گەوت دانیشن و لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بێنەدەر و کاریان بە گیر و گرفتەکانی کۆمەڵەکەیان نەبێ و خۆیان لە تێکەڵبون بە کۆمەڵەکەیان بپارێزن. بۆ ژیانێکی نەمر، نەژی هەمو شتێک قەبوڵ بکەن. ئەمری ئاغا، زوڵم و زۆری ژاندارم و ساواک، پرتە و بۆڵەی پیرێژنان و گرم و هوڕی سۆفی و دەروێشان. یا هەر قسەی سەدان ساڵ لەمەو بەر دوو پات بکەنەوەو بە موو لە بۆچونی کتێبە پەڕ زەردەکان دوور نەکەونەوە. بۆخۆیان هیچ نەزەرێکیان نەبێ و بۆ چارەسەرکردنی گیر و گەفتەکانی دنیای تازە و ناتەباییەکانی کۆمەڵگای ئێستا دامێنن.
ئیدی بەسە ئاوا بێ کەڵک وەدوای شتی کۆن و خوراڤاتی کەوین. تەنیا لە بیری زگ تێرکردنی خۆمان دا بین و کارێک بۆ ئەو گەلە بەشخوراوەمان نەکەین.
دەبێ ڕاپەڕین، گەلەکەمان زیندوکەینەوەو لەو ڕۆژڕەشیە ڕزگاری کەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیستیکانە چاکەی بەردەمی هەڵگرت، یەک، دوو قومی لێدا و دای نایەوە. لەو ماوەیەدا کە قسەی دەکرد هەمو دانیشتوان بە ووردی گوێیان بۆ ڕاگرتبو. بە تایبەتی هیوا کە قسەکانی بۆ تازەبو زۆر بە دڵەوە گوێی بۆ ڕاگرتبو. ئەو قسانە شوێنەوارێکی قووڵیان لە سەر هیوا دانابو، لە دڵی دا نەخشیان بەستبو.

دیسانەوە دەستی کردەوە بە قسەکردن. دەبێ ئێمە ببینە دەستەچیلە بۆ ئاوری شۆڕشی گەلەکەمان. دەبێ ئەو بیر و باوەڕە کۆن و خوڕافاتیانە کە بە ناوی ئیسلامەوە سەدان ساڵە دەست و پێیان بە ستوین وەلا نێین. ئەوەی مەلای نەخوێندەوار لە ئیسلامیان زیاد کردوەو لە مێشکی خەڵکی ئێمەیان خزاندوە،دەری بێنین و شتی تازەی لە جێگا دانێین. بۆ وێنە دەبێ دەستیان پێ لەوە هەڵگرین کە دەستەوئەژنۆ لە زوڵم و زۆر ڕامێنن و بڵێن کاری خوایە، یا هەرچی خوا نەیکا نابێ. دەبێ جێگای ئەو شتە کۆنانە بەمانە پڕ بکەینەوە.
دەستی ماندو لە سەر سگی تێرە، هەرچی هەوڵی بۆ نەدەی دەستت ناکەوێ. خوا ئینسانی ئازاد خوڵقاندوەو دەبێ ئازادیش بژی. خوا کەسی بۆ کەسی دیکە دروست نەکردوە. خوا پێی خۆش نییە یەکێک ڕەنج بدا و ئارەق بڕێژێ، یەکێکی دیکەش دانیشێ و هیچ نەکا و بەرهەمی ڕەنجەکەی ئەو بخوا.
هەڵوێستەیەکی کرد، چاوێکی بە دانیشتوان دا گێڕا و ڕووی تێ کردن و گوتی:
جا ئەمن هەربۆ وەی باسەکە بکەمەوە قسەم کرد.ئێستا نۆرەی ئێوەیە نەزەری خۆتان بڵێن و ئەگەر هەڵەیەکیشم کردوە لە قسەکانم دا بۆم ڕاست بکەنەوە.
مەلا حەسەن ئێتجازەی خواست و گوتی:
مامۆستا فەرمودەکانت هەمویان بەجێن، ئێمە دەبێ کارێک بۆ ئەو نەتەوە بێ بەختەی بکەین. دەمێنە تەوە ئەوەی کە دە توانین چ بکەین و دە بێ چۆن بجوڵێینەوە تا سەرکەوین.

سەعات یازدە و نیوی شەو بو. بڕێک لە فەقێکان خەویان دەهات و هێندێکیش بە وورياييەوە گوێیان ڕاگرتبو. لەو کاتەدا کابرایەکی ڕووتەڵەی کورتە باڵا بە هاذکە هانک خۆی بە دەر گای حوجرەی دادا. تفی لە زاری دەردە پەڕی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەندە ناڕەحەت ببو کە قسەکانی زۆر ڕوون نەبون. هەردەی گوت مامۆستا زووکە، زووکە. میوان هەر بە دەنگی ناسیەوەو گوتی:

مام بایز ئەوە چیت لێ قەوماوە بۆ زووکەم؟

ژاندارم، ژاندارم هاتن هەمو دەوری دێیەکەیان تەنیوە، زووکە دەرباز بە.

فەقێکان ڕاپەڕین، میوان هەستایە سەر پێ و گوتی باسەکەمان بۆ ڕۆژێکی دیکە. یەکێک لە فەقێکانی ناردە ماڵی کوێخا، بە ڵکو کوێخا بچێ بە پیر ژاندارمەکانەوەو بیان خافڵێنێ تا ئەوان تاقەت دەبن یا دەرباز دەبن.

لە حوجرەی وەدەر کەوتن و تاقیبێکی دەور و بەریان کرد، دیتیان ڕێگای دەرباز بوون نەماوە. ژاندار مەکان لە هەر جواردەوری دێکەوە بەرەو نێو ئاوایی دەهاتن. جاشی بەناوبانگی ئەو سەردەمە، قادرئاغای بەریاجیشیان لە گەڵ بو. دەگەیشتنە هەر ماڵێک دەرگا کەیان وەبەر شەق دەدا و خاوخێزانیان لە نێو دەریا یەک ترس و خۆ فدا وەخە بەر دێنا. پیاوەکانیان بە نو کە پۆ ستاڵ هەڵدەستاند و پاش سێ، چوار شەق و زللە دەیان پرسی ملا اوارە کجا است؟ زاق و زووق لە نێو دێ کەوت و ژن و منداڵ دەستیان کرد بە شین و هاوار. ژاندارمەکان وەک سەگی هار بەربونە گیانی خەڵکی هەژار و هەر پیاوێکیان دی گرتیان و لە مزگەوتێیان پەستاوت. مامە حەمەی پەنجا ساڵە کە دایم سەر گوزەشتەی خۆی لە دەورانی کۆماری کوردستان دا دەگێڕایەوە و پیاوێکی زۆر چاو نەترس بو، خۆی گەیاندە حوجرەی فەقێیان و بە ئەسپایی گوتی:

مامۆستا گیان ئەمن دەچمە دیوی ماڵێ خۆمان، خێرا ئەو جێ دەرکە کۆنەی لە بەر هەیوانی حوجرەکەڕا دەچێتە حەساری ئێمە کون کەن و بە وێدا وەرنە دیوی ماڵێ مە. جێگایەکی زۆر قایمم بۆ دیاری کردوون، سێ ڕۆژانیش لێتان بگەڕێن ناتان بیننەوە.

بۆ خۆی گەڕایەوە ماڵێ، هێندێک قەند و چاو نان و پەنیر و شتی پێویستی دیکەی بردە ووچخانەیەک کە دەکەوتە سەروی ژێرخانەکەیان و لە کادێن ڕا دەرکەیەکی بچوکی بۆ دەکرایەوە. مامۆستا و هاوڕێکەشی بە هاوکاری فەقێکان خێرا کونێکیان لە جێ دەرکەکۆنەکە کرد و چوونە حەساری مامەحەمە و لە وێش ڕا چوونە وچخانەکە. مامە حەمە هەمو شتەکانی بۆ بردن و پاشان دوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باقەگیای کۆنی بە دەرگاکەوەنان و هێندێک کاو و کۆتی بەسەر دا کردن. هیچ کەس شکی بۆ ئەوە نەدەچو کە ئەو جێگایە دەرگا بێت.

فەقێکان ذێرا ذشتەکانیان لە جێگا کۆنە کە دانا یەوەو شیپانەیەکیان پێوە نا و خۆیان لە خەو کرد و بە ئارامی چاوەڕوانی پۆستاڵی ژاندارمەیان دەکرد. لەو لاشەوە هەرچی کوێخا هەوڵی دا ژاندارم وجاشە چڵکاوخۆرەکانی بۆ مرزەم نەبو کە بەو شەوە دەست لە گیانی خەڵکی دێ هەڵگرن، لە جێگا یەک بۆخۆ یان بسرەوون و خزمەتیان بکرێ. تا بەیانی کێشک دانێن و نەیەڵن کەس لە دێ بچێتە دەرێ و بەیانیش بە کەیفی خۆیان بگەڕێن. تەنانەت لە کوێخاش قەڵس بون و وەک مەغۆلەکان بە گیان و ماڵی خەڵکی دێ وەربون. هەمو کەسیان لە خەو هەڵدەستاند، بەو شەوە تەواوی پیاوەکانی ئەو گوندەیان بە پیر و لاوەوە لە مزگەوتێ کۆ کردەوەو خۆیان بە حوجرەی فەقێیانیش دا کرد و هەمویان ڕەپێچەک دان بۆ مزگەوتێ. چرا فانۆسیان بە لاوەکانی دێ هەڵکرد و هەمو تەویلە وکادێن و ژوورەکانی ئەو دێیە گەڕان. تەنانەت تەویلە و کادێنی مامە حەمەش زۆر بە ووردی گەڕان، بەڵام شکیان نەبردە سەر ئەو دەرگا چکۆڵەیەی بە باقە گیاو کاو کۆت داپۆشرابو. ژن و ژاڵ لەبەر خۆیانەوە دوعایان دەکرد و لە خودا دەپاڕانەوە کە مامۆستا نە بیننەوە. پیاوەکانیش دەستیان بە گیرفانیان دادەکرد کە بزانن ئەوەندەیان پووڵ پێیە کە لە دەست ژاندارم و جاشەکان ڕزگاریان کا! چونکە دەیانزانی کە ڕێگای دەربازبون هەر ئەوەیە. ئەوە تاقیکردنەوەی چەندین ساڵەیان بو. تا بەیانی ئەو خەڵکەیان ڕاگرت. بەیانی یەک، یەک و دوو، دوو سجیلیان لێ وەر گرتن لێیان پر سین. قادرئاغای جاش و سەرکار ئیستواری ژاندارم دەستیان کرد بە هەڕەشەو گوڕەشە لە خەڵکە کە:

ئێمە خەبەری دەقیقمان هەبو کە سەردەستەی چەتەکان لێرەیە، هەر ئێوە شاردوتانەتەوە،یا بە ڕێ تان کردوە. ئێوە هەموتان دژی دەو لەتن. دژی شاهەنشان و حەقی وایە بتان گرین و بتان بەینە سەردەشت. تا بزانین لەوێش چتان لێ دەکەن.

کوێخا دەیزانی ئەو حەپە حەپە بۆ چییە. سەرکار وقادرئاغای بردنە گۆشەیەک و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو خەڵکە بێدە سەلأت و  فەقیرن، وەختی  کار وکا سبیە، بیان بە نە شاری هەرنەبێ چەند ڕۆژێک مەحتەلیان دەکەن و لە کار و کاسبیان دەکەن و ماڵ و منداڵیان بەد بەخت دەبێ. ئێوەش هیچتان پێ نابڕێ. بابە دوو سەد تمەن کۆدەکەینەوەو دەتان دەینێ، دەست لەو خەڵکەی هەڵگرن.

سەرکار قاقا پێکەنی:

کوخا وا دزانێتەوە پار پیرارە! هەرشت گیرانبو، ئەتو دەت هەوێتەوە گیمەت بەرتیل هەر لە جیگای خۆی بو. دوو سەد تمەن سەگباب بەدم چی؟

قادرئاغا هەر وەک نۆکەرێکی باش هێندێک بەدەوری سەرکار دا سوڕایەوەو خۆی لووس کرد، پاشان بە پێکەنینەوە بۆ ئەوەی لە کن کوێخای وا نیشان بدا کە گۆیا دیفاع لە خەڵکی فەقیر و هەژار دەکا! گوتی:

جەناب ئەوا نە فەقیر و هەژارن، حەقی خۆ یەتی بڕێکیان کۆ مەگ بکەین و خاتریان بگرین. وەک شتێکی زۆر پێویستی بەو خەڵکە فرۆشتبێ، گوتی:

ئەم کارە پێنج سەد تمەن هەڵ دە گرێ، دوو سەدیان لێ خۆش دە بین وسێسەدیشمان بدەنێ، دوو سەد بۆ من و تۆ و سەدیش لەوانی دیکە بەش دەکەین.

سەرکار برێک بە مۆنیەوە چاوێکی لە قادرئاغا کردو گوتی:

وادیارە زۆر تەرەگیت کردو؟ بەگەت منەت داوی؟ وەڵڵاهی ناخۆی. سی تومەن بو تو.

جاشی خۆفرۆش ماستاوێکی بۆ سەرکار کرد و گوتی:

جەناب با لە گەڵ کوێخای ڕێک کەوین، دوایە بۆخۆمان پێک دێین.

کوێخا چو بە نێو خەڵکەکە دا گەڕا. هەرکەس بە پێی توانای خۆی شتێکی دانا. تا سێسەد تمەن تەواو بو. تەحویلی سەرکاری داو تا دەری دێ بە ڕێی کردن.

ژاندارم و جاش لە ئاوایی وون بوون و یەک زنجیرە تف و لەعنەتی خەڵکیان بەداودا ڕۆیشت.

خەڵکەکە شادە و ئیمانێکی بە حەقیان هێنا. هەر لە یەکتریان دەپرسی و باسی موعجیزەی ڕز گاربونی مامۆستایان دەکرد. بە کوێدا ڕۆیی، لە کوێ خۆی شاردەوە؟ چۆن نەجاتی بو، بابم بە خوای لەسەر حەقە، خوای لە گەڵە، خوا بۆخۆی دەیپارێزێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنەکان بە خۆشیەوە دەیان گوت:
ئەو هەمو دوعا یەمان کرد چۆن خوا نایپارێزێ. دەک خوا یە دە ست بە عومریەوە بگری، خودایە ئەو شۆڕەلاوەی کوردان بپارێزی.
غەم و پەژارە جێگای خۆیان دابو بە خۆشی و شادی و هەر کەس دەیهەویست بە جۆرێک دڵخۆشی خۆی دەر برِێ. فەقێکان هاتنە حوجرەی و بە دوای مامە حەمەیان دا نارد. مەلا حەسەن هەستا و نێوچاوانی مامە حەمەی ماچ کرد و سوپاسی لێ کرد. مامە حەمە زۆر لەو ئیبتیکارەی خۆی شاد بو و بە شانازیەوە گوتی:
ماموٚستا ئەمن پێشمەرگەی زەمانی پێشەوام. ئەمن جمهوری کوردستانم دیوە، قەت لەبیرم ناچێ ئەو ڕۆژەی بە سارد و سەرمای زستان ، لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا، پێشەوا قازی محەممەد لە چوارچرای مهاباد قسەی بۆ کردین و لە سەرما ڕزگاری کردین و گەرمی کردینەوە. خەڵکێکی زۆری لێ بو. لە چوار قوڕنەی کوردستان هاتبون. هەمو کەیف خۆش بون و گوێیان بۆ قسەکانی پێشەوا ڕاگرتبو. پێشەوا فەرموی کە لەمڕۆ بە دواوە ژێر چەپۆکی کەس نابین. ساحەبی دەوڵەت و وەلاتی خۆمانین و کەس ناتوانێ بە سەر چارەنوسمان دا زاڵ بێ. ئەی ماموٚستا گیان هەرچەندەحکومەتەکەمان زۆر نەمایەوە، بەلام قەت لە دڵمان دەرناچێ.
بە خوای تا ماوم هەر پێشمەرگەم و هەرچی لە دەستم بێ بۆ کوردان دەیکەم. هەردووک دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردنەوەو گوتی: خوایە لە دەست ئەو دەوڵەتە زاڵمەی ڕزگارمان کەی،خوایە تۆڵەی مە لەو عەجەمە کافرانە بکەیەوە. خوایە ئالایەکمان بۆ هەڵکەی و ئێمەی کوردیش لە ژێرچەدەستی نەجات دەی.
مەلا حەسەن گوتی:
مامەحەمە گیان دە بێ بۆخۆمان وە خۆ کەوین. خەبات بکەین و خواش یارمەتیمان دەدا. ئێمە هەر بە تەمای خوا دانیشین نابێ. خوا ئەو جۆرە ووردەکاریانەی بە خۆمان سپاردوە. دەبێ دەست و قوەت لە خوای هەوڵ بدەین و حەقی خۆمان بستێنین. مامەحەمە گیان عەجەمیش هەموو دوژمنی مە نین. ئەگەر مەنزورت تورک و فارس و ئەوانەیە! ئەوانیش برای ئێمەن و زوڵم یان لێکراوە. دوژمنی مە دەوڵەتەکەیە. بەکرێگیراوانی دەوڵەتن. وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژا ندارم و  ساواک و ئەوا نە. دە بێ دژی وان  بین و تۆ ڵەی خۆ مان  لەوان بکەینەوە.
مامە حەمە:
مەلاگیان  ئەمنیش  هەر  مەنزورم ژا ندارم و ئەفسەر و  ساواک و ئەوانە یە، عەجەم  ئەوانن ئیدی  چوزانم  تورک و فارسی  چاکیش  هەن،  ئەمن  ئەوەی دیومە هەر زوڵمی لێ کردوین.
مامۆستا و هاوڕێکەی  تا  شەوداهات  هەر  لە  ماڵی ما مە حە مە دا خۆ یان شاردەوە. شەوێ چوونە دەری دێ و لە مەزرایەک دانیشتن. بە دوای هێندێک خەڵکی ئاوایی یان دا نارد و فەقێکانیشیان بانگ کرد.
مامۆستا  لە  پێش دا باسی دوا کەوتویی و هەژاری  گەلی  کوردی  بۆ  کردن. نەخوێندەواری، دواکەوتویی فەرهەنگی، نەبوونی پێداویستیەکانی لەش ساغی، بێ  کاری و  بێ دەرەتانی  بۆ  شی کرد نەوە. زوڵم و زۆری ژا ندارم،  ساواک، کاربەدەستانی دەوڵەت و دەرەبەگەکانی  بۆ  باس  کردن.  کە  بۆ پارا ستنی قازانجی خۆیان دەستیان لە گەڵ یەکتر تێکەڵ کردوەو  بە  کەیفی خۆیان  خەڵکی دەروتێننەوە.
چارە سەری  ئەم وەزعە نا لەبارەی  باس  کرد و پێویستی  یەکگرتن و  خۆ ڕێکخستنی هێنا  گۆڕێ. ڕایگەیاند  کە  بۆ  ڕزگاری  لەو ژیانە تاڵە  تەنیا  یەک ڕێگامان هەیە. ئەویش یەکگرتنە لە ڕێکخراوێکی سیاسی دا. بۆ  ئەوەی بتوانین جۆگەکانی هێزی کۆمەلانی خەڵک سەریەک خەینەوە، بیان کەینە ڕووبارێکی  بە تین و  تەوژم  کە  لە توانای دابێ  سڕ وسیپاڵی زاڵمان و چەوسێنەران  لە  گەڵ خۆی ڕاماڵێ و حەقی گەلی کوردی هەژار بەدەست بێنێ.
ڕایگەیاند  کە  بە خۆشیەوە  لە مێژە  بەردی بناغەی ڕێکخراوێکی  ئاوا دانراوە. پێشەوا قازی محەممەد وهاوڕێکانی ڕێگایان  بۆ دیاری  کردوین  و  ئەرکی  ئێمە ئەوە یە  کە  بە ڕێگا کەیان دا  بڕۆین و لە سەر  ئەو بناغە یە دیوار  هەڵچنین. خانویەک کە بە ناتەواوی بۆ ئێمە بەجێ ماوە، نابێ دەستی  لێ  هەڵگرین. دەبێ کاری لەسەر بکەین و تەواوی کەین. تا گەلەکەمان لە سایەی دا بحەسێتەوەو بە ئامانجە  لە مێژینەکانی بگا. ئەو ڕەکخراوە حیزبی دێموکراتی کوردستانە،  کە ڕێبازەکەی ڕوونە و تەنیا ڕێکخستن و بەهێز کردنی دەوێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێک لە بەشدارانی کۆبونەوەکە هەڵی دایە و گوتی:
ئەوەی دەفەرموی هەموی ڕاستە، بەڵام ئێمە بەدەستی بەتاڵەوە، بەو هەمو فەقیریو نەخوێندەوارییەوە، چمان لە دەست دێ؟ چۆن لەگەڵ ئەو هەمو دامو دەزگا چەکدارەی دەوڵەت بەشەڕ بێین؟ دەفەرموی هەمومان لەدەوری یەک کۆ ببینەوە، چۆن دەتوانین؟ ساواک و ژاندارم بزانن لەدەوری یەک کۆبوینەوە، هەمومان دەکوژن. ئێمەش هیچمان بەدەستەوە نیە شەڕیان لەگەڵ بکەین و لە خۆمان دیفاع بکەین.
مامۆستا لە وەڵام دا:
دەبێ لە پێش دا بە نەهێنی لێک کۆبینەوە، تەشکیلاتێکی حیزبی پێک بێنین. دەبێ کارێکی وا بکەین گەلەکەمان حەڵقە حەڵقە بکرێ و لە زنجیرێک دا پێکەوە گرێ بدرێ. ئەگەر تەشکیلاتێکی ئاوا مان هەبێ، لە ڕۆژی خۆی دا هەمومان هەڵدەستین و بڕست لە پیاوەکانی دەوڵەت دەبڕین.
مەلا حەسەن لەولاوە هەڵی دایە و گوتی: مامۆستا فەرمودەکانت بەجێن و ئەگەر بەوشێوەی دەستت پێ کردوە بتوانین درێژە بدەین شک لەوە دانییە کە زۆری پێ ناچێ هەمو وڵات ووشیار دەبێتەوە. بەڵام دەترسم خوانەخواستە پێش ئەوەی کارەکانمان تەواو بن و هەمو خەڵک بێتە ئەم زنجیرەیە، دوژمن زەفەرمان پێ بەرێ و ڕیسەکەمان لێ ببێتەوە بەخوری. یان بەڵایەک بەسەر ئێوە بێ توشی تێکشکانێکی گەورەمان بکا. ئاخر نازانی چۆن وەک یاساوڵ شەو و ڕۆژ بە دواتانەوەن. بە ناشکوری ناڵێم خاینیش لە نێو گەلەکەمان دا زۆرن، بە تایبەت هێندێک قوڵە ئاغا پیاوی دەوڵەتن و شەو ورۆژ خەریکی جاسوسین.
مامۆستا:
ئێمە قەت لە نێو ناچین، ئێمە مەنزورم خۆمان وەک ئینسانێک نییە، مەبەستم بیر و باوەڕمانە. ئێمە تۆوی بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانەمان چاندووە. ئێمە لە نێو دەریای کۆمەڵانی خەڵک دا گەرامان ناوەتەوە. هەروەک ئەوانی ڕابردو گەرایان نابۆوە و ئێستا ئەوگەرایانە گەورە بون و لە سەر ڕا ڕێگایان درێژە پێداوە. بۆ بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانە کۆمەڵانی خەڵک وەک دەریاوان و شۆڕشگێڕانیش وەک ماسین. تا کۆمەڵانی خەڵک هەبن کە دەریا کەن، شۆڕشگێڕانیش هەر دەبن کە ماسیەکەن. لەم بارەیەوە غەمت نەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا که لەکۆبونەوەکە دا بو گوێی لە وشەی گەرا بو، تەواوی بیرەوەریەکانی بە مێشکی دا ڕابرد و ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر کە مام هۆمەری بابی باسی گەرای بۆ دەکرد، ماوەیەک بیری لە پەیوەندی نێوان ئەو دووانە کردەوە.
باشە ئەوا گوتمان کە ماسی لەئاودا گەرا دادەنێ؟ مەگەر ئینسان مندالّی نابێ، دەبێ مامۆستا مەنزوری لەم قسانە چ بێ. دوو، سێ جار سەیری مامۆستای کرد، دەم و چاوی لە شەرمان سوور هەڵگەڕابون، هەرچی دەکرد نەی دەتوانی پەردەی شەرم و حەیا بدڕێنێ و پرسیارەکەی بکا. ئەوەندە سەری هەڵبڕی و دای نایەوە تا مامۆستا تێی گەیشت و بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوت:
دەی کاک هیوا دیارە شتێکت لە دڵ دایە و ناتوانی بیڵێی. دەی بابە دەی شەرم مەکە ئەتۆ هومێدی دوارۆژی ئەم گەلەی نابێ شەرم بکەی، فەرمو بڵێ بزانم.
هیوا زمانی هەڵپچڕاو گوتی:
مامۆستا مەنزورت لە گەرادانان چییە؟
مامۆستا لە وەڵام دا گوتی:
مەنزورم ئەوەیە کە ئێمە لە نێو کۆمەلانی خەڵکی ڕەش و ڕووتی کوردستان دا دەگەڕێین. لە نێو هەمو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دا ئینسانی نیشتمانپەروەر هەن کە دڵیان بە دوارۆژی گەلەکەیان دەسوتێ. لاوانی تازە پێگەیشتوی ئەم گەلە هەمویان تینوی ئازادین. هەرکامیان دەتوانن ڕێنوێن و ڕێبەرێکی داهاتوی ئەم گەلە بن، ئەگەر بە بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانە پەروەردە بکرێن. لەم قۆناغەدا ئێمە ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە کە لە تەشکیلاتێک دا کۆیان کەینەوە و سازمانیان بدەین. بە بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕی چەکداریان بکەین و لە پێویستیی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەڕەواکانیان تێیان بگەیەنین. ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتین، ڕێگاکەمان بێ ڕێبوار نامێنێتەوە. ئەوانەی سازمان دراون وەک کۆمەڵە گەرا لە سەرانسەری کوردستان دەتروکێن سەر هەڵدێنن. دەبنە ڕۆڵەی قارەمان و شۆڕشگێڕی ئەم گەلە تەنگ بە دوژمنانی ئازادی هەڵدەچنن.
پاش ئەم باس و ووت و وێژانە ئەوانەی لە کۆبونەوەکە حازربون سوێندی وەفاداریان خوارد و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ بەڕێوەبردنی هەر ئەرکێکی حیزبی. بڕیاردرا دوایی هەرکەس بە تەنیا پەیوەندی پێوە بگیرێ و بهێنرێتە نێو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شانەی حیز بی . چونکە دەبو بۆ هەر کەس ناوێکی نەهێنی بۆ دانرابا و هیچ شانەیەک ئاگای لە شانەکانی دیکە نەبایە. هەمو پەیمانیان بەست کە تاماون بە ئامانجەکانی حیزبەکەیان و گەلەکەیان وەفادار بن و تەنانەت حازر بن گیانی خۆ یان لەو پێناوەدا بەخت بکەن. دوای ئەوە بڵاوە یان کرد و هەر کەس گەڕایەوە سەر کاری خۆی. مامۆستا ڕووی لە مەلا حەسەن کرد و گوتی:

نامەیەکم هەیە بۆ ئاوایی (ش) دەبێ یەکێک لە فەقێکان بیبات.

مەلاحەسەن:

کاک هیوا بیبا چونکە تازە هاتوە و کەس فکری ناکا. ماوەیەکیش لێرە نەبێ شک بۆ کەس پەیدا نابێ. دوای هاتنی ژاندارمەکان بێ شک سیخوڕەکان ئێستا زۆر بە دوای ئێمەوەن. چونکە دەزانم شکیان لێ کردوین و بە دوای بەڵگەدا دەگەڕێن.

هیوا زۆری پێخۆش بو کە لەو کارە پیرۆزەدا ئەویش دەخوێنرێتەوەو ئەرکێکی پێ دەسپێردرێ. دەتوانێ کەلێنێک بگرێ و خزمەتێک بکا. بە خۆشحاڵیەوە گوتی:

قوربان دەفەرموی هەر ئێستا بڕۆم.

مامۆستا نامەکەی نوسی و بە هیوای گوت:

دەچیە ئاوایی(ش)، ماڵێک بەو بەری دێیەوە هە یە، تاقەماڵە یە و خانوێکی دوو نهۆمە. ناوی خاوەن ماڵ کاک ڕەسوڵە و ناوی نەهێنی (بەفری زستانە) ئەم کاغەزەی بدە یە بیدا بە (دارە بەنی) و پاش ئیسراحەت و وەڵام وەرگرتنەوە بگەڕێوە.

بەرەبەری ئێوارێ بو کە مامۆستا و هاورێکەی ڕۆیشتن و فەقێکانیش گەڕانەوە حورەکەیان. بەری بەیانی هیوا بەرەو ئاوایی(ش) وەڕێ کەوت. زۆر بە خێرایی و بێ ماندووبون ڕێگای دەبڕی. زۆری دڵ بەوە خۆشبو کە ئەویش کارێکی پێ سپێردراوە و لە مەودوا دەتوانێ خۆی بە کەشێک حیساب بکا کە بۆ داهاتویەکی باشتر تێدەکۆ شێ. دێیاو دێ ڕۆیشت و بێ پشودان ڕێگای پێوا. بەرە بەری ئێوارێ گەیشتە گوندی (ش) و بە پرسیار ماڵەکەی پەیدا کرد. کاک ڕەسوڵ لە ماڵ نەبو، بەڵام ژن و منداڵ زۆر بەخێرهاتنیان کرد و وەک لە هەمو کوردستان باوە زۆریان ڕێز لێنا. زۆری پێ نەچو کاک ڕەسوڵیش پێمەڕەیەک لە سەر شانی، تۆزاوی و ئارەق کردو لە مەزرایە گەڕایەوە. لەسەر کانیاوەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیشت ماڵەکەیان کە حەوزێکی جوانی لەبەر کرابو و لە دەورو بەری تا تە بەردی پان و ڕێک و پێک دانرابون دەستنوێژێکی هەڵگرت و نوێژی کرد. پاشان هات و بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانی کرد و لە لای دانیشت.
هیوا بە پێکەنینەوە ڕووی لە کاک ڕەسوڵ کردو گوتی:
(بەفری زستان دەتوێتەوە)
کاک ڕەسوڵ یەکێ ڕاست بۆوە، هیوای لە باوەش گرت و ئەم لاو ئەولای ماچ کرد. بەخوای لە دڵم چەقیبو ئەتۆش لە خۆ مانی، یا خوا بەخێر بێی. تو خوا بڵێ ماموٚستا چۆنە؟
زۆربا شە خوا ئاگادار یەتی، هەر دوێنێ لە بەڵای ژا ندارم و جا شان پارا ستی. کاغەزێکیشی داو مێ و فەرموی بیدە بە کاک ڕەسوڵی با بیدا بە (دارەبەنی) کاغەزەکەی دەرهێنا و دایە دەستی.
ڕە سوڵ کاغەزە کەی وەر گرت و ماچی کرد. لەو کا غەزە پێچراوا نەم زۆر وەرگرتون و گەیاندومنە جێگای خۆیان. شکور جارێ قەت مەجبور نەبوم قوتیان دەم.ئاخر دەڵێن بۆیە ئاوایان دەپێچنەوە تا ئەگەر پیاو توشی دوژمنی بو و زانی دەیپشکنن قوتی بدا. چاو دەڵێی حەبێکی گەورەیە. بە پێکەنینەوە (کورە وەک شافیش دە چێ) بە سەر چاو هەر سپەینێ زوو دەی گەیەنم و جوابیشت بۆ دێنمەوە.
شەوێ مەجلیسیان گەرم بو. مام ئەحمەد و مام حوسێن، بلەی کاک ڕەحمان و کەریمی کوڕی کاک ڕەسوڵیش لەوێ بون. لە هەر مەسەلەیەک باس دەکراو لە هەزار ئاش لێ دەکرا. باس گەیشتە سەر وەزعی کشت و کاڵ و داهات. کارو کوێرەوەری بێ بەهرە و ماندووبونی بە خۆڕایی. مام حوسێن کە پیاوێکی شێست ساڵە بو ودەم و جاوی لە نێو گیرو گرفتەکانی ژیاندا چرچ و لۆچ ببون هەڵی دایە:
براینە ئەمە وەک سەپانی پوو شێمان لێ هاتوە. ئاودەدەین، گێرە دەکەین و وەختێک هاتینە سەرخەرمان سوورکردن، دەبینین هیچمان بۆ نەماوە تەوە. ئەوەیە قەدیمی بە خۆ ماندوکردنی بێ بەرهەم دەڵێن سەپانی پوشێ.
مام حوسێن تەماشایەکی هیوای کرد، دوو دڵ بو لەوەی کە وەڵامی بداتەوە. بیڵێ، نەیڵێ، هێندێکی بیر لێ کردەوەو ئاخرەکەی بڕیاری دا قسەکانی بکا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوڕی خۆم چەند ساڵە دەبینم ئەمە ڕەنج دەدەین. بە کاروان و کەڵەک، بە جووت و گا و دروێنە و گێرە و کێشە. بە مازوو کردن و کەتیرەکردن و توتن کردن ، شتێک پێکەوە دەنێین بۆ ئەوەی لە پایزێ دا دەستەجلێک بۆ ماڵ و منداڵان بکەین، یا زەمهەرێک بۆ زستانێ داکەین. دەبینی جارێ کابرایەکی مل ئەستوری تەوەزەل کە لە خۆڕا ناوی خۆی ناوە ئاغا و ژاندارمیش پشتیوانی لێ دەکەن، دەگاتە سەرمان و دەڵێ بەشم. دوای وی نۆرەی ژاندارمان دێ کە هەر ڕۆژەی بەهانەیەکمان پێ دەگرن. تا دەگاتە پایزێ و وەختی شتومەک کڕین دێ، تەماشا دەکەی هیچت بۆ نەماوەتەوە. دەبێ خۆت بگەیەنیە شاری و بە سوت و سەلەم هێندێک شڕە و بڕە بۆ منداڵەکانت بکڕی. ئەویش بە دە قیمەت. ئاخر بۆیە لە ژێر باری قەرزی دەرناچین.

مام ئەحمەد لە مێژ بو چاوەڕوانیی نۆرە قسەی دەکرد. دوو، سێ جار ئم ئمی کردو خەریک بو قسەی مام حوسێنی ببڕێ، دەرفەتی هێنا و دەستی پێ کرد:

کوڕە لە هەموی ناخۆشتر ئەو توتنە پیسەیە کە فێری بوین. ساڵ دوازدەی مانگێ خەریکین. شتڵ بکە، جووت بکە، دێراو هەڵدە، توتن بچەقێنە، بژار بکە، بنپەلک بکە، توتن لێوەکە، توتن پێوەکە، توتن هەڵخە. پاشان دای گرە و باری کە بیبە شاری. مانگێک دانیشە و لەسەری بخۆ و چاوەڕوانی نۆرە بە تا کڵاو گەرگەرێ یەک دێ و بە لاقی فەردەکەی ئەمدیو ئەودیو دەکاو ئەمر بە کابرایەک دەکا چقۆیەک لە تێلیسەکەی بدا. چنگ دەبا هێندێکی لێ دەردێنێ و برێک لووتی هەڵدەقرچێنێ. وەک پێی قەرزدار بی مۆرەیەکت لێ دەکا و ئاورێک لە کابرای دەفتەر بە دەست دەداتەوەو دەڵێ بنوسە(واگزار). لەگەڵ ئەو قسەت گوێ لێ دەبێ هەتا نێوقەدت دەمرێ. چونکە لە مێژ ساڵە خەریکی ئەو کە سپەین و دەزانین (وا گزار) یەعنی چی؟ دەزانین پوڵێکمان دەست ناکەوێ هیچ، دەبێ جورمی ئەوەش بدەین کە توتنەکەمان بە کەڵک نەهاتوە. جا وەرە پاش ئەو هەمو کوێرەوەریەش قەرزدار ببی! دەک خوایە ئەو زوڵمەی قەبوڵ نەکەی.

بلەی مام ڕەحمان کە لاوێکی زبر و زرینگ بو و تا کەلاسی پێنجی لە قوتابخانە خوێندبو هەڵی دایە و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی ئەتۆ لە سەر توتن باست کردوە، مامۆستا هەمووی کردوە بە شیعر، ماشاڵڵا خۆشی داناوە.

مام حوسێن چ مامۆستایەک.

بلە چاوێکی لە هیوا کرد و ئیشارەتێکی بۆ مام حوسێن کرد، کوڕە مامۆستاکەی خۆمان ئیدی، خۆشەویستەکەی فەقیر و هەژاران.

کاک ڕەسوڵ:

بلە ئەو برایەش هی خۆمانە. قسەکەی لە توێکڵەوە مەپێچە، بڵێ مامۆستا ئاوارە ئیدی.

بلە:

دەبا شە با بە، نەم دەو ێرا ق سان د کەم. بە قور بانی مامۆ ستای بم. هەمو شێعرەکەم لەبەرە، بۆ تان بڵێم؟

ئەرێوەڵڵا بۆمان بڵێ

بلە دەستی پێ کرد:

توتنەوانێکی هەژارم
بێ خانو و بێ زەوی و زارم

بێ پوڵ و پارە وبزن و مەڕ
دوورم لە خێر، نیزیک لە شەڕ

منداڵم ڕووت و برسی یە
ژیانم پڕ لە مەترسی یە
ڕووم نییە بچمە نێو خەڵک
بێ بەرگ و پێڵاو بێ کەڵک

خەڵکی پێی وایە تەمبەڵم
بێ کەسپ و کار و چەپەڵم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام چ بکەم چارە ڕەشم
خەرمانم زۆرە و بێ بەشم

بلە هەر درێژەی داو بە ڕێک و پێکی پارچە شیعرەکەی خوێندەوە. هەمو دانیشتوان سەریان سووڕ مابو. ئەو کوڕە چۆن توانیویەتی ئەو هەمو شیعرەی لە بەر بکا. پارچە شێعرەکە سەد شێعری تەواو بو. ناوی بەستە شیعرەکە(هاواری توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت) بو. زۆربەی لاوە خوێندەوارەکانی ئەو ناوچەیە شیعرەکەیان لەبەر بو. چونکە ئاوێنەیەکی باڵانوێن بو لەو ڕەنج بە خەساریەی ئەوان بە چاوی خۆیان دەیان دیت و تەنانەت بەسەر خۆشیان هاتبو. شیعرەکە بەم جۆرە کۆتایی دەهات:

با بە یەک دڵ و بە یەک زمان
بە خەباتی شێلگیرمان

تا دوا پشو هەوڵ دەین
شەق دەو ڕژیمە هەڵدەین
یەکگرتن هۆی سەرکەوتنە
خەبات ڕێگەی دەستکەوتنە

ئەگەر یەک بین و یەک بگرین
لە گەل یەکدا بژین، بمرین

زاڵ دەبین و سەردەکەوین
بەرز دەبین و نانەوین

هەوڵ و تەقەلای بێ ووچان
بێ ماندوبوون، بێ پشوودان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاقه ڕێگای ئازادی یه
هێنەری ڕۆژی شادیه

بلە ئەو بە شەی زۆر بە ئیحسا سەوە خوێندەوە. هەمو ئەوا نەی دانیشتبون هەستیان جولابو. مستیان گرێ دەدا و دروشمی شۆڕشگێڕانەیان دەدا. کۆتایی شیعرەکە چەپڵە ڕێزانێکی توندی بە دواوە بو. بلە لە خۆشیان قوشقی ببو.
شەو تا درەنگانێک باسی ڕۆژڕەشی و بێ دەرەتانی خۆیان و گەلەکەیان و زوڵم و زۆری بە کرێگیراوانی دەوڵەتیان کرد. بەیانی کە هەستان هیوا بۆ قەدەم لێدانێک و بۆ ئەوەی خۆی بخافڵێنێ تا نامەکە بەدەستی خاوەنی دەگا و وەڵامی دێتەوە، چۆ سەر تاتەبەردەکەی پشت ماڵان و لەوێڕا ڕا دێ و دەورو بەری دەستە ژێر نەزەری خۆی. دێ چ دێ، لە نێوان چیای سەربەرزی هۆمل و تیرەباسکی کۆڵەسەدا، بە دامێنی چیای هۆمەلەوە گرد ێک هەڵنیشتوە، کە سەردەکەوی دەشتاییەکی فراوانە. لەسەر ئەو گردە پۆلێک خانوبەرەی قوڕ و بەرد و خشت هەڵچنراون. دەورو بەری دێ کە بە ڕەز و باغ و شیناوورد و پۆلە داری جوان و پڕ بەر داپۆشراوە. لە خوار دێوە، لەو جێگایەی لێژایی هۆمل و لێژایی باسکی کۆڵەسەو یەک دەکەونەوە، چۆمێک بە خوڕ بەسەر تاڤگەیەکی زۆر بەرزدا هەڵدەڕژێتە خواررێ و بە لووزەو تێ دەپەڕێ. خوڕەی ئاوی کوێستانەکانی سەروی ئاوایی، ئاوازی شمشاڵی شوانێکی ئەویندار دێننەوە بیر و دیمەنی ئەو هەمو جۆگە و ئاوا نەی دێنە خوار، تابلۆیەکی ڕەنگین دەنەخشێنن و هێز و توانای جوانیەکانی سروشت دەردەخەن.
ئاوایی و دەوروبەری بە کانیاو و موچە و مەزراکانیەوە دەتوانرێ بە سەفحەی کاتژمێر یێک دابنرێ. ئەگەر شوێنی ئاواییە کە بە جێگای ڕاگیر بونی میلی کاتژمێرە کە دیاری بکەین، دەتوانین بڵێین لە سەر خاڵی هەر چرکەیەک، باخچەیەکی ڕازاوە بە هەمو جوانیەکانی سروشتیەوە دەبینرێ. هیوا بۆ ماوەیەک بە ووردی لەو دەور و بەرە ڕادەمێنێ، سرو شت نەشەی دەبزوێنێ و لە خۆشیان قو شقی دەبێ. هێندێک بە دەر یای بیرکردنەوەدا دەچێتە خوارێ وسەرنجی بۆ لای جوانیی وەڵاتەکەی دەڕوا. ووتەکانی مامۆستای دێنەوە بیر و هێندەی تر ئەویندارى ڕزگاری و ئازادی دەبێ. پاشان ئەوەی بە بیر دادێ کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ دوور نیە کە جوانیی ئەم دیمەنەی جێگای لە دایکبونی مامۆستا شوێنەواری خستبێتە سەر بوژانەوەی بیر و هۆشی ئەویش و بۆ لای خەباتی بێ ووچان هانی دابێ.
لە کاتێک دا لەو خەیالاَنەدا نقوم ببو، کاک ڕەسوڵ بانگی کرد و زنجیرەی بیرکردنەوەی پساند. کاک هیوا نایەی نان و چایەکی بخۆی؟ جوابی نامەکەشم بۆ هێناو یەوە، تاریک و ڕوونی بەیانی وەڕێ کەوتم، با لە چاوی زیت و شەیتانانەی جنۆکەکان بە دوور بم و گێچەڵی ژاندارمە خوێن مژەکان ئێخەم نەگرێ. زوو نامەکەم گەیاند و وەڵامەکەشم هێنایەوە. فەرمو نان و چای بخۆ و بەرەو مامۆستای وەڕێ کەوە. تا جاسوسەکان ڕێیان هەڵنەگرتوی و توشی کارەساتێکیان نەکردوین.
لە خۆشی ئەوەی کە وا زوو کارەکەی بە ئەنجام گەیشتوە، زوو نانی خوارد و بەو ڕێگایەدا کە هاتبو، گەڕایەوە.
کە گەیشتە گوندی (ب) هاوڕێکانی پێیان ڕاگەیاند کە مامۆستا لە گوندی (ن)ە. کتویەتی بە ناوی نەهێنی (هەردەژی) ئەگەر لە کاک حەمەی وسوی بپرسن پێتان دەڵێ لە کوێم. ئێستا ئەگەر بۆخۆت دەتوانی نامەکەی بۆ بەری زۆر باشە، دەنا یەکێکی دیکەمان ئەو کارە دەکەین. هیوا کە شەیدای ئەو هەڵسوڕانە بو و لە خوای دەخواست کارێکی تازەی بۆ دیاری بکرێ، ڕایگەیاند کە بۆخۆی دەچێ و بەیانی زوو وەڕێ دەکەوێ.
تاریک و ڕوونی بەیانی لە جێگاکەی هاتەدەر. خۆی گورج کرد، بابۆڵەیەکی نان و پەنیر پێچایەوەو لە پشتی بەست و بە نێو ڕەزان دا خزایەخوارێ. بۆنی گوڵ وڕێحانە و گیاو گۆڵی دێبەر و قەمتەرەکان ئینسانیان سەرمەست دەکرد و جوانی پەڵەڕەز و دارستانەکان تین و تەوژمیان بە ئەوینی نیشتمان دەدا. تازە ڕۆژ لە بن چیاکانی مەیدان جۆغە و بەردەکوڕ سەری وەدەردەنا و بەرەو ڕووباری کەڵوێ تیشکی داویشت کە هیوا گەیشتە سەر چۆمی. دەم و چاوێکی تەڕ کرد، لە سەر بەردێکی خاوێن دانیشت، نان و پەنیرەکەی دەرهێنا، بابۆڵەیەکی لێ پێچایەوەو دەستی کرد بە خواردنی. جار و باریش بە دەوری خۆی دا دەیڕوانی و بەو هەموو جوانیە سرو شتیەی کە نیشتمانەکەی ڕازاندبۆوە، دڵی خۆی باوە شێن دەکرد. بۆ هەر لایەک دەیڕوانی تابلۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەنگینی شیناوورد و دارستانەکان بەرچاو دەکەوت کە بە جۆگە ئاوی خوڕێن و شیو و دۆڵەکان دابەش کرابون و لە دوورەوە بە شکڵی جوان جوانی هەندەسی خۆیان دەنواند. دەوروبەری چۆمی بە بەردی خاوێن و شۆراوەی جۆراوجۆر بە شێوەیەکی سرو شتی بەردە فەڕش کرا بو. تاڵە تیشکی لاواز و بێ تینی بە یانی لێی هەڵدەبەزیەوەو مەنشورێکی ساکاری لە ڕەنگە ئەسڵیەکانی سرو شت پێک دێنا.

پاش ئەوەی نان و پەنیرەکەی خوارد یەک، دوو لوێچ ئاوی لەسەر خواردەوەو خۆی گورج کردەوە. جارێکی دیکە بە دەورو بەری خۆی دا ڕوانی و لاقی لێ هەڵکردن.

لە بواری چۆمی داو لەگەڵ لیسۆکەکان کەوتە شەڕەشەق، تا لەوبەری هاتەدەر. پا شان گۆرەوی و کەو شی لە پێ کرد نەوەو بەرەو هەورازی وەڕێ کەوت. بەباریکە ڕێیەک دا کە پێخوست بە نێو پەڵەگەنمێکی بالاّپیاوێک بڵیند دا دروستی کردبو، ووردە، ووردە ڕێگای پێوا. جار وبار سەری چڵە گەنمێکی هەڵدەپساند و لاسکەکەی دەمژی و کە لێی ماندو دەبو فرێی دەدا. دیسان یەکێکی دیکەی هەڵدەپساند و هەمان کاری دووبارە دەکردەوە.

باریکە ڕێی نێو پەڵە گەنمەکان تەواو بو، هەورازێکی کووڕ بە نێو دارستانێکی چڕ دا دەستی پێکرد. هێشتا تیشکی ڕۆژ گەرمایی لە گەڵ خۆی نەهێنابو، سێبەری دارە کان ڕووەو ئاسمان راست نەببۆوە. هەم ڕێگا کە سێبەراوی بو، هەم هەوا فێنک وخۆش. بۆیە هیواش بە باوێکی خۆ شەوە ڕێگای دەبڕی و ماندووبوون هەنا سەی لێ نەدەبڕی. ئەوینی ئازادی و خۆشەوێستیی ڕێگا یەک کە تازە هەنگاوی بەرەو هاوێشتبو ئەوە ندەی دیکە لە ووزە و توا نای ئەویان ز یاد دەکردو باریکە ڕێگای پێچاو پێچ وەک مار لە بن پێی دا دەخزی. بۆیە پێش ئەوەی سرو شت تە ندووری گەورەی چلەی هاوین دا خا و فەڕ شی ژێلەمۆ لەسەر زەوی ڕاخا، یەکەم هەورازی بەرەو مەخسەدی بڕی و هەنگاوی نا یە نێو پێ دەشتەکانی نێوان هەورازی یەکەم و دووەم.

لە بن نەمامەدارێکی پڕ گەڵا دانیشت و چاوی بڕیە دەشت. سەری هێندێک بەرز کردەوەو ئاوایی (ن)نی لە نێو دۆڵێکی چڕ و پڕ لە دارستان دا بەدی کرد. وەک مزگێنی سەرکەوتن بەسەر دێوەزمەی زۆرداری دا یا تەواوکردنی ڕێگای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پڕ هەوراز و نشێوی خەباتی پێ درابێ، لە خۆشی ئەوەی ئەوا نیزیک دەبێتەوەو دووەم ئەرکی پێ ئەسپێردراوی حیزبی بەجێ دەگەیەنێ، چاوەکانی بەڕقیان دایەوەو فێنکایی یەک بە دڵی دا هات. ئارەزووی دیسان دیتنەوەی مامۆستا بۆی بو بە ئامانجی نیزیک و لە بیری شێوەی هەستان و دانیشتن لە گەڵ ئەو کەوت. خەریک بو لە مێشکی خۆی دا نەخشەی کەڵک وەرگرتن لە و دیدارەی دەکێشا کە لە ناکاو شەبکەی سێ، چوار ژاندارمی لە نێو پۆلی داران ڕا لێ وەدەر کەوت. لە ترسی ئەوەی نەکا بیگرن، بیگەڕێن و نامەکەی ببیننەوە، خۆی بە نێو دەوەنان دا کرد و لە سەر چنگان بەرەو لای شیوێک کە لە ٥٠٠ میتریەوە بو خوشی. ژاندارمەکان دوو، دوو و سێ، سێ دەهاتن و هەر پازدە بیست میتر کە دەڕۆیشتن هەڵوێستەیەکیان دەکرد و بەم لاو ئەولای خۆیان دا دەڕوانی. ژمارەیان نیزیک ٣٠ کەس دەبو. ئەوەندە بڵاو ببونەوە کە هەمو دەور و بەری ڕێگاکەیان داپۆشیبو.
هەروا لەسەر چنگان دەخوشی بۆ ئەوەی خۆی لە چاوی ژاندارمەکان وون کا. تا دەهات زۆرتر هەستی بە قرچەی ووردە چیلکە دەکرد کە لە ژێر پۆستاڵی ژاندارمەکان دا ووردە دەبوون و خشەی لێک سوانی گەڵاو هەیکەلی ژاندارمەکانی باشتر گوێ لێ دەبو. بیست میتر لە ڕێگاکە دوور نەکەوتبۆوە، کە سێ ژاندارم دەست لەسەر تفەنگ لە تەنیشتیەوە بەرەو دەوەنێک کە ئێستا ئەو دەیویست بە پەنای دا ڕەت بێ، هاتن. ووردە، ووردە خۆی خزاندە نێو دەوەنەکە و هەناسەی لە خۆی بڕی. ژاندارمەکان هەروا بە لولەی تفەنگ لەخە گەڵاکانیان لادەدا و دەهاتنە پێش. گەیشتنە ئەو دەوەنەی کە ئەو خۆی تێدا حەشار دا بو. خەتەر بە تەواوی نیزیک ببۆوە، هەر سێکیان بە پەنای یەکەوە گەیشتنە سەر دەوەنەکە ولێکڕا لەخەکانی دەوەنیان لێک کردوەو بەرەوڕووی هیوا بونەوە. مەترسی بەتەواوی نیزیک ببۆوەو بەسەر سەریەوە هەست پێ دەکرا. تەنیا ڕێگە چارەیەک کە بە خەیاڵی داهات ئەوە بو کە هاوارێکی توند بکا و بە خێرایی یەکی بێ وێنەوە بەرەوە شیوەکە دەرپەڕێ. ژاندارمەکان کردیانە قریوە قریو. خۆیان بە عەرزی داداو سەریان لە نێو دەوەنان ڕا کرد. کردیانە تەق و تۆق، بە چواردەوری خۆیان دا تەقەیان دەکرد. ئەو سێ ژاندارمەی کە ئەویان دیبو وا بەرەو پاش کشانەوە کە هەرسێکیان لاقیان لە چرپ و چاڵ گیرا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەرەو پشت کەوتن و تفەنگەکانیان لە دەستی دەر پەڕی. هاواریان دەکرد، چەتە، چەتە. هیوا توانی خۆی بگەیەنێتە نێو شیوەکە وبە نێوەڕاستی دا بە غاردان بەرەو سەرەوە بڕوا و پاش چەند کیلۆمیترێک غاردان بێتەوە سەر ڕێگاکە. ئارەق سەرتاپای شەلاڵ کرد بو و هەستی بە ماندوویی یەکی زۆر دەکرد. لە سەر تاتە بەردێک دانیشت. ئارەقی نێو چاوانی سڕی و تەما شایەکی ژاندارمەکانی کرد. هەروا تێکیانەوە داویشت . دوو، دوو و سێ، سێ سەریان لە بن دەوەنان دەردێنابە چواردەوری خۆیان دا دەیان ڕوانی. هەڵدەستان بڕێک دەڕۆیشتن و یەکتریان دەگرتەوە. ئەملاو ئەولای خۆیان تاقی دەکردەوە و بە ئیشارەی دەست یەکتریان ئاگادار دەکرد، ئاوڕێکیان بۆ دواوە دەدا یەوە و دیسان برێک ڕادەوەستان و لەسەر ڕا دابەش دەبونەوەو دەڕۆیشتن.

هیوا سەربەخۆ پێکەنین پێ دەهاتن و لە دڵی خۆی دا دەیگوت؛

تەماشا ئەو خوێڕیانە چەند دەترسن. ئەگەر دێنە نێو دێی و خەڵکی فەقیر و هەژار دەبینن دەبنە سەگی هار، کە تووشی خشپەیەکیش دەبن ئاوا زراویان دەچێ. خۆزگە ئێستا تفەنگێکم پێ بوایە ، جا بزانە بە تاقی تەنێ چم بەسەر دێنان . هەروا لە ژاندارمەکانەوە ڕاما تا لە گردی چوونە خوارێ. پاش ئەوەی حەسایەوە ، هەستا و کەوتەوە ڕێ.

ڕێگاکە بە لابەلایەک دا دەچۆ نێو دۆڵێکی پڕ ئاو و داری نێژراو کە پۆل،پۆل تەختایی دۆڵەکەیان داپۆ شیبو. زوور بەی ئەو دارانە بریتی بون لە چنار و سپیدار. بە ئەمبەر ئەو بەری دۆڵەکەشەوە داری مازوو، بەڕو، گەز، کەوت و بەلاڵوک دەبینران. پۆلە سپیدارەکان نێو بە نێو بۆشاییەکیان تێ دەکەوت. وەک سوپایەکی ڕێک و پێک دەستە، دەستە پانتایی ئەو دۆڵەیان داگرتبو. دارە بیەکان زیاتر لە سەر ئەو جۆگە ئاوانە ڕوابون کەلە قەراغی دێبەرەکانی نێو دۆڵ بۆ پاراوکردنی زەو یەک شت و کاڵ یەکان هەڵبە سترابون. لە سەر قەمتەرەی دێبەرەکانیش زۆر داری میوەی وەک توو، قەیسی، مێو، هەڵوژە، هەرمێ، سێو، بێ و گوێز دەبینران و هێندێک جار توشی مێوێکی بەهێز و لە خۆبایی دەبوی کە خۆی هاویشتوەتە سەر قژان و چنگی در ێژ کردون و وەدارێکی بڵیند هەڵرۆسکاوە و تا گڵۆفکی دارە کە خۆی لێ هاڵاندوە و کوڕەدارێکی جوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێکهێناوه. هەمووی ئەو جوانیانە لە گەڵ سەوزایی دێبەرەکان و جۆگە ئاوەکانی قەراغ دۆڵ تێکەڵ بە یەکتر دەبون و سروشتێکی دڵگیریان دەخوڵقاند.
هیوا بە نێو ئەو دۆڵە ڕازاوەیە دا بە ووزەیەکی زۆرەوە ڕێگای دەبڕی و لەوەی کە توانیبوی هەم خۆی لە دەست ژاندار مەکان ڕز گار کا و هەم بە نیشاندانی ئیبتیکار ێک ب یان تر سێنێ، زۆر دڵ خۆش بوو. بەرە بەری نیوەڕۆ یە گەی شتە مەزراکانی خوارەوەی دێ. لەو مەزرایانەدا خەڵکێکی زۆر سەرگەرمی ئاوداشتن، بژارکردن، نێوکۆڵ، یا دروێنە بون. ئێستا کە کاتی حەسانەوە بو زۆربەیان لە بن دارەکان دانیشتبون وخەریکی نان و چا خواردن بون. لە نێو ئەوان دا ژن و پیاو و پیر و لاو دەبینرا. بە پێی ڕەسمی کورد ستان لە بەر هەمهێنان دا یار مەتیی یەکتریان دە کرد. داس، پێ مەڕە مەسا سە، ما ڵەغان، تەورداس و کەتری و ئی ستیکان و دۆدا نە و هەگ بە ناز یان لە دەورو بەری خۆ یان دا نابون، یا هەڵوا سیبون. یەک لە سەر پ شت، یەک لە سەر تەنی شت و یەکی دی کە بە دانی شتنەوە خەریکی حە سانەوە بون. هێ ندێک ژن ئاوردو یان ساز دە کرد و کەتر یە ئاو یان وە سەر دە نان. ه یوا کە ئێ ستا ئ یدی وەک جاران شەرمی نەدەکردو ڕووی کرا بۆوە، ڕووی لە بن دار ێک کرد کە پ ێنج، شەش ژن و پیاوی لێ دانیشتبون. سڵاوی لە حازریان کرد و لە لایان دانیشت. ئەوانیش زۆر بە ڕ ێزەوە ماندو نەبونیان لێ کرد و بە زە بری زۆری هەڵیان ستاند و جەواڵێکیان لە بن ڕاخست.
کەتری لەسەر ئاوری قوڵتەی دەهات، ژنێک دەستی دایە لوێچێکی چای وو شک تێ کرد و لە سەر پۆ لوانی دا نا. هێ شتا ه یوا بە تەواوی نەحە سابۆوە کە هەگبەیەکیان نان هێنایە پێش. سێ، چوار قاپ دۆی خەست و ساردیان تێ کرد وچە ند دە سک پ یوازی شینیان دا نا لە گەڵ هێ ندێک ڕۆ نی کەرە. لە هەمو لایەکەوە داهاتنە نانی گەڵا، گەڵا. فەرموی هیواشیان کرد و ئەویش دە ستی بە خواردن کرد. نانی تەنک و گەورەی سپی و ناسک بەدەستیانەوە هەر وور شەی دەهات. دادەدڕا، هێدێک ڕۆنی تێهەڵدەسوا و پیوازی لە نێو دەنرا، لول دەدراو دهزارداخنرا و قوڵپ، قوڵپ دۆی ساردی بە سەردا دە کرا. مام کەریم پیاوێکی نیزیک پەنجا ساڵەی قەد نێونجی، بڕ ێک بەخۆوە و سمێڵ زل و برۆ بڵیند بو، سەری هەڵبڕی و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئای کاکی ڕێبوار، دیوتە کار چ شتێکی بە کەڵکە، هەم نان و چات بۆ پەیدا دەکا و هەم ئیشتیات بۆ خواردن خۆش دەکا، وات لێ دێ کە لەزەتی لێبەری. پاش نان و چا خواردن هیوا ڕووی لە مام کەریم کرد و پرسی:

مامەگیان ئەرێ ماڵی کاک حەمەی ووسوی لە نێو دێن، یا لە مەزرایە؟

مام کەریم وەڵامی دایەوە:

ماڵیان لە نێو دێ یە، بەڵام بۆخۆیان هەر خەریکی مەڕ و ماڵات و مەزران. ما شاڵڵا زۆرن، بە شێکیان لە کوێستانێن لە مەیدان چۆغەی، هێندێک لە مەزرایەن لەوبەر ئاوایی و حەتمەن کەسێکیشیان هەر لە ماڵێ یە. ماڵەکەیان لە قەراغی دێ یە، هەر لێرەوە چوی و لە قەبرستانی ڕەت بوی بەم بەری دێ یەوە، گردێک هەیە کە ماڵێکی گەورەی لێ یە و ئاغەڵێکی گەورەی بە پەناوەیە، ئەوە ماڵی کاک حەمەیە. چ خێرە خزمیانی، یا دەیانناسی!

وەڵلا هەر دەیان ناسم و بڕێک کارم پێن.

خواحافیزی لێ کردن و بەرەو دێی وەڕێ کەوت. لە قەبرستان تێ پەڕی و ئاوایی لێ وەدەر کەوت. دێ یەکی زیاتر لە سەد ماڵی بە قەدپاڵی چیایەکی بەرزەوە کە دامێنە کەی بە دار ستانێک لە داری مازوو، و یۆڵ و قەزوان داپۆشرابو. لە هێندێک جێگاوە دەستی ئینسان بێ بەزەیی یانە دارەکانی درووێنە کرد بو. پۆل، پۆل دەوەن لە جێگایان سەریان وەدەر نابو. چاوەڕوان بون کە ئیدی کۆڵیان لێ بدەن تا ئەوانیش جارێکی دی ڕووەو ئاسمان تێ هەڵچن، ڕاست بنەوەو بگەنەوە هاوەڵانی خۆیان.

دێ لە پانتایی یەکی دامێنی چیادا دروست کرابو. لە ئەمبەر و ئەوبەری ئاوایی دوو گردی بڕێک گەورە هەبون، ماڵ وە گردە کانیش هەڵگەڕابون. کانی و ئاوێکی گەورە و خۆش لە نێوەڕاستی دێکە هەبو. حەوزێکی گەورەی لە سەر درووست کرابو. ئاوەدەستی سەرگیراو هەبون وچەند میترێکیش لەو بەرەوە خانویەکی کۆنی زۆر نزم دەبینرا کە هەروا ژن دەچونە نێوی و دەهاتنە دەرێ، دیارە کانی ژنان بو. لە لای دیکەی کانی و ئاوەکە خانوێکی گەورەی بڵیندی لێ بو. بە قوڕێکی سوور سواغ درابو. لە هەر لایەی دوو، سێ پەنجەرەی گەورەی تێ بون و بەرهەیوانێکی گەورەی هە بو. ئەم خانوە گەورە و جوانە مزگەوتی ئاوایی بو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەر تاتە بەردێک دانیشت و لاقی لە حەوزەکەی کێشان. هێندێک ئاوی بە سەر و چاوی دا کرد و ماندوویی لەشی دەرکرد. پاشان خۆی قایم کردووەو بە نیازی دیتنەوەی ماڵی کاک حەمە وەدەرکەوت. پور ڕابی، پیرێژنە فزوول و بە قسە و باسەکەی ئاوایی لە بەردەرگای خۆیان هەڵتروشکابو. هەر کە چاوی بە هیوا کەوت تێیەوە ڕاما و تا زانی غەریبەیە وەک ماری ڕاخوشی و بۆ ئەوەی سەر و بنی قەزیە دەربێنێ، بە پەلە خۆی گەیاندە ماڵی پور فاتم کە لەسەر ڕێیەوە بو.

فاتم، فاتم بابانت خەراپ بێ وەرە دەرێ ئەوڕۆ خەبەرێک هەیە.

پورفاتم بە بۆڵەبۆڵ هاتە بەردەرکەی و پرسی:

ئەرێ ڕابی چیە دیسان کەروێشکت هاتوەتە سەر ڕێ یا ڕێوی؟

پور ڕابی:

کەروێشکێکی دوولاق، جحێڵێکی جوان چاکی غەوارە لە حەوزێ هاتە دەر ، دەڵێی لە کوێ ڕا هاتبێ؟ کاری چ بێ؟ بچێتە ماڵی کێ؟ خەڵکی کوێ بێ؟

پورفاتم:

وەڵڵا گوتم داخوا چ قەوماوە. دەک بابانت خرابن، ئەتۆ بۆ هێندە فزوولی و بە خەڵکەوە ماندوی، جا دێ یەکی وەک ئێرە هەموکەس ڕووی تێ دەکا. بەتۆ چی هەرکەسە و بۆ هەر کارێک هاتوە!

پور ڕابی لێوێکی لێ هەڵقرچاند:

بەتۆ چی، بە تۆچی، ئەرێ پیاو نەزانێ بۆچی هاتوە؟ همم... چەمۆڵەیەکی لە پور فاتم نا و ڕۆیی.

وە دوای هیوا کەوت. بن دیوارەو بن دیوار، سەنگەری دەگواستەوە. تا هیوا لەکۆڵانێک تێدەپەڕی ، ئەویش دیوارێکی دەگۆڕی. هیوا ڕاست پەڕیەوە بۆ ئەو گردەی بۆیان دەستنیشان کردبو. خانویەکی گەورە کە پێشەکەی بانیژەیەک بو، لەسەر گردەکەی وەدەرکەوت. لەسەر بانیژەکە ژنێکی چاو و برۆ ڕەش و بە خۆوە تەشی بە دەستەوە بو و جارو بار ڕانێکی بەرز دەکردەوەو تەشی پێدا دێنا تا هەودا بەنەکە پێچ بخواو بادرێ. هیوا لە بن بانیژەکە ڕاوەستا ، سەرێکی هەڵبڕی و بانگی کرد:

خوشکم ئێرە ماڵی کاک حەمەی وسو یە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنەکە خێرا تەشیەکەی دانا و گوتی:
فەرمو ، فەرمو، بەڵێ خۆیەتی فەرمو سەرێ.
پور ڕابی کە لە دامێنی گردەکە لە بن دارێک خۆی مات دابو، هەر کە چاوی لە هیوا بو سەرکەوت، مشاندی:
دەمزانی شتێکی لە بن سەری دایە. ئەوا سەرکەوت بۆ لای زلێخا شەنگەی، دادەی بزانم. دەستێکی بە پێش چاوانەوە گرت:
ئەدی ئەوا چۆ سەرێ، ئەی بۆ هێندە باسی حەیا و حەدەبی خات زلێخایە دەکەن؟ چاوت لێ یە، هەتیو کەسی شک نەبردوە، ڕاست خۆی دەوێ کوتاوە. دابزانم چ دەکەن؟ تەماشا لە و بێ شانسیەی ئەگەر لە بن بانیژەکەی دەچمە دەرێ دەم بینن، ئەگەر ناچمە دەرێ نایان بینم. دەک بابانت خەرابێ ڕابی بۆ شانست.
هیوا سەرکەوت و سڵاوی کرد. زلێخا بە عادەتی میوا نداری بنەما ڵەکانی کوردستان زۆری بەخێرهاتن کرد و خێرا ڕای کرد جامێک دۆی ساردی بۆ هێنا و لە بەردەمی دانا.
زلێخا پرسی:
ئەرێ عەیب نەبێ لە کوێ ڕا هاتوی و چ عەمرێکت هەیە؟
کارێکم بە کاکە حەمەیە، دەمهەوێ بۆخۆم بی بینم.
زلێخا:
هەرچەندە دڵم خەبەری داوە چ کارێکت هەیە، بەڵام قەیدێ ناکا، نابێ خۆ تێهەڵقوتێنم. ئەگەر عەیب نەبێ لێرە دەبی بچم بانگی بکەمەوە، یا بۆخۆت دەچی بۆ موچەی بۆ کن خۆی؟
هیوا:
وەڵڵاهی پێم خۆشە بۆ خۆم بچم ، ئەگەر بە زەحمەتی نەزانی موچەکەم نیشان بدەی، نامهەوێ زیاتر موزاحیم بم.
هەستایە سەرپێ، زلێخا هەتا دەمی دەرکەی خوارێ بەڕێی کرد. پور ڕابی تا گوێی لە دەنگی پێیان بو، خێرا خۆی خزاندە بن دیوارێک و هەڵتوتەکا. هەروا بزانە هیچ کاری بەوان نییە، خۆی گێل کرد. بەڵام لە بنەوە هەر دەیڕوانی بزانێ کابرای غەریب چی بە سەر هات و لە گەڵ زلێخا چیان لە بن سەری دایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زلێخا دەستی بۆ ئەو بەری دێ ڕاداشت.
کاکی میوان ئەو ڕەز و دێبەرانەی لەو بەرن ئەوە موچەی ئێمەیە. هەر ڕاست بپەڕەوە لە وێ دەی بینیەوە.
زلێخا خەریک بو سەرکەوێتەوە سەرێ کە پور ڕابی وەک بەبری ئازا دەرپەڕی و خۆی گەیاندە لای و پرسی:
ئەرێ ئەو کوڕە لاوچاکە کێ بو؟ کاری چ بو؟ خزمتانە یا میوانە؟
زلێخا:
پورێ ئەتۆ دەبو ئێستا نسحەتی ئێمەمانان بکەی کە بە خەڵکیەوە ماندو نەبین و فزولیە نەکەین. پێ یەکت لەسەر لێوی قەبریە بۆ ناچی خەریکی نوێژ و ڕۆژوو پاڕانەوە بی، بەشکم خوا ڕودمت پێ بکا. چت لە خەڵکی داوە و بۆ بە هەموو کەسەوە ماندووی؟
پور ڕا بی لەوق سانەی زلێ خا بە تەواوی ناڕە حەت بو.ا یۆیکی لێ هەڵقرچاند،چەمۆکێکی لێ ناو وەک شولکی لە دمی درابێ وەرسوڕا و ڕۆیی.
هیوا پەڕیەوە ئەوبەری، بە ناو دێبەرە پیواز و تەماتە و خەیار و ترۆزیەکان دا ڕۆیشت. خۆی گەیاندە ئەو موچەی کە زلێخا نیشانی دابو. لە دوورەوە چاوی لە کابرایەکی وەنێوکەوتوی چوارشانە و کەڵەگەت بو، کە ئاورێکی کردبۆوە و دوو کەتری گەورەی لەسەر دانابون. هەرچیلکەی داویشتنە سەر ئاورەکەی . لە پەنای کابرا داربەڕوێکی گەورەی لێ بو.کە هێندەی کەوڵە نان و دۆدانە و پڕ و پرێسکەی دیکە پێ هەڵوا سرابو، دەتگوت داری ( چاک) یە. کوڕ و کچێکی دوازدە، سێزدە ساڵان هەروا دەچنە نێو دێبەرەکان، سەوزی و تەماتە و خەیار و شتی وا دێنن و دیسان دەگەڕێنەوە. کابرا زۆر کەیفخۆش دێتە بەر چاو، وەک چاوەڕوانی سەرهەڵدانی ڕووداوێک بێ، زوو، زوو هەڵدەستێتە سەرپێ، بەرەو لابەلای دەڕوا، بەم لاو ئەولای خۆی دا دەڕوانێ و دیسان دەگەڕێتەوە. نارەنارێک دەکاو هێندێک چیلکە و دار داوێتە سەر ئاورەکەی.
هیوا لە کابرا نیزیک دەبێتەوە وسڵاوێک دەکا. کابرا یەک بە خۆی ڕادەچڵەکێ. وەک تو شی ڕووداوێکی لە نا کاوی زۆر تاڵ بوبێ، ڕەنگی دەبزڕ کێ، بە ناڕەحەتیەوە وەڵامی هیوا دەداتەوە. هیوا زۆر لە سەرخۆ دەپرسێ:
جەنابت کاک حەمەی ووسوی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا برێک ڕادەمێنێ دڕدۆنگ دێتە بەرچاو وەک ئەوەی دەچێ کە نەوێرێ ڕاستیە کەی بڵێ.
هیوا دەڵێ:
کاکە گیان ئەگەر کاکە حەمەی ئەمن کارم بە (هەدەژی) یە. ڕەنگ و ڕووی کابرا دێتەوە سەرخۆ. سوور هەڵدەگەڕێ و پشویەکی قووڵ دەدا. بە گەرمیەوە باوەش بۆ هیوا دەکاتەوە و زۆر بە خێر هاتنی دەکا. فەرموی دەکا دانیشێ و ماندووی بحەسێتەوە. دەڵێ بەڵێ من حەمەم و پێڵاوت سەرچاوان. زوو کاک (هەردەژی)ت بۆ پەیدا دەکەم و کارەکان ڕادەپەڕێنین. یا خوا بەخێر بێی برالە، لە وێنەی ئێوە هەر زیاد بێ. کوڕە زۆر ناڕەحەت بوم، وەمزانی کارێکی دیکەت هەیە و ئیدی ناتوانم شتەکان بۆ کوڕەکان بەرم.
هیوا زۆری پێ خۆش بو کە ئاوا دۆستانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ. هەستی بە نیزیکیەکی زۆر لەگەڵ کاکە حەمە دەکرد. هەروا بزانە برا گەورەیەتی، یان دۆستێکی چەندین ساڵەی خۆشەویستە. لە دڵی خۆی دا دەیگوت:
کارەکەمان زۆر پیرۆزە. دۆستان بۆ پیاوی زۆر دەکا، دۆستی ئەوتۆ کە بڕوایان پێ دەکەی و دڵت لە لایان حەساوەیە. لە یەک ، دوو دەقیقەدا ئەوەندە لێک نیزیک دەبیەوە کە دڵنیای سەری خۆتی پێ بسپێری. پیاو کە لێی حاڵی بو ئەویش وەک تۆ ماڵی دنیا و قازانجی شەخسی وەلا ناوەو دڵی بە وێستێکی پیرۆز بەستوە، لە هەمو هەڵس و کەوتێکی دڵنیای و زۆر خۆشت دەوێ. بێگومانیشی لە وەی کە ئەویش ئەتۆی خۆش دەوێ.
کاکە حەمە وەقسە هات:
جا برالە با چاکەمان پێبگا و لە نێو دێش ڕا هێندێک شتی دیکەمان بۆ بێ، لە گەڵ برای خۆت هێندێک شتومەک هەڵدەگری و دەچیە نەخزمەت مامۆستا(هەردەژی). لە نێو دێ ڕا دوو لاوی تازە پێگەیشتو هاتن. مەنجەڵەکانیان دانا و بێ قسە کردن گەڕانەوە.
هیوا و کاکە حەمە خواردەمەنی و قاپ و قاچاغەکانیان هەڵگرت و بە نێو جۆگەیەک دا هەڵگەڕان. هەروا کە دەڕۆیشتن لە نێو گەڵای داران ڕا هیوا چاوی بە لاوچاکێکی بالا بڵیندی سمێڵ ڕەش و دەم و چاو پان دەکەوێ کە شانەو شان ڕیزە فیشەکی لە خۆی داون و تفەنگێکی دار زەردی درێژی بە دەستەوەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قیت و قنج ڕاوەستاوە و بە چواردەوری خۆی دا چاو دەگێڕێ و گوێ هەڵدەخا. بە نیزیک بونەوەی ئەمان خێرا خۆی لە پشت بەردێک دە گرێ، هەڵدەتروشکێ و تفەنگە کەی ڕووەو ئەوان دە گرێ و بە ئە سپایی چەخما غە دەکێ شێ و دەیباتەوە جێگای خۆی . هیوا وەک ئەوەی برێک بترسێ سڵ دەکاتەوە.

کاکە حەمە:

ئە گەر دیو تە مەترسێ و بلێ ( هەردەژی) پێشمەرگەکە مۆڵەت نادا و تێیان ڕادەخوڕێ؛ نێوت بلێ کوژرای.

کاکە حەمە هاوار دەکا:

خۆ مانین ( هەردەژی). هیوا تازە بۆی دەردەکەوێ کە ئەو ( هەردە ژی) یە. کۆدە و ناوی نەهێنی ئەو ڕۆژەیە.

لولەی تفەنگ ڕوو لە لایەکی دیکە دەکا و قاقایەکی پێکەنین دێ. کاکە حەمە ئەوەبۆخۆتی؟ وەڵلاهی خەریک بو دۆ و دۆشاوت لێ تێکەڵ کەم. ڕاست سێرەم لە کۆڵەکەت گرتبو، گوتم جارێ با لە خۆی نەدەم.

کاکە حەمە:

خۆ لە دەستت دێ قەرەنیە قیتە، ئەی چیت دەخوارد، بو بە پێکەنین. هیوا تێگەیشت کە لە مەخسەد نیزیک بونەتەوەو ئەوە کێشکچی مامۆستایە. قەرەنی کاکە حەمە و هیوای ڕێنوێنی کردن بۆ بن دارگوێزێک کە سەکۆیەکی لە بن درو ست کرا بو. بۆ خۆی سەروتر چو و پاش چەند دەقیقە یەک لە گەڵ مامۆستای گەڕایەوە خوارێ. هیوا یەک پێ بڵیند بو. کاکە حەمە خۆی بزاوت و دانیشتەوە. مامۆستا دەستێکی لە شانی هیوای دا:

هاوڕێی لاو پێویست ناکا وابە ڕەسمی ڕاست بیەوەو دەستەو نەزەر ڕاوەستی. ئێمە هاوڕێین، نەک گزیر و ئاغا. هیوا ئارەقێکی ساردی بە نێو چاوانی دا هات و برێک سوور هەڵگەڕا. مامۆستا بە قسەی خۆش هیوای هێنایەوە سەرخۆ.

کاکە حەمە:

کاک هیوا مامۆستا فێری کردوین خۆمان بە حیسان بزانین و بۆ کەس کڕنۆش نەبەین. دەفەرموێ هەرکەس لە باڵ خۆیدا پیاوە. قیمەتی خۆی هەیە، کەس لە کەس زیاتر نییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا هەر بە سەر قسەکانی کاکە حەمەی پەسند کرد. دەستی بۆ گیرفانی برد و کاغەزێکی پێ چراوەی دەرهێناو دای بە مامۆ ستای. مامۆستا کاغەزە کەی خوێندەوەو سەرێکی بادا. ڕووی لە کاکە حەمە و هیوا کرد:

ئافەرین دارەبەن، ئافەرین زۆر کارێکی چاکتان کردوە. ئافەرین! ئەگەر بتوانین لە هەر ناو چەی مانۆڕێکی ئاوا بدەین، زۆر زوو دوژ من لە گەڵ خۆ مان بەرەوڕوو دەکەین. زۆر سەیرە ئەمن پێم سپاردوون زۆر بە نەهێنی دەستەی مەلا عەزیزی بەرەو ناو چەی بانە بەڕێ کەن و هیچ کەس نەزانێ بگەڕێنەوە. کەچی ئەوان چوون دەستەیەکی دە، دوازدە کەسیان لە خۆ یان ساز کردوە، تەنانەت تاپڕ و ساچمەزەنیشیان وەخۆیان هەڵوەسیون هەتا ناو چەی دەشتەتاڵێ لە گەڵیان چوون.سەیر ئەوەیە کاکم ئیشتیای چەکی بزو توە و داوا دە کا ڕێگای بدەین ببێتە پێشمەرگە و خۆی قاچاغ کا. ئەو کات چی لەدەست دێ ؟ هەرچی دە کەم ئەو هاوڕێیا نەم بۆ مرزەم ناکرێ کە بابە ئاخرین کاری ئێمە دە بێ پێشمەرگایەتی بێ. ئەوکاتەی کە بۆ دوژمن ناسراوین و ئیدی ئیمکانی کاری نەهێنیمان نەماوە. بە تایبەت لە هەل و مەرجی ئێستا دا. خۆ ئێمە دەستمان بە شۆڕش نەکردوە، هەل و مەرجی سیاسی وای لێکردوین کە ئەوانەی تازە قاچاغ بوین ، دەست بدەینە چەک بۆ دیفاع لە خۆمان. چونکە ڕێگایەکی دیکەمان نییە و دە بێ هەر لە نێو گەلە کەی خۆ مان بین و قاچاغیشین، چەکمان دە ست داوە تێ. کاکم وە دەزا نێ فەتحێکی زۆر گەورەمان کردوە، یا ژ یانێکی زۆر خۆشمان هەیە. دەنوسێ، بۆ هەر دەستەیەک سەربەرزانە چەکی خۆی لە شان کا و ببێ تە بولبولی خۆش ئاوازی سەر لوتکە و دو ندەکانی کورد ستان، دە ستەیەکیش خۆی مەڵۆز دا، تانە و لۆمەی دوژمنان تەحەممول کا. ڕۆژی جارێک چارەی ڕەشی ژاندارم، ساواک و جاسوسەکانی ببینێ و خۆی بخواتەوە. برا لە بۆ ڕێگامان نادەن ئێمەش چەک هەڵگرین. دەتا نەوێ شانازیەکە هەر بۆخۆتان بێ؟ کاکم ئاگای لەوە نییە کاری ئەسڵی ئەو دەیکا. شانازی ئەسڵیش بۆ ئەوە و ئێمەش ئەگەر مەجبور نەباین پێمان خۆش بو لە جێگای وی باین. نازانم ئێمەی کورد کەنگێ گرنگی کاری تەشکیلاتی حاڵی دەبین. بە درێژایی مێژوو هەر دوو شت فێر بوین. پەنا بردن بۆ چەک و بۆ شاخی. هێشتا ئەوەمان لێ حاڵی نەبوە کە ئەگەر تەشکیلاتێکی هەمە گیری پتەومان هەبێ و بتوانین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زوربەی گەلی کورد لەو دا کۆبکەینەوە، ئەوە دوژمن دەبێ کە مەجبور دەبێ هەڵێ و نیشتمانەکەمان بە جێ بێڵێ. ئێمە مەجبور نابین لە سەر ئاو و خاکی خۆمان ئاوارە بین.

تاکەی خەزێنەو نەوتەکەم
بە بوکەڵە و فیتفیتە دەم

لەسەر گەنجی وەڵاتەکەم
گەنجیی خۆشم ئاوارە کەم

کوردم، کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ

بە پێکەنینەوە:
وەنیە هیوا؟
لە خوارێ دەنگی پێشمەرگەیەک دێ. کێی کوڕە، زوو دەستان هەڵبڕە. لە سەر سەریان دانێ و وەرە پێشێ.
کابرا وەڵام دەداتەوە:
کەریمە گێژ ناشمان کوژی؟
پێشمەرگەکە بڕێکیش لەو ناتۆرەیەی قەڵس بو:
زوو خۆت بناسێنە، دەنا دەشت کوژم و چاویشت پێ سپی دەکەم. وەرە پێشێ بزانم. ئەوا نەهاتمە پێشێ بزانم چی دەکەی کەریم ئاغا. پێشمەرگەکە زۆر توڕە دەبێ و گرم فیشەکێکی لەبن لاقان دەکا. کابرا زەندەقی دەچێ. هاوار دەکا نەکەی بێ ئەقڵ ئەمن عومەرم، عومەر. کەریم پێ دەکەنێ؛ هەتیوە ڕێویە بۆ خۆتی! ئاخر ئەوەش جێگای شۆخیە مردوت نەمرێ. بە سەری بابم خەریک بو ساردت کەمەوە.
لە سەرێ ڕا پێشمەرگەکان بە پارێز دێنە خوارێ. لە دەور و بەری کەریم دادەمەزرێن و بانگی دەکەن، کەریم ئەو تەقەیەچ بو؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەریم:
هیچ نییە، ڕێو یەکن دی تەقەن لێ کرد. سەگبابخێوە هێندە فێڵەبازە ، هیچ خۆشم لێ نایە. لە هەر جێیەک بۆم هەڵکەوێ دەیکوژم.
عومەر لە تەنیشتی ڕاوەستاوەو ئێستاش هەڵدەلەرزی. هەناسەی سوار بوەو لە بەر ماندوییان بە تەکان قسە دەکا. کەریم... کەر....یم، ئەو شۆخیەم لە گەڵت نییە. یەک جاری دی باسی ئەو شتەی دەکەی شەڕ...مان..دەبێ. کەریم قاقا پێدەکەنێ. بە زمانە پسکەکەی،
باشە چیم کردووەکاک ڕێوی؟
عومەر هێندەی دی توڕە دەبێ:
ئەوەی ..هەر ..ئێستا...گوتت. ئەوەی هەرئێستا، ئەو شتە.
کەریم قاقایەکی دی لێدەدا.
ئاخر کام شتەیە وا پێی قەڵسی؟
یەکێک لە پێشمەرگەکان دێتە پێش و بە پێکەنینەوە:
کەریم بۆ خۆت گێژ دەکەی، یەعنی نازانی کاک عومەر بە چ قەڵسە؟
سەر دەباتە بن گوێی :
مەگەر نازانی هەمو تەیافەکەیان بە (ڕێوی) قەڵسە.
کەریم:
کوڕە بەرێوەڵڵا، دەمهەوێ برێک سەری بخەمە سەر.
پێشمەرگە کە:
لێی گەڕێ وادیارە کاری بە ماموستایە، بالێمان قەڵس نەبێ و لێی بدا بگەڕێتەوە. عومەر زۆر حیزبیەکی دڵسۆزە. بۆخۆت دەزانی هەتا دێ خەبەرێکی گرنگی پێیە.
ڕوو لە عومەری دەکا:
کاک عومەر فەرمو بچینە لای مامۆستای، دەزانم کارت بە وییە.
عومەر:
بە غەوس لە بەر مامۆستای نەبایە هەر لێرەڕا دەگەڕامەوە. سەگ و لە سەر ڕێیە بەرەڵا کردوە.
کەریم دەستی داوێتە ئەستۆی وماچی دەکا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عومەر حاجز مەبە هەر ویستم شۆخیەکت لە گەڵ بکەم.
عومەر پێدەکەنێ:
دەزانم پێت خۆش نیيە قسەکە بگاتەوە مامۆستای. ئەی زەڕەی تفەنگەکەت چۆن دەشاریەوە؟ کەریم هەڵوێستەیەک دەکا، وەڵڵاهی ڕاست دەکەی. چۆنی باس کەین. بە هیچ قەڵس نیيە، بە تەقەی خۆڕایی نەبێ. خۆ ناوێرین قەت نیشانەیەکی داکەین. کوڕە دەی هەر ڕاستیەکەی پێ دەڵێین.
چونەسەرێ بۆ لای مامۆستا و مەسەلەکەیان بۆ باس کرد. وەک دەریایەکی مەند لە سەرخۆ مەوجێکی داو هێندێک توڕەیی نیشانی کەریم دا:
ئاخر نەم گوتوە لە خۆڕا تەقە مەکەن؟ تازە،چۆن بە شۆخی تەقە لە هاوڕێی خۆت دەکەی. خوانەخواستە ئەگەر کوڕەکە شتێکی لێ هاتبا چیت دەکرد.
کەریم:
قوربان لە دەست و تفەنگی خۆم ڕادەبینم، دەزانم خەتا ناکا. بمهەوێ کابرای لە عەرزی دەم لە نێو چاوانی دەدەم و بشم هەوێ بیترسێنم لە پێشی وەعەرزی دەکەوێ.
مامۆستا:
باشە جارێکی دی کاری وا مەکە. دەی کاک عومەر بە خێربێی. هاوڕێیانی لای ئێوە چۆنن. خێرە سەرت لێداوین؟
عومەر:
قوربان کاغەزێکم بۆ هێناوی، فەرمو.
کاغەزەکەی خوێندەوەو سەرێکی بادا، رووی لە کاکە حەمە و هیوا کرد:
کوڕە ئەو خەڵکەی مە چەند لە دوایە. چەند هەژارە و چۆن ناتەبایە. جاوەرە لە سەر دوو، سێ داران لە نێو جەرگەی نزار و لێڕەواران، خزم و کەس وکار لێک ڕابن و بە گژ یەک داچن. جاوەرە برا برای خۆی بە دارێکی بگۆڕێتەوەو داوی مردنی بۆ بنێتەوە. پەلاماری بدا و بۆ کوشتن لێی بدا.
هاوڕێیان نوسیویانە لە گوندی (ک) تایەفەیەکی تەواو تێک ڕۆهاتون و بە گژ یەک دا چون. کێشە کە لە سەر چەند دارێک لە لێڕەوارێکە. شەڕەکە لە پێشدا لە نێوان دوو برا سەری هەڵداوەو پاشان هەمو تایەفەکەی تێوەرداوە. دەڵێن یەکێکیان وای لە برای خۆی داوە، چی وای نەماوە ساردی بکاتەوە و لە حەوت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سالان ڕاستی بکاتەوە. جا ئەوەندەی چاکە خەڵکە کە لە دەوڵەت شکایەت ناکا، دەنا پاش لێکدان و پێکدادان دەبو بە بەرتیل دان و بێگانە ڕانان. نەک تەنیا سەروگوێلاکیان شکابو، ماڵیشیان لە سەر دادەنا. ژاندارم هێندەی دێنان و دەبردن و بەرتیلی لێ دەستاندن تا بە تەواوی ڕووتی دەکردنەوەو ئەوەی هەشیان بو لە دەستی دەکرد نەوە. ئاخرەکەشی بە ڕووت و ڕەجاڵی دەیناردنەوە و پێی دەگوتن:

یا خوا یەکترتان دەخوارد، جا ئێوە بۆخۆتان ڕێک ناکەون دەوڵەت چتان لێ بکا؟ هەر بەڕاستیش وایە، ئێمە ئەگەر بۆخۆمان ناتەبابین، هەر بۆوەی چاکین لە ژێر پۆستاڵی ژاندارمان دابین. هاوڕێیان نوسیویانە ئەگەر من نەگەمێ دوور نییە شتێکی ناخۆشتری لێ شین بێ. دەبێ هەر ئێستا وەڕێ کەوین و بچین ئەو کێشەیە لە نێوبەرین. پاش نان و چا خواردن دەنگی قەرەنی دا کوڕەکانی دیکە ساز کاو وەڕێ کەوتن. بە هیوای گوت ئەگەر پێی خۆش بێ لە گەڵیان بچێ، ئاوایی (ک) لە ئاوایی هیوا نیزیکە و لە وێرا دەتوانێ بگەڕێتەوە. هیوا زۆری پێخۆش بو . بە ڕێگای ئاوایی دا نا، بەڵکو بە ڕێگای ئاشان دا وەڕێ کەوتن.

ڕێگای ئاشان ڕێگایەکی سەرەوژێری پلە، پلە بو. سەرتاپای بە دار گوێز و سپیدار و داری جۆراو جۆری دیکە داپۆشرابو. ڕەگی دارگوێزەکان ئەوەندە ئەستور بون کە لە هێندێک جێگا ڕێگاکەیان بەستبو و پلەیەکی گەورەیان لێ ساز کردبو. بەینی ڕەگە گوێزەکان بە سمی وەلاغە بەرزان قوڵ ببون و هێندێک جار پڕ بون لە ئاو. توترک، شیلان و زی لەمبەر ئەوبەری ڕێگاکەوە لک و پۆیان هاویشتبو. ڕێگاکە بە قەراغ چۆمێکی چکۆڵەدا دەڕۆیشتە خوارێ کە لە کوێستانەکانی سەرەوەتر لە تنە تنی بەفر پەیدا دەبو، سە ریەک دەکەوتەوەو دەبو بە چۆم. بۆیە وەک چاوی قرژاڵ ڕوون و وەک تەرزەی سارد بو. هەر بە ماوەیەک کە دەڕۆیشتیە خوارێ، توشی جۆگە ئاوێکی گەورە دەبوی کە لە چۆمەکەوە هەڵگیرابو. لە سەر ئەو جۆگانە پردی چکۆلەی دار و قوڕ ساز کرابو. لە هێندێک جێگادا پردەکە بە سمی وەلاغان کون ببو و ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبایە لاقتی تێ دەگیراو بەرەو دم دەکەوتی. جار و بار وەلاغیش سەر سمێکی لێ دەدا و بە بارەوە لە نێو دڕوان دەکەوت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەوت کەس بە توندی بەو ڕێگا تەلان و ناخۆشەی دا دەڕۆیشتنە خوارێ. لە پێشەوەیان یەکێکی چوار شانەی کەڵەگەت، سمێڵ گەورە و دم و چاو پان، تفەنگێکی سیمینۆفی لە سەر شان بو. بە ووردە غار دەڕۆیی و لانی کەم بیست میتر لە پێش هاوڕێکانیەوە بو. جار و بار لای دەدایە لا ڕێ، دەچۆ سەر بەردێک و پێش خۆی وەبەر دووربینان دەدا. دوربینێکی کۆنی سەربازی بە لاشانیوە هەڵواسیبو هەمو جارێ دەی هێنایە خوار، بە چاویەوە دەنا ودیسان لە شانی دە کردەوەو. ئاوڕێکی لە هاوڕێکانی دەدا یەوەو دیسان وەڕێ دەکەو تەوە. ئەوانیش بە دوای ئەودا وە نە رمەغار دەکەوتن. بە دوای ئەودا لاوێکی مل باریکی قەد نێونجی، سمێڵێکی تەنک و دم و چاوێکی باریک، چاو چکۆلە وزیت و ووشیار، تفەنگێکی جامبێزاری لە سەر شان بو و بە خێرایی دەڕۆیشتە خوارێ. ڕاست چاوی لە پێشقەراوڵە، هەر هەڵوێستەیەک ئەو دەیکا، فەوری لەم دا ڕەنگ دەدا تەوە. جاری وا بو ئەوی پێشەوە هەڵدەنگوێ، ئەمیش تەکانێکی دە خوارد ، بەڵام وەک فەنەر هەڵدەستایەوەو چوست و چالاک ملی ڕێیەی دەگر تەوە. لە دوای ئەو چوار شانەیەکی قەد کورتی تێکسڕماوە. بێباکی لە سەرتاپای وجودی دەبارێ. دیارە لەو کەسانەیە کە نە بە خۆشیەکی زۆر و نە بە ناخۆشیەکی تر سێنەر مووی لێ نابزوێ. ئیمان و ئیرادە لە نێو چاوانی دا دەخوێنرێتەوە. تفەنگێکی برنۆی لە سەر شانە، بە ئەژمار پێیان هەڵدێنێتەوە و دایان دەنێ، وەک بازان بدا هەڵدەبەزێتەوە. پاش وی پیاوێکی قەد نێونجی بەرەو کەڵەگەت، دم و چاوێکی داڵە گۆشت، ڕەنگێکی گەنمی جوان، برۆیەکی بڵیند و پڕ و مژۆڵێکی درێژ و چڕ، چەناگەیەکی قووڵ و ڕوو مەتێکی بڕێک قوپاو، نێوچاوانێکی پان و نورانی، لێوێکی بە خەندە و گەردنێکی بڵیندی هەیە. بە ئیرادە و ڕووخۆش، ڕانک و چۆغەیەکی شینکی لە بەرەو دەمانچە بە کەلەکێوە، گۆ چان بەدەست و کەڵا شینکۆف لە شانی، بە ئەژماردە پێ هەڵدێنێتەوەو حەکیمانە پێ دادەنێ. جار و باریش شۆخیەک لە گەڵ پێش خۆی یا دوای خۆی دەکا.

بە دوای ئەودا هیوا دەڕوا. هیوا پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەر دابو. کوڕێکی کەڵەگەتی دم و چاو خڕ و برۆ ڕەش. فەقیانەی بەردابونەوەو مێزەرێکی سپی فەقێیانی لە سەر بو. مێزەرەکەی ڕیشوی بادراوی هەبون، تا سەرشانی هاتبونە خوارێ. چاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و برۆی ڕەش و دم و چاوی سپی وخڕ لە نێو ڕیشۆڵەی سپیی مێزەرەکەی دا ، دیمەنێکی زۆر جوانیان دەدایە. بە هەڵبەزە دەڕۆیشت و چونکە ڕاست کەوتبۆ دوای مامۆستاوە شەرمی دەکرد. جار وبار لاقی تێک دالآن و خەریک بو بە دم دا بکەوێ.

بە دوای هیوادا کوڕێکی قەد نێونجیی ڕەشتاڵە دەڕۆییشت. مەچەکی ئەستور بون و ملی پان بو. وا دەڕۆیی بەڕێ دا، هەر وا بزانە ڕێژەی دەدا. لاقی هەڵدێنایەوەو دەی هاویشت، جاری وابو لاقی نە دەگەیشتە جێگای مەبەست و نزمتر دەهاتەخوارێ، وەک بەربونەوە، بەردەبۆوە. بەڵام هێندە چوست بو کە مووی لێ نەدەبزووت و ڕاست دەچەقی. تفەنگێکی بڕنۆی لەسەر شانی دانابو. دوو ڕیز فیشەکدانی لە خۆی بە ستبون. مەتارە یەک و دوو نارنجۆکی بە قەدیەوە هەڵاوەسیبون، لەگەڵ دووربینێک و ساکێکی چکۆڵە کە لەملا و ئەو لای خۆی هەڵاوەسیبون. جامانەکەی لە نێوچاوانی بەستبو.

لە دوای هەموانەوە کوڕێکی کەڵەگەتی داڵەگۆشت دەڕۆیی. ڕانک و چۆغەیەکی سپاتی لە بەر دا بو و سێ ڕیز فیشەکدانی لە خۆی بەستبون. دم و چاوێکی باریک، گەردنێکی پلێند، چاو و برۆیەکی جوان و سمێڵێکی پڕی ڕەشی هەبون. ڕەش ئەسمەر و دم و چاوی توکی زۆر بو. جامانەکەی لە نێو چاوانی دانابو و لفکێکی لێ بەردابۆوە. تفەنگێکی بڕنۆی لەسەر شانی دانابو و دەمانچەیەکی بە خۆیەوە هەڵاوەسیبو. دوو نارنجۆکیشی لە کەلەکەی بە ستبون. زۆر زیت و وشیار بو. چوار دەوری خۆی بە چاو دەپێواو هەر وا کە دەڕۆیشت جار و بار لای دەدا. ئەملاو ئەولای تەماشا دەکرد . پاشان وەک کەروێشک قەڵەمبازێکی داویشت و خۆی دەگەیاندەوە هاوڕێکانی.

ڕێگای سەرەوژێر وپێچاوپێچ تەواو بو، دەستە گەیشتنە نێو تەختایی چۆمی. لە ڕێگا لایان دا و لە نێو موچەیەکدا ووچانێکیان دا. کۆخێک لە نێو موچەکەدا هەبو. پشتی بە قەمتەرەیەکەوە بو کە دوو کەڵەکی بۆ هەڵچنرابو. هێندێک دار یان لە سەر ڕانگاوتبون و پاشان بە چرپ و چاڵ سەریان گرتبو. گڵەبانێکی تەنکیان لە سەر کرد بو و شێلابویان تا ببو بە بانێکی سفت. لە نێو کۆخەکەدا ئاورگێک هەبو. هێشتا دوکەڵی لەسەر هەڵدەستا، وادیاربو تازە ئاوری تێدا کراوەتەوە. لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بن زیلەمۆ کەی دا بزووتی تەواو نەسوتاو هەبوون. پێشمەرگەکان چونە نێو کۆخەکە و دوو کەسیان لە دەرێ بۆ کێشک دانان.
باریکە ڕێیەک بەبەردەمی کۆخەکەدا دەڕۆیشت. هەروا درێژ دەبۆوە تا لە نێو پۆلە سماقێک دا وون دەبو. پێشمەرگەی کێشک هەروا بە ڕێکەوت سەرنجی دابۆ ئەو باریکە ڕێیە کە لە نکاو دیتی پۆلە سماقەکە شەپۆلان دەدا و دەهاژێ. لە جێگایەکەوە بۆ شایی تێکەوت و تەپلەی ژاندارمێک وەدەر کەوت. پێشمەرگە بەردێکی هەڵدایە سەربانی کۆخەکە و خۆی بە عەرزی داداو سێرەی لە نێو پۆلە سماقەکە گرت. دیسان بەردێکی دیکەو بەردێکی دیکە بۆ سەر کۆخەکە.
سێ بەرد نیشانەی نیزیکبونی خەتەر بو.
لە نێو کۆخەکە خۆ یان ڕاپسکاوت، دەر پەڕین و لە دەورو بەری دا مەزران. پێشمەرگەی کێشک دیتی پۆلە سماقەکە لە جێگایەکی دیکەشەوە جوڵاوە. نەخەیر زۆرن دیسان بە دوای دا لە جێگا یەکی دیکەوە جوڵا. یەکەم کەس لەپۆلە سماقەکە وەدەر کەوت وبە باریکە ڕێگاکەدا وەڕێ کەوت. وادیارە ڕاست بەم ڕێگایەش دا دەڕۆن کە بە بەردەمی کۆخەکەدا دەڕوا. ژاندارمێکی سمێڵ فشی کەڵەگەت بو، تفەنگەکەی بە دەستەوە بو، دەتگوت پەلامار بۆ گورگی دەبا، زۆر بە ئیحتیات دەهاتە پێش.
پێشمەرگە:
نەخێر بە ڕۆیشتنی ڕاخە بەرێکیان زانیوە، بێ شک بەرەو مەنزڵگەی مە دەڕۆیشتن. لە چەند لای دیکەشەوە پۆلە سماق دەجوڵێنەوە.
پێشمەرگە:
دیارە ئێکجار زۆرن، بالێرە بە گژیان دا بێین. هیچ فکری ئێرە یان نە کردوەتەوە، وەدازانن زۆرین و کەمینمان بۆ داناون، بێشک دەشکێن.
سێ و دووی لێ ناکا و ڕاست تفەنگێکی داوێتە ژاندارمی یەکەم. تەسلیم بن کوژران. ژاندارم (ئای دەدەم)ێک دەڵێ و سەرەنگرێ دەبێ. هاوار و قیژەی ژاندارمان تێکەڵ بە تەق و تۆقی تفەنگ و نارنجۆکان بو. پێشمەرگەکان لە هەمو لایەکەوە داگژانە ژاندارمان و بە جۆرێک سەریان لێ شێواندن کە هەردەستیان بۆ نەکرایەوە. دوو کەسیان لێ کەوتن و سێ کەسیان تەسلیم بون و ئەوانی دیکەشیان بیقوچێنە و (لاقە قونێ دەربەرە) بۆی دەرچون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامۆستا بە هیوا دەڵێ:

ئەتۆ بچۆ سەرێ نێو ئەو زەویەی با زیندانیەکان نەت بینن. هیوا دەچێتە ئەولاتر ولە خۆشی ئەوەی کە ژاندارمان بە زەلیلی دەبینێ، ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ. هەر گوێ هەڵدەخا بزا نێ چ ڕادە برێ و ژاندار مەکان چ لێ دە کەن. سێ ژا ندارمی دە ست بە ستراو دەبە نە بن کۆخی. دوو جەنازانیش لە سەر داران دادەبەستن و لە سێبەرێکیان دادەنێن.

ژاندار مە دیلەکان دە ست بە پاڕانەوەدە کەن. یەکێکیان بە کورد یەکی سەر و گوێ شکاو دەڵێ:

گوربان بەندەش کوردم دا. دا کم کوردی بو. بیکەن بە خاتر خوا ژن، مندال هە یە. بینە لا گی ماچ کین. هەرچی ... پێ خۆ شن وا دە کین. مەندا لەکانمان کوچیک..ڕوهم بکەنەوە.

پێشمەرگەکان هەروا پێیان پێ دە کەنن و قومار یان پێ دە کەن. پێشمەرگەی خەپەتۆڵە و بێباک دێتە پێش و دەچێتە بەردەم ژاندارمی بە ناو کوردی زانەکە: کار تت، بزانم خەڵکی کوێی وا خۆت لێ کردوینە کورد! کارتە کەی دەردێنێ خەڵکی (ئەردەبێلێ)یە. جا ئەردەبێل و کورد! تازە ئەگەر کوردیش بی دوو جار کو شتنت واجِ بە. چونکە ژاندارمیشی و جاشیشی. حاڵی بوی؟ ئیشارەت بۆ جەنازەکیان دەکا:

ژا ندارم کە لە مەبە ستی ئەو حاڵی ببون دە ستیان کرد بە گر یان. خۆ یان هاویشتە بەر پێی مامۆ ستای و پاڕا نەوە. مامۆ ستا زەردەخەنە یەکی بۆ پێشمەرگەکە کرد:

پەلەت نەبێ.

پێشمەرگە کە:

دەزانم ڕوحم و بەزەیی تۆ چۆنە. دیسان دەفەرموی ئەوانە فریو یان خواردوەو گونادیان نییە. دیسان دە فەرموی ئەوانیش لە چینی فەقیر و هەژارن و لە بر سان بو نە ژا ندارم. دیسان دە فەرموی خەتای دەوڵەتەکە یە. ئەی دەو ڵەت کێیە؟ خۆ شا نایەتە ئێرە تۆڵەی خۆمانی لێ بکەینەوە. وەڵڵاهی لە بەر جەنابت نەبوایە ئێستا هەر کوتەی بەداریکم دا دەکردن

مامۆستا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەتۆش حەقتە، ئەوانە زۆر یان خراپە کردوە. هێندەیان زوڵم کردوە هەمو کەس لەوەی دەگەڕێ کە ڕۆژێک دەستی بەسەریاندا بڕوا و تۆڵەی خۆیان لێ بکاتەوە. بەڵام دیسان دەڵێم: ئێمە دژی ڕژیمەکەین.
ئێمە بۆ ئاڵ و گۆڕی قووڵی کۆمەڵایەتی و بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆمان خەبات دەکەین. ئەسیر کوشتن کاری ئێمە نییە.
پێشمەرگەکە:
ئاخر ئەمانە ئەسیر نین، ئەوانە مارێکن، مارێک. ئەوانە ئەگەر بەر دەستان کەوتن ئاوا دەپاڕێنەوە، ئەگەر توشی کەسێکی لە خۆیان قەویتر بون ئاوا پانی دەکەنەوە و دەلالێنەوە. ئەگەر بەنێو خەڵکی هەژار و بێ دەسەڵاتیش وەر دەبن، واوەیلا چ بێ ناموسێکن. هەر خەریکە ئەو خەڵکەی بخۆن. بە خوای هەوەڵێ چ کوردایەتی و شتی وام نەدەزانی، ڕاست لە دەست ئەو سەگبابانە وەشاخی کەوتم.
مامۆستا:
ئەوانەی باست کرد بە جێی خۆی و ڕێبازی پیرۆزی مەش بە جێی خۆی. با لە پێش داش بۆ تۆڵە کردنەوەی شەخسی وەشاخی کەوتبی، خۆ ئێستا خاوەنی بیر و باوەڕێکی و لە بیر و باوەڕی تۆش دا ڕەشەکوژی مەحکومە. ئەگەر کابرات گرت پێویستە دادگایی بکەی و بە پێی قانون لە گەڵی ڕەفتار بکەی. ئێمەش ئیمکانی پێکهێنانی دادگامان نییە. بۆیە ئەوەی بۆ هەوەڵجار بیگرین، دەبێ بە قەراری ئەوەی کە دەست لە خراپەهەڵگرێ ئازادی کەین.
ژاندارم کە ئەوەیان گوێ لێبو ڕەنگیان هاتەوەبەر و بڕێک زمانیان گەڕا:
بە گوربانی دەمت بینەوە، ئەمە گۆ ول دەدەین ئیدی خەراپ ناکین.
مامۆستا بانگی پێشمەرگەیەک دەکا؛
تفەنگ و فیشەکدانەکەت دانێ و بچۆ نێو گوندی(ب). کوێخا و ڕیش سپیەکان وەبینە با بێن ئەوانە تەحویل وەرگرن و بیان دەنەوە بە سەردەشتێ. نان و خۆراکیش بۆ خۆمان بێنە. پێشمەرگەکە بە غار ڕۆیی. هیوا لە دڵی خۆی دا بڕێک نارەحەت بو. جا توخوا مامۆستا ئەو سەگانە ئەتۆ بگرن ئازادت دەکەن؟ سەرم لێ دەرناچێ، بەڵام بۆ خۆی باشتر دەزانێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێبەر شۆڕی ئێواریٍ دیسان بەرەو گوندی (ک) وەڕێ کەوتنەوە. تاریکایی داهاتبو کە گەیشتنە نێو گوندی. سەگوەڕ پەیدا بو و لەگەڵ دەنگی سەگوەڕ بو بە ڕاڕ سکوتن. خەڵکی گوندی وە یانزانی دیسان شەڕەکە هەلاَیساوەتەوە، هەر یەک بە لایەک دا هاوروژان. بابم مەیەڵن دیسان دەست پێ بکەنەوە. ئەوانە خوێنیان لە چاوان دایە. بۆ خاتری خوای بۆ دەست هەڵناگرن. ئاخری دەوڵەتیش پێ دەزانێ و دێکەمان دەڕووتێنێتەوە بە بەرتیلان. خۆزگە فریشتەی ئاشتی (پێشمەرگە) گەیشتبانێ.

یەکێک لە پێشمەرگەکان هاوار دەکا:

براینە مەترسن خۆمانین، پێشمەرگە.

دەبێتە پچە پچ:

هاتن، پێشمەرگە هاتن. ئیدی ئاو ێک بەو ئاورەی دادەکەن. دەک خولا یە ئەوانەمان لێ نەستێنی. چەند لە بۆ خەڵکی بە پەرۆشن. پێشمەرگەکان ڕاست ڕوویان لە مزگەوتێ کرد. خەڵک بە پیریانەوە هاتن و لە دەوریان کۆبونەوە. هەرکەس دەی هەویست پێش برکێ بکاو بیانباتەوە ماڵی خۆی.

مامۆستا:

ناچینە ماڵان، لە مزگەوتێ دەبین. پێمخۆشە ڕیش سپیەکان کۆ بنەوە و دوو لایەنی شەڕکەریش بێن. بو بە تێکهاویشتن یەک سەماوەری دێنا، یەکی دی ئیستیکان و ژێر ۆیاڵە. یەک مەجومعە نانی لە سەردەستە و یەکی دی کە میوە، دۆ یا ماست. بە کورتی لە ماوەی نیو سەعات دا هەمو شتێک بۆ خۆشەویستەکانی گەل ئامادە یە. نان و چا یەکی باش دە خۆن و بانگی شەڕکەرەکان دەکەن. مامۆستا لە یەکێک لە ڕیش سپیەکان دەپرسێ:

دەکرێ بفەرموی شەڕەکە لە سەر چ بوە؟ کابرا بە نیشانەی ڕێز لە سەر چۆکان دانیشتبو، دەسحێبەکەی دەرهێنا، دوو، سێ دەنکی هاویشتن و گوتی:

جا چت عەرز کەم وەڵڵاهی لەسەر دوو، سێ بن دار.

مامۆستا ڕووی لەوانە کرد کە بەشەڕ هاتبون:

جا چۆن شەڕێکی وا لەسەر دوو، سێ داران دەکرێ؟دارێکی کە خۆ ڕسک ڕواون بۆ کەڵک لێوەرگرتنی هەموان. ئەی بۆ هیچ بەزەییتان بە لێڕەواری دا نایە و بە بیوران قڕتان تێ خستوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێک لە تەڕەفەکان خۆی زۆر بە دمڕاست دەزانی و پێی وابو فەتحێکی گەورەی کردوە کە توانیویەتی لە برای خۆی بدا، هەڵیدایە:
قوربان دارەکان لە قەدەغەی مەدان و دەیان ویست بۆ خۆیانیان ببڕن، زوڵمی وا قەبوڵ ناکرێ بەسەری تو، نا.
مامۆستا بە پێکەنینەوە چاوێکی لە کابرای کرد:
ڕەنگە تا ئێستا لەو زوڵمەت گەورەترت لێ نەکرابێ. ئەو زوڵمە هێندە گەورەیە کە زوڵمی ژاندارم و ساواک و ئاغا و هەمویانی لە بیر بردویەوە، وا نیە:
کابرا کە دەیزانی مامۆستا کوێی پێکاوە:
بڕێک شەرم دەکا، سوور دەبێتەوە و لە فکران ڕا دەچێ. ماوەیەک بێ دەنگ دەبێ و پاشان سەر هەڵدێنێ:
بۆ وا نییە، دەبەر زارت مرم. بەرێوەڵلا ڕاست وایە. ئەمە چەند نەزانین، قەت فکرم لەو هەمو زوڵمانە نەکردبوە. بێ دەسەڵاتی لە بەرامبەر زاڵمان دا کوێری کردم و لە جیاتی هەمو شتێک بە گژ برای خۆمی دا کردم. ژاندارم دارەکەی خۆمانمان پێ دەبڕن، پێمان وورد دەکەنەوە، پێمان لە وەلاغی دەنێن و بۆ خۆیان لە بەر کورەی دادەنیشن و دەیسوتێنن. ئەویش لێرە نا، دەبێ سەعاتە ڕێیەک بۆیان بگوێزینەوە. ئەوەمان پێ زوڵم نیە.
مامۆستا ڕووی لە تەڕەفەکەی دیکە کرد و پرسی:
جا دارت لێ قات بوون ڕاست چویە سەر ئەوانە؟
کابرا:
قوربان قاتی چی، ناوەڵلا هەر دارن زۆرن. چیدیکەی بۆ نەگوترا.
مامۆستا:
دا هەستن دەی، بە لاچاوی یەکتری دانوسێن و نەبینم جارێکی دیکە لە سەر شتی وا پێک وەر بن. هەمو وێکڕا ڕاست بونەوە. دەتگوت جێژنی قوربانە و جێژنە پیرۆزە لێک دەکەن. بو بە کەیف و خۆشی و لە جیاتی ترس و لەرز و شەڕ و ئاژاوە، برایەتی سەری وەدەر ناوە. مامۆستا داوای لە خەڵکەکە کرد بڕێک بێ دەنگ بن و بۆ خۆی بەم جۆرە دەستی پێ کرد:
براینە دەردێکی زۆرگرانە لە کاتێک دا چەوسێنەران و زاڵمان ددانیان لێ تیژ کردوین و تەماعیان لە گیان و ماڵمان کردوە، بۆخۆمان پێکەوە بە شەڕ بێین. لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک دا دوژمنانی گەلەکەمان دەیان هەوێ تەنانەت بوونمان وەژێر پێ بنێن و بمان توێننەوە، لە کاتێک دا دەیان دەستی زاڵم بەرەو ئیمکاناتی ئێوە هەژاران درێژ کراوە، بە دەوڵەت و بە ئاغا و دەڵاڵەکانیانەوە، هەمویان لێتان دەخۆن، چۆن بۆ خۆتان لە سەر دارێک ، دوو دار بە شەڕ دێن. براینە ئەمڕۆ ڕۆژی یەکگرتنە. ڕۆژی ئەوەیە بە هاواری یەکترەوە بچین و یەکتر ئازار نەدەین. ڕۆژی ئەوەیە ئاگاتان لە یەک بێ و یەکیەتیتان هەبێ.

خەڵکەکە چاویشیان کردبونە گوێ و متەقیان لێ نەدەهات. قسەکانی مامۆستا بە قووڵی کاری لێ دەکردن، وە هۆشی دێنانەوە و موی لێ ڕاست دەکردنەوە. هێندێکیان کە زۆر دڵگەرم دەبوون، مستیان گرێ دەداو تینیان وەبەر خۆ دەدا و ڕاست دەبونەوە هەستی دەروونیی خۆیان دەر بڕن و دەنگیان تێکەڵ بە دەنگی مامۆستا بکەن، بەڵام چونکە هێزی قسەکردن و دەربڕینیان نەبو، شەرمیان دەکرد و وەک فەنەر دەکەوتنەوە سەر یەک. تەنیا یەک کەس لەو کۆمەڵە خەڵکە دا گرژ و مۆن دیار بو. خۆی بۆ ڕانەدەگیرا و هەرچەندە تینی دەدایە خۆی پێشی ناڕەحەتیی خۆی بۆ نەدەگیرا. کابرایەکی بەخۆوەی دم و چاو پان و ڕوو گرژ، لیباسێکی کۆک و پۆشتە لە بەر دا وخەنجەرێکی دەسک ئێسک بە بەردا. هەر شانی هەڵدەتەکاند و خۆی دەجوڵاند هەستێ بڕوا، کەچی کێشی مەجلیسەکە دەی کێشاو لە جێگای خۆی چەسپ دەکردەوە.

لە دوا یەوە سێ، چوار لاوی تازەپێگەیشتوی موو لێ نەهاتو دەستیان بۆ ڕادەداشت و پێدەکەنین. یەکێک لە لاوەکان ڕووی لەوانی دی کرد و گوتی:

تەماشای کەن چۆن کێچی لە کەوڵی کەوتوە. دەترسێ چیدی نەتوانێ لە بن سێبەرێ دانیشێ و هەنگوین و کەرەی مفت بادا. بڵێ ئەتۆ بۆ لە خۆڕا خۆت لەمە کردوەتە ئاغا؟ مڵکی خۆمان، شان و باهوی خۆمان و کاری خۆمان بۆ دەبێ بەشێکی بەتۆ بگا؟

ئەوی دیکەیان گوتی:

دەزانن کوڕینە بۆ وا ناڕەحەتە؟ لەمڕۆ بە دواوە خەڵکی ئاوەدانی هەمو یەکبگرن و نانی ویش بەسەر سێڵێوە بسوتێ. کەس شەڕێ نەکا و کەس لە ڕقی کەس خۆی لە ماڵێ وی نەکوتێ.

یەکی دیکەیان هەڵی دایە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوڕە بۆ لەبەر دمی مامۆستای نامرن؟ خۆ ئەمە دڵمان تۆقی نەمان توانی لە ترسی باب و براکانی خۆشمان هیچ بڵێین. هەر قسەمان کرد، گوتیان هەتیوینە ئەوەتی چونە شاری و دەرسی شەیتانی دەخوێنن، شەیتانو چوەتە کەڵشەی و کوفرانو پێ دەکا. ئێستا شوکر مامۆستای خۆمان هەمو شتێکیان بە ئاسانی دەبا دەمێشکیەوە. بەڵام کوڕینە لەبیر و نەچێ مامۆستا زۆر بە حەکیمی دەدوێ و دەزانێ چۆن بۆ ئەو مێشکە کۆنانە قسان بکا.

هێندەیان سرتە و پرتە کرد ، تا سەرنجی مامۆستایان ڕاکێشا. ڕووی تێکردن و پرسی:

ها..لاوەکان، لە و گۆشەیەی دا سرت و خورتی چتانە. باسی گێرە و کێشەی ئێمەی ئاوارەی شاخ و هەردان دەکەن، یا ڕاز و نیازی دڵی ئۆقرە نەگرتوی لاویتان هەڵدەڕێژن.

یەکێک لە لاوەکان کە لە هەموان گەورەتر و دم ڕاستتر بو دەستی بۆ کابرای پەشێواو ڕاداشت و گوتی:

قوربان ڕاستیەکەی باسی کوێخا حەسەنمان دەکرد. نازانم بۆ وا کێچی لە قالبی کەوتوەو باسەکەی جەنابتی هیچ پێ خۆش نییە. کوێخا حەسەن کە قەت پێی وانەبو کە دم ڕووتێکی وا لە بەرامبەر وی دا حەقی قسانی هەیە، بە جارێک ئاوری گرت. دەستێکی بە دەسکی خەنجەرەکە یەوە گرت و یەک پێ ڕاست بۆوە. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە کە بە بوغز و کینە گیرابو گوتی:

قوربان خۆ...قسەکانی جەنابت بەڵێ، جەنابت هەرچی بفەرموی بەڵێ. بۆی نەدەهات.. لە لایەکەوە ڕاست لەو قسانە توڕە ببو، لە لایەکی دیکەشەوە حیسابی وەی دەکرد کە قسەکانی مامۆستا لە گەرو یەکی بێ دەسەڵاتەوە دەرناچن. دەست و تفەنگی پێشمەرگەیان لە گەڵە و بە لولەی تفەنگ دا دێنە دەر.

دیسان ویستی بوغزی خۆی دەربڕێ:

قوربان قسەی جەنابت بەڵێ، جا توخوا...ئەو هەتیوانە...بڵێم چی ...ئاە....دەستێکی لە ڕانی دا و تەماشایەکی لاوەکانی کرد.

مامۆستا زانی ئەوبەردانەی لە گەرووی کوێخا حەسەن دا گیریان کردوەو نایەنە دەرێ چ ڕەنگێکیان هەیەو کوێخا بە چی زۆرتر ئاوری گرتوە، گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مام کوێخا ئەو لاوە هیچی خەراپی نەگوت. ئەتۆ بە ڕاستی بڕێک نارێحەت دیاری جا نازانم هۆی چییە. ئەگەر شتێک هەیە بیلێ و نارەحەتیشی پێ ناوێ. ئێمە نەهاتوین کەس نارەحەت کەین. ئەگەر لە قسەکانی منیش حاجزی، زۆرم پێخۆشە بلێی کامەیانت بە دڵ نییە.

نەرمیی مامۆستا زمانی کوێخا حەسەنی بزاوت و زاری پێ هەڵپڕی:

قوربان قسەکانی جەنابت بەڵێ، ئەمن لە داخی ئەو زەمانەی وەذتە دیق بکەم. منداڵی دم ڕووت و قون بەگو دەیانهەوێ لە بەرامبەر ئێمەمانان ڕاست بنەوەو قسان بکەن. ئەو سێ، چوار هەتیوە لەوەتی چونە شاری و دەرسی شەیتانی دەخوێنن، قسەی وا دەکەن، هەموی دوژمنی خواو پێغەمبەرانە. ئێستاش کە گوێیان لە قسەکانی جەنابت بووە، هێندەی دیکە تیژ بوون و ئەوەتا گاڵتە بە من دەکەن.

خۆ جەنابت بفەرموی بەڵێ، بەڵام ئەو هەتیوانە! لاوەکە هەڵی دایە و گوتی:

قوربان ئەمە دەڵێین کوێخا حەسەن و خەلیفە عەولاش دوو ئینسانن وەک خەڵکی ئەو دێیەی، بۆ ساڵ دوازدەی مانگێ دەستیان لە کەلەکەیان دایە و کارێکی ناکەن و بە زۆر یا بەملا و ئەولا شتی لەو خەڵکەی دەستێنن و لەگەڵ ئاغا و شێخی نەدیو و نەنا سیو دەی خۆن؟ هەر کەس قسێکی شی کرد ژاندارمانی پێوە دەنێن، یا ئەگەر بێکەس بێ بە دوو، سێ ڕووتەی خۆیان هەڵی داوەسن و دارکاری دەکەن؟

ئەوجار خەلیفە عەولا ئاوری گرت و ڕاست بۆوە.

خەلیفە عەولا دەسحێبێکی درێژ بە دەستەوە، کەواوپانتۆڵێکی لە پار چەی ئەفسەری تازەلە بەردا، فەقیانەی هەڵداو نەوەو پەستەکێکی مەرەزی سپاتی لەبەر کردوەو چاوی تێر و پڕ ڕشتون، کوڵمە ولێوی هەر سوور دەچنەوە. یەکێکی کورتە بنەی بەخۆوەیە و لە بن جامانەکەیەوە لیزگەیەک پرچی بە خەنە سوور کراو هاتونە خوارێ.

ڕاست بۆوە، چاوی لە سەریەک دانان، ڕەگی ملی هەستان و یەک، دوو جار یاهو یاهوی کرد. فەقیانەکانی بەردا نەوە، هێندێک ڕایوە شاندن و چو لە نێوەڕاستی مەجلیسەکەی چۆکی دادان و ڕووی لە مامۆستا کرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماۆستاگیان ئەتۆش برای دینی و قورٖعان خوێنی. ئەرێ بابم ئەوەی ئەو دم ڕووتانە دەیڵێن کوفر نییە؟

ماموٚستا:

خەلیفە چیان گوت کوفر بێ؟

خەلیفە:

ئەی بە قوربانت بم ئەوە نیە دەڵێن هیچ کەس فەرقی نیە. ئەوە نیە دەڵێن شێخ، ئەی هاوار جورعەت دەکەن باسی جەنابی شێخ بکەن، ئاغا و هەمو هەر یەکن. ئەوە نیە شتێکی خوا لە سەر خەڵکی فەرز کردوە و ئەمن و کوێخا حەسەن بە ئەنجامی دەگەیەنین پێیان خراپە.

ئەی بابە ئەگەر ئاغا نەبێ و شێخ و مەلا نەبێ، ئەو میللەتە بە چی ڕادەوەستێ؟

ماموٚستا هەستی کرد کە باسەکە گەیوەتە جێگایەک کە دەبێ بە لایەکی دا بخا. چۆنی تەواو کا و بە قازانجی کێ بیبڕێتەوە، هەروا بیری لێ دەکردەوە. ئەگەر لایەنی لاوەکان دەگرێ و کوێخا حەسەن و خەلیفە عەبدوڵلا بێدەنگ دەکا، بێشک دەبێ حیسابی ئەوە بکا کە حیزبەکەی لە گەڵ بەشێک لە خەڵکی کوردستان، کە ئیمکاناتێکیان هەیە و زۆریش فێڵەزان و ڕووکراوەن تەرەف دەکا. تەنانەت لە ڕێگای شێخەکانەوە زۆر ئینسانی زەحمەتکێشی ڕەش و ڕووتیش دەبنە دوژمنی حیزب و گەلێک سێبەرخۆری ئارەق نەڕێژ دەست لەگەل کاربەدەستانی دەوڵەت تێکەڵ دەکەن و کون و کەلێنی کوردستانی بە دوادا دەگەڕێن.

ئەی ئەگەر لە بەرامبەر ئەوقسە ناڕەوایانەش دا بێ دەنگ بێ و لایەنی لاوەکان نەگرێ، ئەگەر دژی چەوسانەوەو زوڵم قسە نەکا و لێرە سازشکاری بکا، چۆن ناوی شۆڕشگێڕ لە سەر خۆی دادەنێ و چۆن حیزبەکەی بە پێشەنگی هەژاران بزانێ. ئەگەر قەراروابێ بە بەهانەی پاراستنی یەکیەتیی نێو ڕیزەکانی گەل، بۆ ئەوەی دوژمنی نێوخۆ نەبێ و بۆ ئەوەی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە گەڵ وان بن، پشتی دەرەبەگایەتی بگرێ و دەروێشگەری برەو پێ بدا، ئەوە چ خەباتێکە. داخوا لایەکی ئەرێنی و لایەکی دیکەی نەرێنی نییە.

ئەی باشە، هێشتا نە ڕێسراوەو نەپێسراوە، بە بێ دەسەڵاتی سیاسی و بێ ئازادی و خودموختاری، پێش ئەوەی گەلی کورد هیچی دەست کەوتبێ و سێبەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شومی بێگا نانی له سەر خۆی لابرد بێ، به شێک له خەڵکی کورد ستان دژی شۆڕش ڕاوه ستن، ئەنجام به کوێ ده گا؟ ئه گەر ئاغاکان،عه شیرەتەکان، شێخەکان و مەلاکۆنەپەر ستەکان به هەمو مر ید و ڕەعیەتی نا ئا گا و وو شکه مەزهەبیەکانەوه پشت له شۆڕش بکەن و پاڵ وه دوژمن بدەن، ئانجام به کوێ ده گا؟ ئەی ئەگەر له ترسی هەڵوێستی ئەوانه، سەری تەسلیمیان بۆ دا نەوێنی و قسەکانیان پەسند بکەی و زوڵمەکانیان به ڕەوا دابنێی، ئەوه چ شۆڕشێکه. با شتر نییه ئەتۆش دوکانێکی دیکه بۆ خەڵکه هەژارەکەی دانه نێی و بی پێچیەوه.

مامۆ ستا ماوه یەکی در ێژ بیری لێ کردەوه، تاو و توێی کرد و ئەنجامێکی ئەوتۆی دەست نەکەوت که جێگای ڕەزامەندی خۆی بێ، تا بتوانێ دەر خواردی خەڵکەکه شی بدا. ئاخره کەی برو سکەیەک به مێ شکی دا ڕا برد. برو سکەی شۆڕشگێڕی له دەریایەکی ئارام و له سەرخۆ دا. شۆڕ شگێڕێک که دوور بێ له سەرکێشی و سەرەڕۆیی. دوور بێ له جڵەو بەردان و ڕمبازێن له نێو بەردەڵان و تەلانان دا. شۆڕشگێڕیەکی به پرێنسیپ و قورس و قایم له بەرامبەر ئو سول دا. بەڵام چەکدار به چەکی مەتانەت و لەسەرخۆیی و حەکیم له چارەسەرکردنی دەردەکان دا. بێشک دەبێ شۆڕش دژی چەوسانەوه بێ. ده بێ پشتی هەژاران بگرێ له بەرامبەر زاڵمان دا. بیر وباوەڕی پێشکەوتوانه بڵاو بکاتەوەو خوڕا فات و کۆ نه پەر ستی بکوتێ. هەر لەو کا ته دا ده بێ وور یا بێ و یەکیەتی ڕیزه کانی خەڵکی کورد ستان بپارێزێ و زۆر بەی خەڵک له خۆی کۆبکا تەوه. جاری وا یه تەنا نەت هەژاران و چەو ساوەکانیش ئاگا یان له دەردی خۆ یان نی یه. له گەڵ دوژمنی چینا یەتیی خۆ شیان ده کەون، یا دەبنه ده ستەچیله بۆ هەڵای ساندنی ئاوری تەکیه و خانەقایان. کاری بناغەیی ئەوەیه که جارێ له پێش دا هەژارانی کورد ستان حاڵی کەی قازانج و زەرەدی خۆ یان بزانن و دۆ ست و دوژمنی خۆیان بناسن. جا دەست بکەی به خەباتی ئاشکرا و ڕوو به ڕوو له گەڵ لانەکانی چەو ساندنەوەو دوا کەوتویی. بەم بڕ یارەوه مامۆ ستا ڕووی له خەلیفه کرد و گوتی:

مام خەلیفه لاوه کان له ئێمەمانان خوێندەوارترن و پێشکەوتنەکانی دنیای تازه زووتر کار لەوان دەکا. ئەوان مێشکیان سافتر و به هێز تره و زوو تر شتی تازه وەردەگرن. ڕەنگه ئەو شتانەی ئەوان دەیخوێنن و لێی حاڵی ده بن بڕ ێک بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە سەنگین بێ و باوەڕی پێ نەکەین. بەڵام ئەوەندە بزانە هەرچی بەوان دەگوترێ بە تەجروبەش نیشانیان دەدرێ. هەرچی دەیخوێنن بە کردەوەش دەی بینن و جێ بەجێی دەکەن و لەمسی دەکەن. کەچی ئێمە دەمانخوێند و نەمان دەدی یا تەنانەت حەقمان نەبو بپرسین چۆن وابو؟

خەلیفە گیان پەم خۆشە لە پێش دا ئەوەت لێ ڕوون بێ کە شەیتان هیچ پەیوەندی بە دەرسی وانەوە نیە و ئێمە دەبێ لاوەکان هان بدەین بخوێنن. زانستی تازە فێربن و وەڵاتەکەمان لە دوا کەوتویی و هەژاری ڕز گار کەن. خەلیفە گیان بۆچی حازری پارچەیەک لەبەر کەی کە لە ئینگلستان ساز کراوەو لە بەر چرایەک دانیشی کە لە چین ڕا گەیشتوەتە ئێرە، سواری ماشێنێک بی لە ئەمریکا دروست دەکرێ و قەندێک بە چایی بخۆیەوە کە لە تەوریز ڕا دێ، کەچی ئەگەر لاوەکانی خۆمان بخوێنن و هەر ئەو زانستە فێر بن، ئەوا دەرسی شەیتانیان خوێندوەو دوژمنی خواو پێغەمبەرانن؟

لاوەکان هەروا بزەیان دەهات و دەستیان لێک دەسو:

دەک دەبەر زارت مرم، چاو چۆن دەچێتە ویزەی دەروێش پرچنی.

مامۆستا:

خەلیفە زانست و پێشکەوتنی دنیای ئەمڕۆ بۆوە نابێ خۆتی لێ بتۆقێنی و لە بەر بێ دەسەڵاتیان بە گژی دا بچیەوە. پێشکەوتنیش هیچ کاری بەسەر مەسەلە مەزهەبیەکانەوە نەداوە. خواش ڕێگای ئەوەی نەبەستوە کە ئینسانەکان بۆ چارەسەری دەردەکانی خۆیان هەوڵ بدەن. کەشف بکەن و شتی تازە دابێنن.

خەلیفە هەروا کە سەری دەلەقاند، لە پڕ سەری هەڵبڕی و ویستی قسەیەک بکا.

مامۆستا ڕێی پێ گرت:

دەزانم دەڵێی ئەوانە لە من و کوێخایان هەڵپێچاوە. دەزانم ویستی وان بە نارەوا دەزانی و ڕەنگە پێت وابێ خوا وای داناوە. کوێخا وەکیلی ئاغا بێ و جەنابت وەکیلی جەنابی شێخ و دنیاش بێ شێخ و ئاغا ڕاناوەستێ. ڕەنگە ئەو بۆ چونەی ئێوە لە دڵسۆزیشەوە بێ و پێتان وابێ ئەگەر لە نێو ئەم میللەتە دا کە سانێک دەسەڵاتێکیان نەبێ و سام و هەیبەتێک نەنوێنن، دنیا کەش ڕاناوەستێ و خەڵکەکە پێک وەردەبن. هەر ئەو شەڕەش نمونەیە. ڕەنگە بۆ سەردەمێک لە مێژوو دا ئەم بۆچونە ڕاستیش بوبێ. یا تەنانەت بۆ گەلێکی ژێردەست کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمیشە بێگانە  هاتوون حوکمیان  کردوە. دروستبونی دەسەڵاتی چکۆڵەی ناوچەیی هەر پێویستیش بوبێ. بەڵام هەر شتەو سەردەمی خۆی هەیە. ئەو شتانە پەیوەندیان  بە پێداویستیەکانی ژیانەوە هەیە. بۆ وێنە ئەگەر ڕۆژێک خەڵکی دێ پێویستیان بەوە هەبو کە  کەسێک لە گوندەکەیان دا گەورەیان بێ ولە لای کاربەدەستانی دەوڵەت دەمڕاستیان بێ، ئەمڕۆ زەمانە شتێکی دیکەی دەوێ. ئەمڕۆ خەڵکی دەیانهەوێ بۆخۆیان بەسەر چارەنوسی خۆیان دا زاڵ بن و کەس وەکیلیان نەبێ. خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە بڕوانینە مەسەلەکە لە ڕاستی دا ئێمە هەمومان وەک یەکین و برای یەکین و کەسمان لە کەسمان زیاتر نین. پلە و پایەی کەسێک لە ئیسلام دا تەنیا بەو تاعەت و خواپەرستی یە یە کە هەرکەس بۆخۆی دەیکا.

خەلیفە کە ئینسانێکی زیرەک بو، زوو هەلی قۆستەوەو گوتی:

دەجا مامۆستا گیان ئەگەر بە تاعەت و عیبادەت بێ کەس لە جەنابی شێخ گەورەتر نیە و پاش ویش بە سیلسیلە دێتە خوارێ.

مامۆستا:

مام خەلیفە هەر کەس بۆ  خۆی عیبادەت دەکا. عیبادەتی هیچ  کەس نابێتە پردەبازی دەربازبونی کەسێکی دیکە. بەو عیبادەتەش  کە دەکرێ پلە و پایە تەنیا لە ڕۆژی قیامەت و لە حزوور خوادا دەدرێ. خۆ نابێ ئەگەر کەسێک بۆ خاتری دواڕۆژی خۆی خواپەرستی چاک بو، منەت بەسەر خەڵکی دیکەدا بکاو چاوەڕوان بێ لە بەر خاتری ئەوە خەڵک خزمەتی بکەن. بە بڕوای من ئەوە دەبێتە تاعەت فرۆشی و ئیتاعەتە کە هیچ نرخی نامێنێ. هەرکەس بە خۆی مەربوتە بۆ داهاتوی خۆی چ دەکا.

خەلیفە هیچی بۆ نەمابۆوە. لە گەڵ کەسێک پێوە ببو کە ڕاست بەو چەکەی بۆ خۆی بەدەستیەوە گرتبو لە بەرامبەری راوەستابو. لاوەکان کە لەگەڵی دەکەوتنە گێرە و کێشە باسی فیزیک و شیمی و شتی وایان دەکرد کە بۆ خەڵکە کە هیچ مەفهومێکیان نەبو. زۆر جار خەلیفە ئەوانی لە گەڵ خەڵکە کە ڕوو بە ڕوو دەکرد. چونکە ڕووی تێ دەکردن و دەگوت:

باشە ئێوە هەر دەڵێن عیلم، عیلم، خوا گەورەترە یا عیلم، ئەوەی خوا نەیکا دەبێ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانیش خۆیان بۆ ڕانەدەگیرا و سەرکێشانە دەیان گوت؛

بەڵێ عیلم بەدەست ئینسانەوەیە و چۆنی پێ خۆش بێ وای کەڵک لێ وەردەگرێ. جا خەلیفە هەلی بۆ هەڵدەکەوت، ڕووی لە خەڵکە کە دەکرد و دەیگوت:

ئەرێ خەڵکینە ئەوە کوفر نیە؟

خەڵکەکەش دەستیان دەکرد بە ئەستەغفیروڵڵا وخوایە لێمان نەگری و بەرد نەبارێنی و لاوەکانیان لە نێوخۆیان وەدەر دەنان.

شەو درەنگ ببو، باسەکە زۆری کێشابو و هەرچەند خەڵکەکە بە ووردی گوێیان دابو یە و غەرقی قسەکان ببون، بەڵام زۆرکەسیش خەویان دەهات. مامۆستا ڕووی تێ کردن و گوتی:

برایانە پێموایە کاتی ئەوە هاتوە بیکەینە شەو و هەرکەس بەرەو ماڵی خۆی بڕواتەوە. هیوادارم لە مەودوا برایەتیتان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قایمتر بێ و قەت مەجبور نەبین بۆ ئاشتکردنەوەتان بێینە نێوتان.

خەڵکە کە بڵاوەی کرد، بەڵام لاوەکان چەقین و نە بزووتن. لە دەوری مامۆستا کۆ بونەوەو لە پرسیارانیان گرت.

ئەرێ قوربان تەگبیرمان لەگەڵ ئەو مێشکە کۆنانە چیە؟ لە گەڵ بەڵای وەک خەلیفە چ بکەین؟

یەکێکیان هەڵیدایە:

کوڕە دەبا لە مامۆستا فێربین. دەک لەبەر ئەو زارەت مرم، بە خوا چاکت بێدەنگ کرد. کوڕە خۆ ناوێرین قسێکی بکەین بە گژمان دادێ و خەریکە بەو خەڵکەمان بە ڕەجم کردن بدا. بڕوا بفەرمو جاری وا بوە ئەو خەڵکەی دەیبینی هیچی وای نەماوە بەردەبارانمان بکەن. لە وەختێک دا خەڵک خەریکن سەر مانگ داگیر دەکەن، ئەوانە باوەڕیان بە شتی هێندە خوڕافاتی هەیە هەر پیاو وەختە لە داخیان وەسگ بدا. خۆ ناوێرین بڵێین ئینسان دەبێ بۆ خۆی هەوڵ بدا و چارەنوسی خۆی بگۆڕێ و بەرنامەی ژیانی دابڕێژێ، لێمان ڕاست دەبنەوەو دەڵێن:

ئەی خوا ئەو خەڵکەی بەرەڵڵا کردوە؟ هەر خوا دەتوانێ چارەنوسی خەڵک دیاری بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که دەڵێین کوڕە خوای چی...هەرکەس ژیانی خۆی بە خۆی مەربوتە..
مامۆستا قسەکەی پێ بڕی:
ئاخر دەڵ ێی خوای چی...بۆ یە زۆرت گوێ بۆ دە گرن. بابم ئەوا نەی چو نە سەرمانگێش هێشتا بە خەڵکەکەیان ناڵێن خوای چی. ئێمەی هەژار کە بەدەست ژاندارمێکی خوێڕیەوە دەناڵێنین و بونیشمان ئینکار دەکرێ، چمان لە خوای داوە. ئەو خەڵکەش باوەڕێکی هە یەو باوەڕیش پیرۆزە. پیا و نابێ لە دژی باوەڕی خەڵکی ڕاوەستێ و هێشتا هیچی بە هیچ نەکردوە بە گژ خوای دا بچێ. ئەو خەڵکە ئەگەر بە باشی قسەیان لە گەڵ بکرێ، هێندەش ناحاڵی نین. بەڵام کاتێک تەوهین بە گەورەترین پیرۆزیەکانیان دەکرێ، قەبوڵ ناکەن. براینە ئاڵ و گۆڕی وا قوڵ کە تەواوی باوەڕەکانی خەڵک بگۆڕێ، پێویستی بە زەمان هەیە و هەروا زوو جێ بە جێ نابێ. بۆ ئەوەی خوڕافات لە نێو بەری ، پێویستە زەمینەی ژیانێکی نوێ ئامادە بکەی. ئەگەر دوکتور و دەرمان هەبێ، کەس نوشتو بە منداڵی خۆی هەڵناواسێ. ئێوە ئەگەر دەتانهەوێ خەڵک ڕوون بکەنەوە، ڕاست کەڵک لەو باوەڕە وەرگرن کە هەیانە. ئیسلامیش دینێکی هێندەش ووشک نییە زانستی ڕەت کردبێتەوە. دەتوانن ڕاست بە وەسیلەی ئیسلام بسەلمێنن کە زانست بۆ ژیانیمرۆڤەکان پێویستە. بۆ ئەوەی لە هەژاری ڕزگاریان بێ، دەبێ باوەڕیان بە زانست هەبێ و ئیسلامیش پەرەپێدانی زانستی ڕەت نە کردوەتەوە. جا ئەگەر توانیتان وایان لێ بکەن کە باوەڕیان بە زانست هەبێ، ئیدی پێویست بە دمە تەقە ناکا، بۆ خۆیان ڕوون دەبنەوە. داخواباشتر نییە لە جیاتی ئەو کێشە و هەرایە هەوڵ بدەن خەڵکی خوێندەوار بکەن؟ لاوەکان، ئامۆژگاری من بۆ ئێوە:
بڕۆن خەریکی خوێندەوارکردنی خەڵک بن و لە باسی خوا و پێغەمبەر گەڕێن. ژیانی ئێمەی ئاوارە وایە، شەویش درەنگە، دەبێ تاریک بێ لە دێ دەرکەوین چونکە هێشتا تەنیا کەسێکیشتان خوێندەوار نەکردوە، کۆمەڵی نەخوێندەواریش فریو خواردووی زۆرن. لاوەکان بە دڵەوە پێیان لە هەڵەی خۆیان ناو بڵاوەیان کرد. پێشمەرگەکانیش کێشکیان داناو ئەوانی دیکەش خەوتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پاژی سێیەم

پایزە ڕەز و باغەکانی کوردستان بە هەزاران ڕەنگ ڕازاونەوە. هەر گەڵایەک بۆخۆی ڕەنگێکی هەیە و هەردارەی تابڵۆیەکی ڕازاوەی سروشتە. وەختێک بە بن پۆلە گوێزێک یا پۆلە دارێک دا دەڕۆی کەوشەکانت لە گەڵای وەریو دا وون دەبن. ئەو گەڵایانەی تەمەنیان بەسەر چوەو جێگای خۆیان بۆچرۆی داهاتو بەتاڵ کردوە. ئەگەر شارەزای ئەم وەرزەی کوردستان بی، هەمیشە بە بن پۆلە گوێزەکان دا دەڕۆی. چونکە جار و بار لاقت وە شتێکی خڕ و ڕەق دەکەوێ. داوەرەوەو هەڵی گرەوە، گوێزێکە کە لە پاشەرۆک بەجێ ماوە. ڕەشاییەکانی کوردستان ، واتە ئەو کەسانە لە گوندەکان کە بۆخۆیان مڵکیان نییە، پایزان وەنێو گوێزەڵانی دەکەون و لە بن ئەو پچک و ئەم بەرد ولە نێو ئەو جۆگەلە و ئەم چرپەدا گوێزان دەبیننەوەو کۆی دەکەنەوە. فەقێکانیش کە بەشێک لە ڕەشاییەکانی ئاواین، هێندێک لە ڕۆژانی پایزان بە پاشەرۆک خڕکردنەوە بەسەر دەبەن. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی پایز دا هیوا و دوو کەسی دیکە لە هاوڕێکانی دەچنە سەرەوەی ئاوایی و وەنێو گوێزەکان دەکەون. هیوا ئێستا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوێکی چوست و چالاک و تا ڕاددەیەک ڕووکراوە یە. هێزێکی زۆری لاوی تێدا کۆبوەتەوە و هۆشیشی بە تەواوی کراوەتەوە. ڕوو لە هەر شتێک دەکا تێی دا سەردەکەوێ. هەرچەند زۆر کەم چوەتە پاشەڕۆک خڕکردنەوە، بەڵام هێندەی بڵ ێی یەک و دوو بوذ چەی خۆی لە گوێزان داذ نێ. تەنا نەت ئاوڕ لە هاوڕێکانیشی دەداتەوەو بوذچەی ئەوانیش بێ بەش ناکا. لە گەرمەی گوێز خڕکردنەوە دا هیواو هاوڕێکانی گوێیان لە خرمە و تریق و هوڕی پۆلێک کچی لاو دەبێ. تریقەی کچانە کە دەڵێی قاسپەی کەوی کوێستانە، دڵی لاوانەی ئەو کوڕانە وە کوتە کوت دەخا. ترس لە دوا ڕۆژ و شەرم لە ئەمڕۆ پێ لە دڵی کوڕەکان دەنێن و کپی دەکەنەوە.

خرمە و زرینگەی گۆبەرۆک و بازنە و پاوانان لەولاوە فیتنەی ناوەتەوە. پۆلی ک چان دەگە نە بەردەمی ه یواو هاوڕێ کانی. کیژە کانی دێ ہاتی کورد ستان سەبارەت بەوەی بە ئازادی هات و چۆ دەکەن، لە موچە و مەزرایان لە کاری ڕۆژانەدا هاوکاری براو دایک و بابیان دەکەن و تێکەڵ بە کۆڕی پیاوان دەبن، تا ڕاددەیەک ڕوو کراوەن. هەر لەو کاتەدا کە بە حەیا و ئەدەبن و هەمیشە ئاگایان لە پاراستنی پەردەی شەرم و حەیای خۆیانە، هەر لە کاتەشدا گاڵتە و گەپی هەرزەکارانە پیشەیانە. یەکێک لەو کچانە کە دەڵێی مامزی کوێستانە، ڕوو لە هیوا دەکا و دەڵێ:

هۆ فەقێ شەرمێونە، خۆ بەفر نی تن تنەت کەوتۆتە ںنە. جارێ بە هار نیە وپایزە، دڵی لاوانەت بۆ وا کزە. ئەوەش بزانە ئێمەش ئاڵەکۆک نین بێ هاواڵ، بۆ مێردی ںکەین ماڵە و ماڵ. بە بەفری تواوەش ڕازی بین، لە نێو دەوەنان ڕزیبین.

هیوا کە هەر بۆ خۆی شەرمی دەکرد، ئەوەتی ڕێگای سیاسەتی گرتبۆ پێش و کەمەری خزمەت بە گەل و نیشتمانی بەستبو، هەر بە جارێکی ںبو بە ووشکە سۆفی سیاسەت. هەمو ژن و کچی کوردستانی بە دایک و خوشکی خۆی دەزانی . سەرت بادا با نەی دەڕوا نی و نەی دە توانی لەبەرام بەر هیچ کچ ێک دا ڕاوەستی. هەر ئەوەندەی پێکرا ڕوو لەولای کا و بڵێ:

خوشکم شەڕمان لێ لادە، ئەتۆ بەڕێی خۆت دا و ئەمەش بە ڕێی خۆمان دا. بەڵام فایدەی نەبو مامز لە مێژ بو بڕیاری دابو سەری ئەو فەقێ جوان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەرمێونەی هەڵبڕێتەوە. ئاخر هیوا یەکێک لە جحێڵە جوانەکانی ئاوایی بو. جا تو خوا حەیف نیە بە شداری نەکا لە ڕە شبەڵەک و دە ستبازی و ژوان و سەیرانەکانی لاوانی ئاوایی دا. حەیف نیە بە هاران کاتێک ئەو هەموو کچ و کوڕە لاوە ڕوو لە کوێستانەکان دە کەن بۆ کارگ و ڕێواس، لوشە، غوشە و کوڕادە و بیزاو مەندێ، ئەویش لە گەڵیان نەبێ و گێڕی ڕەشبەڵەک گەرم نەکا.
مامز لە کچەکانی دیکەی ڕاخوڕی:
دادەی، هیوا هەر ئەوەندەی زانی هەر لاق و دەستەی بە دەست کچێکەوە یە و بە نێو گوێزەڵانی دا ڕای دەکێشن. لە شەرمان نەی دەزانی سەری چۆن ڕابگرێ. ئەگەر بەرەو سەرەوە چاوی دەکرد نەوە، راست چاوی لەو مەمکە تورت و قیتانە دە بو کە دەتگوت لێ مۆن لە سەر سینگی کچەکان هەڵدەبەزنەوەو هەرنەبێ لیمۆی وەبیر دەهاتنەوەو زاری ئاوی دەکرد. ئەگەر سەری بەر دەدایەوە بەلەکی ئەو کچە نازدارانەی دەدی کە دەتگوت ڕێواسی (بن بەردەکی)ن. تورت و ئاودار و ناسک، هیواش ڕێواسی بن بەردەکی زۆر پێ خۆش بون و دڵی بۆیان وە کوتە کوت دەکەوت. ئەی چ بکا، لە نێوەڕاست ڕا سەری ڕابگرێ ئا سۆیی بڕوا نێ، هەر خراپ تر. یا خوا هیچ لاو ێک لە نێوەڕاستەوە بەرەو کیژانی جوان و شوخ و شەنگ نەڕوانێ. سۆفیش بێ ووشکایی لێ دەبڕێ و تەڕایی وەبەر دێتەوە، مردوش بێ ڕاست دەبێتەوە.
هاوڕێکانی هیوا لە سەر گازی پشتێ کەوتبون و یەک بە خۆیان پێ دەکەنین. هەم حەسودیان پێ دەهات و هەم خۆشیان لەو سەیر و جەفەنگە دەهات. حەسودیان پێ دەهات چونکە لە خوایان دەویست ئەوان لە جێگای ئەو بان و ئەوان سەرنجی کچانی جوانی ئاوایی یان ڕاکێشابا. خۆشیان لەو بەزمە دەهات چونکە دەیان توانی تێر چاوان بلەوەڕێنن سۆزی لاوانەیان بشکێنن. جگە لەوەش هیوا بەو سۆفی گەریەتیەی خۆی کۆسپ بو لە ڕێگای ئەوانیش دا. چما قەت لە ترسی هیوا و سەرکۆنەکانی دەیان توانی ئیشارەت لە کچێک بکەن. پەنجەی مامزێک بگوشن. چاوەرە تەمەنی لاویت بەریتە سەر و هیچ کام لە خۆشیەکانی ئەو سەردەمە نەبینی. ژوانێک، شەو ڕۆژیەک، ڕە شبەڵەکێک، لاوکۆ یەک. بالۆرەیەک، زۆرانبازیەک. هەردەبو لە کوڕانی دیکەی ئاوایی ڕامێنن کە هەر شتێکیان دەکردە بەهانە بۆ سازکردنی یەکێک لەو قومار و بەزمانە. شایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرتن، هەرەوەز، توتن چەقا ندن، توتن لێکرد نەوە، توتن پ ێوەکردن، ساوەر کوتان،دارهێنان، چونە کوێستان، بژارکردن، پاشەرۆک خڕ کرد نەوەو گیا و گەڵا برد نەوە، هەمویان لەو هەل و دەرفەتا نە بون کە کوڕ و کیژی لاوی ئاوایی کەڵکیان لێ وەر دە گرتن و گڕی بە تینی لاو یەتی خۆ یان تێدا دادەمرکا ندن. بەڵام لە ڕوانگەی هیواوە، ئەما نە بۆ خەڵکی ئا سایی بون. کە سێک ئەوینداری نیشتمانەکەی بێ و بۆئازادی تێ بکۆشێ، دەبێ چاو لە هەمووی ئەوانە بپۆشێ.

کەسێک بیهەوێ خزمەت بە خەڵک بکا دەبێ دەست لە خۆشی خۆی هەڵگرێ و لە پێناو ڕێبازەکەی دا دڵی بمرێ. هیوا بیری لەوە دە کردەوە، تۆ کە بە نیازی دە سەڵاتی شومی دە ستدرێژکەران لە سەر گیان و ماڵی ئەو خەڵکە هەڵگری، چۆن بۆ خۆت دە بێ تەماع لە نامو سیان بکەی. لەلای ئەو بەزم وڕەز می هەرزەکارانەش بەشێک بون لە بەرەڵڵایی دە ستدرێژکەرانە. لە مێژەوە دەڵێن لەو جێگا یەی زەوی هە یە ئاو نیە و لەو جێگا یەی ئاو هە یە زەوی دە ست ناکەوێ. هیوا کە ڕواڵەتێکی وای هەبودڵی هەر کچێکی دادەخورپا ند وهە ستی هەر ئەویندارێکی دەبزوا ند، دڵی وو شک و بێ ما یە بو. کەچی هاوڕێکانی بەخرینگەی گۆ بەرۆکێک وە سەما دە کەوتن و بە هەر چنگە گڕ کە ود مە چەقەیەکیش ئاوڕدانەوەی ئاسکێکیان بە چاوی خۆیان نەدەدی و نەیان دە توانی سەرنجی دوو چاوی بەڵەک بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

لە نێوخۆیان دا دەیان گوت:

کوڕە جا چاک نەبو چی لە باران دا نییە، دەنا خوادەزانی هەر دەبو تێی ڕامێنین و ئێرۆیی پێ بەرین. جا بەس نیە پەردەی سۆفیەتی بەرچاوی گر تون و ئەو هەمو خەز و بەزەی نابینێ، دە نا دە بو ئێمەی کڵۆڵ لە حە سرەت نیگا یەکی بمرین. چونکە ئێستا ئەوە ندەی چاوێکیشمان لێ دە کەن لە دا خی ئەوە. هەر دادێنە وی چی لێ نابینن، جا ئاوڕ ێک لە مە دەدە نەوەو چەمۆڵە یەک لەوی دەنێن. بە ڵام جا خۆ بە نا شکوری نەبێ خۆ لە تر سی سەر شکاندنەوەی کاک هیوای دەبێ دەست نەبزێوین و لێولێک نەکەینەوە. هەر ئەوەندەیە چاومان تێر دەکەین و مێشکمان بە بیرەوەری ئەو نیگایانە دادەگرینەوە.

ئەوانە لەو قاڵ و باسەدا و هیواش بەدە ست کچا نەوە هەرجارەی سەری بە لایەک دا دەکەوت. ئارەق لە سەرتاپای دەچۆڕاوەو شەرم ڕێکی گو شیبو. مامز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەوەندە دەستی لێ هەڵناگرێ، دەستێک یا لاقێکی بگرێ. قدیلکەی دەدا، دەست بۆ ئازای بەدەنی دەباو تەوس و پلاری تێ دەگرێ. کچینە دەڵێی ئەوەش هەروەک خۆمان نەبێ؟ بەو هەمو جوان چاکیەوەئەگەر شتێکی شک ببردایە، نێچیری لە ڕاوگەی دەبڕین. ئەی بۆ هیچی لەدەست نایە؟ بەو خولایەی لە ژوور سەریە، ئەوە شتێکی تێدا یە. دادەی کچینە ، دادەی داینێن با بڕێکی بدۆزین.

هیوایان دانایە سەر عەرزی و خەریک بون دەست بۆ پشتێند و شتی وای بەرن، خۆی ڕاپسکاوت و لە دەستیان دەرپەڕی.

بو بە قاقا لێدان و قریوە قریو. هیوا بوخچەی گوێزانی بەجێ هێشت و هەتا نێو ئاوایی هەڵات. خۆی لە حوجرەی ڕۆکردەوەو لە جێی خزا. لە شەرمان و لە حەیبەتان لێوە لەرزەی لێ هاتبو و تەبێکی توند دایگرتبو. تا هاوڕێکانی هاتنەوە هەروەک ئاوری دایسا.

لەو ڕۆژەوە کۆڵانەو کۆڵان لەبەر کچان هەڵدەهات. بە تایبەت ئەگەر چاوی بە مامزی دەکەوت هەر بە جارێک دەپەشۆکا. لە لایەکەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر هەستی بە نیزیکی لە مامز دەکرد ولە لایەکی دیکەشەوە بە راستی لێی دەترسا. ئەوجارەی لە نێو گوێزەڵانی مامز ئەوی لە عەرزی دابو، لە ترسان هیچی لێ حاڵی نەببو، بەڵام ئێستا کە نەواری پێشکی جار و بار هەمان سەفحەی داویشتەوە سەر و بەزمی ئەو ڕۆژەی لێدەدایەوە، گوێی لە دڵە کوتەی کچانە و هەناسەی مامز دەبو، خەریک بو بەلادا بێ. ئەو کاتە هەروابزانە چەند گورگ دەورەیان داوە، قاقا و پێکەنینی کچەکانی وەک لورەی گورگان دەهاتە بەرگوێ، کەچی ئێستا لە نەواری مێشکی دا شتێکی دیکە یە. ئاوازی چەند بولبولی سەرکێش و شەیدایە تێکەڵ بە یەک بوە. یا قاسپەی چەند کەوی کوێستانە لە کاتی جووتبون دا کە بە هەڵەداوان بەرەو قیبلەگای خۆیان دەچن و تەنانەت لە ڕاوچیش ناترسێن.

لە نێو ئەو قاسپانە دا دەنگێکی لە هەمویان ناسکتر بە تەواوی جیا دەکرێتەوە. دەنگی مامزە، ئەوە دەنگی خۆیەتی. هەروا دووپاتی دەکاتەوە: دەنگی خۆیەتی، دەنگی خۆیەتی.

زۆرتر گوێی لێ دەگرێ، ئەویش زۆرتر چنگ لە دڵی گیر دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەردێ و زۆرتر سەرنجی ڕادەکێشێ، بە جۆرێک کە پێی خۆشە دیسان گوێ بداتەوە هەمو قسەکانی. دەڵێی گاڵتەی پێ کردبم، یا مەبەستێکی پاکی هەبوبێ. ڕەنگە هەر بۆ شۆخی و ڕۆژ بردنە سەر وای کرد بێ. یا ڕەنگیشە... نابا بە ئەوە پارویکی زۆر چەورە لە ئاوایی دا. کچی حاجی سێمانی یە ، دەوڵەمەندی ئاوایی و ساحەبی شەش برایانە. کوا بە گەرووی من دا دەچێ. ئەرێ قسەکانی چۆن بون؟ ئا وەبیرم هاتەوە:

(کچینە دەڵێی ئەوەش هەروەک خۆمان نەبێ؟)

کوڕە خۆ وەک خۆیانم تەماشا دەکا، بە خوا پێی پیاویش نیم. هەر دەیهەوێ گەمەم پێ بکا. ڕەنگە مەنزوورێکی دیکەشی هەبێ. ئەمن هەر دەیانبینم سەر دادەخەم و. ئەو ڕۆژەش هەر دەپاڕامەوە دەستم لێ هەڵگرن. ئەگەر کوڕێکی دیکەی لاوی لە تەمەنی من دا کارمامزی وەک مامزی دەست بکەوتایە، هەتا ئێوارێ دەی گەوزاند، بۆیە وام پێ دەڵێ. دووریش نییە پێی خۆشبێ سەری بۆ هەڵبڕم و وەک لاوێکی تینوی دڵداری ڕاز و نیازی لە گەڵ بگۆڕمەوە. ئاخر چۆن وا بکەم، ڕاز و نیاز، دەستبازی و ئاخرەکەی...ئاخر نابێتە دەستدرێژی بۆ سەر ناموسی خەڵک، بەخوا شتی وا ناکەم.

( بەو هەمو جوان چاکیەوە ئەگەر شتێکی شک ببردایە نێچیری لە ڕاوگەی دەبڕین). چاو ئەو قسەیە! ئێستا سوور دیارە مەنزوری چی یە. خۆ دیارە پێی ناحەز نیم، گلەیی هەر ئەوەیە پارێز بۆ نێچیران نابەم. ئای نازانم بۆ هەرچی زۆرتر بیری لێ دەکەمەوە، زیاتر لێی نیزیک دەبمەوە. ئەو کچە بەڵایەک بو هات و مێشکی ئارام و بێ گرێ و گۆڵی تێکدام و خەیاڵی شڵەژاندم. مێشکێک کە لەو کاتەیەوە ڕێبازی پیرۆزی خزمەت بە گەل و نیشتمانم گرتوەتە بەر، تەنیا بەوەوە مەشغوڵە و پڕە لە ئەوینی نیشتمان. ئای، بەڕاستی ئێستا ئەو کچەش گۆشەیەکی بۆخۆی داگیر کردوە. خۆزگە دەخوازم ڕۆژێکی دیکەش ئێخەم پێ بگرێ و لە عەرزێم دا بزانم چم پێ دەڵێتەوە و چی لێم دەوێ.

پایز بەرەو پیری دەچێ، گەلای داران بە هەڵەداوان خۆیان داوێنە سەر ئەرزی،پەلکە زێڕینەکانی نێورەز وبا غان بڵاوەی دەکەن و تەنکتر دەبن. دارەکانی لێڕەواری بێ مەنەت لە سەرماو سۆڵی زستان بەرگی خۆیان فڕێ دەدەن و تەنانەت دەمارەکانیشیان دەردەکەون. نزارەکان تەنکتر و بیشە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چرپ و چاڵەکان کەلێنیان تێ دەکەوێ. جێگای ڕاز و نیازان بە زەحمەت تر دەست دەکەون و پەردەی پاراستنی نەهێنیەکان دەدڕێن. هیوا بە زەحمەت دەتوانێ خۆی لە چاوی تیژ و وو شیاری کچەکانی ئاوایی وون کا. ئێستا پەرژینەکان ڕووتاو نەوەو هیچ کەڵکی ئەوەیان نییە بە پەنایان دا خۆت کۆم کەیەوە.

ئێوارەی ڕۆژێکی نیوەی دووەمی مانگی خەزەڵوەرە. هیوا دەیهەوێ بە دزەدزە لە کانی پیاوان ڕا کە ڕێگاکەی تێکەڵ بە ڕێگای کانی ژنان دەبێتەوە، خۆی بگەیەنێتەوە حوجرەی و خۆی لە دەست تانە و توانجی کچان ڕزگار بکا. ڕاست لە سەر دووڕیانی کانی ژنان و کانی پیاوان لوت و بزووت، دەمامزی هەڵدەنگوێ. خەریک دەبێ سینگیان ویک کەوێ. چاوی هەرکامیان بەرەو ئەوی تریان تیشک داوێن و بە مۆلەق دەوەستن. هەناسەیان کە بە تەواوی تێکەڵ بە یەکتر دەبن، وەک دوو کەڵێکی لووڵ خواردو تێک داڵقێن و سەردەکەون، سەردەکەون تا دەگەنە هەورەکان و دەچنە نێو دەریای گازین. دوو دڵی بێ ئارام و قەرار بەرامبەر یەکتری بە توندی لێدەدەن و دەنگیان لێک هەڵدەبەزێتەوە. حاڵەتێکی وا بە سەر هیواش و مامزیش دادێ کە هیچکامیان چاوەڕوانیان نەدەکرد. مامز هەرگیز بە تەما نەبو ئەگەر توشی هیوا ببێ ئاوا بە حەپەساوی تێیەوە ڕامێنێ و زاری گرێ بدا. هیواش قەت پێی وانەبو دەتوانێ بۆ چرکەیەکیش لە بەرامبەر مامز دا ڕاوەستێ و خۆی ڕابگرێ. کەچی ئێستا چەند چرکەیەک تێک ڕادەمێنن و چاویان پێکەوە ڕاز و نیاز دەکەن و هەریەکەی فرمێسکێکیان بە گۆنای دا دێتەخوار، نە مامز هیچی بۆ دەگوترێ و نە هیوا. کۆخە کۆخی گۆچان بە دەستێک کە بەرەو کانی پیاوان دەڕوا وەخەبەریان دێنێ. مامز وەک کار مامز بۆی دەردەچێ و لە هیوا ڕەت دەبێ. هیواش دەڵێی ئینسانی ماشێنییە و باتری لێ بڕاوە، لەنگان لەنگان بەرەو حوجرەی دەگەڕێتەوە. لەو ڕۆژەوە نیگاکانی مامز کاریان لە دڵی هیوا کردوە. هەرچی دەیهەوێ لە بیر خۆیان بەرێتەوە کەڵکی نییە. تیری ئەو مژۆڵانەی وەک نەشتەر ڕوو بە ڕووی ڕاست بوونەوە، جەرگیان پێکاوە و دەریای ئەو چاوانەی بە مەندی و لە سەرخۆیی، مەست و خومار تێیەوە ڕامابون، لە نێو خۆی دا غەرقی کردوە. لەولاشەوە مامز شیفتەی هیوا بووە. هەیکەلی پیاوانەی هیوا کە لەبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوی وەک چنارێکی پتەو و بەهێز دەچوو، دڵی ناسک و سەرکێشی کارمامزی ئاوایی یان داگیر کردوە. ئەوەی پێشتر بە نیازی قومار پێکردن بە دوای دا دەگەڕا، هەیبەتی پیاوانەی نیشان داوەو دڵی پێکاوە. نیگاکانی هیوا بە مامزیان سەلماندوە کە باری بەتاڵ نیە و تیری لە نێچیران کاری یە. هەردووکیان بە توندی لە دەریای ئەوینی یەکتر دا نقوم بوون.
ڕۆژێک هیوا بە ڕەنگی بزرکاوەوە لە بەر بەرۆچکی هەتاوی لاوازی پایزی خۆی هەڵخستبو و لە گژ فکران ڕاچوبو. هەر سەفحەی تێک هەڵانگوتنی ئەو ڕۆژەی دێنایەوە بەرچاوی خۆی و هەروا زۆرتر لە تەبی ئەوین دا دەسووتا. لە نکاو قرمەی سمی ئەسپێکی ڕەسەن وەخۆی هێنایەوە و قاقای سمایلە سوور، جحێڵی قۆشمەی ئاوایی لە دەریان خەیاڵی هێنایە دەر.
مەلا هیوا بەسەری توو کارێکیان بە ژاندارمان کردوە، دۆم بە ژنی خۆی نەکردوە.
هیوا یەک پێ لە جێی خۆی ڕاست بۆوە، چ بووە کاک سمایل؟
کوڕە لە ئاوایی(گ) دوو پێشمەرگە لە ماڵێک دەبن. سیخوڕ و جاسوس قات نین. خێرا خەبەر دەدەنە پۆستی گوندی(م) و ژاندارم وەڕێ دەکەون و بە نیازی وەی ئەو لوقمە چەورەی بگرن و دەرەجانی پێ وەرگرن، بەبێ درەنگ کردن و بیرکردنەوە ڕاست دەچن و چواردەوری ماڵەکەی دەدەن. کوڕە ماڵت خەرا نەبێ هەتا وای لێ دێ چواردەوری ئەو ژوورەش دەگرن کە پێشمەرگەکانی تێدان. بانگیان دەکەن تەسلیم بن، پەشمەرگەش چ بکا.
هیوا دلی وەکوتە کوت دەکەوێ. باشە پەشمەرگەکان چ دەکەن؟ یان...
دەبڵێ بزانم مەلا هیوا، ئەو دوو پەشمەرگە فەقیرانە دەبێ چیان کردبێ؟
کوڕە کاک سمایل دەڵێ، بۆ پیاوی حەزیەت دەکەی. باشە چییان بەسەر هاتوە.؟
بەسەری ئەو مەلا حەسەنەی ئەگە لە چاوی دەخۆم خۆشتر دەوێ و مامۆستای تووشە و دەزانم زۆرت خۆش دەوێ، هەتا بە فکری خۆت نەڵێی دەبێ چیان کردبێ، چت پێ ناڵێم.
توخوا ئەوەش بو بە قسە. کاک سمایل دەتهەوێ قسەی ناخۆشم پێ بکەی، کاکە گیان چی دی حەزیەتم مەکە ، بڵێ بزانم چیان کردووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو قسانە دا بون مەلا حەسەن بەرەو ڕوویان هاتەخوارێ.
سمایل ئەوە چ بەزمێکتە لە گەڵ هیوای؟
ماموستا گیان لە بەر عەمریت مرم. شتێکی ئاوا بووەو دەڵێم داخوا مەلا هیوا هەڵی دەدا پێشمەرگەکان چیان کردووە.
سمایل پێی ناوێ، زوو پێمان بڵێ با نارەحەت نەبین.
وەڵلاهی ماموستا لەبەر خاتری توو دەیڵێم.
کوڕە وەک شێری دەستەو تفەنگ بە پەنجەرێکی دا لە ژاندارمان دەر پەڕیون. دوویان لێ سارد کردوونەوەو دووشیان لێ بریندار کردوون. بۆخۆشیان شکور لەسایەی خوایەوە بۆی دەرچوون. دەک دەبەر دەست و تفەنگێو مرم. یەکیان ئەحمەدیلە بووە و یەکیشیان کەریم. بابە ماشاڵڵا وەک شێری وان. بە خولای دەڵێن لە میراوێش عەجەم لە ترسان ئۆقرەیان نیە. قاقایەکی لێ دەدا:
بەخوای دەرەجەی چاکیان وەرگرتن.
مەلا حەسەن:
ئێستا سەگبابانە وەک ماری بریندایان لێ هاتوە. بە هانە بە هەمو کەس دە گرن. پێشک هێندێک لە خەڵکی گوندی(گ)دەگرن و توو شی نارەحەتیان دەکەن. حەتمەن دەیان بەنە شاری . ئێمە دەبێ زوو ئەندامانی حیزب لە شاری ئاگادار کەین بە هەر جۆرێک بۆیان دەکرێ، کارێکی وا بکەن ئەو خەڵکەی ڕزگار کەن و نەهێلن بۆ ڕەزاییە یان بەرێ بکەن. بەوپایزەی بەڕێیان بکەن ماڵوێران دەبن. هیوا گیان نامەیەکت بۆ دەنوسم بیبە بۆ شاری.
بەسەرچاو ماموستا، بەڵام خۆ ئەمن کەسیان ناناسم.
کاکە گیان هەمو کەس دوکانی مام سەلیمی دەزانێ. بپرسە دوکانی مام سەلیمی لە کوێیە. لە نیزیک بازاڕی میوەفرۆشانە. لە پێش دا بۆ وی بگەڕێ، چەقوە کولێکیش بەرە با مام سەلیم تیژی بکاتەوەو دوو قڕانەی خۆی بدەیە. بەرامبەر دوکانی مام سەلیمی ، دوکانێکی لێیە، دایم دەڵێی مێوژانی لێ دەبەشنەوە خەڵکی لێهاڵاوە. دوو دوکانداری هەن، یەکیان پیاوێکی کەڵەگەت و ئەوی دیەکشیان مێردمنداڵێکی درێژ و باریکە هێشتا موی لێ نەهاتوە و دەڵێی سپیدارە هەڵچوە، بە گازیش پلێک گۆشتی لێ ناگیرێ، بەڵام هێندە ووشیارە بە تاژیش ناگیرێ. ئەگەر لە وێ بو ئیشارەیەکی بۆ بکە، پسولە کاغەزەکەی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیرفانی هاویٚ و لێی گەڕێ. ئەگەر لە وێش نەبو دیارە هەر دەگەڕێتەوە، جار و بار سەر بدەوە هەتا دەیبینی.
بەری بەیانی هیوا نامەی پسولەکراو لە گۆرەویەکەی دەنێ و بەرەو شار وەڕێ دەکەوێ. بە نێو زەویەڕووتەکان دا کە بە هۆی سەرماوە هێندێک سیخواریان لەسەر نیشتوە و لە هێندێک جێگاش تەڕن و لاقی ئینسانیان تێ ڕۆدەچێ،ڕۆیشتە خوارێ. کاتێک گەیشتە سەرجاددەی هەتاو لە وەلاتی دابو و زوقمی سەرما هێندێک شکابو. جاددەیەکی خاکی کە بە لای خۆی ڕێگای بەینی دوو شاران بو، کاتێک ماشێنەکانی پێدا ڕادەبرد، تەپ و تۆزی لێ هەڵدەستا. هەر ماشێنێک ڕادە برد گێژەڵوکە یەکی بە دوای خۆی دا دروست دەکرد. جاددەکانی نێوان شارەکانی کوردستان زوور بەیان ئاوا بون. هێشتائا سفاڵت نەگەیشتبۆ کوردستان. ڕژیمی کۆنەپەرست و دژی گەلیی حەمەڕەزاشا تەنیا پادگانە نیزامیەکانی لە کوردستان دروست کردبو، بە جۆرێک کە لە ناوچەیەکی بچوکی وەک پیرانشار-سەردەشت دا سێ پادگانی نیزامی گەورە و چەندین پایەگاو ئۆردوگا و پاسگای سەربازی و ژاندارمی لێ بو، کەچی هێشتا تەنانەت جاددەی نێوان شارەکانیش ئاسفاڵت نەکرابون. جا کارە با و مەدرەسە و ئیمکاناتی لەشساغی هەر بۆ باسکردن نەدەبون. هیوا بە قەراغ جادەکەدا دەڕوا و جار و بار بۆ ماشێنێک ئاوڕ دەدا تەوەو دەستێک هەڵدێنێ. ژمارەی ئەو ماشێنانەی بێرە دا رادەبرن هێندە کەمن کە جاری وایە پیاو لە بیری دەچێتەوە کە ئێرە جاددەی ماشێنڕەوە. هەر ئەو لە بیرچونەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرجاریش ماشێن ڕەت بن و پیاو پێیان نەزانێ و لە کیسی بچن. بەمجۆرە هیوا هەروا ڕێگا دەبڕێ و لە بیری دەچێتەوە دەست بۆ ماشێنان هەڵێنێ و ڕایان بگرێ، تا دەگاتە هەورازی زەردەکەمبەری. لێرە قەڵەمی لاقانی دەشکێ و لە خۆی ڕانابینێ چیدی پیادەڕەوی بکا. لە سەر بەردێک دادەنیشێ و لە جاددەی ڕادەمێنێ.
ماشێنێکی باری لە دوورەوە دیارە. لەسەر خۆ دەڕواو تۆسقاڵێک تەپ و تۆز لە پاش خۆی بڵاو ناکاتەوە. ئەو ماشێنە بۆ هەمو خەڵکی ناوچە ئاشنایە. ئەوە ماشێنی (ئارام) یە. ئارام تورکێکی خەڵکی مەراغە بو و ماوەیەکی زۆر درێژ بو لەو جاددە ناخۆشەی نێوان سەردەشت_مهاباد و هەتا تەورێز هات و چۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دە کرد. ئارام ناوی خۆی بە خۆ یەوە بو. هەتا بڵ ێی ئارام و لە سەرخۆ بو. گاڵ تەچی و ق سە خۆش بو. هەمو خەڵکی ناو چە دە یان نا سی و خۆ شیان دەویست. ئەویش ٠گورمساخ) ی خۆی بە هەمو کەس دە گوت. ئەوەتی ئارام لەو ڕێگایەدا هات وچۆی دەکرد ئەو ماشێنەی پێ بو، بەڵام هێندەی ئاگا لێبو کە هێشتا هەروەک خۆی مابو. کاتێک لە هیوا نیز یک بۆوە پێی بە تورمز یەوە ناو ڕای گرت. لە هیوای ڕاخوڕی:

گورمساخ بوو کوا دچی.. سوار نابیەوە؟

هیوا هەستا و لە تەنیشت شۆفیرەوە سوار بو. دەستی بۆ گیرفانی برد پوڵی بۆ دەرهێنێ:

پوڵ وەرناگر مەوە، شتێک دیکەم دەوێتەوە. دەیکە نە شۆخی و جە فەنگ هەتا شاری.

جێگای شاری سەردەشتێ وەک بەرهەیوانێک دە چێ. دە شتاییەکە لە نێوان دوو نشێوی دا. لای خوارەوەی تەلانێکە بەرە بەرە لێژ دەبێتەوە تا دەگا تە دە شتایی قەراغ چۆمی کەڵوێ. بەو تەلانەوە ڕ یزە گوێز، سپیدار، چنار و ئەنواعی دیکە داری لێدراوە، یا خۆڕسک ڕواوە. ڕەزو باغەکانی ئەم ناوە گەلێک چڕ و پڕن و دەیان جۆرە میوە بەرهەم دێنن. دێبەرە بچوکەکانی نێوان ڕەزە کان سەچاوەی بەرهەمهێنانی سەوزی، تەماتە، خەیار و کەدو و زۆر شتی ترن. لای سەرەوەی شار گردە سوورە. گردە سووریش دەڵێی قەراوڵە بە سەر سەری شارەوە قیت بوەتەوە. بنارەکانی ئەو گردەش بە ڕەز و باغ داپۆشراون.

شار شەقامێکی گەورەی هە یە کە هەتا دامێ نی در ێژ دەبێتەوە. لە دا مێن و کۆ تایی ئەو شەقامە دا نەخۆ شخانەی گەورەی شار هەڵ کەوتوە. لە لای سەرەوەی شەقامەکەش سەرچاوەی گەورە یە کە حەوزێکی زۆر گەورەی لەسەر دروست کراوە و دوو جۆگە ئاوی بە خوڕ بەمبەر ئەو بەری شەقامەکە دا بەڕێ دەکا. هەر لەو شەقامە گەورەیەشەوە دوو لک لە سەروی سەرچاوێ وە دِ یا دەبِ نەوە. لە نێوەڕا ستی شەقامەکەش لکێ کی پان و کورت جوێ دەبێتەوەو دەڕوا هەتا دەگاتە دەروازەیەکی گەورە. ئەو دەروازەیە وەک شارە مێروو لە دە چێ. بە پۆل سەرباز و ئەفسەر و دەرە جەداری لێ دێ نە دەر و دەچنە ژووری. ئەوە پادگانی نیزامیی ڕژیمە کە لە نێو شارێکی ئاوا چکۆ لە دا ،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به ئه ندازەی ژ مارەی دانیشتوانی شاری هێزی چه کدار له خۆی دا جێ کردوە تەوە. نیشانەی تر سی ڕژ یم له گەلی کورد و نیشانەی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی سەرەنێزەیە.

شەقامەکە له هێندێک جێگای دیکه شەوە کون بوەو لکێکی باریکی لێ جیا بوەتەوەو بۆ ماوەیەک ڕۆیوە و لەمبەر ئەوبەری ڕیزە دوکان دروست کراون. هیوا له کارێژەوە بەرەو سەرچاوێ و له وێشەوە بەرەو شەقامی گەورە ڕۆیشت. هەمو کەس دوکانی مام سەلیمی پێ دەزانی، بۆیە زۆر به ئاسانی توانی دوکانەکەی بدۆزێتەوە. مام سەلیم سنعەتکارێکی به ئینساف، پیاوێکی قسه خۆش ، زۆر کورد و هەتا بڵێی پیاوی چاک بو. ئەوەتی دەستی به و سنعەته کردبو، نرخی کارەکەی هەر له جێی خۆی بو. له وکاتیەوە هەمو شتێک ده بەرابەر و بیست بەرابەر زیادی کردبو، کەچی ئەو هەر ئەو پوڵەی وەردەگرت که بیست ، سی ساڵ لەمەبەر بۆ کارێکی دیاریکراو وەری گرتبو. دوکانێکی به قوڕ و خشت دروستکراوی هەبو که سەرەکەی ماڵ بو. دوکانەکەی له نێوەڕاستی ڕا کردبوە دوو بەش. بەشێکی دەکەوتە لای دەرێ، سەکۆیەک بو که به ڕێڕەوێکی تا ڕاددەیەک فرەوان له سەکۆی لای پشتەوە جوێ کرابۆوە. هەردووک سەکۆکە به قوتوە شکاو و ئاسنەواڵە و تەختە و شتی وا داپۆشرابون. هێندە تۆزیان لەسەر کەوتبو که پیاو نەی دەوێرا بکۆخێ، چونکە به یەک جار گێژەڵوکەیەک له تەپ و تۆز دروست دەبو. مام سەلیم له نێو دوو سەکۆکەدا جێگا یەکی هەبو که دۆ شەکەڵەیەکی لێ ڕاخرا بو. له بەردەمیشی هەمبانەدەمەیەک هەبو که لولەکەی دەچو بۆ سەر ئاوردانێک. مام سەلیم ئەگەر بیویستایه کوتە ئاسنێک سوور بکاتەوە له نێو ئاوردانەکەی دەنا و هەمبانەکەی دەدەماند تا ئەو کوتە ئاسنە سوور دەبۆوە. پاشان به چەکوشان وەری دەگەڕایە یا به بڕبەندان خڕ وخڕ، دوو سەعاتان پێیەوە خەریک دەبو. هەناسەی لێ دەبڕا و زاری ووشک دەبو، کەچی کاتێک لێیان دەپرسی دەکاتە چەند، دەی گوت:

دوو قڕان بدە بابەلێ.

هیوا سەری سوڕ مابو، جاوەرە بۆ ئەو هەمو کارە دوو قڕان وەرگری، به خوا کابرایەکی به ئینسافە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروا لە لای مام سەلیم دانیشتبو و چاوی لەو بەرەوە بڕیبو. یەکێک بە بەردەم دوکانی مام سەلیم دا ڕابرد و سلاوێکی کرد.
لە سەر خۆ وەعەلێی...کە...سـ سەلام...وە..ڕەحمەتوڵڵاهی...وە...بەرەکاتو..هو.
جوابەکەی مام سەلیم هێندە درێژ و لەسەرخۆ بو ، کابرا لە مێژ بو ڕەت ببو، هەروا وەڵامی دەدرایەوە. دیسان یەکی دیکە دەهات. سەر لەنوێ بەو درێژیە وەڵامی دەدایەوە. مام سەلیمی فرشتە هەر بەدەستێکی هەمبانەی دەدەماند و بەوی دیکە خەڵکی بە خێر دێنا.
کابرایەکی دێهاتی هاتە بەر دوکانەکەی و پرسی:
مامە شەمچەت هەیە؟
مام سەلیم سەرێکی هەڵبڕی، تەماشایەکی کابرای کرد. بێ ئەوەی وەلامی بداتەوە هەستایە سەر پێ. دارێکی لە تەنیشت خۆی دا نابو، هەڵی گرت. کەوشەکانی بەسەر پێوە کردن و بەرەو لای کابرا چو. داری هەڵێنایەوە لێی دا و کابرا لە بنی دەرچو و بە حەپەساوی یەوە ڕۆیشت. ئەویش گەڕایەوە جێگای خۆی و دەستی کرد بە جنێوان بە خەلیفە ئەحمەدی نازێ.
ئەو سەگبابە ناردویەتی. بزانە ئێوارێ چۆن دەچمە سەری و تەرس و بەفری پێ تێکەڵ دەکەم.
خەلیفە ئەحمەد پیاوێکی ڕووخۆش بو. لە گەڵ مام سەلیم هەمیشە گاڵتەیان پێک دەکرد و بە سەیر و سوحبەت ڕایان دەبوارد. کاری ئەوەبو زستانان چاڵە بەفری دادەکرد و هاوینان لە بەر دوکانی خۆی بەفرەکەی دەفرۆشت.
هشتا شاری سەردەشت یەخچاڵ و شتی وای نەگەیبویە. فەقیر و دەوڵەمەند لە هاوینان دا ئێواران دەچون بەفریان دەکڕی. کڵۆ بەفرەکان کە بەمو شاری وەک خشتی بەفرین دەبڕدران، لە سەر دەستان یا لە سەتڵان دا بەرەو ماڵەکان دەچونەوە. هیوا چەقوەکەی تیژ کردەوە و دوو قڕانەی خۆی دا بە مام سەلیم. لەو ماوەی دا هەرچی ڕوانی مێردمنداڵەی درێژ و باریکی نەدی.
سەرێک بەرەو بازاڕی ڕۆیشت و لە دوکانەکان وورد بۆوە. ئینسان پاش ئەوەی ماوەیەک لا ئارامشی باوەشی سروشت دابو، کە دەگاتە نێوشارەکان پێی وایە لە دنیا یەکی دیکە یە. کۆبو نەوەی ئەو هەمو خەڵکە لە جێگایەک بۆ کەسێکی کە جارو بار نەبێ لە کۆ مەڵێکی پەنجا کەس گەورەتری نەدیوە، جێ گای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر سوڕمانە. ئەو هەمو سات و سەودا و تێکهاوێ شتنەی تەما شاکە، عەیـنەن شارە مێروو لە. بەڕا ستی مێروو لەش وەک بنـ یادەمی دە چن. ئەوانیش دا یم خەریکی سات وسەودان. هیوا لەو فکرانەدا بو کە لە پڕ هەرایەک ساز بو.
خەڵکە کە وەک شەپۆلی دەر یا بەرەو جێگا یەک خزین. هاوار و قـیژە و قاژە دەستی پێ کرد: کوڕە دەستی بگرن.
ئەو کوڕە ئاخری بەلایەک بەسەر خۆی دێنێ. - مەیەڵن زوو لێکیان بکەنەوە هەتا ژاندارم و دەرەجەداری بەسەر وەرنەبون.
بیگرن ئەوجار ئیدی بۆ کوشتنێ لێی دەدەن.
بیگرن پەروەندەیەکی گەورەی بۆ ساز دەکەن و دە زیندانێی دەکەن.
ئەوجار بەربونی نییە.
کوڕە بەخوای پیاوە .. وەی دەستی خۆش بێ، هەر ئەو پیاوە.
خۆ هەتا دەگەنێ شەقی خۆی دەوەشێنێ. ئەو گروبانە سەگبابە چەند ڕۆژە ڕێگای قۆتانێ بەرنادا لە گەڵ چاوی بەو کچە دەکەوێ لە مەتەڵەکانی دەگرێ.
کوڕە بە ئاشکرا تەماع لە کچ و ژنەکانمان دەکەن، جا چا نیە بە ناموسن.
وەی دەبەر دەستانت مرم تۆفیق بە خوا کوڕێکی بە ناموس و غیرەتە.
قەت غیرەتی قەبوڵ ناکا عەجەم قسێکی بە
کچێکی یا ژنێکی بـڵێن. هەر لە گەڵ گوێی لێ بو ذێرا ئامباز یان دە بێ، ئەو جارەش چاکی لە ئەفسەرەکە هەڵدا.
ئاهای تێیان هەڵدەن کوڕە خەریکە لێی کۆدەبنەوە، کورە غیرەت لە کوێی.
دادەی، دادەی ڕێگام کەن بە لای خۆی پیاون. یەکتان موتان لێ نابزوێ، خەریکە کوڕەکەی دەخۆن، هۆ ژنینە یاڵڵا..بەدوام دا.
کوڕە لە دـیاتی مە خەریـکە ژ نەکان غیرەتـ یان دە بزوێ. دا وەرن یاڵڵا، دەی جحێڵینە. یاڵڵا تێیان هەڵدەن.
بو بە هەنگامەیەک مەپر سە. پێنج، شەش دەرەجەدار وژاندارم، لە گەڵ چوار، پێنج لاوی شاری لێکیان دەدا. لە نێو لاوەکان دا یەکی موزەردەی دەم و چاو سوری تێدا بو، بە دەست و بە لاق هەر دەیوەشاند و وەک خولخولە دەسورا.
دوو، سێ کوڕی مێردمنداڵ بە غار گەیشتنێ و وێکڕا هاواریان دەکرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەجەمی خوێڕی لێرە ئازان، ئەدی بۆ ناوێرن لە شاری بچنەدەرێ. لە (گۆمانێ) حاڵی ڕفیقەکانتان خۆش بو. لە گۆ مانێ بیست کەلاکتان لێ کەوتوە. وەی دەبەردەستی پێشمەرگان مرم. حاجیەک بە پەلە خۆی گەیاندە هەراکەی. لە پێشدا لە کوڕە مێردمنداڵەکانی ڕاخوڕی:
بڕۆن هەتیوینە، بڕۆن کەرینە، بڕۆن وون بن لەبەرچاوم.خوسێن ئەتۆش ؟هەتا نەچمەوە ماڵێ هیچ ناڵێم. خەریکە بە قسەی کەرانە شارەکەمان تێک دەدەن. بڕۆن.. ئەگەر زۆر تان پێخۆشە، ئێوەش بچنە گۆمانێ، لێرە قسەی زیادی مەکەن. دادەی عالەمینە ڕێگا کەن ڕێگا کەن هەر تێوە ڕاماون. با ئەو ئاورەی بکوژێنینەوە. هەتیوی حاجی سەعیدی هەر ڕۆژەی ئاورێکمان بۆ دەنێتەوە. دا ڕێگا کەن با لێکیان کەینەوە، خۆی دەنێو خەڵکەکەی راکرد.
شەش، حەوت حاجی و ڕیش سپی دیکەش بە دوای دا، بابم فەرمایشی حاجی ئاغایە. ڕێگا کەن با ئەو ئاورەی بکوژێنینەوە. ڕێگا کەن بۆ خاتری خوای، شارەکەمان دادەپڕوکێنێ ئەو ئاورە. بەکۆمەڵ خۆیان تێ ڕۆ کرد و شەڕکەرەکانیان لێک جیاکردەوە.
هیوا لە بەر خۆیەوە:
کوڕە خۆ پێموابو لە شاری هەموکەس سەری بۆ ژاندارمان داخستوەو مەتەقیان لێ نایە. وەی بەقوربانتان بم لاوینە. بۆیە مەلا حەسەن دەیگوت لە شارەکان لایەنگرمان زۆرن. خوێندەوارەکانی شاری هەمو لە گەڵمانن. بۆیە دەیگوت جوڵانەوەیەکی گەورە لە زانستگاکانەوە دەستی پێ کردوەو گەیشتوەتە تەواوی مەدرەسەکانیش. چاوت لێیە ئەو لاوە تازەپێگەیشتوانە چۆنیان باسی گۆمانێ دەکرد؟چاو چەندیان دڵ پێخۆشە، بە خوایەتی خوای تازە حیزب سەردەکەوێ.
لە دوو کانێکی پڕ و کۆک و پۆشتە، کە هەتا بن میچی شتی ووردەی لە قەفەزان دا تێدا وەسەریەک نرابو و موشتەری چوار دەوریان دابو، ڕاست کوڕێکی بە شکڵ وەک ئەو کوڕە مێردمنداڵەی دی کە بۆیان هەڵدابو. دەڵێی هەوبێ، دەڵێی هەونەبێ. بە بەهانەی شت کڕین چو لە پەنای ڕاوەستا.کوڕەکە خەریک بو هێندێک وورده شتی وەک ئارەقگیر، سابونی ڕیش تاشین، تیغی ڕیش تاشین و شتی وای دەکڕی. یەکێک لە و کەسانەی بە پەنای ئەو کورەوە راوەستابو، لاوێکی ڕەشتاڵەی دێهاتی بو. ڕووی لە کوڕەکە کرد و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەزانم ئەوشتانەت بۆ کێ دەوێ بە قوربانی بم.
حاجی دوکاندار چاوێکی لەو کوڕە مۆڕ کردەوە و سەرێکی لێ بادا. بەو مانایە کە نابێ قسەی وا خەتەر لە دوکانی ئەو بکرێ.
هیوا لێی مەعلوم بو کە ئەوە هەمان کوڕە کە ئەو بەدوای دا دەگەڕێ. بێشک ئەو شتانەش بۆ مامۆستان، لە دڵی خۆی دا گوتی:
دیارە مام حاجی تەنانەت لەوەش دەترسێ کە دەوڵەت پێ بزانێ کە شتومەکی ڕیش تاشین بۆ مامۆستای لە دوکانی ئەو کڕدراون. یا ڕەنگە کابرایەکی دڵسۆز بێ ونەی هەوێ بەو بێ موبالاتیانە سەرەگوریسێک بکەوێتە دەست دەوڵەت.
کوڕەکە شتەکانی لە حاجی وەرگرت، پوڵەکەی داو وبە بێ ئاوڕدانەوە بە تیژی ڕۆیشت. هیوا سەری داخشت و بە دوای دا. هەروا بزانە هەردوکیان بە پێی قەراری پێشو بەرەو یەک جێگا دەڕۆن. هیوا هەنگاوەکانی گەورەتر کرد، تا بتوانێ پێشی بگرێتەوە. لە پێچێک دا کە بەرەو دوکانی کوڕەکە بای دەدایەوە، هیوا پێشی کەوت. ئاوڕێکی لێ دایەوە، ئیشارەیەکی بۆ کرد و ناوێکی نەهێنی بۆ هەڵدا. کوڕەکە فەوری حاڵی بو، لاقێکی بردە پێش و بە دەست ئیشارەی بە گیرفانی پانتۆڵەکەی کرد. هیوا کاغەزە پێچراوەکەی لە گیرفانی هاویشت و هەروەک نەی دیبێ خۆی لێ بوارد گەرایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پاژی چوارەم

زستانە، چیاو دۆڵ و دارستانەکان بە بەفر داپۆشراون. سەرانسەری کوردستان بەرگی زێوینی پۆشیوە. دارستانەکان خۆیان لە بن تارای سپی دا شاردوەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له هەندێک جێگاوە نەبێ کە دارێکی دوو لکی گەورە سگی داوە. چونکە نێوان دوو لکەکانی بەگەڵای ووشک ئاخنراوە بۆ زەخیرەی بزن و مەڕەکان. جگە لەو دارە بە گەڵا ئاخراوانە، هیچ دارێکی دیکە نانا سرێتەوە. شاخە بەرزەکانیش لە لوتکەکانیانەوە نوکێکی تیژیان لە ژێر بەفر هێناوەتە دەر و شانازی دەکەن کە بەسەر بەفر و سیخواری زستان دا سەرکەوتون. کاتێک هەتاوی زستانی لەو چیاو بەندەنە سپیانە دەداو شەوقیان پێ دەداتەوە، بەڕاستی دیمەنێکی جوانیان هەیە. لوتکەی سپی و دامێنی جار و بار خاڵ تێکەوتو بەسەر سەری گوندە نەشمیلانەکانەوە، دەڵێی بۆ فیز خۆیان ڕاناوەو بە زەردەخەنەیەکی تێکەڵ بە هەڕەشەوە بە دانیشتوانی کوردستان دەڵێن:

قەدرمان بگرن و ڕێزمان بزانن، مەیەڵن بێگانە ڕوومان تێبکا، دەنا بەسەرتاندا دەڕوخێین و لە بن خۆمان دا وونتان دەکەین. جار و بار دوندەکان توڕە دەبن. چڕەدوکەڵێکی گەورەیان لە بن هەڵدەستێ، بڵاودەبێتەوەو هەمو ناوچەکە لە ژێر سێبەری خۆی دا دەشارێتەوە. یا دەست بە گرمە و هاڕەیەکی زۆر دەکەن و دۆڵەکان پڕ دەکەن لە تەم و مژ. جاری واشە هەناسەی لوتکەکان بەویزەویز ڕوو لە ئاواییەکان دەکا و هەرکەس بێتە پێش لە گەڵ خۆی رایدەماڵێ.

لەو کاتانەدا چیاکانی کوردستان هێندە توڕەن ، دەڵێی هێرشی داگیرکەرانیان لەسەرە. یا دەڵێی زۆڵە کوردێک خەیانەتی پێ کردوون و لە بنەوە ڕاز و نیازی ئەوانی بە دوژمنان ڕاگەیاندوە. ئا لەو کاتە توڕەییە دا دانیشتوانی کوردستان خۆیان لە گەڵ بوغز و ڕقی لوتکەکان بەرەوڕوو ناکەن و لە سوچی ماڵەکانیان، یالە مزگەوتەکان دا خۆ حەشار دەدەن. سەبر دەکەن تا نێو چاوانی چیاکان جارێکی دیکە دەکرێتەوە. ئەو سەرماو سۆڵەش بۆ دانیشتوانی کوردستان جۆرە خۆشیەکی تێدایە. لێک خڕبونەوەو گاڵتە و گەپی زستانە، بۆخۆی یەکێک لە خۆشیەکانی کوردستانە. لە شارەکان دا کاتی خەڵک زۆر تر بە خڕبونەوە لە دوکانەکن یا چایخانەکان دەچێتە سەر.

تەختە و دۆمینەی چاخانەکان و دامەی بەر دوکانەکان وەختی بێکاری پڕ دەکەنەوە.

کاری ڕۆژانەی دێهاتیەکانیش لەم وەرزەدا داروورد کردن، ئاژەڵ ئاودان و تفاق دانە. بان ماڵین و بان گێڕانیش سەرباری کاری زستانەن و هێندێک جاریش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر سوتەمەنیان لە کەمی بدا، یا تفاقی ئاژەڵەکانیان لە کورتی بدا، بە ڕۆژانی هەتاوی زستان ڕوو لە چیاکان دەکەن کە سەرانسەری بە بەفر داپۆشراوە . کۆڵەدارێک بۆ سوتاندن، یا کۆڵە گوێنیەک بۆ ئاژەڵەکانیان دێننەوە. سەرگەرمیی کاتی بێکاری ، مێشێن کردن، ڕاو، داونا نەوەو لە مز گەوت خڕبونەوە یە بۆ حیکا یەت گێڕا نەوە. شەوانی زستان زۆر تر بە گۆرێ بازێن، یا شاو وەز یرێن تێدە پەڕن. هـ یوا زستانی هیچ پێ خۆش نیە. زستان ڕێ گای چالاکیی خۆشەویستەکانی ئەو دەگرێ. بە دەگمەنیش هەواڵێکی لە پێشمەرگەکان پێ ناگا. کەیفیشی بە گۆرەویبازێن و شاو وەزیرێن نایە. لە گۆرێبازێن دا لە خۆڕا دەستەیەک قەڵس و توڕە وتۆ سن دەبێ. دەستەیەکی دیکەش پێی وایە فەتحێکی گەورەی کردوە، خۆی ڕادەنێ.پەیوەندیی برایەتی و خۆشەویستی لەو کاتەدا زۆر کەم دەبێتەوە. مادده بەسەر ئیحساس دا زاڵ دەبێ و جاری وا یە لەسەر حوقەیەک خورما ، گەلێک دڵ دەڕەنجێن. لە شاو وەزیرێنیش دا گرێی دڵ زۆر خاڵی دەکرێن. هەرکەس پێی خۆشە تەنانەت ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بێ و بەسەر جوارکەسیش دابێ، ببێتە شا. خۆ ئەوەی لە شاشیان دیوە هەر زوڵم و زۆر و جەزرە بەدان بوە. لێرەش دا ئەو ڕا بردوە ڕەنگ دەداتەوە. لەسەرخۆترین کەس ئەگەر نەخشی شای وەدەست کەوت هاوڕێکانی خۆی ئازار دەدا. تەنیا دەڵخۆشیی هیوا لە زستان دا ئەوەبو کە لە ڕۆژێکی زستانی هەتاو دا بچێتە نێو کۆمەڵی ئەو خەڵکەی لە بەر بەڕۆچک خۆیان هەڵخستوەو نەزیلەی ژیانی پڕ کوێرەوەریان دەگێڕنەوە. ڕۆژێک هەوایەکی زۆر خۆش بو. زستان کوڵ و کۆی خۆی ڕشتبو. یەک میتر بەفری تێ کردبو. ئێستا نۆرەی دابو بە ڕۆژ کە سەروەدەرنێ و تنەتن وە گوێسەبانان بخاو شیخاڵە سەهۆڵان بتوێنێتەوە.

خەڵکی ئاوایی لە بان ماڵین و ڕێگا کرنەوە

خەلاسیان ببو . کۆمەڵێک پیاوی پیر و لاوی گوندی خۆیان لە بەر بەڕۆچکان هەڵخستبو. برایماغا کە تازە لە شاری ڕا هاتبۆ سەردانی خزمان، هەروا بەملا و ئەولای خۆی دا دەڕوانی و هەرکەسی دەدی پلارێکی تێ دەگرت. برایماغا پیاوێکی قەد نێونجی دەم و چاو باریک بو. سمێڵی پڕ و ماش وبرینجی هەبون. کەپۆیەکی باریک و درێژی هەبو. چاوەکانی چکۆڵە و قاوەیی کاڵ بون. کەواو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پانتۆڵێکی پەشمی ئەفسەری لە بەر دا بون و باڵتۆ یەکی درێژی لە سەر لە بەر کرد بون. باڵتۆ کەی هەتا دامێنی بە دوگمەی زەردی گەورە دادە خرا. بە تەوسەوە ڕووی لە سێ، چوار کەسی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:
حەسەن چۆنی؟ چیە دەڵێی پیرێژنەی دۆ لێڕژاوی هەر پەکو کوتە؟
حەمە چڵمن ئەتۆ بۆ قسێکی ناکەی؟ خۆ جاران ئەگە دەگەیشتیە خولە ڕێوی دەتگوت ڕۆنی سەگیان لە قالبی داوی، وە نەشە دەکەوتی ئەوەی دەتگوت نەت دەگوتەوە.
حەسەن و حەمە و خولە بەو توانجا نە زۆر نارەحەت ببون، بەڵام لە گەڵ برایماغا چ بکەن. دەستی لەگەڵ ژاندارمان و پیاوەکانی دیکەی دەوڵەت تێکەڵە و هەرچی قسەی لە قسەی بکا پەروەندەیەکی بۆ ڕێک دەخا و تووشی دەردی سەری دەکا. بۆیە هەر سەریان دەلەقاند و دەیان گوت:
چ عەرز کەم ئاغا.
هیوا لە پەنا وان لە بەربەڕۆچکێ ڕاوەستابو. غیرەتی لاوانەی تێکەڵ بە هەستی خزمەت بە هەژاران ببو. بە جارێکی لە کردەوەی ئاغای تورە بو و گوتی:
جا بڵێن چی، یەک بوو بە پیرێژنە، ئەوی دی بە چڵمن و یەکیش کرا بە سەگ. ئەرێ کابرا ناکرێ زمانت بڕێک خۆشتر بگەرێ؟
برایماغا وەک سوکایەتیەکی یەکجار گەورەیان پێ کرد بێ، بە جارێک لە کورە دەرچو:
ئەو دم ڕووتە کێیە دمی خۆی هێناوەتە پێش و دەیهەوێ لە بەرانبەر من دا خۆی بنوێنێ؟ هەتیوە کوڕی کێی هێندەت ڕوو دراوەتێ بەرانبەر من ڕاوەستی و قسان بکەی؟ بێ و نەبێ هەتیوی سێمانە رووتی. لەبیرت چوەتەوە لە ئاوایم وەدەرنا و هیچ ئاغایەک نەیتوانی لە هیچ گوندێک ڕای بگرێ؟ تا وای لێ هات بە مەجبوری خۆی بە سەر لاقان دا دامەوە؟
هیوا:
کوڕی سێمانی نیم بەڵام پێشم وانیە سێمان یا هەر کەسی دیکە هیچی لە تۆ کەمتر بێ. خۆ ئەو خەڵکە عەبدی جەنابت نییە وا سوکیان دەکەی. هەمومان عەبدی یەک خوداین و کەس حەقی نییە خۆی هێندە لە خەڵکی دیکە بە زیاتر بزانێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برایماغا به جارێک کێچی له قالبی کەوت:

ئای، ئای بزانه چەند دم درێژه. دیاره هێشتا هەتیوی وەک تۆش هەیه گورزی برایمی وێ نەکەوتوه. ئەو ە تا ئێستا له کوێ خۆت شاردبۆوه که نەم دیوی برِێک بۆ دایک و بابت ئاقڵ کەم.

هیوا:

برایماغا سەرو ڕیشت سپیه و پێیەکت لەسەر لێوی قەبریه. باشتره ڕێزی خۆت ڕاگری و هێنده هەڕەشه و گوڕەشه نەکەی. زەمانی وەی نەماوه خەڵکی ئاقڵ کەی یا ناو و ناتۆرەی لێ نێی.

برایماغا:

دم ڕووت ئەو قسانەی تۆ ڕاست وه قسەی ئەو کافرانه دەچن که دەیان هەوێ نەزمی وەلاتەکەمان تێک دەن. بەگژ هەموپیاوه موحتەڕەمەکان دا دەچنەوەو خۆیان لێ کردووینه چەته به شاخانەوه. نه ئاغایان دەوێ، نه شێخ و جاری وایه پەلامار دەدەنه مەلای دوازده عیلمیش.یا له گژ دەوڵەت را دەچن. پێیان وایه به دوو تفەنگان دەتوانن ئەو وەلاتەی بشێوێنن. حەسەن، حەمه، خوله دا پێم بڵێن ئەو هەتیوه کێ یه، با تەیافەکەشی لەگەڵ تەمبێ کەم.

حەسەن و حەمه خوله به قسەکانی هیوا برِێک تینیان تێ گەڕابو و غیرەتیان جوڵابو. وێکرِا گوتیان:

جا بۆ قوربان خۆ کوفری نه کردووه.

ئەوه زۆر کوڕێکی چاکه. مەلا هیوا خەڵکی ئێره نییه و فەقێ یه. کوڕێکی هەتا بڵێی به عەده به. خەڵکی دێ هەمو خۆ شیان دەوێ. برِوا بفەرمو له گەڵ جەنابیشت مەنزوورێکی خراپی نەبو.

برایماغا:

مەلا هیوا، مەلا هیوا. پەح لەو مەلایەی. ئەوه بۆمان دەبێته مەلای دوازده عیلم و میحرابی مزگەوتێمان لێ دەگرێ؟ دەک خوا وەخێری نەگێڕێ. کوڕه خۆ ئەو ڕەش و ڕووته له برسان مردوەی به نانی بەردەرکی مەش گەوره بون، لایەنی وی دەگرن. حمم لەو زەمانەی ، چ دەبیەین وچمان چاو پێ دەکەوێ. کوڕه خۆ ئەو مردوانەش زاریان هەڵدەپچڕێ. وەڵڵا بابه هەر ئەوه ماوه مردوی سەر قەبرانیش ، ئەوا نەی له ژێر زەبر و زەنگی باب و باپیرانی مەش دا ئاخر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەناسەیان لێ بڕاوە لێمان زیندو بنەوە. ئەگەر برایم، برایم بێ هەموتان ئاقڵ دەکا. بەو هەڕەشە و گوڕەشانەوە هەستاو ڕۆیی. یەکسەر ملی ڕێیەی گرت بەرەو ماڵی سلێمانی ئامۆزای.

سلێمان هەرچەندە خزمی برایماغا بو، شەریکی ئەو زوڵم و زۆرە بو کە لە هەژارانیان کردبو، بەڵام زیرەک وخۆڕێکخەر بو. قەت نیەتی خراپی خۆی بۆ خەڵک دەر نەدەخست. بە ڕواڵەت سەر و زمان خۆش و چاکە خواز بو. بە تایبەت لەو کاتەوە کە دەنگی دلێری پێشمەرگە لە چیاکانەوە دەبیسترا، کوردێکی زۆر ئەسڵ بو. دەگەیشتە هەرکە سێ بزە یەکی دە کرد، چاوێکی دادە گرت، دەستێکی بە لایەکی سمێڵی دا دێنا، بڕێک بەملا و ئەولای خۆی دا دەڕوانی و دەی پرسی:

ئەرێ خەبەرێکت لە کوڕەکان هەیە؟

تەنانەت توانیبوی چەند جارێکیش خۆی بگەیەنێتە نێو پێشمەرگەکان، بە چاوێکی فزوولانەوە سەنگ وسوکیان بکاو بزانێ چیان لەباران دایە. ئەوەی بە تەواوی لێی ڕوون ببۆوە کە ئەوانە شۆخیان پێ ناکرێ. لە خۆ بووردون و ئەگەر بیان هەوێ و بە قازانجی بزانن، زۆر هاسان دەتوانن نرکە لەو کەسانە ببڕن کە لەسەر هەژاران خۆیان کردوەتە شێر و بە پشتیوانی ژاندارم زوڵم و زۆر لەو خەڵکەی دەکەن.

برایماغا هەر وەژوور کەوت دەستی کرد بە زووخاو هەڵڕشتن:

کوڕە سلێمان هەروەختە لە داخان چەقوێکی لە وورگی خۆم دەم. بڕوا بکە ئەمشەو یەک ، دوو کەسان دارکاری نەکەم وکوڵی دڵی خۆمیان پێ نەڕێژم، دیق دەکەم.

سلێمان بە پەکەنینەوە:

چیە برایم دیسان ڕەگی ملت ڕاست بوەتەوە، چت لێ قەوماوە؟ کەس چووزی پێوە نەکردوی؟

برایماغا:

هەتیوە ئەتۆش لەو قسە قۆڕا نە گەڕێ. پیاوی وەک تۆمان هەبێ چووزوانیشمان پێوە دەکەن. شەو و ڕۆژ بەدەم ئەو لە برسان مردوانەوە پێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەنی . ئاخر لە بێ زیپکی تۆیە، جورعەت دەکەن لە حاست منیش دا قسە بکەن.

ئی وەک حەسەنۆکە و حەمەچلْمن و خولە ڕێویش لە بەرامبەر من دا زاریان هەڵدەپچڕێ. ئای دنیا قونت نەمێنێ، کوڕە هەتیوێکی دەمڕووتی لێ بو گۆیا فەقێ یە، ناوی هیوایە!چاو ئەو هەتیوەی ، بەجارێک زاری لێ کردبومەوە. بێ و نەبێ ئەو هەتیوە کەین و بەینێکی لەگەڵ چەتەکان هەیە و بەوان دەخوڕێ، دەنا چۆن دەیتوانی ئاوا لەگەڵ من بدوێ.

سلێمان:

ئاها، کاک برایم ووردە ووردە تێ گەیشتم چ دەستەگوڵێکت بە ئاو داداوە. بێ و نەبێ خۆت کردوەتە وەکیلی دەوڵەت و شەڕی پێشمەرگانت بۆ خۆت کڕیوە. کوڕە برایم چەند جار پێت بڵێم، پیاو دەبێ لە گەڵ زەمانەی بسازێ. زەمانە لەگەڵ ئەتۆ ناسازێ. ئەوڕۆ ئەوانەی ئەتۆ پێیان دەڵێی چەتە، کونە مشکیان بە ژا ندارمان کردو نە قەیسەری. خۆ دەو ڵەت بەو زل و زەبەلادیەی خۆ یەوە لەبەریان دەلەرزێ. نەکا هێندە لە خۆت ڕابینی جنێوت بەوانیش دابێ. ئەوا پێت بڵێم برایم ئەوان ڕەش و ڕووتە ڕەعیەتەکەی خۆمان نین، چۆنمان پێخۆش بێ وایان ڕەفتار لەگەڵ بکەین، تازە ڕەعیەتیش وەک جاران نەماون قەبوڵ ناکەن. بەسەری تۆ زۆری لەسەر بڕۆی ئەوانیش گەلەکۆمەگیت لێ دەکەن و چاک چاکت پێ دەکەن. کوڕە جاران ئێمەمانان دەمانتوانی دارکاریان بکەین، چونکە هەریەکەی بە تەنیا دەچوینە ویزەیان. ئێستا هەر ئەوانەی کە بە چەتەیان دەزانی وایان ئەو میللەتە وێکخستوە و لێکیان خڕ کردونەوە، قسە بە یەکێکیان بڵێی پازدەت لێ دەردەپەڕن. جگە لەوەش خۆ تا ئێستاش ئەوانە بە زمانی خۆش ملْکانەی خۆیان هەر دەدەن. خۆ بە خوای قسەی خۆمان بێ هیچیشمان نەدەنێ چمان پێ لەگەڵ ناکرێن.

برایماغا:

سلێمان ئەوە دەڵێی چی ؟ بە قورعان هەر ئەوەندە ماوە لەسەر ئەو ڕووتەڵانە بە گژیشم دا بێی.ئەوە هێندە ترساوی؟ وا وەک کیسەڵی سەرت لە قالبی خۆت ناوەتەوە؟ کوڕە سێ، چوار تفەنگچی لەو شاخانە چیان پێ لە گەڵ دەوڵێتیکی ئاوا گەورە دەکرێ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سلێمان:
برایم خۆ دەتوانن ژیان لە من و تۆ بکەنە زەهری مار و تەنانەت بە گوللە یەکی ساردیشمان بکەنەوە. دەوڵەتیان پێ نارِوخێ، بەڵام دەرەقەتی ئێمەمانان دێن.
برایماغا قاقایەکی لێ دەدا:
بەخوا پیاوێکی تەواوی، کورِە بە قورعان تەواو ترساوی. باشە ئێمە ئەو دەوڵەتە گەورەمان لە پشت بێ، دەبێ لەو چوار چەکدارانە بترسین؟
سلێمان:
ئەمن نەترساوم، بەڵام ئەتۆ هەر لە گوێی گای دا نوستوی. دەوڵەت بۆ لە پشت من و تۆیە. بە خوای برالە کەوڵیشمان بە کایە باخنەوە، خۆمان تێ ناگەیەنن. هەر ئەوەندەیە تا کاریان پێمانە و بە گژ خەڵکمان دا دەکەن، دوایە هەر خۆشمان لێ بە ساحەب ناکەن. برایم پیاو دەبێ زەمانە بناسێ و بەخۆرِایی ژیان لە خۆی تێک نەدا. ئەگەر لە من دەپرسی، پێویستە لە بنەوە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە هەبێ وجار و بار کۆمەگێکی ماڵیشیان پێ بکەین. ئەوان جارێ هەر لەگەڵ دەوڵەتیانە و کاریان بە سەر ئاغاو شتی واوە نییە. ئەوان بۆ کوردی دەکەن و هەموو کوردێک بە برای خۆیان دەزانن.
برایماغا:
بە خوا تەرِ هەمو کوردێک بە برای خۆیان دەزانن سلێمان. ئەوەنیە لەوەتی ئەوانە پەیدا بون رِەش و رِووت زاریان کراوەتەوەو کەس بە پیاو نازانن. ئەوان ئەگەر رِاستیان دەکرد دەبو تەنیا دەستیان لە گەڵ مە پیاوە ماقوڵەکان هەبێ و خەڵکەکەی دیکەش بە مە بسپێرن. ئەگەر رِاست دەکەن بۆ ئەو خەڵکەی عایدی مە ناکەن. دەچن دەبنیەوەو قسانی بۆ دەکەن و فێری دەمهەراشیەی دەکەن. ئەدی بۆ جارێکی بە ئیحتیرِامەوە لە گەڵ مە نادوێن و سەرمان لێ نادەن. خۆ جاران حیزبی دێموکرِات وانەبو.
سلێمان:
برایم ئەوانە لە گەڵ دێموکرِاتەکانی قەدیم فەرِقیان هەیە. دەیانهەوێ هەموو میللەتی لە خۆیان باڵێنن. بە خسوس فەقیر و هەژاری. ئەوانە لە بیریانە چۆن زەمانی قازی محەممەدی رِەیس عەشیرەت و ئاغاکان پێشبرِکێیان دەکرد بە پێشوازی دەوڵەتێوە بچن. دەڵێن تازە کاری وا ناکەین. قسەی خۆمان بێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەقیا نە. ئە مە تەنیا لە مە سڵەحەتی خۆ مان دە گەڕێین. ئە گەر خەڵکە کەی بەردەن و ڕوو لە مە کەن، بە خوای کە سیان پشتیوان نابێ. ئەو خەڵکە بە دڵ وگیان لە گەڵیانە. شە و ورۆژ کاریان بۆ دەکا. لە خە تەر دا فریا یان دە کەوێ و نانیان دەگە یەنێتێ. با شە ئەتۆ حازری بە نیوە شەوێ هەمبا نە نانی بە کۆڵە دادەی و بیگەیەنیە سەری بەندەنێ بۆ ئەوان؟

برایماغا:

ئەرێوەڵڵا هەر ئەوەندەم مابو نانی بە کۆڵێ دادەم و نیوە شەوێ سەریخەمە بەندەنێ بۆ جەنابیان. هەتیوە ئەوە شێت بوی؟ بۆ ئەمن تا ئێستا دەستی خۆ شم بۆخۆم شتون. لە بیرت نیە ئێستاش دەبێ کەسێک ئاوم بە دەستی داکا؟

سڵێمان:

دەجا کاک برایم ئەوان کەسێکیان ناوێ ئاوی بەدەستی داکەن. ئەوان کە سێکیان دەوێ وەک خۆیان لە خۆبوردو بێ.

برایماغا:

بەخوای سڵێمان ئەمن دانوم لەگەڵ ئەوانە ناکوڵێ. ئەمن ناتوانم دە ست لە خو و ڕەوشتی باب و باپیرانی خۆم هەڵگرم. لە قەدیمەوە گەورەو چوکا یەتی هەر هەبوە، خوا وای داناوە. هی وایە بە ئاغا دروست بوەو هی وایە بە گاوان و هی واشە بە شوان. نەزمی خوای تێک نادەم. تازە چما شێت بوم سڵێمان، وەختێک من بە ئاغا دروست بوم بۆ لە خۆمی تێک دەم.

سڵێمان:

برایم کەس بە دڵی خۆی پێی خۆش نیە لە خۆی تێک دا. بەڵام وەختێک پیاو دەبینێ زەمانە خەریکە لافاوێک هەڵدەستێنێ و سەرو ماڵی پیاوی لەگەڵ ئەخۆی دەبا، مەجبورە دەست بۆ پچکە دارێک بەرێ و هەر نەبێ سەرەکەی ڕزگار کا.

برایماغا:

براله ئەو قسانەی پێ ناوێ سڵێمان. چە تەکان بۆ تۆ، دەو ڵەتیش بۆ من. ئەتۆ ئەوان بگرە زۆر پیاوێکی بەکاری و شەو ڕۆیت پێ خۆ شە. ئەمنیش دەو ڵەتێ دەگرم، ئەهلی دیوەخان و ئەمر و نەهی کردنم. ئەمن لە شاری و ئەتۆش لە دێی. ئاگاشمان لە یەکتری دەبێ و هەریەکەمان فشاری بۆ هات، پەنا بۆ ئەوەی دیکەمان دەبەین. ئەگەر دەوڵەت لە تۆی هەڵکێڵا برایم لە وێ یە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەر ئەو چەتانەش جورعەتیان کرد بەلای من دا بێن، ئەوا ئەتۆ دەبێ لەسەرم وەجواب بێی.

سلێمان:

برایم ئەو قسانەت کەمێک ئاقڵانەن. بەڵام یەک کەریەتیت تێدا ماوە. ئەویش ئەوەیە کە بە زاهیریش ناتوانی زمانی خۆت گرێ دەی. بابم ئەگەر بمانەوێ ئاوا بیگوزەرێنین، دەبێ بە ڕواڵەت چاک بدوێین. مەسەلەن جەنابت لێرە لە دێی نابێ بڵێی چەتە. ئەوان پێشمەرگەن. دەبێ دوژمنایەتیی خۆت دەرنەخەی، دەنا بە خوای چ بە من ناپارێزرێی.

خۆ ئەمنیش ئەگەر هاتمە شاری ناکرێ بەوان هەر بڵێم پێشمەرگە و جنێوان بە دەوڵەتێ بدەم. ئاوا ڕەنگە بۆمان بچێتە سەر . جا قوربان هەوەڵ کاری جەنابت ئەوەیە لە کن حەمە،حەسەن وخولە و فەقێ هیوای قسەکانی خۆت چاکەیەوە. پێشمەرگەکان کەمێک لێرە دوورن ورەنگە تا ماوەیەکی دیکە سەر لەو ناوەی هەڵنەهێنن. جا دەبێ کارێکی وا بکەی تا ئەوکاتەی دێنەوە دڵی ئەوانە چاک بوبێتەوەو لە لای پێشمەرگەکان شکایەتت لێ نەکەن.

برایماغا:

یانی ئەوجار دەتهەوێ دەستەو دامێنی ئەوانە بم کاک سلێمان. ئەمن بە تەمابوم ئەوشۆ پێکەوە ڕێ ورەسمی دارکاری بەرێوە بەرین و ئەوانە تەمبێ کەین. دەک دنیا چەرخت وەرگەرێ، ئەوە بۆ وا بە قورێ گیراوی. جاوەرە برایم مەجبور بێ بچێ لە حەسەنۆکەو حەمەچڵمن و خولە ڕێوی بپاڕێتەوە لێی خۆش بن.

سلێمان:

دەی بابە بۆ هێندەی لە خۆتی قورس دەکەی. ئەوانە خەڵکی ساویلکەن و چیان لە دڵ دا نییە. خۆ پێی ناوێ لێیان بپاڕێیەوە، هەر ئەوە ندەی دوو قسەی خۆشیان لە گەڵ بکەی و برێک بە زاریانەوە پێبکەنی هەمو شتێکیان لە بیر دەچێتەوە. وەڵڵاهی هێندە فەقیرن بە قسێکی خۆش هەزار دارکاریش لە بیر دەکەن. ئاخر ئەوانیش مردووی قسەی خۆشن. بە عومری خۆیان گوێیان لێ نەبوە. ئەو پێشمەرگانەش هەر بە قسەی خۆش توانیویانە وەدوای خۆیان دەن. خۆ تا ئێستا چ کەرەیان بۆ بەزەنگ نەکردوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برایماغا:
باشه، باشه ئەگەر هەر ئەوە بێ بەڵکو بتوانم فشار بۆ خۆم بێنم و کەمێک نێوچاوانم لە حاست ئەوانە بکەمەوە. هەرچەند زۆر زەحمەتە. بابم بە ڕەحمەت بێ دەیگوت:
ڕەعیەت وەک ماری وایە، پێی لەسەری نێی تەسلیمت دەبێ و چت پێخۆشە لە گەڵی بکە. بەڵام دەستی بە کلکی دا بێنی سەر هەڵدەگێڕێتەوەو پێتەوە دەدا.
سڵێمان بە پێکەنینەوە:
دیسان ئەو نەزیلە قۆڕەت گێڕایەوە. کوڕە بە ناشکوری ناڵێم قەدیمیەکانمان هەر ورێنەیان کردوە. تازە زەمانی وان بەسەر چو لە گەڵ وان ڕۆیی. خۆ ئەتۆش لە خۆشیان ئەوەی ناکەی، مەجبوری. بەخوای ئەگەر ئەوەی نەکەی دەبێ تەرکی ئەو دێ یەی بکەی و دەستیش لە مڵکانە و شتی وا هەڵگری و لە بن دەرکەی جەناب سەرەنگی ببیە دەرکەوان. خۆ مڵکانەت نەبێ و جار و بار مەجلیسی ئارەق خواردنەوەی جەناب سەرەنگی خۆش نەکەی، ئەوانیش بە دەرکەوانت ڕاناگرن. جا چی تێدایە ڕوویەکی خۆش بدەی بە خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەی خۆت. ئەی بۆ بۆ خانمی سەرەنگی گەز و نیوێک دوولا دێیەوە. خوادەزانی چەندی....
برایماغا:
دەباشە، باشە کاک سڵێمان ئەوەش دەکەم بە خاتری تۆ. ئەرێ بابم بە ڕاستی برسیمە، خۆ لە بەر قسان نان و چاشمان لە بیر چوەتەوە. وا دیارە مەسینە و ئافتاوەشت هەڵگرتون. زەمانە ڕێگات پێ نادا نۆکەرێک بۆ ئەو شتانە ڕاگری. دەبێ ئەو زەجرەش تەحەممول کەم و بۆ خۆم بچم دەستان بشۆم.
سڵێمان:
برایم بەسەری تۆ جەوری زەمانە دەتکاتە پیاو. جاران دەتگوت خانمین، دەبو چاشمان بە زاریەوە کەن پیاو. دەنا ئەمن ئێستام پێ پیاوانەترەو.
برایماغا:
ئەتۆ کەیفی خۆتە سڵێمان. بەڵام ئەمن هەر لە سەر دەستوری خۆمم. لە شاریش ئافتاوە و مەسینەی خۆم هەر هەن. وادیارە چەرخ گۆڕاوە، شار بۆ ئاغایەتی لە دێی چاترە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سلێمان هاوار دەکا:

ژنینە، نانی بێنن، نان.

ژنێکی بە ساڵداچو بە مەجومعەیەکی گەورە وە دێتە ژوور. سینیەکی گەورەی مس کە قەراغەکانی کەندەکارین و لە نێوەڕاستی دا گوڵێکی زۆر جوانی لە سەر هەڵکەنراوە.

دوو دەوری پڵاوی لەسەرە، قەڵاپچن لە پڵاو. هەردووک دەوریەکەش مسن. دوو دەوری دیکەی لەسەرە کە هەرکامیان مریشکێکی سورکراوەی تێدا پاڵ خراوە. نێو سینگی مریشکەکان پڕە لە بادام وبرنجی بریانی و ووردە گۆشت وشتی وا کە بە زەردەچێوەو بەهاراتی دیکە ڕەنگین کراوە. تونگەیەکی شوشەی گەورە پڕە لە دۆ کە سەرەکەی بە گوڵ و شویتی ووردی و شک ڕازاوەتەوە. دوو جامی سوپخۆری پڕن پڕن لە خۆر شتی گۆشت و لوبیا و بە دەوری ئەوانەش دا قاپی چکۆڵەی ترشیات و مورەبا و ماست دانراون. لە سەر قەراغی مەجومعەکەش نانی درێژ و تەنک سپی وەک بەفری و ناسک وەک نانەشەکرە دانراوە.

برایما غا برسی بو، دەتگوت حەوت شەو و ڕۆژە گێرەی دەکا و هیچی نەخواردوە. پەلاماری نانی تەنکی دەداو بەئەندازەی پەنجەدەستێکی لێ دادەدڕی. ئەو پەلکە نانەی بەسەر بەشێک لە برینجی سەر دەوریەکە دادەدا. بە دەستی بای دەدا و پاروێکی گەورەی لێ دەپێچایەوە. پاشان لە زاری دەنا و خێرا ، خێرا دەی هاڕی. پڕی دەدایە پارچە گۆشتێک، بەشێکی لێ دەپچڕی و بە دوای پاروە برینجەکەی دا بەڕێی دەکرد. پاشان کەوچکێک خۆر شتی بەسەر دا دەکرد. جار و باریش دەستێکی بۆ ترشیات، مورەبا یا ماست دەبرد. هەر بە ماوەیەکیش یەک لیوان دۆی بەسەر دا دەکرد. سلێمان بە خوا دۆیەکی خۆشە. ئەوە بەو زستانەی چۆن دۆتان بۆ ساز دەکرێ، شیرتان هێندە زۆرە؟

سلێمان:

برا لە دێهات ئەو قازانجانەشی هەیە. ئەتوو لێن بویە شارستانی و لە بیرت چوەتەوە چۆناوچۆن بە زستانێ دۆی دروست دەکەین، هەرچەند شیریشمان نەبێ. برا لە ئەوە دۆکەشکە، بۆخۆت نازانی کە شکان دەخوسێننەوە و لێکیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسون و بە چاکی دەیان توێننەوە و ئاویان دە پاڵ دەکەن. جا باش دەیان ژەنن و دەبێتە دۆ.

برایماغا:

کوڕە بە قوڕعان ڕاست دەکەی، هەر لە بیرم نەمابو.

سلێمان:

بابە ئێستا فێری پیپسی و فانتا و شتی وا بوی، کوا دۆت لە بیر دەمێنێ.بەخوای ڕەبگە لەگەڵ عەجەمان فێری شتە تاڵەکەش بوبی. هێندەیان لەگەڵ تێکەڵی . هەرکەس هێندە لە گەڵ جەماعەت تێکەڵ بێ خووی وان دەگرێ.

برایماغا:

بزەیەکی هاتێ و برِێک شانی بە نیشانەی ، بڵێین چی،بڵیند کردن. پاشان بە تو ندی دەستی بە خواردن کردەوە. ئەوەندەی خوارد، هەناسەی لێ برِا. سلێمان لە مێژ بو تێری خواردبو، تەنیا بە خاتری وی جار و بار دەنکە برینجێکی داویشتە زاری، دەنا تێر ببو.

بەیانی کە لە خەو هەستان ڕۆژێکی زستانی زۆر خۆش بو. هەمو خەڵکی گوندی لە سەر بانان بون. هێندێک پێکەوە قەدەمیان لێ دەدان. هێندێک مێشێنیان دەکرد و کۆمەڵێکیش لە بەر بەڕۆچکی لەسەر بەردان دانیشتبون. کوڕە لاو و مێردمندا ڵەکان بە پەرۆ شەوە تەما شای زەو یەکانی خوارەوەی ئاوایی یان دەکرد. ئەوان لەو زەویانە دا تەڵەیان بۆ باڵدارەکان نابۆوە. تەلەی ئەوان بریتی بو لە تەختەیەکی پان کە چەندین کونی تێکرابو. بەو کونانەدا تالە مووەکان کە لە تالە مووەکانی کلکی ئەسپ بادرابون بە سینگێکی چکۆلەی تەختە داکوترابون. ئەو داوانە قوڵفە دەکران و ڕاست رادەگیران. قوڵفەی ئەوەندە گەورە کە لاقی باڵندەکانی تێوە بچێ. تەپکەکان لە سەر بەفری دادەنران، کاو وکۆتیان بەسەر وەردەکرا و هێندێک گەنمیان لەسەر ڕۆ دەکرا. باڵندەکان کە لەو دنیا بە بەفر داپۆشراوەدا بۆ ڕەشانگێک دەگەڕان بەڵکو هێندێک خواردەمەنی لێ بەدەست بێنن، بە زەوقەوە خۆیان بەسەر ئەو تەپکانە دادەدا و کاتێک گەنمی سووریان دەدی کەیفیان بەجارێک ساز دە بو. بێ خە بەر لەوەی چ چارەنو سێک چاوەڕوانیان دەکا. بە هەڵبەز دابەز بەردەبونە دان چنینەوە و لە نکاو لاقیان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داوان ڕاده چو و ڕ یوه ده بون. ئەوا نەی ڕزگاریی شیان ده بو هه ڵدەفڕین.
منداڵەکان کە چاویان لەو باڵە فڕکێیە دەبو وێکڕا هاواریان دەکرد:
گرتی، گرتی ئەڕێوەڵلا گرتی.
بەغاردان به نێو بەفر دا بەرەو تەپکەکان ڕا یان ده کرد. منداڵی وا بو هەتا ئێواریێ لە نێو بەفر دا هەڵات هەڵاتی بو. بۆ مندا ڵە دێهاتیەکان ئەو ڕاوه باڵندەیە سەرگەرمی و سەیریکی خۆش بو، جگە لەوەی جار و بار نێچیری جوان و به تامیشی وەدەست دەخستن.
ژن و کچەکانی گوندی بەرەو کانی ژنان لە هات و چۆ دابون. کانی ژنان کە زۆرتر وەک کۆخێکی گەورە ده چو، هەمیشه پورەی دەدا. دەستەیەک لێی دەهاتنە دەر ودەستەیەک دەچونە ژوور. ڕێگای کانی ژنان جێگای خۆڕانانی کچە لاوەکانی ئاوایی بو. هەر جل و بەرگێکی جوانی هەیان بو لە بەریان دەکرد و گۆزە لە سەر شان بە لەنجەولار بە بەردەمی کوڕە لاوەکان دا، کە لەم بەر ئەوبەری ڕێگا بۆسەیان بۆ نابۆنەوە، خۆیان بادەدا. هی وا هەبو زۆر لە پێویست زیاتر ئاوی دەکێشا. ئاخر نەدەکرا ڕۆژێکی هەتاو و پر شنگداری زستانی، به هاسانی لەدەست بدەن. چەند جار بە ئانقەست گۆزە ئاوەکانیان وەردەگێڕا، یا بێ پێویست مەسرەفیان دەکرد و دیسان بەرەو کانی وەڕێ دەکەوتنەوە. لەو هات و چۆیە دا گەلێک نیگا دەگۆڕدرانەوەو زۆر کەین و بەین بە ئیشارەی چا و برۆ پێک دەهاتن. کوڕە لاوەکان ئۆقرەیان لێ هەڵگیرابو. بە دەسحێب بادان و خۆڕانان لە دەور و بەری ئەو ڕێگایە دەخولانەوە و هەی لەوەی ئازا بێ و نێچیری خۆی لە داو خا و بە ئیشارە بەڵێنێکی لێ وەرگرێ. تا ڕۆژ ئاوادەبو و سەرما زۆری بۆ دێنان بۆ دڵی خۆیان هەوڵیان دەدا.
هیواش پێی خۆش بو لەو سەودایەدا بە شێکی هەبێ. بەلام ڕێگایەک کە گرتبویە پێش و هێندێک شەرمێونی لە ڕاددەبەدەر هەمیشه کۆسپ بون لە سەر ڕێگای. لە ڕۆژێکی زستانی ئاوا زێوین دا لە نکاو دڵی زۆری بۆ دێنا و خۆی کۆک و پۆشتە دەکرد و دەردەکەوت. وەدوای قسەی دڵی دەکەوت و بە پەلە بە نیازی نێو کۆڕی لاوانی ئاوایی دەهاتە دەر، کەچی هەر چاوی بە پیاوە بە ساڵداچوەکان دەکەوت، کە زەحمەت و ڕەنجی زەمانە نێوچاوانی پڕ چرچ و لۆچ کردبون، هەر کە پشتە دەستی قەڵش، قەڵشی ئەو ڕەنجدەرانەی دەدی کە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوێرەوەی دەیان ساڵە لە بەر یەک هەڵوەشابون، خەباتی بێ وو چانی وەبیر دەهاتەوەو بێزی لە هەواو هەوەسی هەرزەکارانە هەڵدەستا. لە جیاتی کۆڕی لاوان ڕووی لە نێو کۆ مەڵی وەنێو کەوتوان دە کرد. ئەوانەی لە بەر بەرۆچک خۆیان هەڵخستبو و زووربەی کاتی خۆیان بە گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی ژیانی پڕ دەردی سەری دەبردە سەر.

هیوا ئەورۆژەش وە کو هەمو ڕۆژە کانی دیکە لە خۆی نو سا، بەڵکە بتوانێ بەسەر هەستی بەرپرسایەتی خۆی دا زاڵ بێ و ئاورێک لە دڵی لاوانەی خۆی بداتەوە. هەر نەبێ نیگا یەکی شەرمێونانە لە گەڵ مامز بگۆڕێتەوەو کەمێک ئاوری دەرونیی خۆی دامرکێنێتەوە. کەچی وەختێک گەیشتە جێگای ڕاز و نیاز، دیسان هەر ئەو کێشە شۆڕشگێڕانەیە ڕووی پێ لە نێو کۆمەڵی بە ساڵدا چوان کرد. زۆری پێ نەچو حەسەن و حەمە و خولەش سەر و گوێلاکیان پەیدا بو. هاتن لە دەوروبەری هیوا دانیشتن و وەک بیان هەوێ ڕازێکی لە کن بدرکێنن چاو یان تێوە بڕی. بۆ ماوە یەک هەر چوار یان تێک ڕامابون و هیچ قسەیان نەدەکرد. لە نکاو حەسەن پەردەی بێدەنگی دڕاند و گوتی:

ئەرێ کاکە مەلا دەڵێی ئەو کابرایە بەو جستانەی تووشی گێچەڵێکمان نەکا؟ بەو خولایەی دەچینە بەر دیوانێی شەوی ئەوشۆ نە ئەمن، نە حەمە و نە خولەش خەومان لێ نەکەوتوە.

هیواش کە بە پشتیوانی نوری باوەڕ لە هیچ کەس و هیچ ڕووداوێک نەدەترسا، هەمیشە ڕقی لە دوورە پەرێزی و ترسی دێهاتیەکان بو. زۆر جار بە توندی بە گژیان دا دەچوو سەرکۆنەی دەکردن کە لە خۆڕا ملیان بۆ هێندێک ئینسانی بە فڕ و گیشاڵ نەوی کردوە. هەرکە حەسەن ئەو قسانەی کرد بە جارێک لە کورە دەرچو:

بریا هەمووتانی دەبرژاند و دەی کرد نە کەباب. کوڕە عەیب ناکەن هێندە دەترسن؟ باشە ئێوە چتان هەیە لە دەستی بدەن؟ چتان لە ژیان چێشتوە هێندەی لە غەمێن. بش کوژرێن قازانجتانە لەو کوێرەوەریە ی خەلاسیو دەبێ. ئاخر زەلامی وەک ئێوە بۆ دەبێ هێندە لە برایماغا یەکی ڕیوەڵە بترسن. دەتوانێ چتان لە گەڵ بکا، قسێکی پێ گوتن، دوانی پێ بڵێنەوە. زللەیەکی لێدان، سێ زللەی لێ بدەنەوە. بابزانم دەتوانێ چ بکا. بەڵام ئێوە هەر سەر و بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داذستوەو ئەویش زۆر تر سواری ملتان بووە. دە نا ئەویش بنیادەمێکە وەک ئێوە.

مام ساڵح کە لە پەنایان دانیشتبو و گوێی لە قسەکانی هیوا بو، هەڵی دایە:

ئای فەقێ قیتە، جارێ تاڵی و سوێری زەمانەت نەچێشتوە. جارێ قەت بە چلەی دِستانێ بە پێیان دە ڕێ یە نەکراوی بەرەو ڕەزایەی. بەو خوایەی لە ژوور سەریە ئەوی ئەمن دیومە ئەتوو بی بینی ناوێری لەکن ژنێ خۆشت قسان بکەی. دە جا دەی، با جارێکت شێلاق وێ کەوێ، بە خوای فزەت نایە. دە جا دەی. با سەرا و بنت هەڵاوەسن و تەپاڵا نت لە بن لوتی بسوتێنن، دەذگت دەرنایە، دەجادەی. هەر قسێکی دەکرد و دەجار دەیگوت، دەجادەی.

هیوا ئاوڕێکی دایەوە بۆ مام ساڵح:

مامە جا ئەتۆ چوزانی باسی کێ دەکەین. بێ بەڵابی هێندە دەجا دەی، دەجا دەی دەڵێی و دەڵێیەوە.

مام ساڵح:

ئای، چۆن دوێنێش ئاگام لێ بو لە گەڵ کێ تێ کەوتبوی مەلا. چۆن برایماغایە، برایماغا. ئەوی ئەمن لە دەستی ئەو زاڵمەم دیوە، خوا ڕوحم بە جوانیت بکا و دەستت لێ هەڵگرێ.

لەو قسانە دا بون دیتیان برایماغا لە دوورەوە بەرەو ڕوویان هات. مام ساڵح ڕووی لەوان وەرگێڕا و بە بۆڵە گوتی:

ئەمن لە گەڵ وەنیم براینە. ئەمن بەشی خۆم دیوە،هەر ناشتان ناسم.

هیوا:

هەڵێ با نەخورێی. هێندت لە دنیا ماوە با لە دەستی نەدەی. ئاخر هەمو پیری گیان خۆشەویستی وەک تۆ، هی وەک برایماغایان وا هار کردووە.

مام ساڵح:

پەکو، لە جحێڵی دەو زەمانەی. کوڕە خۆ برایماغاش ئەوا هات قسەی هەروا زلن. ئێستا دەت بینم چۆن مەجبور دەبی لە بەر پێیانی بکەوی. کاکی خۆم ئەدی دەجا دەی. زۆرم دیون، دەجا دەی.

حەسەن و خولە و حەمە خۆیان هەڵێنابو. متەقیان لە بەر نەدەهات. برایماغا ڕاستەوڕێ ڕووی دە لای وان کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن و خوولە و حەمە زۆر ترسان. مام ساڵح بە قونە ذشكە بڕێک خۆی لەوان دوور خستەوە.
هیوا هێندێک سەری خۆی هەڵێنا و خۆی بۆ بە گەژداچونەوەیەکی توند ئامادە کرد:
کوڕە چ دەقەومە با بقەومێ. وەڵڵاهی یەک قسەی زیادی بکا، لە بەر جاوی ئەو مردوانەی لێرە دانیشتون، لە بەر چاوی ئەو ژن و منداڵەی بێرەدا ڕادەبرن و لە بەر چاوی ئەو منداڵانەی لە تەپکان ڕاماون، هەتا زگی دێشێ تێی هەڵدەدەم. با ئەمن ئەو بووتەی بشکێنم، دوایە ژاندارم هەرچی لە دەستیان دێ با بیکەن. وەک کە ڵەشێر هاتبۆ سەر قجان.
حەسەن و حەمە و خوولە حاڵەتی هیوایان دی هێندەی دیکە ترسان. هەرسێکیان بە لەرزەلەرز وەدەنگ هاتن و گوتیان:
کاکە مەلا بیکە بە خاتری خوای چیدی لە گەڵ ئەو کابرایەی دامەبەستە. بابم ژن و منداڵن هەن. ئەتوو سەڵت و قوڵتی بە خەیاڵت دانایە. بابم ئەمە خۆی لە بەر پێی داوێین و ئەتۆش هەتا نەگەیوەتە ئێرە هەستە برۆ. بە خوای دەترسین شتێکی لێ ساز بێ خوێن سەران بەرێ.
هیوا زۆر تورە ببو، بە جارێک ڕەگی غیرەتی هەستابون. بە توڕەییەوە ڕووی تێ کردن و گوتی:
دەک جەرگو خرا بێ پیاوینە،ترسەنۆکینە.هەستن ئێوە هەڵێن با ئەمن بخوا. با بزانم چ غەڵەتێکی پێ دەکرێ. نەڕاندی:
هەستن ئێوە بچنەوە باوەشی ژنەکانتان با نەخورێن.
هەمو ئەوانەی لەو دەور و بەرە دانیشتبون گوێیان لە بو. تەنانەت ئەو کچە لاوانەی لە کانی ژنانیش ڕا دەگەڕانەوە، یا بەرەو ئەوێ دەڕۆیشتن. مامز ڕاست لەو کاتەی دا لە راستی هیوا دەڕۆیشت. کە گوێی لە دەنگی مەردانەی بو، هەندەی دیکە شێت و شەیدای بو. خۆی بۆ ڕانەگیرا، گۆزە ئاوەکەی داناو بە عالەمی ئاشکرا ڕووی لە هیوا کرد و بزەیەکی ئاشقانەی بۆ کرد. خەڵکەکەی دەوروبەر دەستیان بە پچە پچ کرد:
ئەوە لە گەڵ کێیەتی. لە گەڵ کێیەتی.
لە مام ساڵحی ڕا بڵاو بۆوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له گەڵ برایماغا یەتی، لەگەڵ ئەو زاڵمەیەتی.
بە کچەکانیش گەیشت:
لەگەڵ برایماغایەتی. لە گەڵ برایماغایەتی.
لاوەکان دەستیان لە مێشێن هەڵگرت:
لە گەڵ برایماغایەتی.
منداڵەکان تەپکەکانیان بەجێ هێشت.
پاشان بە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا ئەو قسانە بڵاو بونەوە:
خوا رو حم بە جوانی بکا. زاڵمە ئەوا ڕاست بەرەو ڕووی دێ، خوا ڕو حم بە جوانی بکا.
مامز ئاوری گرتبو. لە گەڵ هیوای دەتگوت خوا بۆ یەکی داون. ئەویش کچێکی نەترس بو. لە کچەکانی هاواڵی کوتا:
ئەرێ بە جەرگ نییە؟ بەو خوایەی لە گوڵێی کاڵتر پێ بڵێ، ئەمنیش بە و گۆزەیەی سەرو گوێلاکی دەشکێنم.
برایماغا زۆر لەو جم و جوڵەی ترسا کە لە خەڵکەکە کەوتبو:
نەکا ئەو هەتیوە داوێکی بۆ نابمەوە، ئەوە چییە. ئەو خەڵکە مردووەی جاران بۆ ئێستا وا هاروژاوە. باشە خۆ ئەمن نەهاتوم تەمبێی کەم. کوڕە بە قورعان سڵێمان ڕاست دەکا. ئەو زەمان بەسەر چووە، ئەی هاوار چ زەمانێکە. هێندەی دیش لە قسەکانی سڵێمان دەترسم. برایم چ زەمانێکە، گوێت لێیە ئەو فەقێیە چۆن دەنەڕێنێ؟
خەڵکەکە هەمو چاوەڕوانیی هەرایەکی گەورەیان دەکرد. برایماغا ڕاستەوڕێ هاتە بەردەمی هیواو ئەوان.
خەڵک هێندەی دیکە گوێ قوڵاغ بوون.
کە چی برایماغا کوچکێکی لە بەردەمی هیوادا ناو لە سەری دانیشت. زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:
جەنابی مامۆستا لە چی وا قەڵسی؟ خۆ خەونی ناخۆشت نەدیون. بە سەری برایمی بە ئارەزوی خۆن دەبێ. هێندە گوێی مەدەیە براله.
حەمە وحەسەن و خولە وەک فەنەری هەڵبەزینەوە.
خەڵکە کە بە سەرسوڕمانەوە تێوە ڕامابون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامز بێ پەردە هات و لە بەرامبەر هیوا ڕاوەستا. کچەکانی دیکەش بە چاو لێکەری وی هاتنە پێشێ. کوڕە لاوەکان بە کەڵک وەرگرتن لەو هەلەی بەرامبەر کچەکان ڕیزیان بەست.

هیوا سەرێکی بادا و چاوێکی لە مام ساڵح و خەڵکەکەی دیکە کرد وگوتی:

کاک برایم زەمانی خەونان نەماوە. پیاو هەرچی دەبینێ ئەوەی دەڵێ. خەونی چی بێ قەزابی.

برایماغا:

بەسەری توو براله، ئەتوو مژدەی خۆشیەت لە نێوچاوانی دایە. بە هیوای خوای هەر خۆش دەبێ. کوڕە ئەمن لە دوێنێوە خەوم لێ نەکەوتوە. دەمگوت بۆ لەگەڵ ئەو کوڕە نورانیەی کەمێک توندبوم. بە خوای دوێنێ دەت گوت هۆشم لە سەرەخۆم نییە. دەزانم قسەی پیسم کردوون. بەڵام ئەوەندەی بزانە چم لە دڵی دا نییە. براله ئەمن هەمو برایەکی کوردم وەک نوری چاوی خۆم خۆش دەوێ. بەسەری ئەو کاک حەسەنەی، بەسەری ئەو کاک حەمەدەی و بەسەری ئەو کاک خوولەیەش ، هەمو کوڕەکانی ئەم وەلاتەم بە قەد حوسێنی خۆم خۆش دەوێن. دەبزانە جا.

خەڵکەکەی دەورو بەریان کە گوێیان لەو قسانەی برایماغا بو، بە جارێک سەریان سوڕمابو. پیرەکان باوەڕیان نەدەکرد. بە نێو ئاپۆرای پیرەکاندا ئەم ووتەیە بڵاو بۆوە: لێی لە فێڵێ یە . ئەو ڕێویە کۆنە کارە دەیهەوێ کوڕەکەی بە سەهو بەرێ. لێی لە فێڵی یە.

بە نەو کۆمەڵی لاوەلانیش دا ئەم قسانە بڵاوبونەوە:

دیوتا نە کوڕێ نە، دیوتا نە ئا سەواری شۆڕش ترو سکان دەدا. دیوتا نە چۆن خەراپکاران بەسەر پاشوان دا دەباتەوە و ملیان پێ بە لارەوە دەنێ. ئای دەبەر ڕیزی فیشەکدانتان مرم پێشمەرگە. ئەی بە قوربانی بەژنێو بم مەسئولەکان.

هیوا بە ڕواڵەتێکی جیددی یەوە ڕوی لە برایماغای کرد وگوتی:

کاک برایم ئەمن چ خەونم نەدیون، لە هیچ کەسیش قەڵس نەبوم جگە لە تۆ نەبێ. باشە ئەگەر دوێنێش وەک ئەمڕۆ زارت بە خۆشی بکرایەوە، چ دەبو. دوێنێ لەو برایانە یەکت کردە چڵمن، یەکت کردە ڕێوی و یەکیشت کردە پیرێژن. زۆریشت قسەی ناشیرن بە من گوتن. بە خوای لە بەر ئەوەی نەبایە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕیشت سپیه، یەک قسەشم لێ قەبوڵ نەدەکردی. باشه چیت لێ کەم بۆوه بەو برایانەت گوت کاک خوله، کاک حەسەن، کاک حەمە.

برایماغا:

کاکه مەلا بەو سەرەی جەنابت هیچ مەنزووریکم نەبو. دوێنێ هەر بۆ خۆم هێندێک نارەحەت بوم. قسەم بەوا نەش گوت کە ....لە نوری... چاوی..خۆم ...دەزانی لە گەڵ کێمه ئیدی. پێشی ناوێ بابم مامۆستا...حەمە، بڵێم کاکە حەمە، کاکە حەسەن، کاکە خوله ئەگەر له قسەکانی دوێنێم نارەحەت بون، ئەوا حافوم کەن و ئا. بابم ئەمە هەمون برای یەکین. بەسەری ئەو نەونەمامانەی کە شه و ڕۆژیان بۆ نیه...دەزانن لە گەڵ کێمە ئیدی؟ هیچم لە دڵی دا نیه و نەبوه. دەجا باوەڕیش ناکەن...بڵێم چی...هم...ئەمن خوا حافیز و..

ئەوەندە ماندوو ببو تا ئەو قسانەی بۆ هاتبون بەو زستانەی ئارەق لە سەرتاپای دەهاتە خوارێ. بە پەلە هەستا و ڕۆیی.

مام ساڵح خۆی بۆ ڕانەگیرا، یەک پێ ڕاست بۆوەو گوتی:

وەڵڵاهی یا شتێکی گەورە دەقەومێ، یا ئەو کابرایە فێڵێکی دەبن سەریەوە، دەجا دەی.

ئاپۆرای خەڵکە بە جارێک وەجوڵە کەوت. هەر کەس بە شێوەیەکی لێک دەدایەوە. زۆرکەس غیرەتیان هەستابو و قسەی دڵی خۆیان دەکرد:

بەسە پیاو هەتا کەنگێ زوڵمەن لێ بکەن. با ئەمەش ڕیشاڵێکی لەو فەقێیە دادڕین. با چیدی زوڵمێ قەبوڵ نەکەین. لە سایەی خواوە پێشمەرگەش پشتیوانمانن.

ئی واش هەبون هێندە ترسابون هەر دەیان گوت:

خوا وەذێری بگێڕێ. خوا هەرچی چاکە ئەوەن بۆ بکا. هەر خوا بۆ خۆی گەورەیە و کار هەر لە خۆی جوانن. ئەمە چ دەسەڵاتمان نییە. خوا چۆنی پێخۆش بێ وای دەگێڕێ. خوا ڕوحممان پێ بکا.

هیوا لەو قسانە زۆر تورە بو. لە دڵی خۆی دا قسەکانی مامۆستای وەبیر دەهاتەوەو لێکی دەدایەوە.

هەموی خەتای مەلاکان بووە. هێندەیان لە بن گوێی ئەو خەڵکە هەژارەی خوێندووە: ئەوەی خوا نەیکا نابێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یانی هەتا ئێستا ئەوەی کراوەو ڕووی داوە زوور بەی زو لم و زۆر و خەرا پە بووە. یانی ئەوا نە کاری خوان؟ وەڵلا هی هەر کەس ئەو قسانە بڵاو بکا تەوە دوژمنی خوایە. ئەوە چ خوایەکە پێی خۆش بێ سەدان کەس بۆ یەک نەفەری سەر دا نەوێنن. ئەوە چ خوایە کە پێی خۆش بێ وەڵاتێک لە بەر پێی یەک نەفەری دا بتلێتەوە. کوڕە چۆن خوای گەورە شتی وای پێ خۆشە. ماوەیەکی زۆر بەمجۆرە بیری کردەوە.

لە نکاو وەک لە خەوێکی ناخۆش وەخەبەر هاتبێ، تەکانێکی دایە خۆی و یەک پێ ڕاست بۆوە. ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی:

ئەرێ هەتا کەنگێ ئەوەی دەڵێنەوە:

ئەوەی خوا نەیکا نابێ.

خوا هەمومانی درو ست کردوە، ئاقڵیشی داوینێ و ڕێی چا کە و خەراپەشی نیشان داوین، ئەوەی چاکەی بکا بۆ خۆی کردو یەتی ئەوەی خراپەش بکا هەر بۆ خۆی کردوویەتی. هەرکەس مل بۆزوڵمێ دانەوێنێ بۆ خۆی قەبوڵی کردوە، هەرکەسیش زوڵمێ قەبوڵ نەکا، هەر بۆخۆی قەبوڵی نەکردوە. دە نا یانی ئەو هەمو خراپەیەی دەکرێ خوا کردوویەتی؟

خەڵکەکە:

نەخێر، نەوەڵلا، ئەستەغفیروڵلا، ئەستەغفیروڵلا، خوا چۆن کاری خەراپ دەکا.

هیوا بە توندی:

دەجا بەس ئەو بنێشتە خۆشکەیەی بجونەوە:

هەرچی خوا نەیکا نابێ.

ئەگەر غیرەتتان هەیە چیدی زوڵمێ قەبوڵ مەکەن. ئە گەر ئەو جەوهەرە شتان تێدا نییە، بچنەوە باوەشی خێزانەکانتان، لە نێو پیاوان قسان مەکەن.

خەڵکە کە غەڵبە غەڵبێکی گەورەی تێ کەوتبو. هی وا بو غیرە تی جوڵا بو و درو شمی گەورە گەورەیان دەدان. هەش بو لە تر سی دواڕۆژ هەر سەری ڕادەوەشاند و زەردەی دەهاتێ. متەقی بۆ نەدەکرا.

برایماغا گەڕابۆوە ماڵێ سلێمانی و ئۆقرەی لە هەڵگیرابو. نەی دەزانی چۆن بوغزی خۆی بخواتەوەو ئەو هەموو سووکایەتیەی پێی کراوە تەحەممول بکا. ڕووی لە سلێمان کرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک سلێمان ئەوەشم کرد. بەڵام دەزانی ئەو هەتیوە دم ڕووتە بە حاڵ و دوو بەڵا جوابی دەدا مەوەو هیچ مەمنون نەبو لەو هەمو لوتفەی لە گەڵم کردون. دەزانی دەستی کردبو بە نسحەت کردنم و ڕێی نیشان دەدام.

سلێمان:

برایم هەر ئەوەندە بەسە مەلا هیوا دڵی لە حاست ئەتۆ پاک بوبێتەوە. خۆ سەمایەشت لەبەر ناکا. تازە موهیم ئەوەیە قسە نەرمەکانی ئەوڕۆت بەوانی شاخی بگاتەوە. ڕێگای هات و چۆی ئێرەت لێ نەبەسترێ و مڵکانەت پێ بگا. براله وەبزانە دوکانداری و کەمێک ماستاوت بۆ موشتەریان کردوە تا دەستیان ببڕی. خۆ حاجیەکانی شاری چاش بۆ پیاوی بانگ دەکەن، ئەتۆ ئەوەشت نەکردوە.

برایماغا:

دەڵێی چی کەشەفیەکیش چا لە سەر بەری دەستم دانێم و بۆ فەقێلەی بەرم؟

سلێمان بە پێکەنینەوە:

جا ئەوەی بکەی چاتریش.

برایماغا:

سلێمان ئەتووش چت تێدا نە هێشتەوە. دەتهەوێ لە ترسی چوار ڕووتەی تفەنگ بە دەست ، کە هەمومان دەزانین کوڕی کێن، پیاو هەمو غیرەتی خۆی لە دەست بدا.

سلێمان:

ئەدی بۆ لە ترسی چوار ژاندارمەی خوێڕی کە ناشزانی کوڕی کێن و لە کوێڕا هاتون هێندە مل لار دەکەیەوە؟ تازە لێرە ڕەش و ڕووتەکەی خۆشت، ئەوانەی نانیان لە دەستی دەخۆی، پشتیوانی ئەمانن. ئەمانە هیچیشیان لە توو ناوێ، فەقەت زمانی خۆش. ئەوان بە زمانی خۆش لێت ڕازی نابن، دەبێ بەرتیلیشیان بدەیەی و خزمەتیشیان بکەی. براله کاک برایم ئەوە بەسەرچو فلان کەس و بیهمان کەس کوڕی کێن. یا لە بەرچی وەشاخی کەوتون. موهیم ئەوەیە کە غیرەتیان هەیە و لە بەرامبەر دەوڵەتێکی ئاوا زل و زەبەلاح دا ڕاوەستاون و زۆر چاکیشیان لەگەڵ من و تۆ پێ دەکرێ.

برایماغا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باشە بابە ئەمن تەسلیم. سبەینێ دەڕۆمەوە شاری و لەترس و لەرزی توو نەجاتم دەبێ. هەتا سەر جۆخینانیش نایەمەوە. تا ئەوکاتیش خوا کەریمە.

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پاژی پێنجەم

زستان بەرە بەرە پیر دەبو. گوێچکە بانەکان دەگریان و فرمێسک بە چاوی شیخەسۆڵەکان دا دەهاتە خوارێ کە بە گوێچکە بانەکانەوە بە ڕیز خۆیان شۆڕ کرد بۆوە. سەری دوندەکان ڕوونا کایی تێ دەکەوت و نێو چاوانی چیاکان بەرە بەرە دەکرایەوە. ڕەندۆڵەکان شیخار، شیخار دەبون و جۆگەلە بەفراوی چکۆڵەیان بەسەر دا دەخوشی. شیو و دۆڵەکان تەڕ دەبونەوە و هەناسەیان وەبەر دەهاتەوە. پێ دەشتەکان پەڵە پەڵەی ڕەشیان تێ دەکەوت و هێندێک گیای بزۆز پەلکێکی باریکی سەوزیان لە بن گڵی را وەدەر دەنا و ئاڵای سەرکەوتن بە سەر دێوەزمەی سەرما و سۆڵی زستانیان هەڵدەدا. دارەکان وورده وورده خۆیان دەتەکاند و بەفرە ورکەیان لە خۆیان دەکردەوەو لک و پۆپە ڕووتەکانیان وەدەر دەکەوتن، کە هێشتا تەڕاییان تێدا دەگەڕاو نیشانیان دەدا کە خەریکی بوژانەوەن. کەروێشک، ڕێوی، چوالو و سمۆرەکان لە کونان دەهاتنە دەر و بەرەو ڕەشانگەکان هەلینگیان دەدا. لەو جێیانەی ڕەشایی زەوی دەرکەوتبو، بۆنێکی خۆش بڵاو دەبۆوە. بۆنی زەوی تازە ڕەشبۆوە زۆر خۆشە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەترێکی سروشتی بڵاو دەکاتەوە کە لە گوڵەکانی ساڵی پێشو بەجێ ماوە. ئەو گولانەی تەمەنی کورت، بەڵام جوانی خۆیان پێشکەش بە سروشت کردوە تەوەو بە خوێنی خۆیان زەویان ئاو داوەو بۆ نداریان کردوە. ئێستا شوانەکان دەوێرن جار و بار مەڕ و بزنەکانیان لە ئاغەڵێ وەدەرنێن و برێک هەوای سافیان پێ هەڵمژن. ڕاوچیەکان ڕۆژیانە، چونکە کەروێشک و چوالو و ڕێویەکان ناتوانن باش هەڵێن و زۆرجار لاقیان لەو بەفرە شلە دەکەوێ کە لە گیانەڵڵادایە و تنەتنی وەبن کەوتوە. ناوچەی سەردەشت لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران ئەم وەرزەی کۆتایی زستانیشی جوانی تایبەتیی خۆی هەیە. سروشت لێرە وەک ژنێکی زۆر جوان و دڵتەڕە. هەرجارەی بەرگێک دەپۆشێ و هەروەرزەی ناز و عیشوەیەک دەنوێنێ. لەم ئاخر و ئۆخری زستانەدا هەندێک جار کوڵوە بەفری گەورە بە لەنجە و لار دێنە خوارێ. دەڵێی لۆکەی شی کراوەن و بە ئانقەست بە حەوادا بڵاوکراونەوە، تا سروشتی جوانی نێو دۆڵ و شاخ و لێڕەوارەکانی ئەم مەڵبەندە ڕازاوەتر بکەن.

ناوچەی سەردەشت، کە لەگەڵ ناوچەکانی بانە،بۆکان، مهاباد و پیرانشار لە کوردستانی ئێران و قەلادزێ و ماوەت لە کوردستانی عێراق هاوسنورە،بۆ خۆی لە خۆیدا نیمچە ولاتێکە. چیاکانی هۆمل، بڵفەت، قەندیل، سپی سەنگ، کورتەک و بەردەکوڕ دەوریان داوە. چۆمی کەڵوێ گەورەترین چۆمی ناوچەکە لە چیاکانی قەندیل، لەند و سپی سەنگەوە سەرچاوە دەگرێ. بە نێوەڕاستی ئەو ناوچە شاخاوی و لێڕەوارەدا دەڕوا. ئەمبەر ئەوبەری ئەو چۆمە ڕازاوەترین و جوانترین دیمەنی سروشتی هەن. لای ڕاستی چۆمی کەڵوێ دەشتی پان و بەرینی کەڵوێ یە. ئەو دەشتە زۆر بە مەحزونی و بە لێوی ووشکەوە لەو هەمو ئاوە ڕاماوە و لە تینوان خنکاوە. سروشت زوڵمی لێ کردوەو چۆمەکەی زۆر لێ قوڵ کردوەتەوەو دەمی نایگاتێ. خەڵکی هەژاری ناوچەکەش بۆ خۆی هێندە تێر ئاو نییە کە بتوانێ بە دەشتەکە ڕا بگا. دەوڵەتیش ئەوەی هیچ کاتێک بیری لێ نەکردوەتەوە، ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە. بۆیە دەشتی کەڵوێ هەرچەندە خاکێکی بە پیتی هەیە، بەرهەمی زۆر کەمە. زۆربەی زەویەکان بە چەقڵەشینکە داپۆشراون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەکەی دیکەی چۆمی کەڵوێ دەشتایی کەمترەو بەرەبەرە بەرزتر و بەرزتر دەبێتەوە. ناوچەیەکی لێڕەوارەو زۆر جێگای بەرزی و نزمی تێدایە. تەنانەت هێندێک جار دەشتی بچوکی بە پیت و بەرەکەتیشی لێ هەڵکەوتوە. ئەم لایە بە پێچەوانەی دەشتی کەڵوێ ئاوی زۆرە. کانیاوەکان سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ و بە نرخن و هێندە زۆرن لە خواردنەوەی دانیشتوان زیاد و بەشی ڕەزو باغ و زەو یەکانیش دەکەن. ڕەز و باغێکی زۆر کە میوەی جۆراوجۆر یان تێدایە، دیمەنی ئەم ناوەیان ڕازاندوەتەوە. گوندەکان بە قەدپاڵی چیاکانەوە هێندە نەشمیلەن، دەڵێی گوارەن بە لاگوێی چیاکانەوە هەڵواسراون. لێڕەوارەکان زۆر جار هێندە پڕن چەندین سەعات بە نێویان دا بڕۆی هەتاوت وێ ناکەوێ.
ئەو دۆڵانەی بە نێوان چیا سەربەرزەکان دا دەکشێن، داپۆشراون بە سپیدار، چنار، گوێز و دەیان جۆری دیکەی داری بەری. کانیاوەکان بە لووزەو بە خوڕە خوڕ بەمبەر ئەوبەری ئەو دۆڵانەدا دێنە خوار و پاش ماوەیەک چۆمێکی چکۆڵە دروست دەکەن کە ئاوەکەی دەڵێی چاوی قرژاڵە، خاوێن و ڕوون هەر بریسکان دەدا. لەو چۆمانەدا ماسی ئێکجار بەتام گەرا دەکەن، دەتروکێن و گەورە دەبن. داخی گرانم خەڵکی ناوچە نەزانانە، دڵڕەقانە و بێ وەخت ڕاویان دەکەن و قڕیان تێ دەخەن، ئەگەر خاوێنی و پڕ بەرەکەتی ئاوەکە نابایە زۆر لە مێژ بو نەسلی ماسی لەو ئاوانەدا دەبڕایەوە. ئەو ناوچەیە بەشە گەورەکەی بە ناوچەی سوێسنایەتی بە ناوبانگە. ئەو گوندەی کە دڵ و جەستەی هیوای بە خۆیەوە بەستوە، راست لەو ناوچە جوانە هەڵکەوتوە. بۆیە ئەویش لەو ئاڵ و گۆڕەی دوای سەرماو سۆڵی زستان خۆشحاڵە.
هیوا ڕۆژانە بە کەیف دێتە دەر بە ئاواتی بەهارێکی خۆشەوە کوڵی دڵی دەپشکوێ. بەشداری لە گەمە و گاڵتەی لاوان دا دەکا و ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر قسەخۆش و نوکتەباز دەبێ. هاوڕێکانی ئێستا زۆرتر لە خۆ ڕادەبینن گرێی دڵی خۆیانی لە لا بکەنەوە. ڕۆژێک چوار، پێنج لاوی قۆشمەی ئاوایی لە دەوری هیوا ئالابون. هەرکەس باسی شتێکی دەکرد. ڕاز و نیازی دڵی سەرشێتی خۆیان بۆ هیوا هەڵدەڕشت و وەک غەمخۆرێکی زۆر دەست ڕۆیشتوبێ، داوای یارمەتیان لێ دەکرد. لە نکاو کۆمەڵێک کچ لە سەری کۆڵانێ وەدەر کەوتن. لە پێش هومویانەوە (مامز) دەڕۆیی و هەروا بۆ ئەملاو ئەولای و بۆ دوای خۆی ئاوڕی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەدایەوەو قسێکی دەکرد. دیار بو لە نێو کچەکانیش دا مامز نەذشی غەمخۆر و خوشکە گەورەی دراوەتێ. یەکێک لە کوڕەکان بە گوێی هیوای دا چپاند:

مامۆ ستا ئەڕێ ئەوەت پێ چۆ نە؟ ما شاڵڵا ڕ ێک و پ ێک وجوا نە کچی حاجی وەسمانی، بەڵام حەیف.

هیوا بەندی جەرگ و دڵی پسا. بە ڕواڵەتێکی هەڵبزڕکاوەوە، کە هەمو دەورو بەر لێی حاڵی ببون، تەماشای کوڕەکەی کرد و گوتی:

بۆ حەیف؟ مەنزوورت چیە، خۆ کچێکی زۆریش باشە.

لە گەڵتم، بۆ هەمو شتێک نمونە یە. ئەو کچە هەر شتێکە هەڵکەوتوە. دەڵێم حەیف، چونکە بە منداڵی لەسەر لانکەی بە مێرد دراوە.

هیوا:

بە مێرد دراوە؟ چوزانی؟

کوڕەکە:

بۆ نەت زانیوە؟ مامز هێشتا لەسەر بێشکەی بوە، ڕەحمانی برای گەورە بوە و حەزی لە کچە پورێکی خۆی کردوە. ماڵی بابی بۆ یان داوا کردوە. بەڵام بابی کچەی پێی لە دوو کەو شان کردوون بە بێ کچ نەی داوە. دە ستی لە سەر مامزی داناوە چەند ساڵی دی ئەویش پێ دەگا.

هەرچەند حاجی وەسمان گوتویەتی:

ئێ بابم چە ند ساڵی دی ئەو مندا ڵەت بۆ کێ دەوێ؟ کوڕت ژ نی هێ ناوە، بۆخۆت لەوەی دا نەماوی، ئەو منداڵە بەستەزمانەی بۆ دەبەستیەوە؟

کابرا گوتویەتی:

ئەی کاکی خۆم دەتهەوێ کورت هەروا بەخۆڕایی لە باغی من بخوا. بە خوای لێی ناخوا. کچ چوک بێ یا گەورە هەر کچە. کوڕیشم ژ نی هە یە با بیبێ. خواو پێغەمبەر چوار یان بۆ پیاوی بە حەڵاڵ زانیون. کوڕ ئە گەر پیاوبێ پاش چە ند ساڵی دی ژنێکی دیکە هەر دێنێ. جا با لە ئێستاوە نەمامێکی بچەقێنێ. بەخوای براڵە هەتا ئەو کچە چکۆڵەی نەدەی بە عەلی کوڕم، کچی خۆم نادەمە کوڕت.

جا ئەوە بووە مامز یان لە سەر بێشکەی مارە کردوەو ئێستاش ئەو کۆت و زنجیرەی هەر لە مل دا یە. هەتا با سی ئەوەی بۆ دە کەن، شینێک دەگێڕێ مەپر سە. چە ند جار کابرای پورزای ناردوو یەتی بیگوێزێ تەوە، دە ڵێ خۆم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکوژم و مێرد بەوەی ناکەم. ئێ هەقیشیەتی، بابم کابرا ئێستا کچی تەواو بە قەدەر مامزە.

هیوا لە داخی ئەو خوو ڕەوشتە ناحەزەی کوردستان و لە تاوی مامز دڵی بە جارێک وێک هات. بە تایبەت زۆر لەو تۆقەی لە ملی مامز دابو ناڕەحەت بو. بە ناڕەحەتی گەڕایەوە حوجرەی و یەکسەر لە جێی خزا.

زۆری پێ نەچو مەلا حەسەن هاتە سەر سەری و لێفەی لە سەر هەڵدایەوە:

ئەوە چییە بەو نیوڕۆ یەی؟ خۆشەویستێکت مردووە، یا دەزگیرانت مێردی کردوە؟

هیوا بڕێک خۆی لێک کێشایەوە:

ئای...مامۆستا گیان وەڵڵاهی دەڵێی ئەوی ئاخری بووە.

مەلا حەسەن:

هەستە کوڕە، هەستە چ وەختی نوستنە. هەستە خەبەرێکی خۆشم پێیە. بزانی چت لە سەر ڕێیە لە خۆ شیان شاگە شکە دەبی و هەمو غەمێکت لە بیر دەچێتەوە.

هیوا یەک پێ راست بۆوە:

هێندە دڵتەنگ بوم لە داخان لە جێی خزام بەڵکو خەوم لێبکەوێ و لە دیاتی خەیاڵاتی تاڵ، خەونێکی خۆش ببینم. خۆزگە لە جیاتی خەون خەبەرێکی خۆشم لە تۆ ببیستایە. مامۆستا گیان توخوا زوو پێم بڵێ بزانم چەندە سارێژی برینم دەکا.

مەلاحەسەن:

خەبەری کوڕەکان هاتوە. پێشمەرگەکان پاش پشودانێکی زستانە وورده، ووردە دەستیان بە جم و وڵ کردوەتەوەو ڕەنگە بەمزوانە بگەنە لای ئێمە. لەوەش خۆشتر، دەڵێن ژمارەیان زۆر زیادی کردوەو ئینسانی زۆر زانایان لە گەڵن.

هیوا قسەکەی بڕی:

بەڵێ دەزانم، پێموایە مەسئولەکان هەمو مەلای دوازدە عیلمن. ئەو جارەی نامەکەم بۆ مامۆستا برد، فەرموی دەستەی مەلا عەزیز نامەیان هاتوە کەبەرەو ناوچەی بانە ڕۆیشتون.

مەلا حەسەن بە پێکەنینەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا گیان ئینسانی زانا هەر مەلا نین. بە ناشکوری ناڵێم ئێمە چارەمان نییە کە ڕوومان لە حوجرەی کردوە. ئەوانەی لەگەڵ وانیشن خۆ هەمو مەلانین. هەر ئەو مەلا عەزیزەی تۆ باست کرد، مەلا نییە و موهەندیسە. هی وایان تێدایە وەکیلە و هی واشە دیپلۆمە و شتی وا. بۆ وێنە مەلا عومەریش وەکیلە. مەلا ڕزگار دیپلۆمە ...

هیوا:

ئەی بۆ پێیان دەڵێن مەلا؟

مەلا حەسەن:

ئەوە سیاسەتی حیزبە. چونکە زۆر جار مەجبور دەبن لە حوجرەکان خۆیان بشارنەوە. جگە لەوەش لە کوردستان بۆخۆت دەزانی هەرمەلا و فەقێ بێکارە بە هەمو ناوچەکان دا دەخولێنەوە. ئەوە شت پێ بڵێم بۆ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەستەیان داناوە. ئەمساڵ قەرار وایە بە تەواوی لە کوردستان دا بڵاو بنەوە. لەگەڵ هاوڕێیانی خاریجەش پەیوەندیان گرتوە. ئەوانیش نامەیان هوتوەو پشتیوانیان لێ کردون.

هیوا لە خۆشیان بڕێک سوور بۆوە!

قوربان مەنزورت عێراقە؟

مەلا حەسەن:

نا هیوا مەنزورم ئەوروپایە.

هیوا:

بۆ مامۆستا کورد گەیونە ئەوروپاش

مەلا حەسەن:

ئەی چۆن هیوا گیان، کورد ئینسانی زۆر گەورە و زانای هەن. ئینسانی زۆر باسەواد. دەڵێن یەکێکی حیزبیمان هەیە دوکتوڕای وەرگرتوە. زۆر زیرەکە لە جحێڵیەوە حیزبیە. دەڵێن زۆر ووریایە، ماڵتە گۆیا چەند زمان دەزانێ.

هیوا:

ئەوە لە کوێ یە، ئەی بۆ نایەتەوە، جا لەو دورەی ڕا فایدەی چیە.

مەلا حەسەن:

دەڵێن لە فەڕانسەیە، لە پاریس.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا:
ماموستا دەڵێن پاریس هەموی شوشە بەندە. دەڵێن هێندە گەورەیە، خەڵکی خۆشی تێدا وون دەبن.
مەلا حەسەن:
کوڕە چت بیستوە، گۆیا قەتار بەبن تەواوی شارەکەی دا دەڕوا.
هیوا:
تچ، تچ، ئەمە لەسەر عەرزیش نەمان دیوە، لەوێ بە بن عەرزیش دا دەڕوا.
مەلا حەسەن:
بیر لە شتی وا مەکەوە، ئەمە هەتا ڕزگار نەبین هیچمان نابێ. ئەوە بۆم باس دەکردی:
ئەمساڵ شۆڕش دەنگ دەداتەوە. دەوڵەت هەندەی دیکە دەترسێ. ئینشاڵڵا ژاندارم ناتوانن پێ لە شارەکان وەدەر نێن. لە هەموشیان موهیمتر، قەرارە بەم زوانە کۆنفرانسێک بگرن و لە مەشیان داوا کردوە نوێنەری خۆمان بۆ کۆنفرانس دیاری بکەین.
هیوا ئەو خەبەرەی زۆر پێ خۆش بو. برێک دەستی لێکسون و، هەستی بە سووکی و ڕاحەتی کرد و بە دڵخۆشیەوە پرسی:
ماموستا گیان کۆنفرانس لە کوێ دەگیرێ؟ ئێمە کێ دەنێرین؟
مەلا حەسەن:
ئێمە دەبێ کۆبونەوە بکەین و نوێنەری خۆمان هەڵبژێرین. هەمو شانەکان کۆبونەوە دەکەن و نوێنەری خۆیان دیاری دەکەن. پاشان ئەو نوێنەرانە کۆدەبنەوەو کۆنفرانسی ناوچە پێک دێنن. لەوێش دیسان نوێنەر هەڵدەبژێرن بۆ ئەو کۆنفرانسە گەورەیەی کە قەرارە بگیرێ. دەبێ ووریا بین ئینسانی زمان بە هاوار نەچنە ئەو جۆرە کۆبونەوانە.
دەبێ کەسێک بتوانێ بچێ کە لە پۆڵای قایمتر بێ. چونکە لەوێ نوێنەری تەواوی تەشکیلاتەکانی لێ دەبێ. ئەو کەسەی دەچێ بەشێکی بەرچاو لە کادر و ئەندامە لێوەشاوەکانی حیزب دەناسێ. ئەگەر خوانەخواستە بگیرێ و بکەوێتە بەر دەستی دوژمن دەبێ زۆر خۆڕاگر بێ و لە ژێر گەورەترین ئەشکەنجەش دا زمانی بۆ دوژمن هەڵنەپچڕێ. بۆیە ئێمە دەبێ زۆر زۆر بە ووردی کار بکەین و ڕێگا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدەین لە هەوەڵین کۆبو نەوەی گەورەدا دوژ من زە فەرمان پێ بەرێ و زەڕبەمان لێ بدا. یەک شتیشت پێ بڵێم، نەکەی لە کن هیچ کەس باسی بکەی. ئێمە دیاری کراوین بۆ بەڕێوەبردنی کۆبو نەوەی شانەکان و پێکهێنانی کۆبو نەوەی ناوچە. بە تایبەت ئەتۆمان لە نەزەر دایە بۆ ئاگادارکرد نەوەی شانەکان، چونکە لە ناوچە زۆر نەناسراوی. دەبێ بە پێی ئەو لیستە و کۆدانەی بۆت دیاروی دەکەین تەواوی شانەکانی ئەم ناوچەیە ئاگادار بکەی. لە لیستەکەدا ناوی نەهێنیی هەر شانە، ڕەمزی خۆناساندن و ناوی نەهێنیی بەرپرسی شانە دیاری کراوە. بۆ وێنە ناوی نەهێنی شانەی گوندی(ش) بەفرە. ئێمە پەیوەندی بە کاک (دارەبەن)ەوە دەگرین. ڕەمزی خۆناساندنیش (بەفری کوێستان دەتوێتەوە)یە. شەو کە چوی لە دەرگای ماڵەکەیانت دا بە ڕەمزی تایبەتی لێی دەدەی. سێ جار لە سەریەک بە پشتی دەست. بە دوای دا دوو جار و ئاخرەکەشی جارێک. ئەوا نە هەمو بە تۆ دەگوترێن. دەبێ چو یە هەرجێگایەک ئەو ڕەمزانە وەک شیعرەکانی سوتی لە بەر کەی. چونکە نابێ لیستەکە لە گەڵ خۆت بەری. خەتەری ئەوە هەیە لە داوی دوژمن کەوی و ڕەمزی تەشکیلات بکەوێتە بەردەستی دوژمن.

هیوا بە شادیەوە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو پرسی:

بەخوا جوان ڕێک و پێک کراوە، ئەوە چۆن بیر لە هەمو ئەم شتانە کراوەتەوە؟

مەلا حەسەن:

ئەوە ئەنجامی بیری وورد و هەوڵ و تەقەللای مامۆستا ئاوارەیە. هێندە بە حەکیمی ئەو کارەی کردووە، هیچ کەس ناتوانێ سەری لێ دەرکا. ئەو سێ ساڵی تەواو بە خۆ و گۆچانێکەوە لەم ناوچەیەدا گونداوگوندی دەگەڕاو شانەی حیزبی

سوتی کتێبێکە لە سەر ڕێزمانی عەرەبی بە شیعر نوسراوەو فەقێکان دەبو لە بەری کەن.

پێک دێنا. ئەگەر ئەو گیر و گرفتەی کوردستانی عێراق نەبوایە ئەو ئێستاش دەیتوانی بە خەیاڵی ڕاحەتەوە کاری تەشکیلاتی خۆی بکا. مامۆستا نەی دەویست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارێ چەک دەست بداتێ و خۆی بۆ دوژمن ئاشکرا بکا. ئەو نەزەری وابو کە لە پێش دا تەشکیلاتێکی قەوی و نەهێنی لە سەرانسەری کوردستان پێک بێ. دوایە شێوەی خەبات بگۆڕدرێ و ئەگەر پێویست بو ببێتە چەکداری. بەڵام داخی گرانم سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانی عێراق فشاری بۆ هێندێک لە وکادرانەی ئاشکرا ببون و ڕایان کردبو بۆ ئەوێ هێنا و پێی ڕاگەیاندن کە حەقی ئەوەیان نیە بە نێوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کار بکەن. ئەوانیش بە مەجبوری ڕوو یان لە کوردستانی ئێران کردەوەو بە پێچەوانەی ویستی مامۆستاوە خۆ نواندنی چەکدارانە بوبە شێوەی خەبات. ئەویش هێندە مەجبور بو لە گەڵ ئەوان هەستێ و دانیشێ و یارمەتیان بۆ کۆبکاتەوەو سەریان لێ بدا، تا ئاشکرا بو و دەستی دایە چەک.

هیوا بەو قسانەی مەلا حەسەن سەرەگێژەی گرت. چاوی لە مەلا حەسەنەوە بڕی و هەرچی کردی ئەو پرسیارەی وەک داسوو لە گەروی گیرابو نەهاتە دەر.

مەلا حەسەن هەستی بە ناڕەحەتی هیوا کرد. دەستێکی هاویشتە سەرشانی و بە چاوێک کە حاڵی دەکرد کە ئەویش بەم مەسەلەیە ناڕەحەتە ، سەیری چاوەکانی کرد و گوتی:

کاک هیوا نابێ وورە بەردەی و هێندە خۆت ناڕەحەت کەی. دەزانم بەو بەشەی قسەکانم تێک چووی ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانی مەسەلەی گەلی هەژاری ئێمە ئەوەندە ئاڵۆزە، زۆر لەو بەدبەختیانەی تێدایە. خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادیی کوردستان دەبێ قورس و قایم بن و لەبەر گەورەترین ئازار خۆیان ڕابگرن. دەزانم تۆ لەوە ناڕەحەتی کە شۆڕشی کوردستانی عێراق دژی ئێمە ئەوەی کردوە. دەزانم تائێستا جۆرێکی دیکە بیرت دە کردەوەو ئەمنیش قەت پێمخۆش نەبو دڵی پڕ هیواو شەوق و زەوقی تازەلاوێکی وەک تۆ بەوە کرمێ بکەم. بەڵام ئێستا بەرەبەرە پلەو پایەت لە حیزب دا چوەتە پێش و خەریکە ڕێگا بە تەشکیلاتی حیزب پەیدا دەکەی، بۆیە بە پێویستی دەزانم بەرەبەرەش گیر و گرفتەکان بزانی و موقاوەمەتیان بۆ پەیدا بکەی.

هیوا تینێکی دایە خۆی ، تفێکی قوت داو کەمێک گەروی خۆی تەڕ کرد. پاشان زۆر بە زەحمەت گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماموٚستا گیان ئەمن تا ئێستا وەم دەزانی شوٚڕشی کوردستانی عێراق پشتیوانی ئێمەیە. ئەگەر هێرشێکی گەورە بکرێتە سەر پێشمەرگەکانمان ئەو یارمەتیان دەدا و لە تەنگانە دا فریایان دەکەوێ. وەم دەزانی کورد لە هەر جێگایەک بێ هەر یەکە و برای یەکە. چما ئەوان دوژمنی ئێمەن کە ئاوا فشار بوٚ کادرەکانی دیزب دێنن. چما چەند جار لە زاری خوٚتم نەبیستوە کە پارتی دێموکڕاتی کوردستانی عێراق هەر بە هەوڵ و یارمەتیی دیزب دروست بووە. چما سەروٚک بارزانی بوٚخوٚی یەکێک لە سەرکردەکانی کوٚماری کوردستان نەبوە؟ ئاخر بوٚ خوٚی فەرماندەی پێشمەرگەکان نەبوە؟ ئەدی چوٚن ئێستا کە دیزب وای بە سەر هاتوە و ئەو دە سەلاتێکی پەیدا کردوە، دژی تێکوٚشانی دیزب ڕادەوەستێ؟

مەلا حەسەن:

بە ڕاستی ئەمنیش زوٚر سەر لەو مەسەلەیە دەرناکەم. ڕەنگە هەر خەتای بێ بەختی و چارەڕەشیی گەلی کورد بێ. ئەوەندەی بیستومە بە هانەیان ئەوەیە کە تا کوردستانی عێراق سەرنەکەوێ. نابێ لە کوردستانەکانی دیکە شوٚڕش هەبێ، یا کاری سیاسی بکرێ. تەنانەت لە کوردستانی ئێران بە هیچ جوٚرێک نابێ کاری حیزبی بکرێ. چونکە لەو حاڵەتەدا دەوڵەتی ئێران یارمەتی بەوان ناکا و لە دژیان ڕادەوەستێ.

هیوا بە دەنگێکی لەرزوٚکەوە:

بوٚ بەلای ناخێری پشتیوانی شوٚڕشی کوردستانی عێراق . ئەو شوٚڕشەی منداڵی سەر لانکەی کوردانیش دڵی پێی خوٚشە، دەوڵەتی ئێرانە؟ یانی هەر ئەو ژاندارم و ساواکەی ئێمە لەدەستی وەزاڵە هاتووین، دوٚستی براکانی ئێمەن؟ بەخوای ئەگەر وابێ، قەت بە شتی وا باوەڕ ناکەم.

مەلا حەسەن:

کاکە هیوا جارێ زوٚری ماوە هەمو دەردەکانی گەلەهەژارەکەت بزانی. بەڵێ شوٚڕشی ئێستا لە گەڵ دەوڵەتی ئێران دوٚستایەتی هەیە و یارمەتیشی لێ وەردەگرێ. هەتا ساڵی ٦٤ شوٚڕش تەواو لە سەر پێی خوٚی ڕاوەستابو. یا یارمەتیەکی کەمی لە دەرەوە لە دوٚستانەوە پێ دەگەیشت. بەشی هەرە زوٚری پێداویستیەکانی شوٚڕش لە لایەن نەتەوەی کوردەوە دا بین دەکرا. لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانی خۆمان هەر ئەو کادرانەی حیزبی کاری بناغەیی یان کۆکردنەوەی پارمەتی و ناردنی بۆ کوردستانی عێراق بو. لە تورکیەش هەروا و بە تایبەتی لە خودی کورد ستانی عێراق خەڵک یارمەتیەکی زۆری کۆ دە کردەوەو شۆڕش خۆی پێ ڕادە گرت. لەو سالانەدا نەگبەتی ڕووی لە گەلی کورد کرد و دووبەرەکی کەوتوەتە نێو سەرکردایەتی شۆڕشەوە. نازانم چ قوڕ بەسەریەک بو کە مەکتەبی سیاسی پارتی لە دژی بارزانی و بارزانی لە دژی ئەوان وەخۆ کەوتن. بەشی زۆری پەشمەرگە پشتیوانی لە بارزانی کرد. بۆیە هێرشی کردە سەر بەشەکەی دیکەی پارتی و هەتا نێو کوردستانی ئێران ڕەپێی نان و گەلێک پەشمەرگەی قارەمان لە هەردووک لا بەخۆڕایی کوژران. ئەوانیش خۆیان گەیاندە ئێران و ماوەیەک لە ئێران مانەوە. پاشان هەڵاتنەوە عێراق و بە یارمەتی دەوڵەتی عێراق هێزێکیان پێکەوەنا هەر بە ناوی پارتی. بارزانیش نێوانی لەگەڵ ئێران خۆش کردو لە بەرامبەر ئەوان و دەوڵەتی عێراق شەڕی درێژەدا. ئێستا شەڕی براکوژی لە کوردستانی عێراق بە گەرمی درێژەی هەیە. پیاو ناتوانێ بڵێ کامیان خەتابارن. بۆ چیش وا دەکەن؟ ئەمن سەری لێ دەرناکەم. هەر دەڵێم خەتای چارەڕەشی و بێ بەختی گەلی کوردە. خۆزگە نە ئەوان دەچونە پاڵ دەوڵەتی عێراق و نە ئەمان پشتیان وە ڕژیمی خوێنخۆری شا دەدا. شۆڕشەکە هەروەک خۆی بە خاوێنی دەڕۆیشتە پێش بە پشتیوانی ڕەش و ڕووتی گەلی کورد. بێگومان بە سەرکەوتن دەگەیشت. بەڵام ئێستا بە داخی گرانەوە ئەو لەگەڵ عێراق و ئەم لە گەڵ ئێران.. ئاه.. پیاو ناتوانێ هیوای بە سەرکەوتن هەبێ.

هیوا تا دەهات زۆرتر لە بیران ڕادەچو و غەمی بەسەر دا دەباری. هەردوو دەستی وەبن چەناگەی دابوون و سەری بەردابۆوە. ماوەیەکی زۆر هەر بەم جۆرە مایەوەو لە گژ بیر و خەیاڵان ڕاچو.

مەلا حەسەن هەروا بە پەرۆشەوە سەیری دەکرد و سەری ڕادەوەشاند. ئەو لەوە دەترسا کە ئەو خەبەرانە هێندە کاری لێ بکەن، ناهومێدی کەن و ڕووی پێ لە خەبات وەرگێڕن، بۆیە دیسان دەستی هاویشتەوە سەرشانی و بە نەرمی گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برا هێندە قووڵی لێک مەدەوە. ڕۆژێک دێ ئەم گرفتانە چارەسەر بکرێن. ئەوی دڵ سۆزی گەل بێ ڕۆژ ێک هەر وەخە بەر دێ ودە ست لە کاری ناڕەوا هەڵدەگرێ. ئەوەی بە نیهادیش خراپ بێ، بەم زوانە ڕوو ڕەش و ئاشکرا دەبێ و لە نێو گەل دا ڕیسوا دە بێ. تازە ئەوە خەتای من و تۆ نییە. ئێمە هەر ئەوەندەمان لە سەرە ئەوەی لە دەستمان دێ بۆ ئەو گەلە هەژارە بیکەین و تەنانەت لەو ڕێگایەدا حازرین گیانی خۆشمان فیدا کەین.

هیوا بەزەحمەت سەری هەڵێناو گوتی:

قسەی تێدا نییە. نابێ وورە بەردەین و بێ هومێد بین. لەوەدا شکت نەبێ کە دڵی من ئەوەندە گڕی گرتوە بە هەزار خەبەری ناخۆش سارد نابێتەوە. ترسی من لە فشارێکە کە دێتە سەر پێشمەرگەکان. ئەوانەی شەو و ڕۆژ ئەم دێ و ئەو دێ دەکەن و لە هیچ جێگایەک ئەمنیەتیان نییە. ئەگەر شۆڕشی کوردیش لەو دیو پشتیان بەردا وفشاریان بۆ بێنێ، ئەوان چۆن خۆ ڕادە گرن. دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئێران و شۆڕشێکی بەهێزی کە لە کوردستانی عێراق هەیە تەنگیان پێ هەڵچنن، چۆن دەرباز دەبن.

مەلاحەسەن:

نە بە باسکردن و نە بە خەم خواردن ، ئێمە چمان لە دەست نایە. بابچین وەدوای کارەکانی خۆمان کەوین. کارێکی قورس و وورد یان پێ سپێردرابو. لەهەل و مەرجێکی ئاوا ناسک دا. لە کاتێکل دا کە لەبن هەر دەوەنێکیش چاوێکی ساواک هەست پێ دە کرا. لا کاتێک دا سیخوڕانی دەوڵەت لە بەرگی کاسبکار، سوپای دانش، شوان، چەرچی، جەڵەبکڕ و تەنانەت دەروێش و مەلا و فەقێش دا دەخولانەوەو بچوکترین هەڵس و کەوتی نا ئاسایی یان خەبەر دەدا، سەردان لە شانەکانی یەک ناوچە ی گەورە و ئا گادار کرد نی هەموان ، کارێکی ها سان نەبوو. پاش لێکۆڵینەوەیەکی وورد بۆیان دەرکەوت کە ئەو کارە تەنیا بە هیوا ناکرێ. دەبێ لە ژێر پەردەیەک دا ئەو کارە بکرێ. بۆیە بڕیار یان دا بەدەستە جەمعی و لە ژێر پەردەی(ڕاتبەی فەقێیان) بگەڕێن و کارەکە بکەن. لە ئاوایی یەکانی کوردستان دا ئەوە شتێکی ئاسایی بو. فەقێکان هەموو ساڵێ چەند جار بە دەستەجەمعی بە گوندەکان دا دەگەڕان و شتی وەک ڕۆن، قەند، چا، پوڵ ...یان کۆ دەکردەوە بۆ بژیوی خۆیان. ئێستا ئەو کارە دوو قازانجی هەبوو. هەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قازانجی ئابوری و هەم قازانجی تە شکیلاتی. پاش ئەوەی لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کارەکە ساغ بونەوە، بونە دوو دەستە. دەستەیەک بۆ ئەوبەری چۆمی و دەستەیەک بۆ ئەمبەری چۆمی. هیوا لەگەڵ دەستەی ئەمبەر کەوت، کە پێکهاتبولە مەلا خدر و فەقێ ڕەحمان و خۆی.

بڕیاریان دا لە پێش دا بەرەو شاری بڕۆن و هەتا سنوری کوردستانی عێراق کە دەبێتە ناوچەی ئالان درێژە بە کارەکانیان بدەن. لەوێ ڕا بە بنارەکانی کێوی بوڵفەت دا و بە گوندەکانی دەرما ناوێ، بێوران، بنەوخەلەف و مەزرێ دا بگەڕێنەوە هەتا گوندی ئاڵوەتان و ئەوجار بەدەم چۆمی دا بگەڕێنەوە جێگای خۆیان. بەمجۆرە تەواوی شار و ئاواییەکانی ئەمبەر چۆمیان دەپشکنی.

کاری هەرە قورسی ئەوان لەبەرکردنی ناوی شانەکان، ڕەمزی شانە و ناوی نەهێنی بەرپرسە کە لەگەڵ ڕەمزی پەیوەندی گرتن بو. هەریەکەیان بەرپرسایەتی بەشێک لەوانەی وەئەستۆی خۆی دەگرت. یەکێک ناوی شانەکان و هەرکامەی لە چ گوندێکە. ئەوی تریان ناوی بەرپرسەکە و ناوی نەهێنی بەرپرسەکە. هی سێهەمیان ڕەمزی پەیوەندی گرتن. چونکە نەدەبو هیچ بەڵگەیەکی نوسراویان پێ بێ. هیوا ڕەمزی پەیوەندی گرتنی بەرکەوت. دەچونە هەرگوندێک بەدەم ڕاتبێ کردنەوە دەگەڕان تا دەگەیشتنە ماڵی ئەو کەسەی بەرپرسی شانە بو. بە ئەنقەست بۆ چا خواردنەوە لەوێ دادەنیشتن. قسەیان لەگەڵ خاوەن ماڵ دەکرد و، ناویان دەبرد و ناوی نەهێنیان هەڵدەدا. پاشان هیوا خۆی لە کاکی بەرپرس نیزیک دەکردەوەو ڕەمزی پەیوەندی پێ دەگوت. ئەویش باوەڕی پێ دەکردن و دەکەوتنە سەرباسی کار و باری حیزب. ئەوجار دەستورەکەیان پێ ڕادەگەیاند و ئەو گوندەیان بەجێ دەهێشت.

چەند ئاوییەکیان مابو بۆ شاری کە کۆڵیان بەتەواوی قورس ببو. کولەکەی ڕۆنی پڕ ببو لە ڕۆن. کۆڵێک قەند و چا و شتی وایان پێ بو. نەیاندەزانی لەگەڵ ئەو هەمو شتە چ بکەن؟ ئەگەر لە گوندێکی دا نێن ، دیسان دەبێ بۆی بگەڕێنەوە و ئەوەش هەم وەخت دەگرێ و هەم زەحمەتە. ئاخرەکەی بڕیاریان دا شتەکانیان لە ئاوایی(زێوە) دانێن کە نیزیک شارە و حوجرەی فەقێیانیشی لێیە. ئەگەر بۆیان کرا بۆی بگەڕێنەوە، ئەگەر نەش کرا با بۆ فەقێکانی ئەوێ بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچەند لە حاڵەتی ئاسایی دا ڕێگای نێوان گوندی خۆیان و زێوەی تەنیا دوو سەعات ڕێگا بو، ئێستا چوار شەو و ڕۆژیان پێجو بو تا گەیشتبونەوە ئاوایی زێوەی. لێرە بەهۆی ئەوەی کە بۆخۆی فەقێی هەبون نەیان دەتوانی ڕاتبێ بکەن، بۆیە راست ڕوویان لە حوجرەی فەقێیان کرد.

ئەو حوجرەیە تەنیا دوو فەقێی لێبون. مەحمود ناوێک کە هەتا بڵێی قۆشمە و قسەخۆش بو، لە گەڵ فەقێیەکی دیکە کە هەر سەیرێکی تەواو بو. مەلا مەحمود هەتا بڵێی کەڵەگەت و بەخۆوە بو. دەم و چاو پان و برۆ ڕەش و بڵیند. زار بە پێکەنین و قسەخۆش. ئەوەی دیکەیان قەد نێونجی و دەم و چاو درێژکۆڵە، چاو گەورە ودەر پەڕیو، زۆر بێ مو بالات دیار بو. لە ذکاو بە دەنگێکی بەرز پێ دەکەنی و بە شتی زۆر ساکار لەخۆ دەبۆوە. مەلا مەحمود هەر پێی دەگوت موفتیە کەرە. دەیگوت:

بۆیە ناوی موفتی مان لە سەر داناوە، چونکە بە دوو قڕانان سەگ و پشیلەی لێک مارە دەکا. هەر لە ئێستاوە مەلایەکی دەست بڕە. خۆ دوو تمەنی بدەنێ منداڵی سەر بێشکەی لە پیاوی پەنجا ساڵە مارە دەکا. لەسەر وەی زۆر جار بە گژی دا هاتوین، بەڵام فایدەی نیە. هەرگوێی لێ نیە. تازە ئەو کە جوابی حەدیس و ئایەتەکان نەداتەوە، کوا گوێ بۆ ئێمەڕادەگرێ. چاوت لێیە چەند شیکە، ئەگەر وای نەکردبایە فەقێیەکی سواڵکەر کوا دەتوانێ کەواو پانتۆڵی ئەفسەری لەبەر کا. تەماشاکەن.

موفتی بە وە فیز گرتی، هەستایە سەرپێ و بڕێک بە خۆی دا ڕوانی. پاشان ڕووی لە مەلا مەحمود کرد و بە پێکەنینەوە:

جا تو خوا ئەمن کەرم یا ئەتوو. تەما شا، ئانیشکت بەدەرەوە یە. ئەو قەڵافەتەزەبەلاحەت هەیە، بە نۆگەز جاو ناشاردرێتەوە. کەچی ئەوەندەت ئاقڵ نیە فێڵێک ببینیەوە و داپۆشی. مردوت نەمرێ فکرێکی بۆ حاڵی خۆت بکەیەوە لەو قسانە چاترە. چاو لە من کە ، کۆک و پۆشتەم. بۆنی عەترێم ڕۆژەڕێیەک دەڕوا.

مەلا مەحمود دەستی بۆ گوێی موفتی برد:

چاو چەند گەورەن، بەوانەڕا دیارە. بەو حاڵەش پەلەم نییە، ئەم برادەرانە جارێ لێرەن و هێندەی پێ ناچێ کەریەتیی خۆتیان بۆ دەردەخەی. سەیری مەلا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەحمود و موفتی پیاوی تازیەباری وە پێکەنین دەخست. هەمو شتێکی لە بیر ئینسانی دەبردەوە، بۆیە هیواش تا شەو درەنگانێک لە بیری نەبو کە دەبێ شتەکان تاقەت کەن. سەرێکی بردە بن گوێی موفتی:
کا کە هێندێک شتمان کۆکردوە تەوە دە مان هەوێ لێرەی دانێین. ئەگەر توانیمان بێرە دا بگەڕێینەوە باشە، دەنا بۆ خۆتان.
موفتی گوێی بونە چوار. لێرەی دانێن؟ زۆر فکری چاکە، چتان پێیە؟
هیوا:
کولەکەیەک ڕۆنی قاڵ، لە گەڵ هێندێک قەند و چاو کەشک و شتیوا.
موفتی:
دای نێن براله، دای نێن یا خوا بەخێر بێن. بە قاقالێدانەوە: سواڵی سواڵکەری، بیدە بە لەجەری. ئێوە سواڵکەر و ئێمەش لەجەر. ئەگەر بێرەدا هاتنەوە، بەڵکو خوا بە نسیبتان کا و یەک، دوو جەمانی لێ بکەن. دەنا بۆ بردنەوەی بەخوای تازە دڵم نایە ئەو کۆڵەتان پێ هەڵگرمەوەو ماندوتان بکەم. کوان، هەستە با تاقەتیان بکەین. پیلی هیوای گرت و ڕاستی کردەوە.
باشە، ئەو ڕۆنەی دەبێ بەو سێپیلکەی دا هەڵاوەسین، بە بن میچیەوە،دەنا مشکی سەکباب گاڵەی پێ دەکەن. بیگەنێ کولەکەی دەسمن و خۆ دەنێو ڕۆنی داوێن. سەگبابخێوانە مەلەی نێو ڕۆنی زەنگیان پێ لە هەمو شتێک خۆشترە. کولەکە ڕۆنی بە بن میچی یەوە هەڵواسی. شتەکانی دیکەشی لە نێو تاقەیەک دانان.
خۆی لە بن هیوای خزاند و لە ناکاو نەقورچێکی لە بن کەلەکەی کوتا. هیوا نرکەیەکی لێهات و ڕاچەنی و بەسەر سوڕمانەوە تەماشایەکی کرد.
موفتی چاوێکی لێ داگرت و بە پێکەنینەوە گوتی:
زۆر قۆزی! هەتا ئێستا چەند نێچیرت لە داوێ خستون؟
هیوا بە پێکەنینەوە:
ڕاوکەر نیم، کابرایەکی بێ زەڕ و بەستەزمان، چم لەدەست نایە.
موفتی چاوێکی لێ زەق کردەوە:
خۆم لێ گێل مەکە. قیافەی تۆم هەبایە، هەر مەلایەتیشم وەلا دەنا. بە قورعانی لێم خوێندوە، دەبومە شایەر. شایەر دایم لە نێو زەماوندان دایە و لە گەڵ کچە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوانەکان چاوچاوێن دەکا. لەو قسانە دابو، چاوێکی لە میچی کرد. لە ئکاو (ئا) یەکی گوت و دەرپەڕی. غاری دایە بەردەر کەی،گۆچانێکی ئەستوری لێبو تاوی دایە و بە غاردان گەڕایەوە. هیوا و ئەوان چاوەڕوانی گەمەیەکی سەیر بون. موفتی بە هەردووک دەستان گۆچانی بەرەو کولەکە ڕۆنی بەرز کردەوە.
ئەوانی دیکە تەماشایەکی ئەو جێگایەیان کرد، دیتیان مشکێک خەریکە بە پەتی کولەکە ڕۆنەکەی دا دێتە خوارێ.
مەلا مەحمود زانی موفتی دەی قەومێنێ هاواری کرد:
کەرە نەی کەی.
فایدەی نەبو، موفتی گۆچانی داوەشاند و بە هەمو هێزی خۆی لە کولەکە ڕۆنی دا. مشک دەرپەڕی و کولەکە ڕۆن کەوتە خوارێ و قەڵشی. ڕۆنی زەنگ بە وەلاتی دا بلاو بۆوە و زووربەی ئەوانەی لە وێش دانیشتبون پرێشکیان بەر کەوت.
مەلا مەحمود نەڕاندی:
دەک عەمرت نەمێنێ بۆ کاری کردت. ئەمن گوتم کەریەتی خۆت بنوێنە، بەلام نەک بەو شکڵەی. ئاخر گوێدرێژ نازانی بەو گۆچانەی لە کەلەکەی بدەی بەردەبێتەوەو دە شکێ؟ ئەوە چ کارێک بو کردت؟ ڕۆن بە جەهەندەم، بۆخۆشمان هیچ لەشمان نەما.
موفتی لەو حاڵەش دا نەخەجلا، بە قاقا لێدانەوە گوتی:
ئەمن چوزانم کولەکە دەکەوێ، پێموابو مشکی سەگباب تەمبێ دەکەم. تازە خۆ کابە کەچ نەبوە، بۆ هێندە تورەی؟ ئەتوو چت لەبەردایە تورەبی. ئەمن دەبێ نارەحەت بم کەوا و پانتۆڵی پەشمم لێ چەور بون.
ئەو شەوەیان زۆر بە سەیر و سوحبەت ڕابوارد.
بەیانی زوو لە خەو هەستان. کاری ئەمرۆیان کەمێک لە ڕۆژان قورستر بو. ئەمرۆ دەبو بە هانەیەک بۆ پەیوەندی لەگەڵ شانەکان پەیدا بکەن. چونکە نەیان دەتوانی لێرە ماڵ بە ماڵ بگەڕێن و راتبێ بکەن. لەسەر نان و چا خواردن بون دەنگێک لە سەر بانەکانەوە بەرز بۆوە:
ووردەواڵە، ووردەواڵە. عەتر، سابون، دەرزی، بنێشت، هەرچی دەتهەوێ هەیە. زوو بیگەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا سرتەیەکی لەگەڵ مەلا خدر کرد:
بەهانەی چاکە، دەچم هێندێک ووردە بکڕم، دەڵێی چی؟
مەلا خدر:
بەتەنیا بۆت ناکرێ، هەمو شتێکت لەبەر نیە. دەبێ هەر سێکمان پێکەوە بچین.
لەبیرت چوەتەوە بە هەرسێکمان زەبتێکی تەواوین؟
هیوا:
ڕاستە، با زوو پاروە نانێک بخۆین و هەر سێکمان بە بەهانەی ووردەوالەی وەدەر کەوین.
نەیانزانی نان و جاکەیان چۆن خوارد لە پەلە پەلیان.
مەلا خدر تەماشایەکی هیوای کرد و بە پێکەنینەوە:
جحێڵ لە مێژە بۆ عەتری دەگەڕێی، ئەمنیش ووردە شتم پێویستە. سەرێکی ووردەواڵەفرۆشی نەدەین؟
فەقێ ڕەحمان وەک لە خەو ڕاپەڕیبێ، تەکانێکی دایە خۆی:
ئەدی ئەمنت لە بیر نییە؟ هەر هیوا بە جحێڵ دەزانی؟
مەلا خدر:
باشە بابە ئەتۆش وەرە کێ دەڵێ ئەتۆم لە بیر چوە؟
موفتی:
چما خۆو پێ لەمن جحێڵترە، کێیە لە هەموان شیک ترە. ذێرا کەوشی لە پێ کردن و لە پێش هەموان دا وەدەر کەوت.
مەلا خدر بە گوێی هیوای دا چپاند:
زۆر فزوولە، چۆنی لەکۆڵ خۆمان بکەینەوەو کارەکان بکەین؟
هیوا:
با بچینە دەرێ فکرێکی بۆ دەکەین. ئەتۆ بیخافڵێنە، ئەمن و ڕەحمان دەچین کارەکان جێ بەجێ دەکەین.
مەلا مەحمود هاواری کرد:
ئاگاو لە موفتی بێ. نەیەڵن گۆچانی لەگەڵ خۆی بێنێ، کارێکتان دەداتە دەست.
ئەمن خەریکی ڕیش تاشین دەبم، ناتوانم لە گەڵتان بێم. لە منیش دوور بێ زوو پەتی دەپسێنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند ماڵێک بە تەنیشت یەکەوە دروست کرابون. بانەکانیان تێکەڵ ببونەوەو مەیدانێکی گەورەیان پێک هێنابو. ووردەواڵەفرۆش لەو مەیدانە گەورەیەدا ووردە شتی بڵاو کرد بۆوە. هەم بە نەغدی دەیفرۆشت و هەم بە ڕسقی دەگۆڕیەوە. منداڵێکی ڕووتەڵە باوەشێک خوری پێ بو. هەر هاواری دەکرد خاڵە نۆرەمە. ووردەواڵەفرۆش هەردووک چنگی بە باوەشی کوڕەکەدا کرد. خوریەکەی لێ وەرگرت و توند گرۆڵەی کرد. لە نێو چنگی خۆی کرد و گوتی:
بە میچە ئەتەوێ چت بکرێ. چت گەرەکێ کوڕم؟
منداڵەکە:
بنێشتم دەوێ، دایکم گوتی بنێشتی کوردی بێنە. دەبێ سپی بێ دەنا نام هەوێ.
ووردەواڵەفرۆش:
ئەی خوا، سپیچ نەوێ، نەی گەرەکە. ها گیانەکەم ئەمیچە بنێشتی سپی.
مەلا خدر سەری بردە بن گوێی هیوا و دوو ناوی پێ گوتن لەگەڵ ناوی نەهێنی.
ئێستا لەگەڵ ڕەحمانی زوو بڕۆن بیان بینەوەو پێیان ڕابگەیەنن. ئەمن موفتی سەرگەرم دەکەم.
هیوا ئیشارەیەکی بۆ فەقێ ڕەحمانی کرد و خۆ یان دز یەوە. لە منداڵان ناوەکانیان پرسی، پەیامەکەیان پێ گەیاندن و گەڕانەوە. لەو ماوەدا موفتی هەر بەزمی بە مەلا خدر گرتبو بۆ شت کڕین. ئەویش هەر گاڵتەی پێ دەکرد و دەی خافڵاند تا هیوا و ڕەحمان گەڕانەوە.
موفتی دەست بە جێ لێیان هەڵبو:
لە کوێ بوون خۆتان دزیەوە؟
هیوا:
چوینە سەر ئاوێ.
موفتی:
فێڵێکی دیکەو لەبن سەری دانەبوبێ؟ ئەو دێیە پڕە لە کارمامز.
هیوا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نابابە، ئێمەی هەژار فێڵی چی. هێندێک ووردە شتیان کڕی و عەترێکیشیان بۆ موفتی کڕی. لە ذکاو دەنگی دەهۆڵ و زوورِنا لە چەند سەربان ئەولاتر بەرز بۆوە. منداڵان بە غاردان بەرەو ئەو جێگایە هەڵاتن:

لۆتی هاتن، لۆتی هاتن.

هەی لەوەی خۆی بگەیەنێتە جێگای دەهۆڵ وزوورِنا کوتان.

هیوا و ئەوانیش بەرەو وێ ڕۆیشتن. سێ لۆتی و وورچێکی ڕەشی گەورەیان پێ بو. یەکێکیان زوورِ نای لێ دەدا، یەکیان دە هۆڵی دەکو تا و ئەوی دیکە شیان وورچی حەڵدەپەڕاند وپوڵی کۆ دەکردەوە.

ئەوی وورچەکەی هەڵدەپەڕاند جار و بار هاوارێکیشی دەکرد.

لێی دە بە سەلامەتی....یا لێی دە بە گۆڕی بابی....

ناو ی کەسێکی بە خەراپە دێنا، یا بە کەسێکی هەڵدەگوت. لۆتی عادەتیان وابو کەسێک پوڵی چاکی دابانێ، هەتا ماوە یەک گو ندا و گو ند پێیان هەڵدەگوت. ئەگەر هیچیشی لێ هەڵنەوەریبا، لە دەهۆڵیان داویشت. دەچو نە هەر جێگا یەک جنێو یان پێ دەدا و لە گەڵ هەر دە هۆڵ کوتانێک بۆ یان حەواڵە دە کرد. لۆتی ناوی هەموکە سیان دەزا نی. م ندالان بە لۆ تیان کەیفیان ساز دە بو، ئەوانیش وەک جاسو سێکی بێ دِ یرە و موا جب کەڵکیان لێ وەردە گرتن. دەچو نە بەردەرگای هەرماڵێک لە پێش دا ناوی خاوەن ماڵیان لە م ندالان دەپر سی. جا دەستیان بە دەهۆڵ کوتان دەکرد:

لێی دە بە سەلامەتی کاک.....

لۆتیەکان وەک خەڵکی هیچ ناوچە یەکی کورد ستان نەدەچون. جل و بەرگیان تێکەڵە یەک بو لە جل و بەرگی باو لە ن ێو هەمو ناو چەکان دا. کۆتە کەیان نیشانەی باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بو. پانتۆڵەکەیان وەک پانتۆڵی مکور یان دە چو. دە سرەی ڕێ شوداریان ناو چەی شامات و شاروێرانی دێنا یەوە ڕ یر و ڕ شتێندی زۆر ناو چەی سەردە شتی نی شان دەدا. لە ه جەیان زۆر تر لەهـ جەی باشوری ڕۆژهەڵات بو، بەڵام پڕ لە زاراوەی هەمو لەهجە کورد یەکان. جا بێنە بەرچاوی خۆت کۆت لە سەر ڕ شتێندی زۆر و پانتۆڵی فرەوان. دە سرەی ڕیشودار و کوڵاوی گۆڵدۆزی کراو، بە ڕاستی دیمەنێکی سەیریان هەبو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لۆتیەکان لە جنێودان و ناتۆرەهەڵدان دا زۆر وەستا بون. جنێوی باشوریان لە باکور دەدا و جنێوی ڕۆژهەلاتیان دەبردە ڕۆژئاوا. جاری وابو سەریان دەخستە سەر کەسێک و لە کۆڵی نەدەبونەوە. لە بەری پێی را هەتا تۆقی سەری پێیان هەڵدەگوت:

ئەرێ سەیری کە دەڵێی داڵە..پێم گیر فانی بەتاڵە..ئاغایە و بێ حەواڵە...هەی، سەری واسە مەنجەڵە. باسکی وەکو کۆڵەوەژ...دەست نابا بۆ گیرفانی...سەرا خۆ کریە بن هەژ.

بە کورتی هەرئەوان دەیان توانی ئەو توانجانە ڕێک خەن. ئەوەی وورچەکەی هەڵدەپەڕاند، بۆ خۆی لە وورچەکە سەیرتر بو. کابرایەکی زگ زلی قەدنێوجی. سمێڵی دەتگوت کلکە مشکن بەملاو ئەولای دا شۆڕ ببونەوە. چاوی گەورە و دەرپەڕیو بون. لە نێو قەدی بۆ سەرێ زۆر پان و لە نەو قەدی بۆ خوارێ باریک بو. هەتا بڵێی ئەندامێکی نارێک و پێکی هەبو. لەگەڵ ئەوەش ڕووخۆش و سەرنج ڕا کێش بو. کولاوی خۆی لە سەر لەپی دە ستێکی دا نابو و بە دەستەکەی د یکەشی زنجیری وورچەکەی گرتبو. ڕووی لە هیوا و ئەوان کرد و یەک بەخۆی لە وورچی راخوڕی:

هەی... ئەرێ... بەمەندیلی مەلایە...

مەلاخدر خێرا تمەنەکی دەرهێناو لە کولاوەکەی هاویشت.

سەری بردە بن گوێی هیوای:

با زوو لە کۆڵمان بێتەوە.

کابرا خێرا سەری بە کولاوەکەی دا گرت و هەڵی بڕیەوە. تەماشایەکی مەلا خدری کرد و بە بزەیەکەوە گوتی:

تمەنێک، بەلان قەیدێ ناکا، ئەتۆ مەلای... ئەوەندە لە دەست مەلای بێتەوە زۆرە. بەزیاد بێ. دەگێڕنەوە دەڵێن: مەلایەک خەریک بو لە چۆمی دا دەخنکا. چەند کەس ویستیان ڕزگاری کەن. هاواریان کرد مەلا بدە دەستت....

مەلا خدر و هیوا و ڕەحمان گەڕانەوە حوجرەی، خواحافیزیان لە فەقێکان کرد و ڕۆیشتن. لە ڕێگای شیوە برایمەوە کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژ ئاوای شارەوە دەچونە پێش. لە قەراغ شاری لە پەنا کورە خانەی حاجی ڕەسوڵ هێندێک دانیشتن و حەسانەوە. پاشان بە هەورازەکەی دا بەرەو بولواری وەسەر کەوتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جادەی ما شێن ڕەو بە پەنای ڕێیە کەدا بە پێچ و لول بەرەو شاری وە سەر دە کەوت. ئەوان بە شەکەتی و ماندوویی چاویان لە ما شێنەکان بو کە بە جادە چەوڕێژ کراوە کەدا سەردەکەوتن. جادە کە ئە سفاڵت نەکرابو. لە زۆر جێگادا ئاوی باران قەڵش قەڵشی کرد بو، یا کە ند و چاڵی تێخستبو. لە هێندێک جێگا قوڕ و لی تە چا ڵەکانی پڕ کرد بۆوەو ما شێنەکان بۆ ک ساواتیان تێدا دە کرد. نەفەرەکان مەجبور دەبون پاڵ بە ماشێنەکەوە بنێن تا لەو چاڵا نە دەر یان هێنن و جارێکی دیکە سوار بنەوە. سواریی ماشێن لەو جاددەیەدا بەڕاستی جیاوازیەکی ئەوتۆی لە گەڵ پیادەڕەوی نەبو. جادەکانی سەرانسەری کوردستان هەر وا بون. ڕژیم تەنیا بۆ مەبە ستی نیزا می ئەو جادا نەی درو ست کرد بون. دە نا کەڵکی هات و چۆی ماشێنی نەفەربەریان نەبو. بە تایبەتی لە کاتی باران و بۆران دا.
ئێستاش ئاخر و ئۆخری زستان و ڕاست وەختی قوڕ و چڵپاو بو. هیوا و ئەوان کە تەما شای وەز عی خرا پی ما شێنەکانیان دە کرد، ما ندوویی خۆ یان لە بیر دەچۆوە و هیچ لەوە ناڕەحەت نەبون کە بە پێیان سەفەر دەکەن.
لە نیز یک شاری لە پڕ کابرا یەکی ڕوتە ڵە بە غاردان بەرەو پیر یان هات. کابرایەکی سەر وڕیش سپی و داڵەگۆشت. ددانەکانی پێشەوەی نەمابون و هەر تڵپەی دەهات. کەواو پانتۆڵێکی کۆنی لەبەر دا بو، توکی پێوە نەمابو. کەوا کەی لە مۆدی هەرە کۆن بو. لەوا نەی لۆ کەیان لە نێو نرا بو. لە زۆر جێگاوە، بە تایبەت لە سەر ئانیشکەکانی لۆکە وەدەر کەوتبو. بێ ئەوەی ما ندو نەبونیان لێ بکا، یا قسەیەکیان لە گەڵ بکا، دەستێکی بۆ تورەکەی شانی هیوا برد وگوتی:
چی تێدایە، پاشان پەلاماری بوخچەی پشتی فەقێ ڕەحمانی دا و برێکی هەڵێنا، ئەوە چیە؟ هەرچی تێدا یە بە منی بفرۆ شن. با ئە مەش دوو قڕانمان دە ست کەون، ماڵ و منداڵمان هەیە.
بە دوای وی دا لاوێکی کەڵەگەتی چوارشانە بە غاردان دە هات. لە دوورەوە ڕا هەڕەشەی لە کابرای پێشو دەکرد:
هۆی شەکرە، شەکرە. نەم گوت ئێ ستا نۆرەی م نە؟ قەرار نەبو هەوەڵ دەستەی دێن بۆ من بن؟ کوێڕا خۆت گەیاندنێ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا سەری سوڕ مابو. چاوی لە مەلا خدر کرد. بەڵام بۆ مەلا خدر زۆر سەیر نەبو. ئەو دەیزانی چ باسە و تەنانەت شەکرەشی دەناسی. بە پێکەنینەوە ڕووی لە هیوا کرد:

ئەوانە چەقاڵ و بەقاڵی دەری شارین. هەر دێهاتیەک بیگەنێ لە بن هەنگڵ ڕا قۆڵی دەبڕن . وورده شتەکانی لێ دە کڕن و بە دوکانداره‌کان و خەڵکی شاری دەفرۆشنەوە. کابرای دێهاتی کە سێ، چوار هێلکان لە گەروی ماڵ و منداڵی خۆی دەگێڕێتەوە و دەیان هێنێتە شاری بیان فرۆشێ، هەرگیز قیمەتی تەواوی پێ ناگا. لە پێشدا ئەوانە لە دەستی دەر دێنن. هێلکە یەک لە قەراغ شاری ڕا سێ دەستان دەکا، جا دەگاتە دەست کڕیاری ئەسڵی.

شەکرە لە قسەکانی مەلا خدری ئاوری گرت:

دەی بابە، ئەتۆش دەڵێی لە میحرابێ لە دای مەوعیزانمان بۆ دەکەی. لە کوێ دەتوانین لە بن هەنگڵی ڕا قۆڵتان ببڕین، کۆپەینە، ئەوەش هێندە ووریا بونەوە پیاو دەرەقەتو نایە. تەماشا ئەمن توشی چ بوم. ڕێویم بە پیرەوە هاتوە، هیچی پێ نیە قسەی زەلامیش دەکا. بەو بەیانیەی سفتاحم بە چی کراوەتەوە. ئەوڕۆ چاکی ناهێنم. چێشتی خۆش لە ئەنگۆرێوە دیارە. ئەوڕۆ چاکی ناهێنم. هاوارێکی لە کوڕە چوارشانەکە کرد:

سەمەد، سەمەد، وەرە بائەو بەرەکەتە هەر بۆ تۆ بێ. وەرە گوێ لە مەوعیزان بگرە بۆ ئەو دنیات باشە.

سەمەد زانی چیان لە باران دانیە، لە نیوەی ڕێیە گەڕایەوە.

هیواو هاوڕێکانی بەرەو شار وەڕێ کەوتنەوە. لە بولواری ڕەت بون و چونە بەردەم کاڕێژی گەورەی شاری. کاڕێژ مەیدانێکی گەورە بو کە هەم ماشێنی باری و هەم ماشێنی سواری لێ ڕاگیرابو. لەملاو ئەولای کاڕێژ چەند دوکانێکی میکانیکی لێبون، کە لە نێو ڕۆنی ڕەش و تەپ وتۆز دا وون ببون. لە پشتەوەی مەیدانەکە خانوێکی پێنج، شەش ژووری لێبو، ئەم ژوورانە دەفتەری کاڕێژ بون. لە لایەکی مەیدانەکە چەندین فەردە شتومەکی جۆراو جۆری لێبو کە هەرکام ناوی خاوەنەکەی لەسەر نوسرابو. چەند کەسێکی کورتان بەکۆڵ ، خەریکی تاو و توێ کرد نی ئەو فەردە شتومەکانە بون. کابرا یەکی کەڵە گەتی چوار شانە قەپانێکی بەسەر شانەوە بو. هەرهات و چۆی دە کرد و هێندێک لەو فەردانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە هاوکاری دوو حمباڵ دەکێشا. کابرا خەریکی کێشانی فەردەیەک مازوو بو کە پیاوێکی چاو چکۆڵە ی کور تە باڵا، دەم و چاوی بار یک و بێ گۆ شت دەتگوت سکێلێتە بەغاردان خۆی گەیاندێ و لە بن هەنگڵی قەپانچی کوتا و گوتی:

مردوت نەمرێ ئەوە چ دە کەی؟ ئەم فەردەیان بە قەپا نە سوکەکەی بکێشە. فرۆشتومە خۆ نەمکڕیوە. بەو قەپانەی بکێشی ماڵوێران دە بم. پوتی بە تمەنێک کەمتر لە مایەکەی خۆی فرۆشتومە، بە هیوای قەپانە سوکەی تێکەوتوم.

کابرای قەپان بە دەست چاوێکی لێ زەق کردەوە:

جا ئەو وەخت بۆخۆت دەزانی باری چەندم دەوێ.

پیاوە کە:

با بە بە سەر چاوان. هەرچی دەتهەوێ، بت هەوێ. ئەو عەز یەی بشارەوە تاوەختی شت کڕین دێ، ماڵ و منداڵم هەیە بابم.

هیواو هاوڕێکانی بە سەر ڕاوە شاندن کاڕێژ یان بەجێ هێشت و بەرەو بازاڕی وەڕێ کەوتن. بە پیادەڕەویی شەقامەکان دا ، بە بەردەمی دوکانەکا ندا لە سەر خۆ دەڕۆیشتنە خوارێ. زۆر لە مێژ بو سەری شاریان نەدابو. تەنا نەت وەک ئەوەی دچو شاریان لە بیر چوبێتەوە، بە ووردی تەماشای دوکانەکانیان دە کرد. دوکاندارەکان فەرمویان دەکردن وتەبلیغاتیان بۆ دەکردن. زۆر لە گەڵیان سەر و ڕووخۆش بون. هیوا ڕوی لە مەلا خدر کرد:

چەند خەڵکی چاکن، نەدیو ونەناسیو فەرمومان دەکەن و ڕووی خۆشمان نیشان دەدەن.

مەلا خدر:

فەرموی مە ناکەن، فەرموی گیرفانمان دەکەن. بۆ نانی خۆیان هەوڵ دەدەن و دەیانهەوێ شتێک بفرۆشن. پێتوایە بۆ هەموکەس ئاوا ڕوو خۆشن؟ ئاها، تەما شا کە ئەوا هەژارێکی سواڵکەر چووە بەردەمی دو کانی ئەو حاجیە دەوڵەمە ندەی. با تەماشاکەین بزانین چۆن بەرەو پیری دەچێ.

ژنێکی شڕۆڵەی کز، چاوە کانی دەقو ڵەوە چو بون و هەمو ڕە گەکانی دە ستی دەژمێردران. منداڵێکی چکۆڵەی نیوە مردوی بە باوەشەوە بو. ئەو هێندەی بێ خۆراکی ڕ ێوە د یاربو دەتگوت لە بەر قاتی ماوە تەوە. دەورو بەری چاوە کانی هەڵامسابون، ڕەنگی زەرد وەک گەڵای پایز و سگی وەک هەمبا نەی فو تێکراو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هه ستابو. تەنیا بەرگی ئەو منداڵە بە ستەزمانە پەڕۆ یەکی کەتانی چڵکن بو.
ژنە کە منداڵێکی دیکە شی بە دوای خۆی دا ڕادەکێشا. منداڵە کەپێخواس بو . کەوایەکی درێژی مەخمەری کبریتی لەبەر دابو، کە هێندە کۆن بو ڕیشاڵی پێدا هاتبو نە خوارێ. دەم و چاوی چرچ و ڕەش ببون لە چڵکێ دا. هێندە لاواز بو دەتگوت چەقەڵە و ڕاست بوەتەوە سەر پاشوان و بە لەقە لەق دەڕوا.
ژنەکە چووە بەر دوکانی حاجی، ملی بە لارەوە ناو دەستێکی گرتەوە:
خێرێکمان پێ بکەن ڕەحمەتی خواو لێ بێ. ڕەحمەتی خواو لێ بێ ئەو دوو منداڵە هەژارەم بێ سەرپەرستن. کەسمان نییە نانێکمان بۆ پەیدا کا. بابیان نەماوەو هەتیون. ڕوحمێک بەو دوو منداڵەی بکەن. با لەبرسان نەمرن. ڕەبی بچنە بەهەشتێ، خوا دەست بە عومرو ماڵتانەوە بگرێ، خێرێکمان پێ بکەن.
حاجی چاوی دەرپەڕین و وەک تۆپ بەسەر ئەو ژنە هەژارەی دا تەقیەوە:
لاچۆ لەبەر چاوم دەی، دەی ذێرا دوکانەکەم پیس مەکە. برۆ وون بە، یا خوا هەر ئێستا لە برسان دەمردن، بە من چی. ذێر و بەرەکەتمان بۆ هاتوە. هەر پێ ڕادەگەی جوابی سواڵکەران بدەیەوە. بۆ ناچن بۆخۆتان کارێک، کاسبیەکی بکەن. ئەو هەمو سواڵکەرەخواردونی. ئێستا سفتاحم نەکردوە، گەیشتویە سەرم. بەو کابەی دەستم پێ گرتوەلە من دەوڵەمەندتری، بە قەستی وا ت لە خۆت کردوە. ئەوا پێت دەڵێم جارێکی دی بەبەر دوکانێم دا بێیەوە، ئەوی خەراپە پێت دەکەم.
ژنە دەستی کرد بە گریان، بە هەنیسک لێدانەوە دوور کەوتەوەو دەی گوت:
خۆشی لە ماڵ و سەروەتت نەبینی حاجی. هەی ڕۆ. مە جبوری نەبێ بۆ دەست لە نامەردی وەک تۆ پان دەکەمەوە. ماڵی وەی وێران بێ ئەمنی ئاوا لێ کرد.
هەی ...ڕۆ... جەرگی وەی بسوتێ عەزیزی لەمن هەستاندو منداڵی بێ باب کردم. ئەمن بە قەستی وام کردوە، ئەو منداڵانەم چی. چاوت کوێرە ، ڕەنگی زەرد و چاوی هەڵامساویان نابینی. نابینی منداڵەکانم لە برسان دەڵێی داری ڕەقن. نابینی بۆ خۆم مسقاڵم گۆشت پێوە نییە؟
هیوا زۆر دڵی بەو ژنەی سوتا، بە غاردان خۆی گەیاندێ و تمەنێکی لە مستی نا.
ژنە تەماشایەکی کرد و لە خۆشیان ڕەنگێکی تێ گەڕا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەک دەبەر بەژنێت مرم. خوا ئەو باڵا جوانەت بپارێزێ. تەمەنێک؟ ئەوە ژیانی بیست ڕۆژی مەیە. تەواو بیست ڕۆژ. دیت حاجی چی بەسەر هێناین؟ ئەویش بۆ پەنابادێکی. خۆ خێرەکەشی کردبایە، لە پەنابادێکی زیاتر نەدەدا.
مەلا خدر:
دیت کاک هیوا لەگەڵ هەمو کەس وا ڕووخۆش نین. ئێستا با ئێمە ڕاست بە بەر دوکانی هەر ئەو حاجیەدا بڕۆین. بزانە چۆن بە پیرمانەوە دێ. چونکە پێی وایە شتێکمان لێ هەڵدەوەرێ و قازانجێکی پێ دەگەیەنین.
بەبەر دەمی دوکانی حاجی دا ڕۆیشتن.
حاجی هەر لە دوورەوە بانگی کردن:
فەرمون برایینە، فەرمون. عەلی دا سێ چای جوان بێنە. گوێیان نەدایەو ڕەت بون. بەدەستی ڕاست دا لکێک لە شەقامە گەورەکەی دەبۆوە. ئەوە بازاڕی میوەفرۆشان بو. لە هەردووک لاوە کەپری تەنەکە و تەختە لە پێش دوکانەکان کرابون. لە نێوەڕاستی دا ئەو کەپرانە سەریان و یەک دەکەوت و شێوە قەیسەریەکیان پێک دێنا. بازاڕی میوەفرۆشان لەم وەرزەدا ڕەونەقێکی وای نەبو. دوکاندارەکان هێندێک وو شکەی وەک مێوژ، قەیسی، توو، گوێز، کشمیش، خورما و هەنجیر و شتی وایان دانابو. زووربەی کاتی خۆیان بە قسەی خۆش و جەفەنگ و دامەکردن بەسەر دەبرد. سۆفی عەولا بەناوبانگترین دامە زانی ئەو نێوە بو. بەردوکانەکەی هەمیشە جمەی دەهات. خەڵکێکی زۆری لێ کۆدەبۆوە و دەنگی بگرە وخواردی و ئاغا و ڕەعیەتەکانی دامە گاڵەی دەکرد. یەکێک پڕ بە دەنگی خۆی هاواری کرد:
بیدە یە، وەختیەتی. ئاها هۆ و داشەی بدە یە با بیخوا. ئەوە نەم دەویست دەخالەتێ بکەم. بەڵامماڵت خەرا نەبێ کەریم ئەو کایە چاکەی نابینی، پیاو مەجبور دەبێ وەدەنگ بێ.
یەکی بەخۆوەی چوارشانە، دەم و چاو پان و برۆ بڵیند. کەواوپانتۆڵێکی تازەی پەشم لەبەر و مێزەرێکی ڕیشو درێژی سپیی گوڵ وورد لەسەر، غەرقی نێو دامەکردنە کە بو. بە هاواری کابرای ڕێنوێنیکەر ڕاپەڕی و بە سەری دا شریخاند:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەرێ هەتیوە..بۆ بێدەنگ نابی، ماڵت بە قوڕێ نەگیرێ. سەعاتێکە خۆم لێ مات داوە و بۆسەیەکم بۆ ناوەتەوە. زمان درێژی تۆ لێی گەڕێ، دەردێکی دەدەمێ جارێکی دی جورحەت نەکا لە گەڵ من دامەی بکاتەوە. لێی گەڕێ با داشێکی دیکەش ببزێوێ. دەی بابە..مام سۆفی هاتمە ئێرە.

سۆفی عەولا:

کەریم زۆر کەس ئەو کەش و فشەی بۆ من کردوە. دەبێ وات پێوەدەم هەر بەو گوزەرەش دا ڕانەبری، ها ئەو داشەی بخۆ.

کەریم:

ئەو داشەی بخۆم؟ ڕاوەستە بزانم ئەو داشەی بخۆم...بخۆم..چ دەبێ.

سۆفی عەولا:

هەرچی دەبێ، ببێ. بە تۆ چی، داشە و داومیە دەبێ بیخۆی.

کەریم:

ڕاوەستە برالە ڕاوەستە. بزانم داشەکەی پێشوم چاک جولاندوە؟ ئێ بە قورحان خەراپم جولاندوە. بابم ئەوەیان نایەمە پێش، ئاها ئەمەیان دەچمە ئێرە.

سۆفی عەولا:

کەریم دە بەی دەرمەیە نە. کا یەت کردوەو بڕاوە تەوە. بم زانیا یە دە بەی دەردێنی لە گەڵم نەدەکردی. ئاها، ئەوەیان بەرەوە جێگای خۆی و ئەمەشت هێنابو بۆ ئێرە، ئەوەش داشەکەی منە بیخۆ.

کەریم:

ئاخر ئەو هەتیوە سەری لێ شێواندم، دادەی خۆ هێندەش فەتحێکی گەورەت بە دەستەوە نییە. فەرمو ئەوا خواردم بزانم چ دەکەی.

سۆفی زەردەیەکی هاتێ:

باشە کوڕی چاک ئەو دوانەش بخۆ.

کەریم بڕێکی دیکە بیری لێ کردەوەو لە گەندی کارەکەی ئاگادار بو:

جا توخوا ئەوە دامەیە ئەمە دەیکەین. لە پیاوی ناگەڕێن، لە پیاوی ناگەڕێن. ئەو هەتیوە هێندەی دەغالەت کرد ، بابم دەگەڕێمەوە.

سۆفی لەسەر وی ڕانەوەستا، بەدەستی خۆی دوو داشەکەی بۆ خواردن. پاشان پێوە هات بە پێکەنینەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا ئەمنیش کاکی خۆم، عەرزی بە عزوری ئاغای خۆم بکەم. براکەم قاقای لێ دەدا، ئەوە یەک، ئەوە دوو، ئەوە سێ، ئەوە چوار، ئەوە پێنج و ئەوەش ئاغا. ئاغا ڕووتە کاک کەریم گیان. ها، ها، ها.
کەریم هەروا تێیەوە ڕامابو. زەردەیەکی تاڵی هاتێ. پاشان بریسکەیەکی تورەیی لە نێوچاوانی دا. قولیچکێکی دامەکەی گرت و هەڵی گێڕایەوە. نقورچێکی لەوەی تەنیشتی کوتاو بە تورەیی هەستا و ڕۆیشت.
سۆفی عەولا:
جارێکی دی نەڵێی دامەی دەزانم.
مەلا خدر سەری بردە بن گوێی هیوا:
بە نیشانان ئەو کەریمە ئەو کەسەیە ئەمە کارمان پێیە، باوەدوای کەوین. ئەوانیش بە توندی بەدوای دا. هەر ئەو هانگاوی توند دەکردن و ئەوانیش توندتریان دەکرد. لە کۆڵانێکی باریک دا کە هیچ کەسی دیکەی لێ دیار نەبو،مەلا خدر بە ناوی نەهێنی بانگی کرد.
کەریم ئاورێکی دایەوە:
دەڵێی چی کاکە، لە گەڵ کێتە؟
مەلا خدر:
کاک کەریم لە گەڵ جەنابت مە ئێمە( هەردەژی) ناردونی. ناوی نەهێنی تەشکیلاتەکەتان....هیواش خێرا ڕەمزی پەیوەندی گرتنی گوت.
کەریم برێک هاتەوە سەرخۆ . دۆڕانی لە بیر چۆوەو تروسکەی شادی لە نێوچاوانی گەڕا و بە پێکەنینەوە گوتی:
وەرن بەدوام دا. بەڵان وا مەڕۆن کە خەڵک بزانن بە دوای منەوەن. وەرن بچینە جێگایەک قسەکانمان بکەین. سەری داخست و ڕۆیی و ئەوانیش بەدوای دا. حاڵەتێکی ئەوەندەتایبەتی گرتبو، بە پەنا هەر کەس دا دەڕۆیی دەیزانی شتێکی تایبەتی بە دەستەوەیە.
یەکێک بانگی کرد:
هۆی کەریم، چیە وا بە عەجەلەی ، بارت بەڕێوەن. کوڕی چاک هەر لێشمان ناپرسی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرێکی هەڵێنا و بە پێکەنینەوە:
لێمان گەڕێ بابە وەدوای کاری خۆمان کەوتوین.
بە کۆڵانێکی بار یک دا کە ئەم بەر ئەو بەری دو کان بو تێ پەڕی. ها تە سەر شەقامێکی کەمێک بەرین، لەوێش پەڕیەوە بۆ کورتە شەقامێکی بەرینتر کە ئاخرەکەی بە مزگەوتێک کۆتایی دەهات.
لەو کورتە شەقامە بەرەو دو کانێکی ئا سنگەری لای دا. لە بەر هاڕەی کورە و تەق و تۆقی ئاسن کوتانەوە کەس گوێی لە کەس نەدەبو. کەریم دەستی بە هەردووک گوێیان گرت و یەک بەخۆی هاواری لە کوڕێکی لاو کرد کە لە پشت هەمبانەی کورەدەمە کە بو و کورەی دەدەماند. کوڕەکە دەستی لە کار هەڵگرت و بە غار هاتە پێش.کەریم سەری بردە بن گوێی و چەند قسەیەکی پێ گوت.کوڕەکە ڕۆیشت. کوورەکە لە دەمین کەوت وئاورەکەی سارد بۆوە. پیاوێکی قەد نێونجی کە کو تە ئا سنێکی دەکوتا یەوە ، دە ستی لە کار ە کەی هەڵگرت. سێ، چوار کە سی دیکەش کە هەریە کە خەریکی شتێک بون ، بەدە ستهەڵگرتنی ئەو ئەوانیش ڕاوە ستان و دو کان وە کو ئا شی ئاو لێبڕاوی لێهات. هەستی تێدا نەما.
پیاوە نێونجیەکە ڕووی لە کەریم کرد و گوتی:
لەوەتی بویە میرزا هەر لێمان ناپر سی، چۆ نە ڕووت لەو نێوەی کردوە، کاکی تاجر.
کەریم:
بێ مە ئێرە چ بکەم، پیاو مێ شکی سەری دە چێ بەو تەق و تۆ قەی. ئەوجار فێڵەکەم دیەوە. هەتا هاتمە ئێرە بانگی حەمەی دەکەم و بە لا یەکی دا دەنێرم. کوورەکە سارد دەبێتەوەو ئێوەش مەجبور دەبن دەست هەڵگرن.
هەردووک دەستی بڵیند کردن و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:
چەند دوکانێکی خۆش و ئارام، بێ تەقە و ڕەقە.
کابرای قەدنێونجی:
دەباشە، ئێستا تاوێکمان لە کن دانیشە و چایەکی بخۆوە براله، دەڵێی قەتت ئێرە نەدیوە. ئەوە بەزمی تۆیە بۆ مەت بەجێ هێشتوە.
کەریم دەستی بە لایەکی لێوەوە نا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن ئەو سێ کەسانە دەبینی، هێندە بەپەلەن هەر لاقیان لێک دەسوون ونازانن چۆن خۆیان بخافڵێنن، هەتا ئەمن پێشیان دەکەومەوە.
حەسەن:
ئەوانە کێن! هیچ وەک معامەلە چی ناچن. بە ڕەنگی مەلاو فەقێن، دیسان فێڵەکەیە؟کوڕە کەریم ئاگات لە خۆت بێت برالە. سەری مەش بە فەتەڕات دەدەی. بۆ ئاوا بە نێو بازاڕی دا غەواران وە دوای خۆت دەدەی.
کەریم:
برا گەورە نەبایەی چاکم لە مستی دەنای. ئێوەش هەر بە زەلیلی وە پاڕێن. مردن، مردنە ئەو کلکە لە قەیەی بۆ چیە. پیاو ئەگەر پیاو بێ هەمو شتێکی بەسەر دێ. بۆ هێندە دەترسن؟
حەسەن:
برالە لە تۆ کوردترم و لە تۆم پێ خۆشترە . بۆخۆت دەزانی بە ئەندازەی خۆم کۆمەگیشم کردوی، بەڵان پێم ناخۆشە بەبێ ئیحتیاتی پێوەبی، کەیفی خۆشتە.
کەریم:
جارێ پێم بڵێ، چوزانی ئەوانەقاچاخچی کوتاڵین، یا کەشکۆڵ هەڵگری مامۆستای؟
حەسەن:
دەزانم، لە ڕەنگ و ڕوخساریان وەک حیسانی موبارز دەچن. بە جل و بەرگیش مەلا و فەقێن. جا ئەگەر وانەبێ ئەتۆ چی و مەلاو فەقێ چی.
کەریم:
بۆ لەبیرت چوەتەوە لە مزگەوتێ سوور لە گەڵ مەلا و فەقێکان چمان دەکرد. ئەمن و وەستا لەتیف دایم لە نێویان دا نەبوین؟
حەسەن:
ئەوەم لەبیرە بەڵان ئەو وەختی هەمو بە خاتری مەلا محەممەدی دەچوینە وێ. زووربەی کوڕەکان ئەو وەختی بە خاتری سەیر و سوحبەتی مەلا محەممەدی هات و چۆیان دەکرد. ئێستاش ئەمن ڕۆژی جارێکی مەلا محەممەدی نەبینم ئۆقرە ناگرم. ئەتۆش دەزانم هەروای. بەوەی چاکە شوکری خوای بوەتە مەلای مزگەوتی سەرچاوێ. مەلای مزگەوتی خۆمان.
کەریم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا چ بکەم حەسەن، ئەوانە بە تەیافە ڕوح سوکن. ئەوی دەریان لەوەش خوێن شیرنترە. بابە بازۆری لەسەر نەڕۆین، ئەوا ڕۆیشتم. ئاسن کوتانەوە بۆ تۆ و حیسان کوتانەوە بۆ من.

حەسەن:

حیسان کوتانەوە. ئەریَ مە نزورت چیە لەوەی. زۆری دەڵێی و دەڵێیەوە.

کەریم بە پێکەنینەوە:

حەسەن وەڵڵاهی پیاو ئەگە تووشی سیاسەتێ بو، قسەی وای بۆ دەکەن هەر سەرت سوور دەمێنێ. ئەتۆش مەجبوری هاوتای ئەو قسانە پەیداکەی. ئەی پێم ناڵێی حیسان پاڵاوتن دەبێ؟ هەتا ئێستا سەد جارم گوێ لێ بوە، دەبێ لە پێش دا بیپاڵێوی، جا دوایە باوەڕی پێ بکەی. جا ئەمنیش لە پێش دا کەسپم کەسپی تۆ بوو، لە جیاتی پاڵاوتن دەڵێم کوتانەوە. پیاو بتوانێ ئاسنی نەرم بکاو بە کەیفی خۆی شکڵی بگۆڕێ، چۆن ناتوانێ ئینسانی نەرم کا. وەنیە؟ قاقا یەکی لێدا: خواحافیز.

مەلا خدر هیوا و ڕەحمانیش وە دوای کەوتن.

بە کۆڵانێکی تەنگە بەردا ڕۆیی. کۆ مەڵێک ژن لە بەر دەروازە یەکی گەورە دانیشتبون. بە غاردان خۆیان لە حەساران کوتایەوەو هاواریان کرد. کاک کەریم هاتەوە. ئەو زۆر لەوەی قەڵس بو کە ژنان لەبەر دەرکەی دانیشن و بنێشتی بجون، یا پێکەوە قسان بکەن. زۆرجار لە ژنی دەرو دجیرانیش تورە دەبو. بۆیە هەرکات بەو گوزەرەدا ڕابردایە ژنەکان خۆیان لە ماڵەکان داویشتەوە. دیسان بای دایەوە بۆ کۆڵانێکی تەنگە بەرتر و لەوێشەوە دەر چو بەرەو شەقامێکی هەوراز لە سەرەوەی حەوزە گەورەکەی نێوەڕاستی شاری. هێندە خێرا دەڕۆیی ئارە قەی کرد بۆوە و پشوی سوار ببو. وەک بیری هاتبێتەوە سێ کەسی بەدواوەن، ئاوڕێکی دایەوەو گوتی:

بم بەخشن ئەو کوچە و کۆڵانەم پێ کردن. گوتم بە مەیدانی سەرچاوەی دا نەڕۆین، هەزار کەس و ناکەس پیاوی دەبینێ و لە وانەیە تووشی بەڵایەک بین.

مەلا خدر:

نەوەڵڵا براله ئیختیارت هەیە. براله دەڵێن میوان...

کەریم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نا،نا ئەوەی مەڵێ، ئێوە نوری چاوی مەن.
ئاخر ەکەی خۆی دەماڵێک هاویشت و ئەوانیش بەدوای دا. ماڵێکی دوو نهۆمی گەورە و قەدیمی بو. حەسارێکی پان و بەرین کە دەروازەیەکی گەورەی تێدا بو. کە دەچونە ژووری هاڵێک بو، لە هاڵەکەوە سێ دەرگا جیا دەبونەوە. یەکیان بە لای ڕاست دا، ئەوی دیکەیان بەلای چەپ دا و یەکیشیان بە لای پشتەوە دا. پلیکانێکیش لە نێوانی دەرگای پشتەوەو دەرگای لای ڕاست ڕا سەر دەکەوت بۆ نهۆمی سەرێ. کەریم دەرگای لای ڕاستی نیشانی کوڕەکان دا:
ئەوە جێگای میوانە. دەرگای چەپی نیشان دا: ئەوەش جێی ژن و ژاڵیە، ئەگەر میوانمان نەبێ ئەمەش هەر لە گەڵ وان دادەنیشین. دەرگای پشتەوەی کردەوەو گوتی:
ئەوەش جێگای خۆمانە. ئەمە نەژن و نە میوانین، وەنیە؟ وەرن بە دوام دا. دەرگاکە بەرەو هاڵێکی چکۆلە دەکرایەوە. لە ئاخری هاڵەکە لەتکە بەڕەیەک ڕاخرابو. پارچەیەکی تەواو جیاواز لە وانی دیکە. بەڕەکەی هەڵدایەوە. تەختەیەک وەدەر کەوت. ئەوی شی هەڵدایەوە، بە قادرمان دا چۆ خوارێ بەرەو ژێرزەمینێک. بەدوای دا چوونە خوارێ. وەرن برالە ئەو ژێر زەمینە بۆ هەموو شتێکی قاچاغ دەبێ. ژێرزەمینەکە نیزیکەی شازدە میتری چوارگۆشە دەبو. بە چواردەوری دا ئەنواعی شتومەک لە فەردان دا دانرا بو. لە نێوەڕاستی دا فەرشێکی گەورەی کۆن ڕاخرابو. وەختێک هیواو ئەوان وەژوور کەوتن ، دوو کەسی دیکە شی لێ بون. بە دیتنیان کەمێک سڵەمینەوە، بەڵام کەریم زوو گومانەکەی لابردن و گوتی:
کاک حەمەڕەسوڵ، کاک حەبلا، ئێمە هەرسێکمان پێکەوە کارەکانی شاری جێ بە جێ دەکەین.
ڕووی لە دوو کەسەکەش کرد و گوتی:
ئەو برایانەش لە تەڕەف حیزبەوە هاتوون. هەمو نیشانەکانیان ڕاست بوون، ئەمنیش باوەڕم پێ کردن و هێنامنە ئێرە، بۆیە بەدوای ئێوەشم دا نارد.
حەمەڕەسوڵ لاوێکی چاو و برۆ ڕەش و ڕەنگ ئەسمەر بو. سیمایەکی هەتا بڵێی مەتین و لە سەرخۆی هەبو. بەدەنگێکی زۆر نزم قسەی دە کرد، سەرێکی هەڵبڕی و گوتی:


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵێ جا ئەمە لە خزمەتیان داین، با فەرمون بزانین کاریان چییە؟
لەو قسانەدا بون لە سەرێ ڕا سێ جار پێڵەقەیان بەبانی ژێر زەمینەکەی دا دا.
کەریم بە ڕەنگ بزرکاویەوە گوتی:
ئەوە نیشانەی خەتەرە. ئەوە دەبێ لە نێو شمەکان دا خۆتان تاقەت کەن و فزەتان لێ نەیە، هەتا ئەمن دەچم بزانم چیە. بە پەلە وەسەر کەوت.
دە دەقیقە تێپەڕ بوون کەریم خەبەریکی نەبو. لە سەرەوەش هیچ چر پە نەدەهات. بوو بە بیست دەقیقە هەروا بێدەنگی زاڵ بو بە سەر ژێرزەمینە تاریکەکە دا. لەسەریش هەر هیچ خەبەر نەبو. ئەو دوو کەسەی هاتبون لە گەڵ هیوا و ئەوان دانیشن زۆر نیگەران بون. حەمەڕەسوڵ بە دەنگێکی زۆر لاواز بانگی عەبدوڵڵای کرد:
حەبلا دەڵێی چی ئێمە بچینە سەرێ؟ پێم وایە خەبەرێک هەیە وا کەریم بێ سەر و شوێن چوو. ئەگەر هیچ نەبایە زۆر زوو تر دەگەڕایەوە.ئەگەر بێن و ئێرە بگەڕێن ماڵ وێران دەبین. لە سەرێ چاترە دەتوانین بڵێین هاتوین سەری کاک کەریم بدەین. هەردووکمان خەڵکی ئەو شارەین و بۆ ئێمە موشکیل نییە. تەنیا ئەو برایانە دەبێ بشارینەوە. تازە ئەوانیش لەسەرێ بن چاترە. هەرچۆنێک بێ دانیشتن لەسەرێ ڕواڵەتێکی عاددی هەیە. پێکەوە لێرەمان ببینن شک دەکەن.
عەبدوڵڵا گوتی:
جارێ برێک سەبر کەین چاکترە. دەترسم لە حانی چوونەسەرێ دا بمان بینن. ئەو وەخت ناڵێن ئەو ژێرزەمینە چیە و ئەوانە چیان دەکرد لەوێ دا. نیو سەعات پێچو بو کە لە سەرێ ڕا چر پە چر پی لاقێک هات. دەر گای سەر ژێرزەمینەکەی هەڵدایەوەو کەریم خۆی داهێشتە خوارێ. هاتە نێوەڕاست و بە پێکەنینەوە:
منداڵینە وەرنەدەرێ، خەجێیان کوشت بە خەنجەرێ.
هیوا، مەلا خدر، فەقێ ڕەدمان، حەمەڕەسوڵ و عەبدوڵڵا هەریەکەی لەبن قەراغە جەواڵێک یا قولینچکە تەلیسێک هاتنەدەر.
کەریم:
سەیری وام نەدیوە. دەڵێن مار سیری دەدزا، ئەویش ڕاست دەچوو لە بن کونەکەی دەڕوا. ئەوەی پێت خۆش نەبێ ڕووخساری ببینی، لێت پەیدا دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به تایبه‌ت ئه‌و ژاندارمه سه‌گباب خێوانه. ماڵته ڕاست له کاتی وادا سه‌ر وه‌ده‌ر ده نێن. ئه‌وه دوو ژاندار مه‌ی زۆر بێناموسی لێن . یه‌کێکیان عیسا که‌چه‌ڵه و ئه‌وی دیکه‌یان مامه‌دالیه درێژه‌یه. هه‌تیه ده‌زانی ئه‌و ژاندارمانه وه‌ک سه‌کی هار له به‌له‌کی خه‌ڵکی به‌ربون. له هه‌ر جێگایه‌ک بۆنی کاسبیه‌کی لێ بێ ئه‌وانه لێی حازرن. ئه‌وه‌نده‌ی چاکه هێنده به ده‌ربه‌ستی شاکه‌یان نین. هه‌میشه بۆ قڕانێک موحتاجن و به دووسه‌د تمه‌نی ده‌توانی بایی ملیۆنێک جنسی قاچاغ به عیسا و مامه‌دالی بێنیه نێو شاری یا له شاری وه‌ده‌رنێی. نازانم چۆنیان خه‌به‌ر زانیوه که ئه‌من چه‌ند فه‌رده‌یه‌کم کوتاڵ له تارانێ بۆ هاتوه. ده‌زانن که‌من ووردە فرۆشیه نا که‌م، د یاره له شاری وه‌ده‌ر ده نێم و بۆ عێراق ێی ده‌نێرم.هاتوون ده‌ڵێن ئه‌گه‌ر شتێکمان نه‌ده‌یه‌ی و به خۆمانی وه‌ده‌ر نه‌خه‌ی، به‌بن هه‌ورانیش دا به‌ڕێی که‌ی ده‌ی گرین . زۆر جارم ئه‌و کاره پێ کردووه ، ده‌میان شیرین بووه. .ئێستا قه‌راره دوو سپه‌ی به‌یانی زوو بۆم وه‌ده‌رخه‌ن و دوو سه‌د تمه‌نی وه‌ر گرن. به‌ڵان له بیر تان نه‌چێ شازده فه‌رده کوتاڵی به قیمه‌ته، زۆر به‌قیمه‌ته.

قاقایه‌کی لێدا، ژن و ژاڵ پێیان وابو ڕاست له‌به‌ر ئه‌و کۆبونه‌وه‌ی هاتون. نازانن ژاندارم هێنده‌یان ئاگا له شتی وا نیه. فه‌قیرانه به دوای دوو قڕانان دا ده‌گه‌ڕێن، چیان له سیاسه‌تێ داوه. ئه‌وه ساواکه هێنده به شتی سیاسیه‌وه ماندوویه. به قوڕعان پیاو ده‌توانێ به پوڵ قونبه‌لانیش به ژاندارمان بته‌قێنێته‌وه. به‌ڵان خۆ حیزبایه‌تی پوڵی لێ هه‌ڵناوه‌رێ، پیاو ده‌بێ کارێش بکا و پوڵیش بدا. ئه‌وه‌ی زه‌حمه‌ته ئیدی، ئه‌وه‌ش بۆ ژاندارمان نابێ. پاش قسه کردن و نان و چا خواردن له ماڵی که‌رمی وه‌ده‌ر که‌وتن و به‌ره‌و ده‌ره‌وه‌ی شار ملی ڕێیه‌یان گرت. مه‌به‌ستی ئه‌مجاره یان ناوچه‌ی باسکی کۆڵه‌سه بو. باسکی کۆڵه‌سه ناوی خۆی به‌خۆیه‌وه‌یه. تیره‌گه گردێک له لای باشوری شاری سه‌رده‌شته‌وه درێژ ده‌بێته‌وه‌و به‌ملاو ئه‌ولای دا دۆڵ وپێده‌شت دروست ده‌کا. ده‌ڕوا تا ده‌گاته سنوری ناوچه‌ی بانه که گوندی کۆڵه‌سه‌ی لێ هه‌ڵکه‌وتوه‌و له‌گه‌ڵ ناوچه‌ی بانه، چۆمی که‌ڵوێی نێوانه. ڕێگایه‌کی پان و به‌رین به‌سه‌ر پشتی باسکه‌که‌دا ده‌ڕوا. به‌شێکی زۆری ئه‌و ڕێگایه هێنده پان و به‌رینه، ئه‌گه‌ر قوڕ و ته‌ڕی لێ گه‌ڕێ ماشێنیش ده‌توانێ پێی دا بڕوا. هه‌ر به ماوه‌ی نیو سه‌عات ڕێی پیاده، باریکه



کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێیەک لەو شەقامە ڕێیەی بوە تەوەو بەرەو گوندێکی بچوکی جوان شۆڕ بوەتەوە. ئاواییەکانی ئەم نێوە بەم دیووی باسکەکەدا هەڵکەوتون. هەمویان گوندی پڕ میوەو خۆش و ڕازاوەن. خەڵکێکی ڕەنجدەر و هەژاری لێ دەژی. خەڵکی ئەم ناوچەیە ساڵ دوازدە مانگە زەحمەت دەکێشن و هێشتا ڕاددەی ژیانیان زۆر لە خوارێ یە. ئینسان دەتوانێ ناوی هەژاری دەوڵەمەند لەسەر خەڵکی ئەم ناوچەیە دانێ. چونکە سرو شت هێندەی جوانی و ئیمکانات پێ بەخشیون دەوڵەمەندن و سیستمی سیاسیش ئەوەندەی زوو لم لێکردوون هەژارن. ناوچەکەیان بەرەز و باغ و دار ستان و کانیاوەکانیەوە خۆشترین سەیرانگایە. میوەی ئەو ناوە تەنانەت لە نێو میوەی بەناوبانگی کوردستانیش دا هەڵبژاردەیە. کەچی داخی گرانم لە بەر نەبونی ڕێگا و بان، بێ دەرەتانی و دووری لە شارە گەورەکان، بە هەرزانی و تەنانەت بە خۆڕایی لە دەستی خاوەنەکانی دێتە دەر و ناتوانێ ژیانێکی نەمر نەژیشیان بۆ دابین بکا. سەبارەت بەوە کە هیچ کام لە بوارەکانی کاری ڕۆژانە بە تەنیا ناتوانێ ژیانی خەڵکەکەی دابین کا، خەڵکی ئەو ناوچەیە هەمو کارێک دەکەن. باغداری، ئاژەڵداری، جووت و گا، کاروان و کەڵەک، کەتیرە و مازوو کردن و بازرگانی قاچاغ. لە یەک ساڵ دا هەمو ئەو بوارانەی بەرهەمهێنان تاقی دەکەنەوە. لە هەمویان دا ڕەنجی لە ڕاددەبەدەر دەکێشن و ئاخرەکەشی ناتوانن ڕەوڕەوەی ژیان بە باشی بکێشن. ڕووتاندنەوەی گزیر و ئاغا و ژاندارم و ساواکیش سەرباری بێ دەرامەتیان. هەرچی پەیدای دەکەن بەرگەی گێچەڵی ژاندارمان و زەکات و مەکاتی ئاغای نابێ. هەمویان بە ناو خاوەنی مڵک و ماڵی خۆیانن،کەچی لەسەر مڵکی خۆیان بۆ زۆرداران کار دەکەن. لە بەر هەژاری و نەداری مڵکەکانیان بە زۆری دە بارمتەی حاجیە سەلەمخۆرەکانی شاردان. هەمو پایزان بۆ دابینکردنی جل و بەرگ و زمهەڕی زستان مەجبور دەبن قەرزێکی زۆر لە حاجیەکانی شار بکەن بە بەهرەیەکی سەرسوڕ هێنەر. بەهاران کە وەتەنگانە دەکەون و هیچ قوتیان بۆ منداڵەکانیان نامێنێ، بەرهەمی هاوینان شینفرۆش دەکەن و بە نرخێکی زۆر هەرزان پێشەکی دەیفرۆشن. کە هاوین داهات و بەرهەم پێ گەیشت هێندەی بەش لێ دەبنەوە، هیچ بۆ خاوەنەکەی نامێنێتەوە. تەنانەت قەرزەکانی ساڵی پێشو دەرنایەنێ. جا مەجبور دەبن مڵکەکان بە بارمتەی دەوڵەمەندەکانی شاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دابنێن. تا ئاخری قەرز هێندە زۆر دە بێ ملکە کەی وە بن خۆی دەدا و لە دەستی خاوەنەکەی دەردێنێ.
لە گەڵ ئەو هەژار یەش خەڵکی ئەم ناوە دە ست و دڵ باز و میوا ندارن. بۆ خۆشیان هێندەی هەیان بێ ، دوو ئەوەندە شی پێوە قەرز دە کەن و دەیخۆن. زۆر یش لا یەنگری خەباتی نە تەوەیی و ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵا یەتین. ئاخر ئەوان شتێکیان نییە لە دەستی بدەن. هەربۆیە تەشکیلاتی حیزبی لەو ناوچە یە بە هێزە و کاتێکی زۆر دەگرێ تا هیوا و ئەوان بتوانن کارەکانیان تەواو بکەن.
پاش چەند ڕۆژ ئەم دیو ئەو دیو کردن بە دەوری باسکە درێژەی کۆڵە سەدا، گەیـ شتنە دوا ئاوایی ئەو مەڵبە ندە. گو ندی کۆڵە سە دەکەوێ تە نیز یک دووچۆمانی کەڵوێ_شڵماش. ئەگەر لە چۆمی کەڵوێ بپەڕیەوە دەگەیە ناو چەی با نە و ئە گەر لە چۆمی شڵماش بپەڕ یەوە دەگە یە گو ندی شڵماش. هـیوا و هاوڕێکانی کار و باری ئەو گوندەشیان تەواو کرد بو، بەڵام لە بەر ئەوەی ڕۆژ لە درەنگی دابو نەیان دەتوانی وەڕێ کەون. لە سەر بانێک قەدەمیان لێ دەدان و بۆ ڕوانگە دوورە کان دە یان ڕوا نی. دوا ڕۆژە کانی ز ستان بو. هەر بۆ یە ناوچەی باسکی کۆڵەسە هەمووی ڕەشانگ بو و بەفر بە تەواوی توابۆوە. تەنیا لە دوورەوە چاوت لە بەفر دەبو. دوور لە بەندە نەکانی (هۆ مل)، بەردەکوڕ و بلفەت کە هەموویان لە سەر ئەو باسکە ڕا دەبینران. مەلا خدر ڕووی لە هیو ا کرد و گوتی:
هۆ و گو ندە بچو کەی ئەو بەری چۆمی کەڵوێ دەبینی. ئا ها، بە و تەلانە یەوە هەڵترووشکاوە.
هیوا:
وەڵڵا هی ڕا ستیەکەی چ دێ یان نابینم. لە سەر چۆمی ڕا کە تەما شا دە کەم هەمووی ڕەز و باغە.
مەلا خدر:
هەر تەماشا کە و برۆ سەرێ هەتا لە ڕەزەکان دەردەچی و دەگەیە بن لوتکەی لێرەواری.
هیوا:
بەڵێ ڕاستە، ئێستا دەی بینم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلا خدر:
ئەوە دێی (وورچەک)ە، وورچەک دوو، سێ ساڵە خزمەتێکی گەورە بە گەلی کورد دەکا.
مامۆستا و هاوڕێکانی کە زستانیان بە سەردا دێ و ڕێگای هات و چۆ یان لێ دەگیرێ دەچنە وورچەک و هەتا بەهارێ لەوێ دەبن. هیچ دوور نییە ئێستاش هەر لەوێ بن. وورچەک بۆ خۆی بوەتە بارەگایەک بۆ شۆڕش. هەتا بنکەی دایمیشی لێیە. لە هەمو ناوچەش ڕا هەتا لە شاریش ڕا شتومەکیان بۆ دەنێرن. خوا وێنەیان زیاد کا ئینسانی دڵسۆز هێندە زۆرن پەکی هیچ شتێکیان ناکەوێ. تازە خەڵکی وورچەک بۆخۆشیان زۆر دڵسۆزن. ئاخر خزمی مامۆستاشی زۆر لێن. چەند ساڵە هێشتا دەوڵەت پێی نەزانیوە. نیشانەی ئەوەیە هەمویان کوردی ڕەسەنن . دەنا هەر لە چەند سەعاتە ڕێی ئەوێ، لە ئاڵۆتێ پاسگای ژاندارمانی لێیە.
هیوا:
ئەشهەدوبیللا دیارە حیسانی چاکن. بڕوا بکە هەر خەمی ئەوەم بو دەمگوت جستانێ لە کوێ دەحەسێنەوە.
لەو قسانە دا بون دەنگی تەپڵ و دەفەی دەروێشان لەو سەری دێیەوە پەیدا بو. دەنگەکە هەتا دەهات زۆرتر دەبو. هێرشی ژن و منداڵ و گەورە و بچوکی ئاوایی بەرەو لای دەنگە کە دەستی پێ پێکرد. شێخ هات، شێخ هات، دەڵێن سەڵتەشینە. دەڵێن سەڵتەشین بۆ خۆی لە گەڵە. خەڵکەکە بە جارێک هاروژابو.
هیوا و ئەوانیش بەرەو گرم و هوڕی دەروێشان ڕۆیشتن. دەروێش گەیشتبونە نێو ئاوایی. دیمەنێکی سەیر و ترسێنەر بو. هەر ئەو دیمەنە بو کە مێشکی ئینسانە نائاگاکانی داگیر دەکرد. بەدوای خۆی دا ڕادەکێشا و جەزبی خۆی دەکرد. بیست تا بیست و پێنج کفن پۆش، پرچیان هەتا نێوقەدیان هاتبۆ خوارێ و تەنانەت شان و ملی داپۆشیبون. هێندە هاو هو یان گوتبو کەفیان لە زاری دە پڕژا. دەتگوت قەبرستان تەواو بە دەستەجەمعی ڕاست بوەتەوە. بەرەو مەیدانی مەحشەر دەڕوا. دەروێشێکی سەر سووریان تێدا بو ، دوو زەرگی لاو نیو لە شەویلکەی خۆی دابون. دوو هەودای لیک بە کونی زەرگەکان دا هاتبونە خوارێ. هف، هف هەر پڕمەی دەهات. دەتگوت ئەسپێکی قەڵەوەو ژانی کردوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەروێشێکی دیکە سگی خۆی ڕووت کرد بو، خۆی بە سەر شمشێرێک دا دولا هێنابۆوە. ئەم سەر و ئەو سەری شمشێرەکە بە زاهیر لەم لاو و ئەولای کەلە کەی هاتبو نە دەرێ. دەی گوڕا ند و دەی م شاند. یەکی دی شو شەی دەکرۆشتن و ددانی دە چیڕەوە دەبردن. چاوی زەق دەبونەوەو دەمارەکانی ملی هەڵدەستان. بەڕاستی دیمەنێکی بە سامیان هەبو. منداڵەکان پێ دەکەنین و ژنەکان ئەیەڕۆ و هاواریان بو. لە نێوە راستیان دا ئەسپێک دەڕۆیی. تارمایەک بە سەر ئەسپەکەوە بو، کە زۆر تر وەک داوەڵێک دە چو. سەرو چاوی بە شەدەیەکی سورمەیی داپۆشرابو. سەڵتەیەکی شینی درێژی لە بەر بو، هەتا سەر ئاوزەنگی ئەسپەکە هاتبۆ خوارێ. تەنیا بە لاقەکانی کە لە ئاوزەنگی کرد بون دەناسرایەوە کە ئینسانە. سەڵتە شین دیارە بە ڕاستی بۆ خۆی بو. سەڵتەشین کێ بو؟

ئەوانەی زۆر چاکیان دەناسی ، دەیان گوت. سەڵتەشین دەروێش ڕەسوڵ ناوێک بووە. گاوانی یەکێک لە گوندەکانی ناوچەی سەردەشت بووە. ساڵێک دەروێش ڕەسوڵ تۆراوە و بەرەو کوردستانی گەرمێن رۆیشتوە. گۆیا م لی پێوە ناوە بەرەو کرپچنە لە دەوروبەری کەرکوک لە کوردستانی عێراق. لە لای شێخی کرپچنە ماوەیەک ماوەتەوە. دەبێ لەوێ دەروێش ئیجازەی خەلیفەگەری پێ درابێ و گەڕابێتەوە ناوچە. ئێستا ناوی خۆی گۆڕیوە. سەڵتەیەکی شینی درێژی لە بەر کردوەو هیچ کەس حەقی نییە ناوی بێنێ. تەنانەت گۆیا بە باوەڕی مریدەکانی گوناحە ناوی خۆی بپرسی. تەنها شێخی سەڵتە شین. هیچ کەس حەقی نییە ناوی مبارەکی بپرسێ، یا بیزانێ.

سەڵتە شین دەچێتە هەر گوندێک، کۆمەڵێک دەروێشی کفن پۆش وە دوای خۆی دەخا. زەمینە بۆ وەڕێ خستنی سەناریۆیەکی ئاوا زۆر ئامادەیە. خەڵک هەژار و برسین، بە تایبەتی لە وەرزی بێکاری دا زۆرکەس حازرن بە نانە سگ ببنە دەروێش. سەرمایەی وەلات لە گیرفانی هێندێک دەرەبەگ، دەست و پێوەند و نیمچە سەرمایەداری دەستبڕ دا کۆبوەتەوە. ئەوانیش ئەو بازاڕەیان پێ خۆشە. بەهاوکاری دەوڵەت، بەناوی ئیسلام دەروێشگەری هان دەدەن. جۆرێک سازشی چینایەتی پێکهاتوە. هەژاران دەبنە دەروێش تا بە بێ ئارەقڕشتن نانی زگ بەدەست بێنن. دەرەبەگ و دەوڵەت چەپڵەیان بۆ لێ دەدەن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێگار یان پێ نا کەن. بە خاتری ئیسلام! ئەوا نەی زۆر تر زەدمەتیان کێشاوە و نانێکیان پەیدا کردوە، دەبێ بەشی شێخ ودەروێشان بدەن. ئەوانیش بەخێو کەن چونکە دوو ئەرکیان بۆ بەڕێوە دە بەن، لە دیاتی بیمار ستان و دوکتور و دەرمان، نوشتەیان بۆ دە کەن و لەبری جێگای سەرگەرمی، وەرزش و گەڕان ، دەیان خافڵێنن. سەڵتەشین دەچێتە هەر گوندێک کۆمەڵێک مریدی کفن پۆش وەدوای خۆی دە خا. هەر وا مفتیش ناخولێتەوە. خەڵکی گوندەکان لە سەریانە خەرجی بەزم و ڕەزمی شێخ و مریدەکانی دابین بکەن. بە هەر دێیەک دا بڕواو خەڵکەکەی کۆمەگی نەکەن، گۆیا غەزەبی لێ دەبارێ و درەنگ یا زوو بەڵایەکی بەسەر دێ. گەلێک خەڵکی نا ئاگا لەو هەڕەشەیەی دەترسن و بە دانی یارمەتییەک بەڵا لە سەر خۆ یان و ماڵ و مندالیان دەردەکەن. شێخی سەڵتەشین تایبەتمەندیەکی گەورەشی هەبو. ئەو نانی لە خۆی حەرام کردبو. جابزانە لەو کەڕامەتەی نان چیە ناچێتە سەر لێوانی. ئەدی چ دەخوا؟ وەڵڵا هەروا خواردنێکی سوکەڵە. بە قەولی مریدەکانی، مریشک بە برژاوی، یا خۆرشتێکی قەڵەوی گۆشتی مەڕی لە گەڵ برینجی. برینجەکە نابێ گردە بێ، برینجی گردە زۆر قورسە. با شترە سەدری بێ. لە سەر شێخی سەڵتەشین گەلێک کەشف و کەڕامەت دەگێڕدرانەوە. بەتایبەت لە زمان مرید و دەروێشەکانیەوە. لە دیتنەوەی شتومەکی دزراویش دا دەستێکی باڵای هەبو. بە هەر ناوچەیەک دا دەڕۆیی، بەختی جەنابی! هێندێک دزی دەکرا. ئەگەر خاوەنەکەی پەنای بۆ ئەو ببردایە فەوری بۆی دەدۆزیەوە.

سەیر ئەوەبو قەت دزەکەی نەدەدیەوە، هەر شتە دزراوەکەی بۆ کەشف دەکرا. دیارە دەرسەدێکی باشی لە بایی شتە دزراوەکە وەردەگرت. شێخی سەڵتەشین لە جێگایەکی سەر سنوری کوردستانی گەرمێن بارەگاو بنکەیەکی دروست کردبو. هەرکاتێک لە گەڕان و پوڵ کۆکردنەوە ماندو دەبو، بە خۆی و دەست و پێوەندەکەیەوە دەگەڕایەوە ئەوێ و گۆیا خەریکی عیبادەت دەبو. شێخ هێندێک مریدی ژنیشی هەبون، بەڵام ئەرکی ئەوان لە مریدی پیاو جیا بو. ژنەکان نەیان دەتوانی بەهۆی خەلیفەو دەروێشەکانەوە ببنە مرید. ئەوان دەبو ڕاستەوخۆ لە سەر دەستی جەنابی شێخ تۆبە بکەن. جا ئەوە چ فەلسەفەیەکی تێدا بو، هەر بۆخۆی دەیزانی. یەکێک لە کارەکانی مریدە ژنەکان ئەوە بو کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە نێو ژنەکانی گوند یا نەوچەی خۆیان دا بگەڕێن و بزانن کێ نەخۆشە، منداڵی نابێ، بوکی زوڵمی لێ دەکا. خەسوی لە گەڵی باش نیە، مێردەکەی حەزلێکردنێ دەکا، کچە و دڵی بە کەسێکەوەو نای دەنێ یا پیرە کچە و ماوەتەوە، تا لە لای شێخ بۆی ببێتە وەسیلە و نوشتەی بۆ بکا. دیارە نرخی نوشتەکان بە گوێرەی گرفتەکە دەگۆڕا. بە کورتی نوشتەی گران و هەرزان هەبو. نوشتەی وابو بایی چەند هێلکەیەک بو و هی واش هەبو لە تەرازووت نابایە گرامێکی لە مەڕێک کەمتر نەبو. شێخ بە هەر جێگا یەک دا دەڕۆ یی کۆ مەڵێکی زیندەوەری سەرقەڵەمانە بە دواوە بو. لە ڕاستی دا جەنابی شێخ خوێندەوارییەکەشی بە ئیلهام لە شێخی گەورە وەرگرتبو. دەنا خۆ دەرویش ڕەسوڵی گاوان تەواو نەخوێندەوار بو. ئەو ڕۆژە مریدەکانی سەڵتە شین زۆر بە گەرمی جەزبەیان گرتبو و نەیان دەتوانی ڕێگای دێیەکی دیکە بگرنە پێش. گۆیا لە دێی پێشوتر زۆریان ڕوو نەدابو بە شێخ و پێشوازیان لێ نەکرابو. بۆیە لێرە دەیهەویست بە تەواوی سام و هەیبەتی خۆی بنوێنێ و بەڵای دوێنێی بەسەر نەیە. بە قسەی سەرقەڕاوڵی کاروانی شێخ، کە عادەتی وابو لە پێش خۆی دا دەگەیشت و خەبەری دێنا، دەبێ لەوێ مەلایەکی بێ دینی لێ بوبێ. دەبێ خەڵکەکە بە تەبلیغاتی ئەو سارد بوبنەوە. بە قسەی خەلیفەی شێخی ئەو مەلایە لە دین وەرگەڕاوە. زۆری وا هەن لە دین وەردەگەڕێن. یاهو، یاهو و تەپڵ و تەپڵ و دەفەی دەروێشان ڕووی لە بەر دەرکی مزگەوتێ کرد. ئەسپ سوارەکە تەنانەت ئەرکی گرتنی جڵەوی ئەسپەکەشی بۆ خۆی دا نەنابو، بەدەست دەروێشانەوە، هێنرایە بەر دەرگای مزگەوتێ. عادەتی جەنابی شێخ وابو کە دەبو ڕیش سپیەکی ئاوایی بچێ جڵەوی ئەسپەکەی بگرێ و دایبەزێنێ. پاشان خەڵک دەستی ماچ کەن و پێش قەڕاوڵ بێ و ڕێنوێنی بکا بۆ ئەو جێگایەی بۆی دیاری کراوە. بەڵام لێرەش بەختی شێخ چاکی نەهێنا. هەرچی دەرویش زیقاندیان و ئەو خۆی مینگاند، هیچ کەس نەچو بە لایەوە. ئەو دێیەش دەبو خۆی بۆ سەزایەکی گەورەی ڕەببانی ئامادە بکا. شێخ زۆری نەمابو تورەبێ و بڕوا. کە پێش قەراوڵ بە غاردان هات و کابرایەکی پرچن بە دواوە، خێرا گوتی: جەنابی شێخ بە سەدەقەی سەرت بم، ئەوا دەرویش قادر گەیشتێ. دەرویش قادر جڵەوی ئەسپی گرت، شێخ دابەزی و بە خێرایی بە دوای دا ڕۆیشت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژ درەنگ بو. هیوا و هاوڕێکانی ئەو شەوە مانەوە. لە ماڵی ئەندامێکی دیزب میوان بون. کاک قادر ئەندامێکی کۆنەکاری حیزب بو. بە هۆی تێکەڵی لە گەڵ ئینسانی شارەزاو خوێندەواریەکی کەم کە هەی بو، زۆر ڕقی لە شتی خوڕافاتی و زیادیەکانی نێو ئیسلام بو. سەری بچوایە، نوێژی نەدەچو، بەڵام بە گرم و هوڕی دەروێشان گەلێک ناڕەحەت دەبو. پێی وابو هەمو ئەو دام و دەزگایانە بۆ فریودانی ژنان دامەزراون. دەیگوت ژن لە وەلاتی مە کەم عەقڵن. زوو بۆ ئەو ساختەچیانە بە سەهو دەچن. دەیگوت بڕوا بکەن ژن نەماوە نوشتەی بەو دەروێش ڕەسوڵەی نەکردبێ.

شەوێ سەرگەرمی باس لە سەر وەزعی دەروێشان بون. هیوا و ئەوان بە ئەرکی سەر شانی خۆ یان دەزانی لەو بارەوە خەڵکی ڕوون بکەنەوە. دیزب سپاردبوی لە هەمو جێگا یەک لە دژی ئەو خوڕافاتانە تەبلیغ بکرێ. بەلام تەبلیغەکە جیهەتی دژایەتی لە گەڵ ئیسلام بە خۆیەوە نەگرێ. بۆیە ئەوانیش زۆرتر بە چەکی ئیسلام لە دژی ئەو خورافاتانەی لە نێو ئیسلام پەیدا ببون باسیان دەکرد. لە پڕ لە دەر کەی ماڵی کاک قادر یان دا. ژنەکەی وەک تروسکەی دەرپەڕی و غاری دایە دەرێ. قادر بە پێکەنینەوە چاوێکی لە هیوا و ئەوان کرد و گوتی:

ئەگەر هیچ عەقڵم هەبێ دەستی فاتێیان بڕیوە. شەوان لە سەرت دابا نەدەچۆ بەر دەرکەی. جابزانە چۆنی بۆ چووم، دەچم بزانم چییە.

پاش چەند دەقیقە بە پێکەنینەوە هاتە ژوورێ. مامۆستا نەم گوت. بڕوا بکەن فەورەن فکرم بۆی چو. ئەوە خەلیفە بەسێ بو. بەسێ یەکەمین دەلاڵی ئەو شێخە درۆزنەیە. بە سێ دەستی هەمو ژنی ئەو نێوەی بۆ سەڵتەشین بڕیوە. جا نازانم بۆ خۆی چی لە شێخی دەست دەکەوێ. بەسەری ئێوە فەورەن زانیم دوعای بۆ فاتێ هێناوە. دوعاکەم لێ ستاندوە. پیاوی چاک بن با بزانین چی لێ نوسراوە. دوعاکەی دایە دەست مەلا خدری. مەلا خدر دوعاکەی کردەوە، دیتیان کاغەزەکە تەنیا هێندێک خەتی خوار و خێچی پێدا کێشراون. ڕووی لە کاک قادر کرد: دەڵێی براژنم ئەو دوعایەی بۆ چی بوبێ؟ تەنیا هێندێک خەتی خوار و خێچی پێدا هاتون. ها،ها،ها هەها.

کاک قادر:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەڵڵاهی براله چت عەرز كەم. پێموایه ئەمنی زۆر پێ سەربزێوە. جار و بار شۆخیەكی دەكەم، دەڵێم فلان كچ جوانە و فیسار كەس لە بارە. پێموایە دەترسێ ژنی بەسەر بێنم. خۆ بە سەری تۆ چم لە باران دا نییە. بانگی كرد، داوەرە فاتێ.

فاتێ جوابی دایەوە:

دە لێ گەڕێ كابرا، پێم عەیبە لە بەر ئەو برایانە.

كاك قادر:

وەرە فاتێ، بەسەری ئەو بابەت دێی. وەرە بزانە جەنابی شێخ چەند چاكی بۆ نوسیوی.

فاتێ:

ئاخر پێم عەیبە، تۆ سەری خۆت لە كۆڵم بەوە. دوعاكەشم بدەوە.

كاك قادر:

وەرە بزانم چت بۆ جەنابی شێخی ناردوە، ئەو نوشتە چاكەی بۆ نوسیوی. ماموستا دەڵێ ئەو نوشتوە مانگایەكی دێنێ.

پیرێژنێكی دەنگ نوساو لەو دیوی ڕا هەڵی دایە:

فاتێت بۆ چیە، فاتێ، فاتێ. دەڵێی ئێستاش عاشقی. بزانە جارێكی دەڵێی دایە.

قادر:

دایە گیان لە خزمەتت دام وەڵڵاهی ئەتۆ بێ لوتفی. دەنا ئەمن هەمیشە لە خزمەت دام. دەنگی برێك نەوی كردەوە. كاكە ئەوەتی ژنم هێناوە، دایكم بە هیچ شتێك ڕازی نییە. دەڵێ تازە خوێڕی بوی، بویە غولامی ژنەكەت. عەجیب سەیرە. قەت نەمدیوە دوو ژن پێكەوە هەڵكەن. بڕوا بكەن بۆخۆی ئەو ژنەی بۆ دیمەوە. هەتا هێنام كەچەڵی كردم. هێندەی بڵێ كەنگێ ژن دێنی، لە ترسی ئەو نەدەوێرام دەست لەسەر كەس دانێم. هەتا بۆ خۆی ئەمەی هەڵبژارد، كەچی قەت سێ ڕۆژ پێ نەچو، لێك دابڕان.

مەلا خدر:

كاكە دایك منداڵی هێندە خۆش دەوێ پێی وایە نابێ كەسی دیكە دەستی لێ بدا. بڕوابكە هەموی ڕوحمی دایكانەیە، خەسوی بەگژ بوكێ دا دەكا. پێی وایە كەسێك هاتوە و كوڕەكەی لێ داگیر كردوە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قادر:

ئەی بوکێ چی. ئەو بۆ لەگەڵ خەسوی ناحاوێتەوە؟

مەلا خدر:

ئەویش لە کچێنی ڕا بە تەمایە پیاوێک بگرێ و بیکاتە مڵکی خۆی. پێی وایە تازە قەباڵەی بە ناوی خۆیەتی و هیچ کەسی دیکە، تەنانەت دایکیشی حەقی نییە قسەی لەگەڵ بکا. نەت دیوە ژن ئەگە مێردەکەی بە تەنێ بۆ هەڵدەکەوێ، چۆن وەک برێشکە قسانی بۆ هەڵدەڕێژێ. دەڵێی چاوەڕوانە کەسێک بێ و ئەو نیعمەتەی لەدەست دەربێنێ. تەواوی قسەکانی دڵی بۆ دەکا، چ خەونێکی دیوە، فڵان پیرێژن چی پێ گوتوە....

قادر :

ئەرێ ئەوانە چۆن دەزانی؟ دەڵێی سێ ژنت هێناوە.

مەلا خدر:

چوزانی نەم هێناون براله. تازە پیاو ژنیشی نەبێ، دایک، براژن، خوشک یا کەسێکی دیکە هەر دەبینێ، تەبیعەتیان هەر دەزانێ.

قادر دەنگی هەڵێنا، ئەرێ هەر نەهاتی فاتێ. فاتێ هاتە ژوور. بە خولاّی دەمزانی چاکی نوسیوە. خەلیفە بەسێ قەولی پێ دابوم. زۆر کەمیشم دایە. هەر مریشکە زەردم بۆ نارد.

قادر:

ئەی هاوار مریشکە زەردیشمان چو. بەو خوایەی بە قەت مەڕێکم خۆش دەویست. ماڵتە ڕۆژی یەک هێلکەی دەکرد. وەرە بزانە، وەرە تەماشاکە خەلیفە بەسێ چۆن دەستی بڕیوی؟ دا مامۆستا ئەو دوعایەم بدەیە.

دوعاکەی وەرگرت و نیشانی ژنەکەی دا، فاتێ چاو دوعاکەت لە دوو، سێ خەتی خوار و خێچ زیاتر هیچی تێدا نییە. تەماشاکە شێخە دەست بڕەکە کەلیمەیەکی سەواد نییە. چاو سەوادی قادری خۆت لەوی زیاترە. مریشکە زەردت بۆ دەرخواردی من نەدا. بەسەری ئەو مامۆستایەی دوو ئایەتم بۆ لێ دەنوسی. بابە هەرنەبێ چاوم کەمتر دەگێڕان. قەولم پێ دەدای ئاخر هەر بۆ وەت نەبو؟

فاتێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ما شاڵڵا، ما شاڵڵا، بەخوای د یارە هەمو قسەکانی خەلیفە بە سێ ڕا ستن. بۆ یە دەیگوت دایکم، بۆ یە دەیگوت. نەکەی بێڵی کەس دوعا کەی بکا تەوە. جەنابی شێخ فەرمویەتی، هەر کەسێ دوعا کەی بکا تەوە، بەتاڵ دەبێتەوەو لە دوو، سێ خەتی خوار و خێچ ز یاتر هیچی لێ نامێنێ. ما شاڵڵا، جا ئەتۆش باوەڕ مە کە پیاوەکە. ڕاست وای لێ هاتوە. ئەی ڕۆ بە خوای سپەینێ دەبێ یەکی دیکەی پێ بنوسم.

هیوا و ئەوان بەخۆیان نەبو. بە قسەکانی فاتێ لە سەر گازی پشتێ کەوتبون بە پێکەنینێ. هێندە پێکەنیبون زار یان کەفی کرد بو. قادر قەڵس ببو، بەزەردە خەنەیەکی تاڵەوە، لێوی دەلەرزین، چاوی لەوان کرد و گوتی:

بەسەری ئەو میوانانە کە لە چاوی خۆم خۆشتر دەوێن. ئەو شێخە بێت و لە کن شەیتانی دەرسی خوێندوە. ڕاست شەیتان بۆ خۆی دەرسی داداوە. جاوەرە کابرایەکی بێ سەواد هێندەی بزانێ فکر لەوەش بکاتەوە. چاوتان لێیە برایانە. زانیویەتی لەوانە یە ڕۆژێک کەسێک بە خەیاڵی دابێ و دوعا کەی بکاتەوە، ئەو تەبلیغاتەی وەڕێ خستوە. ژنیش بە هەمو شتێک بە سەهو دەچن. مام دەروێش ئەوەشی بۆ بوەتە کەڕامەت. وەک دزی دیتنەوەکەی.

هیوا بە زەحمەت پێکەنینەکەی ڕاگرت و گوتی:

براژن ئەو دەروێشە دە ست بڕە بۆ یە وای گوتوە چونکە هیچی نەزانیوە بینوسێ.

فاتم:

جا دەبەرت مرم چت عەرز کەم. خۆ ئەوەش وە مەلایان دەچن دە دوعا یەکم بۆ بنوسن.

قادر:

دە مریشکە زەردت بۆ وان لێنایە، بۆیان دەنوسی.

فاتم:

جا مریشکە زەرد نا، مریشکە ڕەش. سپەینێ بۆ نیوەڕۆ یە بۆیان لێ دە نێم. بە چاوان، هەر چاکم بۆ بنوسن.

هیوا بە پێکەنینەوە دەست بۆ مەلا خدری ڕادەدێرێ:

مامۆستا دوعای زۆر چاک دەنوسێ. سەرقەڵەمانەشی ناوێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فاتم:
سەرقەڵەمانەی دەبێ وەرگرێ، دەنا دوعاکە بە خۆڕایی یە، گیرا نابێ.
قادر:
بێ و نەبێ ئەوەش فەرمودەی جەنابی شێخیە وە نیە فاتم؟
فاتم:
کابرا، بێ بەلا بی ئەتۆش هەر رقت لەو شێخە فەقیرەیە. مەلا سەیدی خۆشمان هەر وا دەڵێ.
قادر:
وایە مەلا سەیدیش هەر وا دەڵێ. پیاوی چاکە، بەڵام ئەویش مریشک و هێلکەی زۆر پێ خۆشن. مریشک و هێلکەی بەدەست پیرێژنان نەهێشتون بە دوعایان.
مەلا خدر:
براژن، دوعا هەر پاڕانەوەیەکە. چ سەرقەڵەمانەشی ناوێ. ئەگەر گیرۆدە بێ، بەسەر قەڵەمانە و بێ سەرقەڵەمانە هەر وەک یەکە. ئەمن بۆت دەنوسم، سەرقەڵەمانەشم ناوێ. بەڵام دەبێ پێم بڵێی ئەو دوعایەت بۆ چی یە؟
فاتم تەماشایەکی قادری کرد. ئاخر لەبەر ئەهوەی ناوێرم پێت بڵێم. دەبێ ئەو بچێتە دەر، جا.
قادر:
ئەدی دەچمە دەر، وەڵڵا لە جێی خۆم نابزوێم. مریشکت لە ماڵێ بڕیوم بۆ دوعایان، ئاخر نابێ بزانم چ دەردتە. وەختە بۆخۆم سوێم بێتەوە بۆ گۆشتی مریشکی، بەرم ناکەوێ.
مەلا خدر بە پێکەنینەوە:
کاک قادر بە ئیجازەت. هەستا هاتە نیزیک فاتێ و گوێی بردە بن دەمی. بەدزی پێم بڵێ، بزانم بۆ چیتە؟
فاتێ زۆر لەسەر خۆ:
خەسوم، بە قوربانت بم، دەمی خەسوم بۆ ببەستە، زۆر خەراپە لە گەڵم.
مەلا خدر بە دەست خۆی نەبو لە قاقای پێکەنینی دا. هاتە کن هیوای و بە سرتە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا ئێستا بیستبوم دەمی گورگی دەبەستن. وەختێک شوان بۆنی وەی بکا ئەو جێگایەی مەڕەکانی لێ دەلەوەڕێنێ گورگی لێیە، دەمی گورگی دەبەستێ لە کن مەلای. بەڵام دەمی خەسوی بەستنم نەبیستبو. براژن دەیهەوێ دەمی خەسوی بۆ ببەستم.

فاتێ بڕێک شەرمی دەکرد، هەستا بڕوا. مەلا خدر بانگی کرد، براژن فەرمو دانیشە، مەڕۆ بە چاوان بۆت دەنوسم.

کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێنا و پارچەیەکی باریکی زۆر بە ڕێک و پێکی لێ کردەوە. شتێکی لە سەر نوسی و پێچایەوە. کاغەزەکەی وا پێچایەوە کە شکڵی سێ گۆشەی هەبو. نوشتوەکان وا دەپەچرانەوە. دایە دەست فاتێ و گوتی:

براژن لە موشەممای گرە و لە ئاوی هەڵکێشە. بڕێک لەو ئاوەی بە جۆرێک بدە بە نەخۆشەکەی بیخواتەوە، بۆ خۆی چاک دەبێ.

قادر بە فڕکە خۆی گەیاندە مەلا خدری:

تو مەرگی من پێم بڵێ چت بۆ لێ نوسی؟

مەلا خدر بە پێکەنینەوە:

لێ گەڕێ کاک قادر بابم. بۆ دەبێ حەتمەن لەو سیرڕەی سەر دەربێنی.

قادر:

تو سەری مامۆستای گەورەمان ئەگەر پێم نەڵێی.

مەلا خدر:

دەست بەردار نابی. وەرە پێشێ پێت بڵێم. سەری بردە بن گوێی:

بۆم نوسیوە ( یا کوردستان یا نەمان)

قادر بە پەکەنینەوە سەری هەڵبڕی:

ئەشهەدو بیللا دوعای چاکە. هیچ شکم لەوەی دا نیە کاری خۆی دەکا. فاتێ دوعای وا مانگایەکیشی پێ بدەی بە فێڕۆ ناچێ.

فاتێ:

دەی کابرا، خۆ ئیشاڵڵا قوماران بەوەش ناکەی.

قادر حاڵەتێکی زۆر جیددی بەخۆیەوە گرت:

قوماری چی کچێ، بەسەری ئەوانەی خۆشم دەوێن بە ڕاستیمە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەیانی زوو هیواو ئەوان هەستان و بەرەو گوندی(ش)وەڕێ کەوتن. فاتم مریشکێک لەبن هەنگڵی دا بە دیاریانەوە ڕاوەستابو. خێرا خۆی گەیاندە مەلا خدر، دەستی ماچ کرد و گوتی:
مامۆستا گیان دوعاکەت هەر ئەو شۆ کاری کرد. بەو خوایەی دەچینە بەر دیوانێی بە حەیاتی ئەوەندە سەر و ڕووی لە گەڵم خۆش نەبوە. فەرمو ئەوەش سەرقەڵەمانەکەت.
مەلا خدر:
کاک قادر فەرمو ئەو مریشکەی لە جیاتی من بخۆ، ئەمن بەڕێوەم چی لێ بکەم.
مریشکەکەی دایە دەست قادری و وەڕێ کەوتن.
بە لاباسکێک دا کە زۆربەی بە دارستان داپۆشرابو، دەڕۆیشتن. لە هێندێک جێگا قوڕ پێشی پێ دەگرتن و هانی دەدان بە لاڕێ دا بڕۆن. قوڕی ئاخر و ئۆخری زستانێ زۆر هەڵوەشاوە. وەک چەسپی بە کەوش و لاقی ئینسانیەوە دەنوسێ. چەند هەنگاو کە دەڕۆی لاقەکانت هێندە قورس دەبن، ناتوانی بە دوای خۆت دا ڕایان کێشی. هیوا و ئەوان مەجبور بون زۆر جار ڕاوەستن و کەوشەکانیان خاوێن کەنەوە. تا گەیشتنە بەرماڵی گوندی (خانەخەل) هەروا بە زەحمەت ڕێگایان بڕی. گوندی خانەخەل دێیەکی بچوکە لە نێوان کۆڵەسە و شڵماش دا هەڵکەوتوە. بەسەر لوتکەی ئەو هەورازەوە هەڵکەوتوە کە لە چۆمی شڵماشەوە بۆی هەڵدەکشێ تا سەر باسکە درێژەکەی کۆڵەسە. لە خانەخەلەوە دەبێ سەرەو لێژیەکی زۆر قووڵ ببڕی تا دەگەیە سەر چۆمی شڵماش. چۆمەکە لێرەدا هێندە قووڵ بوەتەوە پیاو سامی لێ دەکا. تەلانەکە وەک دیواری وایە. ئینسان دەترسێ ڕۆژێک هەمو ئاوایی خانەخەل بە گلۆرە بڕواتە خوارێ و هەتا سەرچۆمی نەگیرسێتەوە. هیوا و هاوڕێکانی هەرچەندە ڕێگایەکی کەمیان بڕیبو، بەڵام هێندەیان قوڕ بە دوای خۆیان دا ڕاکێشابو، ماندوو ببون. زۆریشیان برسی بو. لایان دایە نێو گوندی و ڕوویان لە ماڵێکی لە هەموان گەورەتر کرد. ئاوایی هەر دە، پازدە ماڵ دەبو. هەمو ماڵەکان چاویان لە یەکتری بڕیبو. بە تایبەتی ئەو ماڵەی ڕوویان تێ کرد، وەک نیشانە کرابێ وابو. لە سەر بانیژەی هەموو ماڵەکان ڕا بە جوانی دەبینرا. پێش ئەوەی بگەنە بەر دەرکەی ژنێک بە غاردان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی ده ماڵەکەی هاویشت و دەرکەی گاڵە دا. پاشان لە پەنجەرەی وەتاغێ ڕا پیاوێک ملی دەرکێشاو تەماشای کردن. بە دوای ئەو دا سەرێک هات و خێرا لە قولایی پەنجەرەکەی دا وون بو. هێشتا له دەرکەیان نەدابو، هەر ئەو پیاوەی سەری لە پەنجەرەی هێنابۆ دەرێ، دەرکەی کردەوەو پرسی:

فەرمون براینە، کارێکتان هەبو؟

مەلا خدر:

میوانین، زۆربر سین، دەمانهەوێ پاروە نانێکی بخۆین و وەڕێ کەوین. دیارە ئەگەر ئیجازەت لەسەر بێ.

کابرا گوتی:

جا ئەو قسە چییە، چۆن ئیجازە نیە. پێڵاوتان لەسەر چاوان، فەرمون.

چونە ژورێ دانیشتن. ساحەب ماڵ پیاوێکی قەد نێونجی دەم و چاو باریک بو. لوتی هێندە باریک بو لەسەر ئەو دەم و چاوە داڵە گۆشتەش، هێشتا زۆر باریک دیار بو. ڕووی تێکردن:

یاخوا بەخێر بێن، خێر و بەرەکەت و هێنا. ئەرێ عەیب نەبێ لە پێش دا چایەکی دەخۆنەوە، یا زۆر برسین، نانی بێنن؟

مەلا خدر:

وەڵڵاهی کاکە... ئەرێ ئیسمی شەریفت؟

برایم..

کاک برایم گیان وەڵڵاهی زۆرمان برسیە، با نانی بخۆین.

برایم هاواری کرد:

ئایشێ نانی بێنە، ئەو برایانە زۆریان برسیە. زۆری پێ نەچو ژنێک بە سینی یە نانێکەوە هاتە ژوور. سینیەکەی داناو گوتی:

یاخوا بەخێر بێن. خەجاڵەتیشە لە بەر پەلە پەلیان هیچم بۆ حازر نەکرا.

سینیەکە، نان، پەنیر، مورەببا، دۆ و دەوریەک هێلکەی کوڵاو و ڕۆنی کەرەی لەسەر بو. هیوا و ئەوان زۆر بە ئیشتیا نانەکەیان خوارد. قوڵپ، قوڵپ دۆیان بەسەر دا کرد. برایم ڕووی تێ کردن:

ئەرێ عەیب نەبێ تەشریفتان لە کوێ ڕا دێن؟

مەلا خدر:



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جا بڵێم لە کوێڕا . فەقێین و بێ جێ و مەکان. هەمو ناوچەمان پێواوەو ئێستاش لە کۆڵەسەی ڕا دێین.

برایم:

ئەگەر هیچی تێ بگەم، دەزانم وەدوای چ کەوتون. خوا بکا وابێ، زۆرم پێ خۆشە ئەمنیش ئەو ڕێ پێوانەم لە کۆڵ دەبێتەوە.

هیوا:

جا فەقێ وەدوای چی دەکەون، هەر نەوس نیە، کاک برایم؟

برایم:

ناوەڵڵا شکور ئێستا وەدوای کاری چاکیش دەکەون. فەقێی وایە هەر بە ناو فەقێ یە. وەکی دیش خەریکی کاری زۆر بە جێ یە. ئەرێ بازۆری لە توێکڵانەوە نە پێچم، وەدوای کاری مامۆستا(هەردەژی) نەکەوتون؟

مەلاخدر:

بەتەواوی مەنزوورت نازانم، بەڵام ناوی هەردەژیم بیستوە.

قسەی مەلا خدر بڕێک برایمی سارد کردەوەو گوتی:

ئەگەر هەر ناوت بیستبێ، هیچ. پێموابو پێکەوە شەریک و شتی وان. ئەو زۆرتر وەدوای جەڵەب کڕینێ دەکەوێ، پێموابو ئێوەش بۆ جەڵەبی هاتون.

هیوا:

کاک برایم هەر بیستن نییە، شەریکی مامۆستا هەردەژین. بۆخۆشت دیارە دەزانی وەدوای چ کەوتوین، ئەگەر نیشانەیەکت لەوی هەیە پێمان بڵێ، بابزانین.

برایم:

وەڵڵاهی برالە چ بڵێم. ئێوە بە تەسادوف تەشریفتان هێناوەتە ئێرە. ئەمنیش قەرار بو وەدوای سێ نەفەری وەک جەنابتان کەوم و بیان بینمەوە. ئێستاش هەر ئەوەندەی دەزانم کە مامۆستا هەردەژی بە سێ کەسانی سپاردبو، ئەو نێوە نێوەی بگەڕێن و هێندێک موشتەری جەڵەبی بۆ بەسەر بکەنەوە. ئێستاش کەسێکی وەدوا خستون و دەیهەوێ بیان نێرێتەوە جێگای خۆیان. ئەو کەسە هاتوەتە کن من. جا باشترە ئەو کەسەتان بۆ بانگ کەم، ئەگەر یەکێکتان بناسێ کارەکەمان مەیسەر دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیگوت یەکێکیان دەناسم. هەستاو چوە دیویکی بەرامبەر. پاش چەند دەقیقە دەر گا کرایەوەو پیاوێکی قەد نێونجی، چاو دەر پەڕیو ی کز وەژوور کەوت. سمێڵی بادابون و جامەدانە کەی ڕاست لە نێو چاوانی بە ستبو. ڕەنگی کەمێک مەیلەو زەرد بو. زۆر چوست و چالاک دیار بو. سێ ڕیز فیشەکدانی لە خۆی بەستبون. تفەنگێکی برنۆی دار زەردی پێ بو. هەر وەژوور کەوت و ئامبازی مەلا خدر بو. های کەڵە ئەوە لێرەی؟

مەلا خدر:

حە سەن گیان ئەتۆ و ئێرە؟ پێک دانو سان و باوە شیان لێک دا. کەمێک لە ژوورە کەی دا یەکتریان هێنا و برد. نا سیاو و دۆ ستی ڕێبازێکی پیرۆز بون. هە ستی ئەو دوا نە لە بناغە یەکی بە هێزەوە دە هات. بنا غەی بیر و باوەڕ، تەنانەت لە برایەتیش بەهێزتر بو. هیوا بەو پەیوەندیە بەهێزانە وورەی بەتین دەبو و هیوای بە دوارۆژ زیاتر دەبو.

برایم:

ئەلحەملای، شکور بە پێی خۆیان هاتن . وە نیە کاک حەسەن. مەلاخدر ڕووی لە هیوا و ڕەحمانی کرد:

ئەوە حەسەن ئەلیاسە، هەمو کەس ناوی بیستوە. بەڵام زۆر کەسیش نای ناسن. پێموایە دەزانن حەسەن چ کوڕێکە.

هیوا برێک بە سەرسوڕمانەوە:

کاک حەسەن ئەلیاس ئەوەیە؟ بۆ خۆیەتی؟

حەسەن کە لە مەبەستی حاڵی بو بە پێکەنینەوە گوتی:

ئەی ڕەنگە پێت وابوبێ شانی بستێک پانن؟ براله خۆ بەوەی نیە. دەستی بۆ بن کەلەکەی برد، برێک جەرگ دێرە دا بێ و دەستی بۆ تفەنگە کەی برد، دەرزی هەڵگری واشت پێ بێ. شانت بە هەر پان نەبن.

هیوا برێک شەرمی کرد، پێی وابو حەسەن قسەکەی لێ گران هاتوە گوتی:

کاک حەسەن گیان هیچ مەنزووریکم نەبو. هێندەم ناوی پیاوەتیت بیستوە، هەر باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک بتبینم. کاکە گیان لە وێنەتان هەر زیاد بێ.

حەسەن:

دەی بابە، بەڕاستی پێم وانەبو، ئەمنیش بۆخۆم ناوێکم پەیدا کردوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برایم:
ئەوە دەڵێی چی، خەڵکی منداڵی بەناوی حەسەن ئەلیاسی ژیر دەکەنەوە.
حەسەن دەستێکی بە سمێڵی دا هێنا و بڕێکی بادا:
ئەوە بە ڕاستیتە کاک برایم.
برایم:
ئەریٚ وەڵڵا بە ڕاستیمە. جا بەرخم بۆ هێندە خۆت پێ کەمە؟ ژاندارم ئەگەر ناوی تۆ دەبیەن زراویان دەچیٚ.
حەسەن:
کوڕە ژاندارم هەروان. لە ذشپەی قوڕ یەش دەترسن. هەر لەسەر خەڵکی فەقیر و هەژار ئازان. با لەوە گەڕێین. کاک عەلی... بڵێم کاک مەلاخدر.
هیوا لەوی خۆی گەست. وا دیارە ئەمیش مەلا خدر نیە و کاک عەلیە. کیٚ دەڵیٚ ئەویش بۆ خۆی پیاوێکی گەورەی حیزبی نییە، لەوێیان داناوە. حەسەن درێژەی دایە:
مامۆستا(هەردەژی) ناردومی بە دوای ئێوە دا. بۆ خۆی لە دێی (ترشیان)ە چاوەڕوانتان دەکا. کارێکی دیکەی پێتانە.
پاش نان و چا خواردنی نیوەڕۆ وەڕیٚ کەوتن. بە خوار ماڵاندا خلۆر بونەوە. تا گەیشتنە پێ جاوپێچێکی سەرەوژێر. بە و تەلا نەی دا باریکە ریٚ یەک لا بەلا دەڕۆیی. لە زۆر جێگا سمی وەڵاغە بەرزەی ڕێگایەکەی ڕووخاندبو. سەبارەت بەوەی ڕێگاکە ذیزەڵان بو، هەر لاقت خوار دانابا دەخزای و هێندەی نەدەما هەڵدێریٚی. بە زەدمەتێکی زۆر ئەو ڕێچکە ناخۆشەیان بڕی و بە نێو قەدی دیوارە بەرزەی دا ڕەت بون. ئەوجار گەیشتنە سەرەو لێژێکی لول خواردو. هێندە بەدەوری تیرە گە باسکێک دا سوڕانەوە سەریان لە گێژەوە دەهات. دەتگوت بە سەر قەراغی پێچەکانی برغو یەک دا دەڕۆنە خواریٚ. حەسەن ئەلیاس لە پشتەوە دەڕۆیی. تفەنگەکەی لەسەر شانی دانابو. ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:
هەتا کەنگیٚ بەدەوری باسکی ئاوا سەگباب ذێو دا بگەرێم. کەنگیٚ ئەمەش ڕزگارمان دەبیٚ تا وەک حیسانان لەگەڵ ژن و منداڵی خۆمان بژین.
ڕەحمان هەڵی دایە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ..کاکە..بببۆ؟
هیوا چاوێکی لە ڕەحمانی کرد، دەبڕێک قسان بکە ماڵت نە شێو ێ، دەڵێی زارت دڕواوە؟
کاک حەسەن زۆر پەرۆشی ژن و منداڵیتە؟
حەسەن:
ڕاستیت دەوێ گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێک بە ئازادی بتوانم منداڵەکەم لە قەڵاندۆشێ کەم. جاوەرە لەسەر خاکی باب و باپیری خۆت، ڕێگای ماڵێ خۆ پت لێ قەدە غە بێ. دەخوایە ئەو زوڵمەی بۆ قەبوڵ دە کەی؟ ئەرێ مامۆ ستاینە خەتای وی نیە ئێمەی کورد ی وا بەرەڵا کردوە؟
هیوا:
وەڵڵا هی کاک حە سەن ئەمن بەش بە حاڵی خۆم سەری لێ دەرنا کەم. ئەوەندەی دەزانم زوڵمێکی کە لە ئێمەی کورد کراوە، لە هیچ میلەتێکی دی نەکراوە. بەڵام هەرچی دەکەم بۆم ناچە تەوە سەریەک . باب و باپیری مە بۆ وایان بەسەر هاتوەو ئەو میراتە خراپە چیە بۆیان بەجێ هێشتوین.
مەلاخدر:
چو لەگەڵ چوان ڕۆیی. کورد گوتەنی نان ئەو نانە ئەوڕۆ لە خوانە. ئێستا دە بێ بۆخۆمان هەوڵ بدەین و وەز عی خۆ مان بگۆڕین. باب و باپیر تازە چمان لێ بکەن. خواش کاری بەسەر ئەو کارانەوە نیە.
حەسەن بڕێک قەڵس بو:
ئەی هەر دەزانێ نوێژان ببژێرێ و هەڕە شان بە جەهە ندەمێ بکا؟ خۆز گە بم زانیا یە ئەو نوێژەی بۆ چن. ئەو هەموو زوڵمە دە کرێ خۆی تێ ناگە یەنێ، کەچی نوێژی دە سۆفی کەریمی دەبژێرێ.
مەلا خدر:
کاک حەسەن گیان خۆ ئەتۆ خۆت لەدەست نوێژان ڕزگار کردوە. دەجا لێگەڕێ با هی خەڵکی دیکە هەر ببژێرێ.
حەسەن:
کوڕە ئەوە دەڵێی چی. لە خوێنم دایە، لێم بوەتە خوو. ئێستاش خۆم بە گونادبار دەزانم کە نایان کەم. وەزعەکە وایە بۆم ناکرێن. مامۆ ستایەکی زۆر گەورەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێی گوتم، ئەو کارەی تۆ دەی کەی لە نوێژان فەرزترە. دەیفەرمو ، ئەتۆ شەو و ڕۆژ لە عیبادەت دای چونکە لە بەرامبەر زوڵمێ ڕاوەستاوی.

مەلا خدر:

ئەمنیش پێم وا یە . بە پێکەنینەوە، بەڵام زۆر بە گژ خوای دا مەچۆوە، با عیبادەتەکەت بەتاڵ نەبێتەوە.

حەسەن:

وا چووی لە بەرگی مەلایەتیەوە قسەکانیشت عەینەن قسەی مەلایان. مەلا خدر چاوێکی لێ داگرت. بەو مانایەی کە: چت لەوەی داوە. لە خۆڕا بەڕەی لەسەر هەتیوان هەڵدەدەیەوە. کورد ئەوەی زۆر خرا پە؛ لە خۆڕا جوابی هێندێک پرسیار دەداتەوە کە هەر نەکراون. مەلا خدر ئەوەی بە شان هەڵتەکاندنێک لە حەسەن حاڵی کرد.

گردە پێچاو پێچەکە تەواو بو. گەیشتنە دامەنی هەورازی و لە شیوێک دا لەسەر بەردان دانیشتن. هەمو چۆکیان دێشان. لە هەورازی وا کووڕ دە بێ هێندە چۆکان دوولا بێنیەوە وەختە لە گرێژەنە بچن. شیوەکە بەرەو لای چۆمی زاری کردبۆوە. دەنگی چۆمی لێرە زۆر بو. دەتگوت تەیارەی دوژمنانی کوردستانە. بۆیە تەیارەی دوژمنان، چونکە بەزۆری تەیارەی ئەوان بەسەر خاکی کوردستان دا دەفڕی. هیوا زۆری پێ سەیر بو. چۆم کوا هێندەی هاڕە دێ. دوو، سێ جار هەستایە سەرپێ و گوێی هەڵخست.

مەلا خدر تێی گەیشت و گوتی:

هیوا گیان بێ و نەبێ ئەو هاڕەهاڕەی چۆمیت پێ سەیرە. ئەی نازانی ئێمە لە چەند سەد میتری تاقگەی( شڵماش)ین. ناو بانگی ئاوهەڵدێری شڵما شێت نەبیستوە؟

هیوا:

تو خوا بەڕاستیتە ، ئێمە هێندە لە تاقگە کەی نیزیکین. بەرێوەڵڵا زۆرم تاریف بیستوە، بەڵام قەتم نەدیوە. جارەکەی دی بەو ڕێیەدا نەهاتم. زۆرم پێخۆشە بی بینم. پیاوی چاک بن با بچین تەماشایەکی بکەین.

پاش حەسانەوە بەرەو تاقگەکەی سەرکەوتن. ئاوهەڵدێرێکی بە سام و هەیبەت بو. سێ ئاوهەڵدێر بون بە دوای یەک دا کە بە هەمویان نیزیکەی سی میتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵیند بون. ئاوەکە لە هەر سێک بازدانە کە هەڵدەبەزیەوەو بە جارێک دەبو بە تۆز. ئەوەی ئاخریان دەڕژایە نێو گۆمێکی خڕ کە وەک بەرداشی دەسوڕا. بە چوار دەوری تاڤگە کەدا ئاو بە تەوژم بڵاو دە بۆوەو دەیان کۆلکە زێڕینەی درو ست دە کرد. لە دوورەوە بە ڕاستی دیمەنێکی جوانی هەبو. دەتگوت چەندین مۆتۆڕی بەهەز زۆر بە تەوژم بە دەوری خۆیان دا ئاو دەپڕژێنن. گۆمەکەی خوارێش وەک پەروانەی مۆتۆڕەکان دەچو. حەوزێکی خڕی لە هاڵی سوڕان دا. لە نێو خەڵکی ناوچەدا بڵاو ببۆوە کە ئەو گۆمە بێ بنە. چەندین جار ئێستری بە بارەوە تێ کەوتوەو بێ سەر و شوێن چووە. کەس ئاسەواری نەدیوەتەوە. ئەگەر بێ بن نەبایە دەبو پاش ماوەیەک ئێسترەکە سەر ئاو بکەوێ. ئەو گۆمە تا ئێستا گەلێک وەڵاغە بەرزەی قوت دابون. چونکە ڕێگای وەڵاغی بە تەلانێکی زۆر کوڕ دا ، ڕاست بە پشتەوەی ئەو گۆمەدا بەرەو شاری سەردەشت دەڕۆیی. زۆر جار وەڵاغ سەر سمەی دەداو بەرەو گۆمە کە هەڵدەدێرا.

هیوا و هاوڕێکانی ماوەیەکی زۆر لەو دیمەنە جوانەی سروشت ڕامان و چێژیان لێ وەرگرت. پاشان بەرەو هەورازی تێ هەڵکشان و ڕێگای گوندی (ترشیان)یان گرتە بەر. ڕێگایەکی باریک بە نێو دارستانێک دا دەڕۆیی. پێجاوپێچ سەردەکەوت دەگەیشتە سەر دەشتاییەکی چکۆلە. دەشتایی تەواو دەبو، سەرەو لێژ سەری وەدەر دەنا بەرەو دۆڵێکی پڕ لە چرپ و چاڵ. دیسان لە دۆڵێ را بەرەو هەورازێکی کووڕ. پیاو کە بەو ڕێیانەدا دەڕۆیی، دەتگوت سواری چەرخ و فەلەک بووە. چەرخ و فەلەکێک کە لە حاڵی سوڕان دا بێ. جارێک نزم دەبۆوە وجارێک بەرز. پاش چەندین سووڕی چەرخ و فەلەک گەیشتنە بن هەورازی گوندی ترشیان. ناوی خۆی بە خۆیەوە بوو. بە چواردەوری ئاوایی دا، باغی ترشی سماق بو. نێو نێوەش ڕەزو داری میوەی جۆراو جۆر ئەو دۆڵەیان ڕازاندبۆوە.

ڕۆژ لە درەنگی دابو. کە گەیشتنە یەکەم ماڵەکانی قەراغ ئاوایی. سەگ وەڕ دەستی پێ کرد و بە دوای ئەوەدا سێ، چوار چەک بە شان لە سەرەوەی گوندیەوە داپەڕینە خوارێ. گورج لە دەورو بەری ڕێگا کە دامەزران و تێیان ڕاخوڕین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێن کوژران.
حەسەن دەنگی یەکەکیانی ناسیەوە و هاواری کرد:
بۆخۆ مانین کاوە، دەنگی ئەوانی دیکەش بدە نەمان کوژن، بۆخۆ تان کێن؟
حەسەن برێک قەڵس بو:
یەعنی دەنگم ناناسیەوە؟ حەسەنم، حەسەن ئەلیاس.
کاوە:
جابۆ ناوی نەهێنی ناڵێی حەسەن، کەنگێ فێری دیسیپلین دەبی.
حەسەن:
تۆ سەری خۆت جارێ بە کوردی قسان بکە. سیپلین و میپلین مەلێ. دەڵێی دەرمانانم بۆ هەڵدەدەی، خۆ نەخۆش نیم.
کاوە:
ئەوانە لۆغەتی سیاسین،دەبێ پیاو فێریان بێ. خۆ سیاسەت بە زمانی مارەغانی و ترشیان ناکرێ حەسەن.
حەسەن:
ئەمن کوردایەتیە دەکەم، کوردایەتیش بە کوردی دەکرێ.
کاوە:
دەی بابە لەوەی گەڕێ، هاوڕێیەکانت دیتەوە، ئەوانن لە گەڵتن؟
حەسەن:
بەڵێ هەون.
کاوە:
دەبا زوو بیان بەینە کن مامۆستای و ئەوان. زۆر لە پیاوە گەورەکانی دیزب لەوێن، زۆر کارێکی بە پەلەیان بەوانە هەیە، با بڕۆن.
هیوا و هاوڕێکانی پێش خۆ دا بۆ ماڵێکی دوو نەهۆمی گەورە. لەبەر دەرکەی دەرێ گوتی:
ئێوە ڕاوەستن ، ئێستا دێمەوە. حەسەن ئەتۆش هەر لە کنیان بە.
حەسەن تفەنگە کەی لە شانی کردبو و دەستی لە پشت خۆ گرێ دابون. هەر دەهات و دەچو. ئۆقرەی لێ هەڵگیرابو. هەر لە جێ دا ئینسانێکی بە پەلە بو. بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تایبەتی چاوەڕوانی زۆر پێ ناخۆش بو. نەی دەتوانی زۆر چاوەڕوانی بکا. دوو، سێ دەقیقەی پێ نەچوو، کە لە کورە دەرچو. بە توندی هاواری کرد:
جەنابی کاوەی ئا سنگەر نەها تەوە. دەڵ یێی چو زو حاکی بکوژێ. چ بو هەر نەهاتەوە.
مەلا خدر:
کاک حەسەن گیان برێک حەوسەلەت هەبێ.
حەسەن:
حەوسەلەی چی ماڵتە، دوو سەعاتە ڕۆیوە، ئەو پاڵەوانە.
لە نکاو کاوە پەیدا بۆوە، لە دوورەوە هاواری کرد:
حەسەن دەزانم ئێستا زۆر قەڵس بوی، هێندە بێ چیکڵدانەی سوور دەزانم بە دەستت بێ، بە گوللێکی ساردم دەکەیەوە.
حەسەن:
فایدەی چی دڵم نایە. بەوەی نییە قەڵسم دڵم نایە. ئەو حیزبایەتیە پیاوی وا لێک نیزیک دەکاتەوە، لە براش نیزیکتر. دەنا دەبو هەر ساردت کەمەوە. کوڕە ئەتۆ بۆ وا بێ سەر و شوێن چووی؟ دوو سەعاتە ڕۆیشتوی.
کاوە بە پێکەنینەوە:
دێ سان موبالە غەی کوردەواری. کوڕە ما ڵت خەرا نەبێ شەش دەقیقە یە ڕۆیشتوم، دوو سەعاتی چی.
حەسەن:
کاوە ئەوە ئاخر جار تە گاڵتە بە شتی کوردەواری دە کەی ها! ئەتۆ ئە گەر پێتخۆشە بچۆ ببە بە فەرەنگی. ئەمن کوردم و بۆ کوردەواریش حازرم خۆم بە کوشت بدەم. جارێکی دی شتی وا نەڵێی.
کاوە:
حەسەن بۆ هێندە خۆت شێت دە کەی ئەمن شۆخیەکم لە گەڵ کردی. دە نا ئەمن بۆ کوێ بو مە پێشمەرگە؟ با بچینە سەرێ. مامۆستا و وان چاوەڕوانن. فەرمون براینە، فەرمون.
چوونە ماڵێکی گەورەی دوو نهۆم. خاوەن ماڵ وەزعی باش بو. باغێکی پڕ خێر و بەرە کەتی هەبو. چوز کە لە شاریش نیز یک بو، دەی توانی بە ها سانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرهە مەکانی بفرۆ شێ و بژ یوی خۆی و خێزانە کەی دا بین بکا. هەرچە ندە پێخوستی ژاندارم، ساواک، سیخوڕەکانی ناو چە و جا شە گەڕۆ کەکانیان لە سەر بو، خەڵکی ئەم دێیە لە یەک بارەوە خۆش بەخت بون، ئاغایان نەبو.

سەرو سامانی ماڵی لە وە تاغی ئەو ماڵەدا د یاربو. ژوورێکی گەورە، بەچوار دەوری دا بەڕەو مافورەی جوان ڕاخرابون. نێوەڕاستی ژوورە کە بەتاڵ بو. لە بەشی سەرەوەی سۆبەیەکی گەورە دانرابو. بەردەمی سۆبەکە ئاگردان بو. بە دەوری سۆبەکەدا بە تالاییەک هەبو بۆ هات و چۆ. خاوەنماڵ بە زەحمەتکێشی نیم چە دەوڵەمە ند حیساب دە کرا. تەنا نەت زۆر کەس لە ئاوایی خۆی و گوندەکانی دەور و بەریش ، لە بەهارێ دا پەنایان بۆ دە برد و داوای قەرزیان لێ دەکرد. ئەویش هەرچە ند بۆی بکرا یە دە ستی خەڵکی دەگر تەوە. قازانجی وەر نەدەگرت و بە قەرز خەڵکی ڕز گار دە کرد. چونکە بۆ خۆی زۆری دە ست تەنگی دیبو. لە کوردستانی بێ خاوەن دا کێ هەبو هەژاری و بر سیەتی نەدیبێ.

هەر ئێ ستاش زوور بەی دێها تەکانی کورد ستان لە بەر هەژاری لە نێو ئاژەڵەکانیان دا دەژ یان. خانوی هەژارانی کورد ستان بریتی بو لە یەک تا قە ژوور. کە پێیان دەگوت نێوماڵ. نێوماڵ جێگای هەمو زیندەوەرەکانی ئەو ماڵە بو. خاو وخێزان لە دەوری کوچکە ئاورێک ، سوچێکیان بۆ خۆیان جوێ کردبۆوە. مانگا بە تەنێ دیوەخانێکی چکۆڵەی بۆ دیا کرابۆوە. گوێرە کەی لە پەنای خۆی بو. لەو لا تر گو ێدرێژێک خەریکی کاوێژ بو. لە لا یەک دوو بز نی شەل و سەکەت، کرپەیان لە گەڵای ووشک دێنا. مشک بە و تونێلانە دا کە بەسەر و بن دیوارە کانی ماڵە کە دا لێیان دا بو، غارغارێنیان دە کرد و پشیلە دەی مشاند و خۆی بە مشکان دا دەدا. کێچ و ئە سپێ و دە یان جرِ و جانەوەری دیکە ببو نە هاودەستی دەوڵەت و دەرەبەگەکان و خوێنی ئەو هەژارانەیان دەمژی. زستان بۆ ئەو هەژارانە وێنە یەکی بەرچاو لەو جەهەننە مە بو، کە مەلاکان شەو ڕۆژ پێیان دەترساندن و هەڕەشەیان پێ دەکرد. بۆ یە هەژارەکانیش بۆ ئەوەی کە خوا خەراپتریش!! نەدا، شەو و ڕۆژ نوێژ یان دە کرد و دەپاڕا نەوە. تەنا نەت وەذ تی ئەوەیان بۆ نەدەما یەوە کەڵک لەو سامانە سرو شتیە وەر گرن، کە نیشتمانەکەیان تێی دا بو. لە پەنای جۆگە ئاوی ڕوون وەک چاوی قرژاڵی، چڵکی چە ندین مانگە لە سەر پشتە دە ستیان دەما یەوە. ئاو یان وە لە شی نەدە کەوت،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مه گەر بۆ غوسڵ و دەستنوێژ کە دوو سوننەتی مەزهەبی بون. ئەوەش بۆ خۆی هەر باش بو. چونکە دەستوێژ ڕۆژی پێج جار دووپات دەبۆوەو غوسڵیش زۆر دەکرا چونکە لەبەر بێکاریان زوو، زوو نۆرە غوسڵیان دەهات. بەڵام ئەوە بۆ پاک و خاوێنی بەس نەبو. تەنیا خۆ تەڕکردن بو. لە حەوزێکی چکۆڵەی دوو بە سێ میتری دا ڕۆژ نەبو دەیان کەس خۆی تێ ڕۆ نەکا و دەستنوێژی لێ نەشوا. وەرزی بەهار و هاوین زۆر باشتر بو. ئەو خەڵکە دەیتوانی لە نێو گاو و گوێلک و کێچ و ئەسپێ بێتە دەر . لە جوانیی سرو شت کەڵک وەر گرێ وهەوایەکی خاوێن هەڵمژێ. هەوایەکی بۆنخۆش. هەوایەک کە بۆنی ڕیخ و شیاکەی لە گەڵ نەبێ. پێشمەرگەکان ئەو وەخت سۆفی سیاسی بون. بۆوەی نیشان بدەن کە بەڕاستی خۆیان لە چینی ڕەش و ڕووت جیا ناکەنەوەو بۆ ئەوان خەبات دەکەن، قەت ڕوویان لە ماڵێک نەدەکرد کە تێر و تەسەل بێ. ئەو ڕۆژە خاوەن ماڵ بە زەحمەتێکی زۆر توانی بیان باتە ماڵێ خۆی. پاش گلەیی و گازندەیەکی زۆر، پاش مۆلەت خواستن لە چەند کەسێکی هەژار، کە هەمیشە ئامادەن ئەو لەتکە نانەی هەشیانە لە گەڵ خەڵکی بەش کەن. ماڵی کاک حوسێن دەتگوت ماڵی شایە. ئەوە قسەی هەژارەکان بو. ئەوان فکریان لێرە تێپەڕی نەدەکرد. کەسێک بتوانێ ژووری جیا بۆ میوانان دروست کا، لە نێو مانگا و گوێرەکان بێتەدەر و فەڕشی ڕاخا، ئەوە شایە. کەمتر ئاگایان لەوە بو کە شا بە ئیمکاناتی وەڵاتەکەی ئەوان میوا نداری میلیۆن دۆلاری دە کا. قەرزی میلیارد دۆلاری دەدا بە وەلاتان بە پیاوەتی و لە کێ بەرکێی سەرمایەدانان لە وەلاتانی غەڕبی و ئەمریکا دا، دەیهەوێ نەفەری یەکەم بێ. حەقیشیان بو، کەسێکی تەنانەت بێ بەش بێ لە سەرەتایی ترین ئیمکاناتی ژیانیش، کوا بیری بۆ ئەوە دەچێ کە لە دەستی یەک نەفەر دا لە وڵاتەکەی خۆی دا بە میلیارد دۆلار خڕ بوبێتەوە. قوتی ملیۆنان کەس بدرێ بە خۆڕانان و کەش و فشی شایانە. بۆ هەژارەکان ئەوانەی زگیان تێر بو، شا بون. ئەوانەی ئەنیشکیان بەدەرەوە نەبو شا بون. بۆیە کاک حوسێن وەک شای وابو.

حەسەن نەقورچێکی لە کاوەی کوتا:

چیە وادیارە ئەوشۆ جێگامان نەرمە. بە غەوس پیاو لە و جێیەی دا ژیانی وەبیر دێتەوە. کوڕە هەر بچینە ماڵێ فەقیرەکان باشترە. پیاو لەوێ دڵی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگایەتیەکەی خۆی خۆش دەبێ. دەڵێی بەس نیە هەرنەبێ دەستە جلێکت لەبەر دایە. بەلام پیاو لێرە تەمێکی بەسەر دا دێ، نازانم ئەو تەمە چیە.
کاوە:
خۆ کفر نیە حەسەن. با ئەمەش شەوێکی لە ماڵێکی گەرم و نەرم دانیشین.
چوونە ژووری میوانان. مامۆستا و پێنج کەسی دیکەی لێ دانیشتبون. لە بەریان هەستان و بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردن. مامۆستا دەستی کرد بە ناساندن:
هەرچەندە دەبێتە پێچەوانەی نەهێنی کاری، بەڵام لە بەر پێویست و بە خاتری ئەوەی کە لە داهاتو دا کارتان بە یەکتر دەبێ، مەجبورم پێکتان بناسێنم. دیارە بە ناوی نەهێنی:
دەستی بۆ یەکێکیان ڕاداشت: کاک مەلا عەزیز
مەلا عەزیز پیاوێکی قەد نێونجی دەم و چاو خڕ و برۆ گەورە بو. هەتا بڵێی لاوێکی جوانچاک و ڕووخۆش بو. هیوا داستانەکانی حەزرەتی یوسف و ئەمیر ئەڕسەلانی وەبیر دەهاتەوە، هەروا بزانە نوسەری ئەو چیرۆکانە بەرامبەر مەلا عەزیز دانیشتبو و وێنەی ئەوی بە خەیاڵ کێشابو. هیوا چو بو لە دەر یان خەیاڵەوە لە دڵی خۆی دا دەیگوت:
ئەوە بێ مەلا عەزیز نیە. قەت ئەوە بە نانی سواڵێ گەورە نەبوە. چاو کوڕی چۆن ئەو ڕێگا پیرۆزەیان گرتوەو گیانی خۆیان لەسەر بەری دەستی داناوە. چۆن دەکرێ ئەوە فەقێ بوبێ و بە نانی حوجرەی گەورە بوبێ. پاشان وەبیری هاتەوە کە ئەوە هەر ئەو مەلا عەزیزەیە کە چوبو بۆ ناوچەی بانە. فەقێ نەبوە، بەڵکو موهەندیسە.
مامۆستا دەستی بۆ لای یەکی دی ڕاداشت:
کاک فایق:
پیاوێکی کەڵەکەتی داڵە گۆشت بو. چاو و برۆیەکی ڕەش لەسەر دەمو چاوێکی باریک دەتروسکان. زۆر ووروپا دیار بو. مشکیەکی ڕیشوو درێژی لە سەر بو. ڕانک وچۆغەیەکی سپاتی لەبەر دا بون. ئینسانێکی لە نێوەرۆک دا گەورە دیار بو. شەهامەت، لە خۆبوردویی و مەتانەت لە نێوچاوانی دەباری. مامۆستا ڕووی لە یەکەکی دیکە کرد:
کاک مەلا عومەر:


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیاوێکی بڕێک بەخۆوە، هێندێک سوورکارەو مو زەرد بو. دایم زەردەخەنە یەکی سووکی لە سەر لێوان بو. هەتا بڵێی مەند و لەسەر خۆ دیار بو. هێندە مەتین بو، تەنانەت بڕێک شەرمێون دەی نواند.

دەستی ماموٚستا ڕووەو یەکی دیکە ڕاوەستا:

کاک سەید فەتتاح:

ئینسانێکی قەد نێونجی دەم و چاو پان بو. برۆی درشت و چاوی گەورە. دوو سمێڵی درێژی بادابون. لە چاوانی دا ئازایەتی و نەترسی دەخوێندرایەوە.

ماموٚستا دیسان یەکی تری ناساند:

کاک سالار

هەتا دەست هەڵێنی کەڵەگەت. دەم و چاو پان و چوارشانە. بێ باک لە هەرچی دەقەومێ.دەم بە پێکەنین و ڕووخۆش.

پاش ئەوانیش هیوا و هاوڕێکانی نا ساند. ماوە یەک بێ دەنگی باڵی بە سەر مەجلیسەکەدا کێشا. تا کاک حوسێنی خاوەنماڵ هات و ئیزنی وەرگرت نان دانێن.

پاش نان خواردن ماموٚستا رووی لە هیواو هاوڕێکانی کرد و گوتی:

هاوڕێیان دەبێ ببورن لەوەی کە ماوە یەکی زۆرە زەحمەتیان کێشاوە و بە گوندەکان دا گەڕاون. ئەوە بۆ خۆی دەتوانێ تاقیکردنەوە یەکی باش بێ بۆ جاریکی دیکە. ئەمجارە دوای ڕاوێژێکی زۆر لە گەڵ هاوڕێیانی بەرپرس دا، بەو ئەنجامە گەیشتین کە پێکهێنانی کۆنفڕانسێکی ئاوا بەرین لە هەل و مەرجی ئێستا دا خەتەرێکی گەورەیە. بۆیە بڕیارمان دا کۆنفڕانس نەگرین و تەنیا کۆبونەوەی کادرە لێهاتوەکان بکەین. زۆرتر مەبەست ئەوەیە چۆن بە ناوچەکان دا بڵاو بینەوە. هەمو کوردستان بکەینە مەیدانی تێکۆشان. ئەمساڵ ساڵێکی گرنگە لە ژیانی جوڵانەوەکەمان. دەبێ هەوڵ بدەین بە تەواوی کوردستان دا بڵاو بینەوە. دوژمن زانیاری زۆری لە سەر ئێمە بە دەست هێناوە. دوو، سێ کەس لە ڕیزەکانمان دەرچوون، خەیانەتیان کردوەو خۆیان تەحویلی ڕژیم داوەتەوە. ئەوانە هەمووی ئیمکانات دەدەن بە دوژمن کە ئەگەر وریا نەبین و تەنیا لە یەک ناوچەدا بۆی خڕ بینەوە، زەڕبەی گەورەمان لێ بدا.

کاک فایق هەڵیدایە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له بیرت نەچێ گۆیا ڕژیم ستادێکی گەورەی بو سەرکوتکردنی ئێمە داناوە. پیسترین ئاڵقە لەگوێی خۆی واتە(سەرتیپ ئووەیسی) بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە دیاری کردوەو ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەتیش بە نۆبەی خۆی دەیهەوێ ئەوساڵ لە گەڵمان یەکلا بکاتەوە. خەتەری پشتی جەبهەشمان هەیە. بەداخەوە براکانی ئەودیومان ئەوساڵ زۆرتر لە ئێران نیزیک بونەتەوەو بە پێی هێندێک دەنگۆ دەبێ قەولیشیان دابێ لای سنورمان لێ بتەنن. هیوادارم ڕاست نەبێ، بەڵام ئەگەر ڕاست بێ زۆرمان فشار بۆ دێنن. هەڵبەت ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین پشتیوانێک بۆخۆمان پەیدا بکەین. ئەوە گەورەترین پێویستیی ئێمەیە. جگە لەوەش دەبێ لە هەمو کوردستان بڵاوبینەوە.

هیوا سەری بردە بن گوێی مەلا خدر:

ئەرێ مامۆستا باسی چەند کەسێکی کرد کە خۆیان تەحویل داوەتەوە. ئەتۆ بیستوتە؟ ئەوانە کێن؟

مەلا خدر:

پێموایە مەنزووری هەڵمەت، ڕەحیم زێوەیی و محمد بەریاجی بێ.

شەو لە درەنگی دابو. زوور بەیان خەویان دەهات. مامۆستا ڕووی لە مەلا عومەر کرد:

کاکە پێموایە جێگای جەنابت لەگەڵ ئەو برایانەیە، وەختی ئیسراحەتیش هاتوە. بڕیارە کانیش دەزانی. ئێوە بچنە جێگای خۆتان و ئەوەی پێویست بێ بەو هاوڕێیانە بڵێ. بابەیانی زوو لە ئێمە جوێ بنەوەو بگەڕێنەوە جێگای خۆیان.

لێکڕا بڵاوەیان لێ کرد و هەر کەس بەرەو جێگای خۆی ڕۆیشت. مەلا عومەر زۆر بە لەسەرخۆیی بۆی باس کردن:

ڕوفەقا دەزانن فکرەی ئی کۆنفڕانسی بەرین لە چی ڕا هاتبو.

هەمو ویکڕا نەوەڵڵا

کاکی برای هەوەڵێ ئێمە پێمان وابو ئەوساڵ دەتوانین ئیعلانی شۆڕش بکەین. یانی کورد گوتەنی کوورەکەی بدەمێنین. پاشان دیتمان بابە هەروا ئاسانیش نیە. ئاخر شۆڕش بکەی چەک و چۆلت دەوێ. بەرگ و پێڵاو و خۆرا کت دەوێ. ئیحتیاجت بە دوکتور و دەواو دەرمانی دەبێ. پشتی جەبهەت دەوێ، جێی حەسانەوەی. ئەمەش هیچیەک لەوانەمان نەبو. فکرەی، ئی ئیعلانی شۆڕش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فه قەت لە نێو كتێبەكان دەرهێرا بو. لە كتێبە ئینقیلابیەكان دا نو سراوە، بۆ دەستپێكردنی شۆڕش دەبێ زەمینەی عەینی و زەینی هەبێ. جا ئەو عەینی و زەینی یە هەركەس بە جورێكی لێك دەداتەوە.هێندێك لە ڕفیقانی ئێمە پێیان وایە عەینیەكە یەعنی ئەوەی كە خەڵك پشتیوانیت لێ بكەن و زەینی یەكەش یانی ئەوەی كە بزانن چیان دەوێ.
هیوا سەری بردە بن گوێی مەلا خدر:
قسەكانی زۆر خۆشن، بەڵام زۆربەیان كوردی نین. زمانی مەلا و فەقێیان نیە. پێموایە ئەویش بەڕاستی مەلا نییە.
مەلاخدر:
لە بیرت چوەتەوە بۆم باسكردی، ئەوە گۆیا وەكیلە، وەكیل.
مەلا عومەر زۆری ئاگا لە سرت و خورتی وان نەبو. ئەو لەو كەسانە بو كە نەی دەتوانی مەبەستی خۆی بە كورتی بگەیەنێ. هەمیشە لە نێو هاوڕێكانی ڕەخنەی لێ دەگیرا. كەچی قەت نەبو مەبەستێك بە كورتی ببڕێتەوە. لێرەش دا هەر درێژەی پێ دا. تەنانەت ئاگای لە وەش نەبو گوێی بۆ دەگرن، یا نا.
جا كاكی خۆم ئەمەش خەریك بو بە هیوای ئەو ڕووخۆشیەی خەڵك هەیەتی و ئەو هەمو قەولانەی بۆمان دەڵێن، تێكەوین و ئیعلانی شۆڕش بكەین. جا ئەگە دە ستمان بە شۆڕش بكردا یە، مەنزووری شمان نەدەبو بە شی زۆری ئەو كەسانەی تەماسیان لە گەڵ حیزب هەیە قاچاغ بن. بۆیە كۆنفرانسی گەورەش دەبو بگیرێ. هەتا بە ئاشكرا لە گوندەكان قسە بۆ خەڵك بكرێ. دوایە ئەگەر بە ووردی لێ دەكۆڵینەوە، هەی بابە، زۆرمان ماوە بۆ ئەو ڕۆژەی كە دەبێ دەست پێ بكەین. هاوڕێیەك قسەیەكی زۆر جوانی كرد. لە كۆبونەوەكەی دا. مەنزوورم كۆبونەوەی خۆمانە. ئەوی، ئی مەسئولەكان. ئەو گوتی:
جارێ بە نەزەری من زەمینەی زەینی تەنیا ئەوە نییە كە خەڵك ڕازی بن شۆڕش بكرێ، بەڵكو دەبێ ئامادەبن بەشداری تێدا بكەن، خۆ بە كوشت بدەن. ئەوەش كاتێك وەدی دێ كە زووربەی خەڵك بەتەواوی بزانن شۆڕش بۆچی دە كرێ و بەڕاستی ویستەكانی خۆیان لە وێ دا ببینن. باشە كە تازە پاش نەخۆشیەكی چەندین ساڵە تازە لە جێگای خۆمان هەستاوینەوە، تازە خەریكە ووردە، ووردە خوێنی تازەمان لە لەشی دەگەڕێ، كوا توانیومانە تا ئەو جێگایە



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچینه پێش که خه‌ڵکی ئاوا ئاماده بکه‌ین. ئێستا خه‌ڵک بۆیه ئێمه‌ی خۆش ده‌وێ، چونکه به ناحیه‌مان ده‌زانێ، پێی وایه ئێمه به ته‌نێ ده‌توانین دوژمنی بۆ تێک بشکێنین و ئه‌ویش بێته سه‌ر حازری. نازانێ ئێمه‌ش به‌شێک له‌وین. به‌شێکی که ووشیار بوه‌ته‌وه. نازانێ ئه‌ویش ده‌بێ ووشیار بێته‌وه‌و به کرده‌وه بێته مه‌یدان، تا هه‌مومان ویکڕا خۆمان ڕزگار که‌ین. به ناشکوری ناڵێم جارێ خه‌ڵک هه‌ر له‌و قۆناغه‌دایه که چه‌پڵه‌مان بۆ لێدا و (به‌ڵێ) مان بۆ بڵێ. ئه‌گه‌ر سه‌ریش نه‌که‌وتین به جارێکی نائومێد بێ و پێی وابێ ناحیه‌که‌ی له نێو چووه. ئیدی ئه‌ویش ڕێگایه‌کی بۆ نه‌ماوه، غه‌یری ته‌سلیم.

عه‌ینی ئه‌وه نییه که خه‌ڵک حازر بێ نانێکت بداتێ. ده‌بێ هه‌ل و مه‌رجی ناو چه‌ش بگونجێ. ده‌بێ خه‌ڵک حازربن هه‌مو پێداویستیه‌کانی شۆڕش دابین بکه‌ن و ده‌بێ زۆریش به باشی وه‌زعی هێزه‌کانی ڕژیمت له ده‌ست دابێ. ئاگاداری ته‌واوت له سه‌ر هه‌ڵس و که‌وتیان هه‌بێ و به کورتی هێزی خۆشت گه‌یبێته ئه‌و ڕاده‌یه‌ی بتوانێ به‌ر په‌رچی تاکتیکه‌کانی دوژمن بداته‌وه. به‌ڵێ وه‌ختێک ئه‌وانه‌مان هه‌مو هه‌ڵسه‌نگاند، تێ گه‌یشتین که بابه جارێ هه‌وه‌ڵی کارمانه. ئه‌و چه‌ند که‌سه‌مان قاچاغ بوین تازه باوابێ. ئه‌مما نابێ کارێکی وا بکه‌ین ڕفیقه‌کانی دیکه‌مان قاچاغ بن. ئه‌وانه‌ی ئی ته‌شکیلات. ته‌شکیلات به مه‌خفی ده‌بێ به‌هێز بکرێ و ئه‌و کادرانه‌ی هه‌مانن، ده‌بێ به هیچ جۆر خۆیان قاچاغ نه‌که‌ن.

هه‌تا ئه‌گه‌ر بش گیرێن ده‌بێ مقاوه‌مه‌ت بکه‌ن و ئیعتیراف نه‌که‌ن و زیندانی بکێشن. چونکه پاش به‌ربون دیسان ده‌توانن بچنه‌وه نێو خه‌ڵک. به‌ڵام دوور نیه ئه‌وانه‌ی قاچاغ بون شه‌هید بن، یا مه‌جبور بن وه‌ڵات به‌جێ بێڵن. ئه‌و کات دیزب به ته‌واوی له نێو خه‌ڵک ده‌چێته ده‌رێ. زوور به‌ی دانیشتوان به‌لادا هاتبون، خه‌ویان ده‌هات. به‌ڵام مه‌لا عومه‌ر هه‌روا به گه‌رمی قسه‌ی ده‌کرد. ته‌نیا هیواو مه لا خدر مابوون گوێی بۆ ڕابگرن. به زه‌حمه‌ت خۆیان ڕاگرتبو. هه‌ر چاوه‌ڕوان بون پێش نوستن، ئاخره‌که‌ی بزانن که سپه‌ینێ ده‌بێ چ بکه‌ن. چونکه له نوستنێ ڕا لێک جوێ ده‌بونه‌وه. ئاخره‌که‌ی مه‌لا خدر وه‌جواب هات و گوتی:

به‌ڵێ مامۆستا، جا فه‌رموت که کۆنفرانس نابێ. ئێمه ده‌بێ چ بکه‌ین؟



کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلا عومەر وەک لە خەوێک وە خەبەر هاتبێ، تەکانێکی دایە خۆی و بەملا و ئەولای خۆی دا ڕوانی، پاشان گوتی:

ئێ خۆ زۆربەی ڕفیقەکان خەویان لێ کەوتوە. شەویش زۆر درەنگە، حەقیانە. بابە جا ئێوەش بچنەوە جێگای خۆتان. خەریکی کارو باری ئی خۆتان بن. دوایە ئاگادارتان دەکەینەوە. دووریش نیە پاش چەند حەوتوی ئی دیکە سەرێک لە لای وەش هەڵێنین.

ئەوانیش ڕزگاریان بو، چوون بە گەرمی لێی نوستن.

---

# پاژی شەشەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیسان جادوگەری سروشت لە بن چیاکانی کوردستانەوە سەری وەدەر نایەوە. ئەو ساڵەش هەروەک ساڵانی ڕابردوو، بەهاری کوردستان بەناز و عیشوە خۆی نواندەوەو بۆن و بەرامەی بڵاو کردەوە. گوڵاڵە، بەیبون، کەنێرە و جاترە و دەیان و بگرە سەدان گوڵ و گیای بۆنخۆشی دیکە کەوتنە کێ بەرکێی جوانی. تابزانین ئەو ساڵ کامەیان خەڵاتی جوانی وەردەگرێ و دەتوانێ خۆی بەسەر بەرۆکی کیژە شۆخەکانی کوردستانەوە ببینێ. وەنەوشە دیسان دەورو بەری جۆگەکانیان تەنیوە. ئەوان حازر نین تۆزقاڵێک لەو نەخشەی پێیان دراوە بدەن بە هیچ گوڵێکی دیکە. ئەوان هەمو ساڵێ ڕەمزی هەزاران خۆشەویستی دەدرکێنن. هەروا بە چەپکە لە نێو لاوانی ئەویندار دا لە هات و چۆ دان و ڕازی ئەوین دەگەیەنن. هیچ کیژێکی دڵ پێکراو نابینی، کە حەوتوی جارێک یا چەند جار چەپکە وەنەوشەی خۆی نەچنێ و لە کەلێنی پەرژینێک ڕا یا لەسەر ژوانگەی لە بەر پشتێندی ئەویندارەکەی نەنێ.

سەری دوو ندەکان تەم و مژی ڕێوە نەماوە. ئاسمانێکی شین لە ڕشت لوتکەکانەوە دەبینرێ. ڕۆژ بەسەری چیاکانەوە پێ دەکەنێ و تیشکی زێڕین بڵاو دەکاتەوە. دەڵێی تابلۆ خەیاڵیەکەی وێنەگرانە. ئاسمانێکی ساف وەک دەریایەکی خاوێن و ڕوون. دەریایەکی دوور لە لوولەی ڕیخۆڵەی کارخانەغولەکان. بە دوای دا لوتکە چیایەک وەک سەدەفی کەنار دەریا لە دوورەوە بە تیشکی ڕۆژ دەدرەوشێتەوە. هەروا چاو ڕا گوێزە و بەرەو خوارتر بڕوانە، جار و بار پەڵە بەفرێکی سپی، وەک پۆڵەکە زێوینەیەک بە لاپاڵەکانی چیاوە هەڵواسراوە. لەسەر باسکەکان شیناووردێکی پڕ سەری وەدەرناوە. بە نێو شیناوردەکەی دا هێندێک خەتی ستون هاتونەخوارێ. دەڵێی بە ڕاستەی کێشراون. بە نێو خەتەکان دا ئاوێکی ڕوون وەک چاوی قرژاڵی دێتەخوارێ. لەسەر هێندێک خڕکە بەرد و سەرەولێژی زۆر کووڕ هەڵدەبەزێتەوەو کەف دەکا. زۆر بەرەو خوار بڕوانە، ئەنواعی گوڵی وورد و درشت سەریان وەدەر ناوە. لک و پۆپی دارەکان قیت ڕاست بوو نەوەو دەمارەکانیان هەستاوە. چرۆی تازە لەبن هەر گرێ یەک هاتوەتە دەرو گەڵای ناسک سەری وەدەر ناوە. زۆر تر وەرە خوارێ، وورد تر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕوانە. کێشە، کێشەی ژیانە. هەموو شتێک لە حاڵی چالاکی و جوڵانەوە دایە. تەنانەت گ ڵیش زیندوو بوە تەوە. گوێ لە سەر عەرزی هەڵ خە، بە تەواوی هەناسەی گیاکانی دەبیسی، هەموو شتێک خەریکی خۆ یەتی، بەلام چ خەریک بوونێک، خەریکی خۆڕازاندنەوە. چونکە بەهاری کوردستان هێندە ڕازاوەیە، هەر ووشکە دڵێکیش ئاو دەداتەوە. کیژ و کوڕە لاوەکان لە جم و جوڵ دان. ئەوەی تا ئێستاش زەرد و لاوازە لە گۆشەی ماڵ خزابو، هیوای بە ژیان نەمابو، ئێستا هومێدی تێ گەڕاوەو سەری هەڵبڕیوە.

ئەو بەهارە بۆ هیوا زۆر پڕ واتا بو. هەتا بیری لێ بکەیەوە دڵە خورپەی تێدابو. ئەو چاوەڕوانی دەکرد پێشمەرگەکان چالاکانە دەست بە هەڵسورانێکی تازە بکەن. هومێدی وابو شۆڕش پەرە بگرێ و هەمو کوردستان بتەنێتەوە. لاوەکانی کورد بە تێکڕا بێنە مەیدان و ئەویش بتوانێ بە ئاشکرایی بانگی ئازادی لێ بدا. زۆر نێوانی لەگەڵ کاری نەهێنی نەبو. دەی گوت بانگی محەممەدی بە ئاشکرا خۆشە. وەختێک ئێمە داوای مافی ڕەوای خۆمان دەکەین، با یەک بە دەنگی خۆمان هاوار بکەین. بە تایبەت بۆی نەدەچۆوە سەریەک کە لەگەڵ کوردان نەهێنی کاری بکرێ. مەگەر ئەو خەباتە بۆ هەموان نییە. مەگەر ئەرکی سەر شانی هەموو کوردێکیش نیە، کەوابو بۆچی بە دزی و فزی و خۆ شاردنۆکە؟ ئەوە بۆ چونی زۆر بەی لاوەکانی کوردستان بو. کە زۆریش زەڕبەی لە جووڵانەوە دابو.

هیوا چاوەڕوان بو بەهاری ئەمساڵ مزگێنی هێنەری بانگی ئاشکرای شۆڕش بێ. بۆخۆشی لە جاران زۆرتر باسی کوردایەتی دەکرد.

بە تایبەت لە گەڵ لاوەکان زۆر باسی هەژاری و بێ دەرەتانی گەلی کوردی دەکرد و هانی دەدان بۆ خەبات. دیارە زۆر بە زەحمەت خۆی ڕادەگرت و نەهێنی حیزبی نەدەدرکاند. ئەو هەتا بڵێی ئینسانێکی بە دیسیپلین بو. ئیمکانی نەبو هیچ یەک لە ڕێنوێنیە تەشکیلاتیەکان پێ شێل بکا. بۆیە لە گەڵ غەیرە حیزبیان و تەنانەت لە گەڵ ئەو حیزبیانەش کە ئەو کاری لەگەڵ نەدەکردن، قەت باسی حیزبی نەدەکرد. بەڵام شەو و ڕۆژ باسی وەزعی کوردستان و گەلی کوردی دەکرد. ئەو توانیبوی لە نێو لاوەکانی ئاوایی دا جێگای خۆی بکاتەوە. تەنانەت ڕێزێکی تایبەتی بۆ خۆی پەیدا بکا. ئەو ببو بە جێگای باوەڕی لاوەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گیر و گرفتەکانی خۆیان لە لای ئەو باس دەکرد. گرێی دڵیان بۆ دەکردەوەو تەواوی نەهێنیەکانی ژیانی تایبەتیی خۆیان بۆ دەگێڕایەوە. زۆر جار پرسیان پێ دەکرد و تەنانەت ڕێنوێنیان لێ دەخواست. هەر خەبەرێکیش بگەیشتایە یەکێک لە لاوەکان، فەوری بەهیوا دەگەیشتەوە.

بەهار ئەسپی خۆی لینگ دەدا وبەرەو لوتکەی کەماڵ دەچوو. هەر ڕۆژەی تێ دەپەڕی هەواڵێکی تازەی لە خۆی بەجێ دەهێشت. بە تایبەت دەنگ و باسی پێشمەرگەو کادرەکانی حیزب لە سەر زمانی هەر کوردێک بو. هەر کەس بە پێی ڕاددەی غیرەتی خۆی بەشی خۆی لە و قاڵ و باسە دەخست. هەواڵی پیلانەکانی دوژمنیش بە گەرمی بڵاو دەبۆوە.

دوژمن خۆی ئامادە دەکرد، بۆ سەرکوت کردنی جوڵانەوە. ساواک لە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ دا نەخشێکی بەرچاوی هەبو. هێزی ڕژیمی گەورە دەکرد و نفوزی خۆی بە ئەفسانەیەک لە قەڵەم دەدا. فرەو فیشاڵی دەکرد کە گۆیا ئاگای لە هەر جم و جوڵێک هەیەو دەتوانێ پاروەکانی پێشمەرگە بژمێرێ. ڕاستە هێندێک جار خەبەری پێ دەگەیی کە پێشمەرگە چونە فڵان گوندی. بەڵام ئەوان لێیان زیاد دەکرد:

چونە ماڵی فڵان کەس. دەیان زانی کە هەر میوانێک بێتە ئەو گوندەی بەشی ئەو ماڵەی تێدایە. پاشان درۆی شاخداریان ساز دەکرد. دەزانی ئێمە ئاگادارین کە فڵان بەرپرسی حیزب ئەوەندە پاروەی خواردوون. جاوەرە بیسەلمێنە کە وا نیە. خۆ کەسی دیکە نەچوە پارووی پێشمەرگەکان بژمێرێ. دەڵێ لە باڵوڵیان پرسی کوێ نێوەڕاستی دنیایە. هەستایە سەرپێ و گوتی:

ڕاست ئەو جێیەی لاقم لە سەر داناوە. گوتیان: بە ڕاستیتە، چوزانی؟ گوتی: ئەگەر باوەڕ ناکەن، بی پێون.

ساواک بەو جۆرە دەی ویست ترسێکی ئەوتۆ پێکبێنێ. کە هیچ دوو کەسێک نەوێرن ڕازی دڵی خۆیان لە لای یەکتر بدرکێنن. مەبەستی ساواک ئەوە بو کە بەمجۆرە ڕێگای بڵاوبونەوەی دەنگ و باسی جوڵانەوە ببەستێ.

لە ناوەندیی نیزامیی ڕژیمەوە، هەر ڕۆژەی دەنگ و باسی پیلانێک بڵاو دەبۆوە. ئەو دەنگۆیانە هەتا دەهات بەرفراوانتر و ڕەسمی تر دەبون. بڵیندگۆ تەبلیغاتیەکانی ڕژیمیش وەکار کەوتبون. ڕادیۆ و ڕۆژنامە بەکرێگیراوەکان، جارو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بار باسی پێویستیی سەرکوتکردنی بە قەولی ئەوان(یاغیەکان) یان دەکرد. باس هەبو کە ستادێکی تایبەتی بە سەرۆکایەتی سەرتیپ ئووەیسی جینا یەتکار و نۆکەری ڕاستەوخۆی دەربار لە کوردستان پێک دێ. دەیان گوت ئووەیسی ڕێی سپێردراوە کە لە ماوەی سێ مانگ دا مەسەلەی کوردستان یەک سەرە بکا و نەهێڵێ مۆمی شۆڕش داگیرسێ. دەیان گوت شا بۆ خۆی دەستوری بە ئووەیسی داوە و ئەو کارەی پێ سپاردوە. شای خاین زۆر لەو جم و جوڵە ترساوە و دەستوری سەرکوتکردنی داوە.
هیوا هەم خەبەری خۆشی پێ دەگەیی، هەم ناخۆش. لە کاناڵی حیزبیەوە زۆر ئاگای لە جم و جووڵ و تێکۆشانی پێشمەرگەکان بو. ئاگای لێ بو کە جووڵانەوە لە حاڵی خۆ ڕێکخستن و پەل و پۆ هاویشتن دایە. دەی زانی ئەو ساڵ قەرارە دەستەی پێشمەرگە و کادر بۆ زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بڕۆن.
تەنانەت ئاگادار بو کە هەرناوچەیەی بەرپرس و دەستەی پەشمەرگەی خۆی بۆ ڕێک دەخرێ و دڵنیا بو کە لک و پۆپەکانی شۆڕش بە کوردستان دا بڵاو دەبنەوە. شەو ورۆژ لێکی دەدایەوە. ئایا شۆڕش دەتوانێ نەخشەکانی خۆی پیادە بکا و هەمو کوردستان بتەنێتەوە؟ یا دوژمن زووتر زەرفەر دێنێ و پەشی پەرەگرتنی دەگرێ. ئەو بیرکردنەوانە هەم دڵخۆشیان دەکرد و هەم دەیان ترساند. دڵخۆش بەوەی کە شۆڕش پەرەدەگرێ. ترس لەوەی کە دوژمن بتوانێ ئەو تروسکەیەش بکوژێنێتەوەو ڕووناکی لە وەڵات ببڕێ.
ڕۆژ بە ڕۆژ دەنگ و باسی جم و جوڵی ڕژیم بۆ سەرکوت کردنی جوڵانەوە زۆر تر دەبو. لەسەردە شتەوە هەواڵ دەهات کە ڕژیم گروهێکی زەڕ بەتی بەهێزی پێکهێناوە. ئەو گروهە پێکهاتوە لە ئەڕتەش، ژاندارمەری و هێندێک جاش. گۆیا نیازی وایە تاقمێک جاش لە باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بێنێ. هەواڵ دەهات کە ئووەیسی جەللاد ناوەندی ستادی خۆی لە پادگانی جەڵدیان دامەزراندوە. ئەو پادگانە دەکەوتە نێوان شارەکانی مهاباد، نەغەدە و پیرانشار. جێگایەکی ستراتیژیک بۆ ڕژیم. لە لایەک وەک پشتی جەبهەی عەمەلیاتەکانی ڕژیم کە بە تەمابو لە ناوچەکانی سەردەشت، بانە، مهاباد و پیرانشار دەستیان پێ بکات. لە لایەکی تریشەوە لە نێوجەرگەی ناوچەی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتبو، کە ئاگری جوڵانەوەی زۆر تێدا بەتین بو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا بەو هەواڵانە ئۆقرەی لێ هەڵگیرابو. بەراستی ئەنجام چ دەبێ؟ هەمو ڕۆژێ مەلا حەسەنی لە پر سیاران دەگرت. ئەویش تابۆی بکرایە وەلامی دڵخۆشکەری بۆ ڕێک دەخست و هەوڵی دەدا دڵی پڕ لە هیوای ئەو لاوە دڵسۆزە، هەروا بە ئومێدەوە ڕابگرێ.

بەهاران کور و کیژی گوندەکانی کوردستان دەچوونە کوێستان بۆ کارگ، ڕێواس، لوشە، غوشە، جاترە، بیزا، مەندێ و گیا بۆنخۆشەکانی دیکە. ئەو چونە کوێستانە خۆشترین سەرگەرمیی لاوەکانی گوندی بو. ڕۆژێک بەیانی زوو کۆمەڵێک کیژ و کوڕی ئاوایی بەردەرکەیان بە هیوا گرت و پێش خۆیان دا بەرەو کوێستانێ. هەمو خۆیان ڕازاندبۆوە. بەتایبەت کیژەکان هەرچی بەر و بەرمور و خشڵ و گۆ بەرۆکی هەیان بو لە خۆیان هاڵاندبو. خرینگ و هوڕی بازنە و پاوانە و خشڵ و گۆ بەرۆکەکان لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی بەهاری دا، دڵی کوڕە لاوەکانیان دا دەخورپاند. دەتگوت کەژاوەی بوکێکی نازدار بەڕێوەیە. بوکی ماڵە دەوڵەمەندان. بوکی ئەوانەی کە نیوەی دارایی خۆیان خەرج دەکەن تا لە نێو خەڵکی دا بە قەولی خۆیان سەربەرز بن. یا ئەوانەی هەتا ملان خۆیان لە قەرزی وەردەدەن، تا لە خەڵکی دیکە بەجێ نەمێنن. دەستەی کوڕان لە پێشەوەو پۆلی کچان بە دوایان دا. لە هەر جێگایەک ڕێگاکە پانتایی تێ دەکەوت، هێندێک کوڕ و کچ لایان دەدا و بە خێرایی بە ئیشارەی چاو و برۆ پەیامەکانی خۆیان دەگۆڕیەوە.

ڕێگای کوێستانێ وەک ماری پێچ خواردو لە دامەنی چیاوە بەرەو لوتکەکان بە پێچ و لوول سەر دەکەوت. لە پێش دا بە نێو باغەکانی پشت ئاوایی دا. بەرەو سەرتر کە دەچوی هێندێک دەشتایی بە قەدپاڵی چیاوە، پاشان لێڕەوار و ئاخرەکەی خیزەڵانی بن لوتکەکان. دوای هەموشیان دووندی شاخی دەهات، کەوەک جحێڵێکی بە فیز قیت و قنج ڕاوەستابو. خۆی بە فەرمانڕەوای هەمو بونەوەرەکانی بەردەمی دەزانی. ئە بونەوەرانەی تا دەیان کیلۆمیتر لە خۆی دوور هەر چاویان لێ بو. حەقیشی بو بە فیز بێ، چونکە تا ئێستاش هێرشی دەیان داگیر کەری دیبو. کەچی ئەو هەر لە جێگای خۆی وەستابو، بە سەر هەمویان دا زاڵ ببو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوەکان دەگەیشتنە هەر یەکێک لەو قۆناغانەی ڕێگا، ماوەیەک دەحەسانەوە. ئەوی بر سی با بەرکوتێکی دەکرد. چینێک هەڵپەڕکێی کوردی دەگیرا. دوایە دیسان بەرەو لوتکەی شاخەکان وەڕێ دەکەوتنەوە. لە دامێنی لوتکەکان لەو جێگایەڕا کە گیاکانی زۆزانێ سەریان لە بن پەڵە بەفرەکان دەرهێنابو، لێک بڵاو دەبون و هەر کەس ئازابێ و زوو بوخچەی خۆی باخنێ، دەستیان دەکرد بە گیاو گوڵ خڕ کردنەوە. ڕێواسەکان زۆرتر بە جێگای ئاستەمەوە دەبون. بە کڵە شاخەکانەوە دەڕوان. لاوەکان مەجبور بون بەسەر کڵە شاخەکان دا سەرکەون و خۆیان بگەیەننە پۆلە ڕێواسەکان. ئەگەر دوو کەس، لە دوو ڕێگای جیاوازەوە بەرەو یەک پۆلە ڕێواس سەردەکەوتن، ئەگەر ئەو دوانە کچ و کوڕێک بانایە، پۆلە ڕێواس کاری خۆی کردبو. دوو نیگای تێک ئاڵقاندبون.

ئەو ڕۆژە هیواو هاوڕێکانی زۆر بە دڵخۆشی ڕۆیشتن. ڕۆژێکی بەهاری یەکجار جوان و ڕازاوە بو. ئا سمان ترو سکەی دە هات. ڕا ست وەک تە بەقی ز یوین دەچوو کە ئاوێکی ڕوونی تێ کرابێ. ڕۆژ بەدەم ئینسانەوە پێدەکەنی. بە چەپکە لەسەر لوتکەی شاخەکانەوە تاڵە تیشکی بە هێزی بەرەو چیاو دۆڵەکان بەڕێ دەکرد. لە دەشتەکان بە شێوەی ستونی لە عەرزی دەچەقین. هەوا هێندە ساف بو تاڵە تیشکەکان دەبینران.

دەستەی لاوان هەر لە باغەکانی پشت ماڵان دەرچون و گەیشتنە سەر دەشتایی یە گەورەکەی بناری چیای، خۆیان بە عەرزی دادا. کچەکان وەخۆ کەوتن و هەرکەس بوخچەی خۆی کردەوە. کەتری و ئیستیکانیان دەرهێنان. کوڕەکان پەلاماری دەوەنانیان دا بۆ چیلکە خڕکرد نەوە. ئاورێکی خۆ شیان کردەوەو کەتریان وەسەر نان. هێلکە کولیو بە ڕیز هاتنە دەرێ و کچەکان دەستیان کرد بە پاک کردنیان. کوڕەکان پەلاماری جۆگە ئاوەکانیان دا بۆ پنگ خڕ کردنەوە. هێندەی بڵێی یەک و دوو پنگێکی زۆر یان هێنا، شتیانەوەو لە سەر لکی بوخچەکانیان دانا. نوردوەنانی گەڵا، گەڵا هاتەدەر . بە ئیشتیا دەستیان کرد بە نان و هێلکە وپنگ خواردن. هەر نانی سپی و تەنک بو هێلکە تێ دەنرا و دەسکەیەک پنگی لە نێو دا لول دەدراو دەخورا. بە لوێچان لەو جۆگە ئاوەی بەبەردەمیان دا ڕادەبرد ئاویان بەسەر دا دەخواردەوە. بەیانی نانت نەخواردبێ، ماوەیەک بە ڕێدا ڕۆیشتبی و لەسەر جۆگە بەفراوێک لە چیاکانی کوردستان، بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژێکی بەهاری، نان و هێلکە و پنگ بخۆی، تەنیا کەسێک لەزەتی ئەو نان خواردنە دەزانێ کە بۆخۆی تاقی کردبێتەوە.
پاش نان خواردن دەستیان کرد بە هەڵپەڕین. بە ڕاکێش، ڕاکێش هیوا شیان بردە نێو گەڕی ڕەشبەڵەک. مامز خێرا دەرفەتی هێناو چوو لە دەستی هیواوە. بەنێو قامکەکانی هیوادا تەزوو یەکی خۆشەویستی هەڵکشا و سەرکەوت. بە نێو خوێنبەرەکا ندا ڕۆیشت و ڕۆیشت، تا لە نێو بیرەوەریەکا ندا جێگای خۆی کردەوە. تۆمار کرا بۆ ئەوەی هەرگیز لە بیر نەچێتەوە.
یەکێک لە کوڕەکان هاواری کرد:
تەماشا کەن، تەماشا ئەو باسکەی ئەوبەری کەن.
هەمو دەستیان بەرداو ڕوویان لە باسکەکە کرد. دەستەیەک مرۆڤی چەکدار بە باسکەکەی دا دەهاتنە خوارێ. دوو، دوو دەڕۆیشتن.
هەر جووتەی بیست میترێک لە گەڵ ئەوی تر نێوانی هەبو. هەموویان جل و بەرگی کۆک و پۆشتەی کوردیان لە بەر دا بو. زوور بەی ڕانک و چۆغە و بەشێکیشی کەواو پانتۆڵ. لاوەکان هەروا تەماشایان دەکردن. یەک جووت، دوو جووت... هەر بژاردیان و دیسان بەدوای دا هات. ژمارەیان زۆر بو. خۆی لە سەد کەسێک دەدا. هیوا لە پێشدا لێی ڕوون بو پێشمەرگەن. بەڵام بەرە بەرە نارەحەت دەبو. چونکە باوەڕی نەدەکرد پێشمەرگەکان هێندە زۆر بن. ئەو هەرگیز دەستەی پێشمەرگەی نەدیبو لە پازدە کەس زیاتر بێ. چەکدارەکان ڕاست ڕوویان لە نێو کۆمەڵی لاوان کرد. لاوەکان گێڕی هەڵپەرکێیان بەرداو بە تر سەوە ڕاوەستان. هەمویان پێیان وابو شتێک دەقەومێ. کەس چاوەڕوانیی خەبەری خۆشی نەدەکرد. چونکە هیچ کامیان باوەڕیان نەدەکرد ژمارەی پێشمەرگەکان هێندە زۆر بێ. بەتایبەتی دوو، دوو کە بە باسکی دا دەهاتنە خوار زۆرتریشیان دیار دەکرد.
هەروا نیزیک دەبونەوە، لاوەکانیش زۆرتر دەترسان. سەرەتای ڕیزی چەک بە شانان گەیشتە بەردەمی لاوەکان. زۆر بە ڕووخۆشیەوە سڵاویان کرد و لە سەر بەردێک لە لای سەرەوە دانیشتن. نێوچاوانیان پاکی و دڵسۆزی پێوە دیار بو. دڵی لاوەکان ئارام بۆوەو فێنکایی پێدا هات. ئەو نێوچاوانە پاک و بێ گەردە، ئەو هەلس وکەوتە ڕێک و پێک و لەسەر خۆیە هەر هی پێشمەرگەیە. بێ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبێ ژمارەیان زۆر زیادی کردوە، بۆیە ئەو هەموە بە سەریەکەوە دەگەڕێن. ئەوە بە مەشکی هەمو لاوەکان دا ڕابرد. ڕیزی کاروان تا دەهات کۆ دەبۆوە. لە دەوروبەری کوڕ و کچەکان بەڕیز سڵاویان دەکرد و دادەنیشتن. دوو نەفەر بۆ هیوا ئاشنا دیار بون. لە دوورەوە خۆمانە بون. زۆرتر لێیان نیزیک بۆوە. ئای کوڕە خۆ حەسەن ئەلیاسە لە گەڵ مامۆستایە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و تەزووی شادی بە تەواوی لەشی دا گەڕا. خەریک بو ئامبازی حەسەنی بێ و باوەشی پێدا بکا. حەسەن بە توڕەییەوە بەسەر دا نەڕاند:

هۆی کوڕە وەرە بزانم.

هیوا زۆری پێ سەیر بو، لە دڵی خۆی دا پێی وابو شۆخی لەگەڵ دەکا. بە نێو ە ڕاکردن خۆی گەیاندێ. حەسەن بە سپاوی:

دەمزانی ذێرا خۆمان پێدا دەدەی و ماچمان دەکەی . ترسام خۆت بۆ ئەو عالەمەی لە گەڵتە ئاشکرا بکەی. برام خۆ هەمویان حیزبی نین. نابێ بزانن ئەتۆ دەمان ناسی و لەگەڵ حیزب کەین و بەینت هەیە.

هیوا لەسەر خۆ:

زۆرت مەمنونم کاک حەسەن. بە ڕاستی لە خۆشیان چ هۆشم لەوەی نەبو. ئەوانە هەموی لاوی دڵسۆزن. بەڵام منداڵ و زمان بە هاوارن و زوو لە قاویان دەدا کە ئەمن ئێوەم ناسیوە.

حەسەن:

جا ئێستا مەجبورم هەر بە توندی لە گەڵت بدوێم. دەنگی بڵیند کرد: کاکە پەشمەرگەکان برسیانە، دەبێ دوو، سێ نەفەرتان بچنە نێو دێی و نان و چامان بۆ بێنن. هەشتا کەس حاڵی بووی.

هیوا:

بەسەر چاو براله، بەسەر چاو جا بۆ وا قەڵسی؟

هەر ئەوەندە لاوەکان گوێیان لە ووشەی پێشمەرگە بو، وێکرا پەلاماریان دان. دەستیان لە نێو دەستی نان و بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردن. پێشمەرگەکان هەمویان گەیشتن. هەرچەند کەسەی لە جێگا یەک دانیشتن. دەستەیەکی پازدەکەسی ڕوویان لە پەنا شاخێک کرد. بیست کەسێک لە پێشمەرگەکانی دیکە بەدەوری ئەوان دا بلاو بونەوە. دوو کەس نیزیکەی پەنجا میترێک سەرکەوتنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرێ و لە سەر بەردێک دانیشتن. یەکێکیان دووربینێکی دەرهێناو دەستی کرد بە تێڕوانین. دوو کەسی تر بە لای چەپ دا ڕۆیشتن. دوو کەس بۆ لای ڕاست و دوو کەس بۆ لای خوارێ. دیارە چوار دەوری ئەو کۆمەڵە پازدە کەسیە کێشکیان دانا. دەبێ ئەوانە بەرپرسەکانی حیزب بن.

هیوا ڕووی کردە کوڕەکان:

براله پێشمەرگەکان برسیانە. داوای نان و چای دەکەن. دەبێ بچین لە ئاوایی بەشی هەشتا کەس نان و چای بێنین، کێ حازرە لە گەلم بێ.

هەمو وێکڕا وەڵامیان دایەوە:

هەمومان حازرین.

هیوا سێ کەسی لە گەڵ خۆی بردن و ڕۆیی. پاش نیزیکەی سەعاتێک بە دوو بار نان و پێخۆرەوە گەڕایەوە.

حەسەن بە پێکەنینەوە:

کاکی برای ئەوە چت کردوە، باری دوو وەڵاغان بە هەزار کەسی ناخورێ.

هیوا:

پێتان دەخورێ. ماشاڵڵا هی واتان تێدایە دەڵێی منارەیە هەڵچوە. بابەشی سەر و بابۆلانیش بمێنێ. خۆ کوفر نابێ یەکی بابۆڵە یەک نان پەنیر لە گەڵ خۆ تان هەڵگرن. خەڵک هەمیشە بەشی دوو حەوتوانی نان هەیە. لە پایزێ ڕا بۆ شەش مانگان زمهەڕی دادەکا. با پێشمەرگەش نانی جەمێکی هەبێ.

حەسەن:

جا بەرخم دەسکەوتی مە لە پێشمەرگایەتیە ئەوەیە، غەمێ لە بون و نەبونێ ناخۆین. ئەو جەمەی زگمان تێر بێ خۆمان پێ شایە. ئێستا دەتهەوێ ئەو خۆشیەشمان لە دەست بچێ؟ بیر لە پاشە ڕۆژێ بکەینەوە؟

لێی نیزیک بۆوەو بە لەسەر خۆیی گوتی:

نان و شتەکەمان تەحویل بدە و بۆخۆ تان وەدوای کارگ و ڕێوا سی خۆ تان بکەون، دەزانم بۆوەی هاتون. بەڵام یەک شتت لە بیر نەچێ، بە مەلا حەسەنی بڵێ دەبێ بێتە جێ هەوارگەی باسکە ڕووتەی. لە وێ کاریان پێیە. تەنیا یەک نەفەری لە گەڵ خۆی بێنێ. ئەگەر بۆ خۆت بێی باشترە. ئەوە مامۆستا فەرمویەتی، حاڵی بوی کاکی خۆم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا:
به چاوان کاکه به چاوان.
حەسەن:
وەلاغ و جەوا ڵەکانیش بەرن. بوذ چە و شتەکانی دیکە هەر ل ێرە دادەن ێین.
ئێواریێ ئەگەر هاتنەوە خواریێ لە گەڵ خۆتان بیان بەنەوە.
هیوا:
بە چاوان
پێشمەرگەکان دەستیان کرد بە چا لێنان. لاوەکان خۆیان کۆ کردەوەو بەرەو کوێستان ملیان پێوەنا. کورەکان چاوێکیان هەر لە پشت خۆیانەوە بو. بەڕاستی شەیدای پێ شمەرگایەتی ب بون. بێ پەردە خۆیان لە لای یەکتر دەدرکا ند و ئارەزووی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە ئەوانیش بتوانن ببنە پێشمەرگە. داخی گرانم حیزب توانای چەکدارکردنی ئەو هەموو لاوانەی نەبو. سێ، چوار کەس لە کوڕەکان خۆیان وەدوا دا. هیوا بەغار خۆی گەیاندنێ:
کاکی خۆم با ئێمە بە ڕێگای خۆمان دا بڕۆین. ئەو پێشمەرگەیە داوای لە من کرد کارمان پێ نەبن و بە جێیان بێڵین.
یەکێک لە کوڕەکان هەڵی دایە:
لێمان گەڕێ مامۆستا. قسەی خۆمان کردوەتە یەک بچین مەسئولەکان ببینین.
دەمانهەوێ ببینە پێشمەرگە.
هیوا:
ببنە پێ شمەرگە؟ کورە جارێ زۆر م نداڵن. بۆ ئەو کارە قورسەی نابن.
پێ شمەرگایەتی زۆر پیرۆزە، بەڵام هەتا بڵ ێی خە تەر و قورسە. تینوایەتی، برسیەتی، شەڕ و خەتەری گیانی لە پێشە.
یەکێک لە کوڕەکان وەدەنگ هات و گوتی:
چ یە مەلا ه یوا، دەڵ ێی دە ساڵان پێ شمەرگە بوی و پەنجا ساڵت عومرە. خۆ ئەتۆش چی وا لە مەی زۆرتر لێ نازانی.
خۆ بەوەی نیە براله، زۆرم باسی پێشمەرگان بیستوە. کەیفی خۆتانە ئەگەر هەر دەچن زوو بن. دەزانم ڕاتان ناگرن و دێنەوە باوەدوا نەکەون. ئەمنیش لە گەڵتان دێم. کوڕەکان بەرەو ئەو جێگایە ڕۆیشتن کە کێشکی لە دەور دانرابو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیانزانی بەر پرسەکان لەوێن. دوو پێشمەرگە چوست و چالاک لە دوورەوە بەرەو پیریان هاتن.
چتان دە وێ برواینە؟
دەمانهەوێ لە گەڵ مەسئولەکان قسە بکەین.
ئاخر لە سەر چی؟
دەمانهەوێ ببینە پێشمەرگە.
جا براکەم پێشمەرگایەتیتان پێ دەکرێ
بۆ چمان لە ئێوە کەمترە؟
کاکی خۆم هەمو شتێکتان لە ئێمە زیاترە، ئەمە چمان هەیە. دەترسم پێتان وابێ لە شاخی مێوژان دەبەشنەوە.
کوڕەکان برێک قەڵس بون. پێشمەریەکی دیکە پاڵێکی بەو پێشمەرگەیەوە ناو گوتی:
ئەحمەد تو سەری خۆت دیسان دەست پێ مەکە. ئەمن نازانم بۆ هێندە موخالیفی هاتنی لاوەکانی. پێشمەرگایەتی مڵکی مە نیە، کەس بێ لێمان داگیر کا. ئەرکی سەرشانی هەرلاوێکی کوردە بێت و ببێتە پێشمەرگە.
ئەحمەد:
عەولا دیسان میرزایەتیم لە سەر مەکە. ئەگەر لە کەمینان دەرنەچون ئەتۆ لە کۆڵیان ناکەی. ئەگەر دایکیان بەدوایاندا هات، خۆت دەشاریەوە. ئەتۆ کارت بوەتە ئەوەی منداڵان وەدوای خۆت دەی و لە تەنگانەش دا بە جێیان بێڵی.
کوڕەکان بە جارێک لە کورە دەرچون.
کاکی پێشمەرگە بۆ پێتوایە ئەمە منداڵین؟ ئەگەر ڕاست دەکەی ئەو تفەنگەی بدە بە یەکێکمان و لە ویزەی ژاندارمانی بەردە. بزانە بەتەنێ چیان بەسەر دێنین.
پێشمەرگەکە قاقایەکی لێدا. لێم عاجز مەبن دەبەرو دەمرم. دەزانم کوڕی کورد هەر لە دوازدە ساڵیەوە هەمو شتێکی لە باران دایە. هەر ویستم برێک سەرو بخەمە سەر. وەرن بە دوام دا، وەرن دەبەر عەمریو مرم. لە دوورەوە بانگی کرد:
ئەو برایانە هاتون ببنە پێشمەرگە کێ قسەیان لەگەڵ دەکا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرایەکی کەڵەگەتی چوارشانە هاتە پێش.بە ڕووخۆشیەوە بانگی کرد:
کێ یە دەیهەوێ ببێتە هاوڵی ورچ و بەراز و کەو و هەڵۆکانی سەر لوتکەی چیاکان. خەو و خواردن لە خۆی حەرام کا و شەق لە ماڵ و سەروەت هەڵدا. خۆی بۆ وە جاغکوێری ئا مادە بکاو ئارەزوی لە باوە شگرتنی بوکی مراد لە قەراغێ دانێ. وەرنە دەورم بزانم، وەرن لاوە دڵسۆزەکان.
لە سەر تا تە بەردێک دانیشت و لاوە کانیش بە دەوریەوە ڕاوە ستان. لە پێش هەمو شتێک دا بە خێر بێن. سپاسی هەستی بەتین و دڵسۆزیتان دەکەین. ئێوە هیوای دوارۆژی گەلەکەمانن. گومان لەوە دا نییە کە نابێ بێڵن چەکی دەستی ئێمەی بە ساڵدا چو بکەوێتە سەر عەرزی. ئێوەن کە دەبێ چەرخی جولانەوە لە گەڕان دا ڕابگرن. بەڵام چەند پرسیارێکیشم هە یە، نابێ دڵی لاوانەتان گەرد بگرێ.
چاکتان بیر لێ کردوەتەوە؟ دەزانن پێشمەرگایەتی چ گیر و گرفتێکی هەیە؟ دەزانن زەحمەتە و چەندی لێبوردویی دەوێ؟
هەمو وێکڕا، بەڵێ دەزانین.
کەوابو حازرن هەمو ئەو خەتەر و نارەحەتیانە تەحەممول بکەن؟
بەڵێ.
برالە پاش هەموی ئەوانەش موشکیلێکی دیکەمان هەیە. بۆخۆتان دەزانن ئێمە هێشتا دەستمان بە شۆڕشی چەکدارانە نەکردوە. چەک هەڵگرتنمان بەسەر دا بڕاوە.
چ پشتیوان و یاریدەدەرمان نین. چەک و چۆڵی خۆمان دەبێ بە دەستی خۆمان پەیدا کەین. ئەگەر ئێوەش ببنە پێشمەرگە ، حاڵی حازر چەکمان نیە بتان دەینێ. دەبێ ماوەیەکی زۆر هەروا بەبێ چەک لە گەڵمان کەون و کارتان ئەوە بێ لە گوندەکان را نان و خۆراکی بێنن. هەتا چەکمان دەست دەکەوێ. زۆربەی پێشمەرگەکان هەروایان دەست پە کردوە. هەرکەس پێی خۆشە ئاوا دەست پێ بکا، دەتوانێ هەر ئێستا بمێنێتەوە. هەرکەسیش ئەوەی پێخۆش نیە دەتوانین ناوی بنوسین و ناوی نەهێنی بۆ دانێین. هەرکاتێک چەکمان دەست کەوت ئاگاداری بکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێک لە کوڕەکان بەو شەرتە قورسانەش هەر مایەوە. ئەوانی دیکە ناوی نەهێنیان وەر گرت و لە گەڵ هیوا بەرەو کوێستانچیەکان وەڕێ کەوتنەوە. دەستەی کوێستانچیان بە قەدپاڵەکان دا سەردەکەوتن. لە زۆر شیو و دۆڵی قوڵدا پەڵەبەفری گەورە مابون. لە خوارەوەیان کانیاوێک لە بەفراوی سارد وەک تەرزەی دەهاتە دەر. بە دەوری خۆی دا بڵاو دەبۆوەو پەڵە مێرگێکی سەوز و جوانی درو ست دە کرد. کوڕە کان و کچەکان بە نارە نار وە سەر دەکەوتن بەرەو لوتکەی زۆزانێ. لە نێو ڕێگایەدا زۆر جار خۆ دەدزرایەوەو نیگا دەگۆڕدرانەوە، یا قەراری ژوانێ دادەنرا. کیژەکان زۆرتر بە بالۆرە نیازی دڵی خۆ یان ڕادەگەیاند. کوڕەکانیش بە ئاهەنگی کوردی ڕەسەن، بە گۆرانیە فۆلکلۆریەکان ڕاز و نیازی خۆ یان دەدا بە شەپۆلەکانی هەوا. تا بە گوێی دڵدارەکەیان ڕابگەیەنێ. سەرانسەری دامێنی لوتکەکان پڕ ببو لە ئاوازی دڵداران و بوژاوەکانی بەهاری جوانی کوردستان.

هیوا و یێرای لاوەکانی دیکە بەرەو زۆزانێ سەردەکەوت. بەڵام دڵی هەر لە دواوە بەجێ مابو. ئارەزوی ئەوە بو ئێستا لە گەڵ پێشمەرگەکان بوایە و چەکی شەڕەفی لە شانی کردبایە. زۆر جار ئەو مەسەلەی لە گەڵ هاوڕێیانی باس کرد بو. هەمیشە وەڵامی نای وەردەگرتەوە. بۆیە ئەمجارەش هیچ ڕووی نەهات باسی بکا. چونکە ئێستا ئەو ئەندامی حیزب بو،ڕێگای تایبەتی خۆی هەبو تا ببێتە پێشمەرگە. دەبو تەشکیلات ڕێگای پێ بدا و بە قازانی بزانێ کە لەو سەنگەرەدا خەبات بکا. بە کورتی بۆ ئەندامی دیزب بونە پێشمەرگە کەمێک گرانتر بو. مەگەر بۆ دوژمن ئاشکرا بونایە. دیارە ئەو کاتە بێ سێ و دوو لێکردن، دەیانتوانی ڕەگەڵ پێشمەرگەکان کەون. هیوا لە دڵی خۆی دا بڕیاری دا ئەمجارەیان بە لێبڕاوی لە گەڵیان باس بکاو بچێتە نێو پێشمەرگەکان. بەو بیرانەوە بە لاپاڵێک دا بەرەو کوێستان سەردەکەوت. هیچ هۆشی لە دەور و بەری خۆی نەمابو. جارو بار پەلە تیرویەکی دەشکاندەوەو لە زاری دەنا و دەیجو. تیرو تاڵییەکی زۆر توندی هەیە. هەرکە تاڵیی بەزاری دەگەیی، بە توندی تفی دەکردەوە. چەند جار بە توندی تفی هەڵدەداو تەنانەت دەورو بەری ئاگادار دەبون و پێدەکەنین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو ڕێگا هەورازو بە پێچ و لولە دا زووربەی لاوەکان توانیبویان خۆ یان بگەیەننە گراویلەکەی خۆ یان و نیگا یەک بگۆڕ نەوە، دوو قسان پێکەوە بکەن یا قەراری ژوانێک دانێن. تەنیا هیوا لە بیری خەبات دا نوقم ببو. هیچ ئا گای لە دەور وبەری نەمابو، تەنانەت نەی دەزانی لە کوێ یە و بۆ کوێ دەچێ. مامز لەولاوە ئارامی لێ هەلگیرابو. زۆر جار خۆی لە کیژەکانی هاوڵی وەپاش دابو، نیزیک دڵدارەکەی ببۆە. نیزیک بونەوەو تەنانەت لە هێندێک جێگای تەنگەبەر دا خۆ لێخشاندن، چارە ساز نەبو. هیوا هێندە چو بو دەفکرەوە، هیچ ئا گای لێ نەبو. مامزیش بە نا هومێدی ملی بەردا یەوەو ڕێگای کوێستانی گر تە بەر. هەتا گەیشتنە جێگای ڕێواسان هیچ کامیان سەریان هەڵنەبڕیەوە.

ڕیزی کوێستانچیان گەیشتنە بن لوتکە بەرزەکان. دنیا لێرە تەواو مانا یەکی تری هەبو. هەوای ساف و بێگەرد، تێکەڵ بە شنەبایەکی کەمێک سارد، لەشی ئینسانی ڕێک دەگوشی. ئینسان بۆخۆی هەستی بەوە دەکرد کە گورج و گۆڵتر دەبێ. ئەو شنە بای کوێستانە دەتگوت پێچ گشتکەرەوە یە. هەروابزانە ئینسانەکان دەزگا یەکن و پێ چەکانیان شل بوە تەوەو ئێستا شنەبای کوێستان تو ندیان دەکاتەوە. پیاو گوێی لە چرپەی بادانی پێچەکانی خۆی دەبو. ئینسان کەیفی ساز دەبو. لاوەکان یەکپارچە دەبونە ووزە و توانا.

هیوا هەستی بە سووکبون دەکرد. لاقەکانی زوو تر هەڵدەهاتنەوە. دەستەکانی هەر لە خۆڕا دەجولان. دڵی فێنک دەبۆوەو ژیانی لە کن بە قەدرتر دەبو. لە پڕ تەزوو یەکی فێنک بە هەمو گیانی دا ڕابرد. وەک لە خەو هەستابێ تەکانێکی خوارد. دڵی ڕووناکی ئەوینی تێگەڕاو بیری مامز بە مێشکی دا ڕابرد. ئێستا زانی لە کوێ یە ، بۆچی هاتوە و چی لە دڵی دایە.

وەک شتێکی لێ وون بوبێ، بە ئا شکرا بە دوای مامز دا دە گەڕا. شانی لە لاوەکان دەسو و خۆی لادەدا. لە نکاو وەک بە سەر گەنجینە یەک دا کەوتبێ، هەڵوێستەیەکی کرد. مامزی دی کە لە بن بەردێک بە تاقی تەنیا هەڵترو شکابو، هەردووک دەستی وە بەر چەنا گەی دا بون. لە دەر یای خەیاڵان دا مە لەی دەکرد. تاو ێک بە سەر یەوە ڕاوەستا. ئەو هەروا بە قووڵی چو بو دە دنیای خۆیەوە. دنیایەکی ئارام و بێ ڕ یا. دنیا یەکی تەواو ئازاد. هەرچی بە دڵی بینیا دەم دابێ کەس نیە پێشی پێ بگرێ. دنیایەکی بێ زوڵم و زۆر. دوور لە زوڵمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژاندارم، زۆریی ئاغا، نەریتی کۆمەڵایەتی دەست و پێ گر، ژن بە ژنە، لە سەر بێشکە بە شودان و کچ فرۆشتن. دنیایەک کە ئینسان بە کەیفی خۆی دەیتوانی هاوسەری خۆی تێدا هەڵبژێرێ. مامز ئێستا لە دنیایەکی ئەوتۆ دا دەژیا. دەگەڕا وبە گوێرەی قانونەکانی سروشت بۆ جوتی خۆی دەڕوانی. بە ئازادی تەواوی لاوە کانی جنسی مو خالیفی خۆی تاوتوێ دە کرد. هەموو لاوە کانی دن یای دەوروبەری خۆی . دڵی بەسەر هەموان دا بە فرکە تێپەڕ دە بو. لە مە تەرێزی سەنگەری دڵدار یەوە دەی روا نی. لە سەر هیچ یان هەڵوێ ستەی نەدەکرد و سێرەی نەدەگرت. کەی وەختێک لە سنوری هیوا نیز یک دەبۆوە، ڕکێفی دڵی هەڵدەگیرا، جڵەوی لە دەستی خۆی دەردەچو و بە ئازادی لە هەوادا چەرخی دەدان، هەروابزا نە بار گەی موگناتیسی مەنف یە و بەرەو بار گەی مو سبەت دەکشێ، خێرادەکێشرا. لە بیر و مێشکی خۆی دا نارەحەت بو. بەتایبەت کە هیوا لەو دەرفە تە زێڕ ینە کەڵک وەر ناگرێ و خەریکە ئەو هە لە دسوتێنێ. ئەوە نی شانەی دووری ئەوە. د یارە د ڵی و نیگا کانی پێ کەوە شەڕیانە. بێ شک ئەو پەیاما نەی بە تی شکی نیگا کانی دا بەڕێی دە کردن پەیامی د ڵی نەبون. ڕەنگە ئەویش لەو کەسانە بێ کە دڵی لە بەرامبەر نەفسی دا بێ دە سەڵات بێ. وەک بیهەوێ شەڕ لە گەڵ بیرو ڕای خۆی بکا، تەکانێکی داو ڕاپەڕی.

ه یوا هەر بە سەر سەریەوە بو. مامز هە ستایە سە ر پێ و چاوی لە ه یوا هەڵنەگرت. پێی وا بو چاوی ڕێشکە و پێشکە دە کەن. بە پشتی دە ستی چاوی گوشین. نا، دیسان هەر هیوا بو لەوێ ڕاوەستابو. ڕەنگێکی هێناو برد، چاوە کانی نەرم بون و خوناوێکیان تێ چزا. خوناوێک کە زۆرتر خو ماری دە کردن. مژۆڵی تیژ تر دە کردو بە تەواوی دەیکرد نە تیر ێک. تیرێکی کاریگەر کە نێوەڕا ستی جەرگی ئەویندارانی دەسمی.

زۆر بە زەحمەت، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە زمانی گەرا:

ماندو نەبی مامز خانم.

دە ستێکی بە لای دەمیەوە نا. دە مو چاوی سوور هەڵگەڕان و لێواری کو نە لوتانی برێک لەرزین. بە دەنگێکی کچانەی زۆر دڵگیرەوە گوتی:

سەلامەت بی، بۆ خۆت ماندو نەبی.

هیوا:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێم وابو گەڕاویەوە نێو دێی، لە هیچ جێگایەک سۆراغت نەبو. یا خۆت لە فەقیر و هەژاران شاردبۆوە.
مامز گۆشەیەکی چاوی هەڵدەبڕێ. تیری خۆی داوێ، تیر لە سەر دڵی هیوا دەچەقێنێ و رای دەتلەکێنێ. وەک شتێکی لە گەروی گیرابێ بە زەحمەت تفێک قوت دەدا. بەوەش دەست هەڵناگرێ. وەک جوانوە ماینێکی سەرکێش خۆی بادەدا. کە فەلان لێک دەسوێ و پەنا دەباتە بەر ڕووکراوەیی هەرزەکارانە. وەردە جەرخێ و بە زەنگو لەی پێ کەنین جەرگی هیوا ڕادەتلەکێنێ. وەک کەوەکانی کوێستان قاسپەیەکی لێ دێ:
جا بەتۆ چی؟ دیاربم یا دیار نەبم. ئەتۆ جارێ خەریکی کەشف و کەرامەتانی. سەرت هەر لە بەر خۆیە و دێت لێ نەبێ دەڵێی بەتەمای دێی شێخەمینی بێژوێ بگریەوە.
هیوا وە دڵە کوتە کەوتوە. ئەوە یەکەمجارە بە قسە مامز دەدوێنێ. قسەکانیان هەروا لە دەوروبەری گلەیی دان. چەندین جار بڕیاری دابو هەروەخت مامزی بە تەنێ بۆ هەڵکەوێ راستەوخۆ بوخچەی ئەوینی بۆ بکاتەوەو سێویک لەو باغە ڕازاوە یە بچنێ. کەچی ئێستا هە لەو هەڵکەوتوە، سینی ڕازاوە بە ئەنواعی خۆراکەوە لە بەردەمی برسی دانراوە. کەچی برسی دەڵێی مەعدەی گیراوە، دەستی بۆ درێژ ناکا.
قەدیمی گوتویانە(عاشق کە توشی مەعشوقی خۆی دەبێ بەتەواوی مەست دەبێ. ئیشتیای دەگیرێ. مێشکی ڕادەوەستێ. بڕیارەکانی پێشوی لە بیر نامێنێ و تەنیا چاوەکانی کاردەکەن. چاوی لە دڵدارەکەیەوە دەبڕێ و هەرچی ئارەزووی هەیە بە جاوانی دا وەدی دێنێ).
بەکارهێنانی چاو زۆر تر کاری پیاوە. ژن بە حوکمی ئەوەی چەکی بە دەستەوەیە، ئەو چونکە ئاڵقەی زنجیرەی بەیەکەوە بەستنی ژیانی ئەمڕۆ بە سپەینێ وەیە،زۆرتر ئامڕاز بەکار دێنێ. بەناز و عیشوە، بە تاران و تۆران، بە تانە و توانج، بە خۆبادان و هەڵسوڕان و تەنانەت بە بالۆرە و ڕەنگ گۆڕانیش پەیامی خۆی دەگەیەنێ و ویستی دڵی دەردەبڕێ.
هیوا تین دەداتە خۆی، ووره بەرخۆی دەنێ و هەنگاوێک نیزیک دەبێتەوە. مامز تریقەیەکی کچانە دەکا، شانێک بادەدا و بە دەنگێکی ناسک دەڵێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی ڕۆ، لێم نیزیک بیەوە دەقیژێنم.
مەعنای وایە لە چی ڕاوەستاوی ، ئەگەر زیبکت هەیە فەرمو، چت لە دڵ دایە دەری برە. ئەوە زمانی کچانە. هەڵوێستی کچان لەو کاتانەدا بەرەو ئاوەژوویە. قەدیمیەکان ئەوەیان پەرە پێداوە بۆ هەمو ژیانی جنسی ژن. قسەکانیان بە پێچەوانەوە هەڵسەنگاندون و پەندێکیان لێ ساز کردوە(پرسی پێ بکە و بە قسەی مەکە). هیوا لەمبارەیەوە بێ تاقیکردنەوە بو، بەڵام نێو دڵی مامزی چاک دەخوێندەوە. دەی زانی ئەو هەڵوێستانەی زیاتر لە خۆشیانە. لە تریقەکانی ڕا دەی خوێندەوە. بۆیە چی دی خۆی بۆ ڕانەگیراو ئامبازی بو. باوەشی پێ دا کرد و بە نێو شەپۆلی بسکان دا دەمی گەیاندە کوڵمەکانی. هەتا هێزی تێدا بو پێیدا نوسا و تێر و پڕ ماچی کرد. مامز بە پێچەوانەی هەڕەشەکانیەوە، هیچ نەی قیژاند.
بە ناز و عیشوەوە شانێکی بادا و لە جێگای خۆی دانیشت. هیوا وەک نۆبەرەی میوە یەکی زۆر بەتام تاقی بکاتەوە. بە تا مەزرۆیی یەوە دە ستی گ یڕان. قامکەکانی بەسەر خەرمانی سینگ و بەرۆکان دا دەگەڕان. هەناسەی بەرە بەرە تو ندتر دە بو. مامز سەر و چاوی داگیر سان. تەبێکی سوکی گرت و لێوی لەرزین. پاشان ئەو ڕەنگەی گۆڕی و چاوی خومار بون. مژۆڵی بەرەو نشێوی لار بونەوە و زاری وەک خونچەی تازە پوشکوتو بە حاڵ کرایەوە. لەشی بەرەو ئارامی دەڕۆیی. ماوەیەک هەردوکیان بەبێ دەنگی ، تەنانەت بۆ دنیای زاهیر بەبێ هۆشی یەکتریان لە باوەش گرت.
مامز لە نکاو ڕاپەڕی. وەک کەروێشکی تیژڕەو تەکانێکی داو هیوای بە قەراغێک داخست و ڕاست بۆوە. ئەوەش سرو شتی تەواوی کیژەکانی کوردستان بو، هێزێکی مەعنەوی بەسەر سەریانەوە بو، قەت ڕێگای پێ نەدەدان بەرەو لوتکەی هیوا سەرکەون و کار لە کار بترازێنن. سرو شت و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو هێزەی پێ بەخشیون.
ئەیەڕۆ، ئابڕوم دەچێ. لاچۆ دوور کەوە لێرە. ئەوانی دی بم بینن، ئابڕوی بە هەزار ساڵم دەچێ.
هیوا بڕیاری داوە سفرەی دڵی بۆ ڕاخا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ئابڕوت دەچێ، خۆشت ناوێم. ئەمن شێتی تۆم مامز. خۆشم دەوێی، باکیشم لە کەس نییە.
با، بەڵام ئاخر ئەمن...فرمێسک لە چاوەکانی دا قەتیس مان. وەک دەنکە شەونم بەسەر مژۆڵەکانیەوە راوەستان. هێندێکیان سەریان کێشا وخۆیان باز دا. لەسەر گۆی مەمکەکانی، کە بەرۆکی کراسیان ڤیت کرد بۆوە، نیشتنەوە. هەروەک بولبولێکی سەرمەست کەبەسەر لکی گوڵەباغێکەوە، بنیشێتەوە. فرمێسکەکانی لەبەر چاوی هیوا زۆر گەورەتر لە خۆیان دیاریان دەکرد. وەک فرمێسک نەدەچون، زۆر تر دێ مەنی یاقوتێکی ڕەنگاو ڕەنگ یان هەبو، لە سەر گۆی هەنگوستیەلەیەک، کە خۆی لە قامکێکی سپی وەک مەڕمەڕی هالاندبێ. هێندە تیشکیان دەدایەوە، تەنانەت هیوا وێنەی خۆی تێدا دەدیتن.
ئاخر ئەتۆ چی...مامز گیان لە مێژە دەمهەوێ پێت بڵێم خۆشم دەوێی پڕ بە دڵ.
ئاخر ئەمن بە شو دراوم. گەورە بەچوکەم پێ کراوە، بەستراومەوە. بابم و براکەم بزانن لەگەڵ تۆ نێوانم هەیە، دەمکوژن. تینیان هێناوە، دەبێ ئەمساڵ بڕۆمە ماڵی کابرای. ئەمنیش گوتومە خۆم دەکوژم. ئەمنیش عاشقی تۆم. نەک هەر ئێستا، لەوەتی دیومی. بەڵان عیلاجم نیە. بۆیە لێت دەپاڕێمەوە با هەروەک جاران، جار و بار لە دوورەوە یەکدی ببینین. هەر لە دوورەوە. ئەمن بەرێی خۆم داو ئەتووش بە ڕێی خۆت دا.
تەسلیمی ئەو خوو ڕەوشتە کۆن و پیسانە نابم، ئەتۆ هی منی هیچ کەس ناتوانێ لێکمان بکا. هەرکەس بێتە پێشمان وورد و خاشی دەکەم. ئەوە زوڵمە لە تۆ دە کرێ. زو لم لە خۆشەوێ ستترین کە سم دە کرێ. قەبوڵی نا کەم، دەبمە پێشمەرگە.
مامز تریقەیەکی کرد:
دەبیە پێشمەرگە، ئەمنیش لەگەڵت دێم. هەڵمگرەوبڕۆ بۆ نێو پێشمەرگان، زۆرم پێ خۆشە. بڕۆ جێگایەکی کە بابم و براکانم دەستیان پێ ڕانەگەین. دەستیان بمان گاتێ ئەمنیش و ئەتۆش دەکوژن.
وەک لە خەوێکی قورس ڕاپەڕێ:


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی ڕۆ با بانم خەرابو، ڕۆژ لە نێوەڕاستی عاسمانێ یە. لە نیوەڕۆ یەی لاداوە. هێشتا کونێ چڵە ڕێوا سێکم نەکردوە. ڕفیقەکانمان ئێستا بوخچەیان ئاخنیوە. بەبەتاڵی بچمەوە بابم سەرم دەتاشێ. دەڵێ داخوا خەریکی چ بوم.
مەترسە ئێستا ذێرا وەخۆ دەکەوین، بەشی تۆش پەیدا دەکەم. بوخچەکەم بدەیە.
ئەیەڕۆ، نا، لە گەڵ تۆ نا، بمان بینن باسی سەرە.
بوخچەکەم بدەیە، ئەتۆ بە لاپاڵێکی دا و ئەمنیش بە لاپاڵێکی دا. لە دیرت نەچێ، دەبێ نەچیە ئەودیوی، چاوێکم هەر لێت بێ.
چاوێکی لە مامز بو، یەکی لە شاخی. وەک بەبری وا بو بۆ گیا و گۆڵ خڕ کرد نەوەی. هێندەی بڵێی یەک و دوو، بوذچەی هەردوکیانی پڕ کرد لە ڕێواس، لوشە و غوشە و دەسکەیەکی گەورەشی گوڵە خاشخاش بەستن و بۆی لە نێو بوغچەکەی نان. لە پەنا بەردێک ڕا بوخچەکەی دایەوە. ئێوارێ کۆڵی وان لە هەموان قورستر بو. بە خۆشی و شادی گەڕانەوە ئاوایی.
ڕۆژی دوایی لەگەڵ مەلا حەسەنی بەرەو باسکە ڕووتەی وەڕێ کەوتن. باسکە ڕووتە جێگایەکی زۆر گونجاو نەبو، لە نێوان دوو پاسگایان دا هەڵکەوتبو. جگە لەوە هێندە چیایەکی حاستەم و کۆک و پۆشتە نەبو. ناوی خۆی بە خۆیەوە بو.گردێکی ڕووت و قووت. بۆ لەوێ قەراریان داناوە؟ هیچ بۆیان نەدەچۆوە سەریەک. تازە ئەمری دیزبیش بو ، سەرپێچی لێ نەدەکرا و ڕەذنەش هەتا کۆبونەوە ئیمکانی نەبو. ئەگەر ڕەذنەت لە دەستورێکی دیزب هەبایە ، دەبو دەستورەکە بەڕێوە بەری دوایە ڕەخنەکەت بگری. ئەوە زۆر سەیری دەنواند. بەڵام لە هەل و مەرجی جولانەوەی چەکدارانە و خەباتی نەهێنی دا ، ئیمکانی ئەوە نەبو لەسەر هەمو شتێک لە پێش دا قسە بکرێ. بە هەر حاڵ ملی ڕێیەیان گرت. بە نێو دۆڵێکی ئاوەدان دا ڕۆیشتن. بۆن و بەرامەی بەهاری ئینسانی سەرمەست دەکرد. بۆنی گوڵان و گڵی زیندوو بوەوە دۆڵەکەی داگیرکردبو. دارو دەوەن ژیانیان تێگەڕابۆوەو گەڵا ووردە تازەکانیان باوەشێنی دڵی خۆیان دەکرد. باوەشێنی دڵێک کە لە دۆزەخی زستان ڕزگاری بوەو بەسەر زووقم و سەهۆڵ دا سەرکەوتوە. لەخی دارەکان بە شنەبای بەهاری دەجولان. لێک دەخشان و سرتەیەکیان دەکرد. زۆر جار ئینسان پێی وابو لە سەرسەرت دوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئا شقه و با شقه پێکەوه ڕاز و نیاز ده کەن. ئەوا نه گەڵای داره کان بون که مزگێنی بەهارێکی تازه و نوێیان ڕاده‌گەیاند. چرۆی تازه پشکوتو بون که یەکتریان له رازی دارستان ئاگادار ده کرد. ئاخر پێویست بو زمانه و زمان چیرۆکی دارستان بۆ نەوه‌کانی داهاتو بگوێزرێنەوه. دارستانەکانی کوردستان به درێژایی مێژوو ڕازداری شۆڕەسوارەکانی خەباتگێڕ بون. ئەوان سەرگوزەشتەی دەیان جۆر تێکۆشەریان له لا بو. تێکۆشەرێک که له دژی زوڵم و زۆری ئاغا وه شاخی کەوتبو. یا تێکۆشەرێک که بۆ تۆڵه کردنەوه له ژاندارمی دەست درێژکەر پەنای بۆ جەنگەڵ هێنابو، یا خەباتگێڕێک که بۆ ڕیشه کێش کردنی هەمو ڕەگەکانی زوڵم و چەوسانەوه ببو به هەواڵی دارستان. جگه لەوه هێرشی جۆره ها دەست درێژکەر له بیرەوەریەکانی دارستان دا مابو. قەبرستانەکان نیشانەی گۆڕکرانی دەیان جۆر هێرشکەر بون. له نێو لێڕەوارو دارستانەکان دا، به باسکەکانەوه و به بناری چیاکان دا که دەڕۆیشتی هەر پڕ له قەبری جۆراوجۆر بو. درێژو باریک، پان و کورت و مام ناوەندی، له هەمو جۆره قەبرێک. قەبرەکانت دا باوه هەیکەلی زۆر بەی وەڵاتانت لێ دەدی. عەڕەب، تورک، مەغۆل، فارس، ئەرمەنی، ڕوس، ئینگلیزی و تەنانەت ئەمریکایی تازه له دایکبوش، جێ قەبرێکیان له سەر ئەو بەندەنه، به دیمەنه باسەفایانه بۆ خۆیان گرتبۆوه. هەموو هێرشکەران له نێوقۆپی و چاڵی جەنگەڵ دا گۆڕ کرابون. تەنیا خاوەنی ئەسڵی ، خەباتگێڕانی کورد هێشتا هەر پاسەوانیان له دونده پیرۆزەکانی خۆیان دەکرد.

هیچ شتێک به ڕاددەی سروشت شوێن لەسەر ئینسان دانانێ. بیرەوەریەک که سروشت دەی گێڕێتەوه، ئەوەی به چاو له سروشت وەردەگیرێ، له مێشک دا وێنەی دەکێشرێ. هیوا له نێو ئەو بیرەوەریانه دا غەرق ببو. تەنانەت ئاگای له هاوڕێکەشی نەمابو. هەردووکیان بێ دەنگ و بێ پشودان به ڕێگا دا دەڕۆیشتن. تا له نکاو کەسێک دەنگی دان:

کێی کوڕه؟

خۆمانین تۆ کێی؟

نەبەز...خێرا ناوی خۆت بڵێ.

کوردەم...کورده.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاوەستە بزانم، بزانم..ئا..بەڵێ کوردە.
فەرمو دەی وەرنە پێشەوە.
بچینە کوێ
فەرمون لەلای ئەو برایانە دانیشن. لەو بن دارەی. دوایە پێتان دەڵێین بچنە کوێ.
دوو، سێ نەفەری دیکەش لە بن دارەکەی دانیشتبون. هەناسەبایەکی فێنکی دەهات. بۆنی گوڵ و گیاکێویەکانی لە گەڵ خۆی دەهێنا و جۆرە دڵخۆشیەکی دادا بە مرۆڤ. دڵی فراوان دەبۆوە، باوەڕی بە هێز دەبو و هیوای بەدواڕۆژ زۆرتر و پتەوتر دەبو. چیاو دەرو دەشتەکان یارمەتیەکی زۆریان دەکرد لە باری ڕوحیەوە. خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی وورەیان لێ وەردەگرتن. پیاو لە نێو شارەکان و گوندەکان دا دڵی تەنگ و چکۆڵە دەبۆوە. لە هەمو جێگا یەک سێبەری دوژمنت بەسەر سەرتەوە هەست پێ دەکرد، بەڵام لە چیا وا نەبو. وەک لە قەفەز ئازاد بوبی ترس چیە لە جەستەت دا نەدەما. بەخۆڕایی نەبو پێشمەرگەکان بە هێزێکی کەمەوە، لە خۆیان ڕادەدی بە گژ ئەو هەمو چەک و چۆڵ و تکنیکی نیزامیەدا بچنەوە.
بۆیە لەبەرامبەر گەورەترین هێزی ڕۆژهەڵاتی نەوەڕاست دا ، کە دەیهەوێ بە ووتەی خۆی لاسایی ژاپۆن بکاتەوەو بەرەو دەروازەکانی تەمەددونی گەورە دەڕوا ڕاوەستاون. ئەوانەی لە شارەکان دا خەریکی تیۆری تاشینن، ناوێرن لە کەوڵی خۆیان ببزونەوە. سەرانسەری ئەو ئێرانە پان و بەرینە تاقە پرِیشکێکی ڕووناک و تاقە بڵێسەیەکی ئاشکرای تری تێدا نیە. هەرکوردستانە دەبێ نەخشی مۆتۆڕ ببینێ و ببێتە سەرچاوەی بەڕقی وڵات. بە داخەوە مۆتۆڕەکەی لاوازە وناتوانێ بەرقی ئەو وڵاتە پان وبەرینە بدا. دیارە ئاوی زۆرە و تاقگەی لە راددە بەدەرن. بەڵام داگیرکەران هێندەیان فشار بۆ هێناوە، هێندەیان خوێن لێ مشتوە، تاقگەکانیش بێ هێزن. لەکوردستانیش هێشتا جوڵانەوە گشتی نەبوە. ویستی ئازادیخوازی گشتی یە. بەڵام ویستی تێکۆشان و ئەرک وەئەستۆ گرتن تازە ووردە ووردە لە هێندێک ناوچەدا خەریکە دەبوژێتەوە. ئەو چەند کادر و پەشمەرگەیەی لە هەل و مەرجێکی ئاوا دا وەشاخی کەوتون، بەڕاستی بە وورەن. ڕێکخراوەی سیاسی تر لە ئێران دا یا زۆر بچوک و نەهێنین، یا سەریان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له قاوغی خۆیان ناوەتەوە. یا لە هەندەران لە هەزاران کیلۆمیتری ئێرانیشەوە ناوێرن جوڵا نەوە پە سند بـ کەن. حیز بی تودە بە ه یوای ئەوەی (حەمەڕەزاشا)ڕۆژێک بۆ گەیشتن بە دەروازە کانی تە مەددونی گەورە!! عا بای دێموکڕا سی بە سەر دادا ئەوان ڕێگای تێکۆ شانی ئازاد یان هەبێ، جوڵا نەوەی کوردستان بە هەڵسوڕانی هێندێک ناپوختەی سیاسی دادەنێ.

دێ سان لە لوتکەی خۆ بەزل زاذ یەوە، هەڵوێ ستی حیز بی دا یک دە گرێ و ئامۆژگاری دەکا تا شۆڕشگێڕان پەیوە ندی پێوە بگرن و داوای هاو کاری فکری لێ بکەن. تا ئەوانیش ڕێ و شوێنی خۆ دزینەوە لە ڕێگای دژواری خەباتیان نیشان بدەن. ئاخر تەنیا ڕێگای ئەوەی کە ئینسان بتوانێ زۆر تر بژی و زا یاتر داوای شۆڕشگێڕبون بکا، ڕێگای ئەوانە.

ڕێ گای شۆڕ شگێڕانی را ستە قیـ نە، لەو سەردەمی دا، ڕێگا یەکی کورت بو. شۆڕشگێڕ یا زوو سەردەکەوت، یا زوو لە پێناوی ئامانجە پیرۆزە کانی دا گیانی زاهـیری خۆی فـیدای قازانجی گەلە کەی دە کرد و تەنیا لە بیرەوەر یەکانی گەلەکەی دا زیندو دەمایەوە.

هـ یواو مەلاحە سەن لەوانی تر نیز یک بو نەوە. یەکتریان نەدەنا سی، بەڵام هەستێکی دۆ ستانەی ئەوە ندە بە هێز یان بۆ یەکتر هەبو، کەتەنا نەت لە گەڵ هە ستی برا یەتیش بەراورد نەدەکرا. ئەوا نەی لە سەردەمی خە فەقان دا ، بەهۆی بیر و باوەڕەوە لێک نیزیک دەبونەوە ، یەکتریان زۆر خۆش دەویست.

لەو سەر و بە ندەدا زۆر کەم بون ئەوا نەی دە یانتوانی لە بوارە حا ستەمەی بدەن، بواری چۆمێکی گەورەی بە تەوژم لە سەردەمی شێتی دا. لە سەردەمی بەهارێکی تو فانی دا. پێ شمەرگە و کادرە کانی د یزب خۆ یان لە بوارێکی لەو چەشنە دابو. هیواو مەلا حەسەن ، کاک عە بدوڵڵا و کاک بایز و ئەوانی تریش کە لەو بن دارە دانیشتبون، لەسەر بوار ڕاوەستابون. ئەگەر یەکێک لە و ڕۆڵە لە خۆبوردوا نە بە تەوژمی ئاو لە خە تەر بکەوتا یە، دە بو ئەوانیش فر یا کەون. خەتەر بۆ ئەوانیش زۆر بو. بۆیە هە مو خۆیان بە ئەندامی یەک لەش دەزانی.

کاک عەبدوڵڵا پیاوێکی وەنێوکەوتوی چوار شانە بو. ڕیشی ماش و برینجی ببو. هێندە تێگەیشتو بو، کاتێک قسەی دەکرد ئینسان پێی وابو خوێندەوارێکی با شە. کەچی لە ڕاستی دا نەخوێندەوار بو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەلا حەسەن رووی تێ کرد:
هاوڕێ چۆنی، پێموایە زۆر بەکەیفی.
کاک عەبدوڵڵا بە نەرمی پێکەنی، پاشان گوتی:
کاکە پیاو لە هەوای ساف و لە نێو جەمعی دۆستان دا کەیفی هەر ساز دەبێ. بڕوا بفەرمو هەروەخت لە نێو ژیانی ئاسایی دێمە دەر ، گوێم لە فرِ و فیشاڵی ئاغاو گرِ و گێچەڵی ژاندارمان نابێ، دەڵێی تازە لە دایک بومەوە. هەر وا بزانە ژیانی تازەم دەست پێ کردوە. ژیانی نێو مەردان، ژیانی سەربەرزی و خۆ بەدستەوە نەدان. دوور لە زوڵم و زۆر. لەو دنیایەی دا تەنیا یەک مەڕاقم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پێشمەرگایەتی دەستی پێ کردوە و بۆ من درەنگ بووە. تازە لە من تێپەڕیوە. هەرچی دەکەم نازانم کۆشێک منداڵ چۆن بە جێ بێڵم و ئەو سەربەرزیە بۆخۆم وەدەست بێنم.
مەلا حەسەن:
وەڵڵاهی کاک عەبدوڵڵا پیاو هەرچی بۆی بکرێ لە دژی ئەو دەوڵەتە زاڵمەی دەبێ بیکا. بەخسوس ئێمەی کورد.
کاک عەبدوڵڵا:
ئێمە ئەگەر برِێک حەیامان هەبایە دەبو وورد و درشت لێی راپەرین. دەبو وێکرِا بە هەر جورێکی بۆمان دەکرێ بەر بەرەکانی لە گەڵ ئەو دەوڵەتەی بکەین. دەزانی پیاوەکانی ئەو دەوڵەتە زاڵمەی چیان بەسەر هێناوین. با شتێکت بۆ بگێڕمەوە. تەقریبەن چوار ساڵ لەمەوپێش، لە شاری ڕا بەرەو دێی خۆمان دەگەڕاینەوە. مەلای ئاواییشمان لە گەڵ بو. گەیشتینە سەرچۆمی کە نیو سەعاتە ڕێ لە دێی دوورە، راوەستاین برِێک بحەسێینەوە. هەر ئەوەندەمان زانی دوو ژاندارمە لە سەرەوژێری هاتنەخوار. مامۆستا فەوری دڵی خەبەری دا، فەرموی لا حول و لا قوتە... خوا سەفەرەکەمان وەخێر بگێڕێ. ژاندارم هەر گەیشتنە کن مە دەستیان پێ کرد:
برسیمانە، چتان پێیە، یاڵڵا دەی . هێندە هەڵس و کەوتێکی ناحەزیان هەبو، هەر مەپرسە. بەڵێ بە سەری جەنابت هەرچی پێمان بو خواردیان. پاشان شەرمیان لە مەندیلی سپی مامۆستای نەکرد، تاقەوەڵاغێکمان پێبو داگیریان کرد. بەنۆرە سواری دەبون. هەتا لە هەورازی وەسەرکەوتین بە جوتە هەردوکیان سواری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ببون. بەڵێ سەرت نەیە شێنم لە هەورازی وە سەر کەوتین و لە نکاو دوو تفەنگیان لە نێو کردین و هاواریان کرد، دوور کەونەوە لە و دوو جندرمەی. ئێوە دوورکەونەوە تا بە حیسابی ئەوان بگەین. ژاندارم بونە ژنی دیز. دەستیان کرد بە پاڕانەوەو لالآنەوە. لە ترسان تورکی و کوردی و فارسیان تێکەڵ دەکرد. خۆیان لە بەر پێی مامۆستا هاویشتبو و دەپاڕانەوە. ئەوانەی تا چەند دەقیقە لەمەوپێش وەک سەگی هار وابون و لە خۆڕا لاقیان دە گرتین، ئەوجا ببونە بێوەژنێکی ساحەب هەتیو. نە بە خاتری گیانی خۆ یان، بەڵکو بە خاتری هەتیوەکانیان دەپاڕانەوە! بڕوا بکە سەربەقوڕ پێیان وەپێکەنین دە کەوت. بە تایبەت بە قسەکانیان. بەڵێ مامۆستا لە تفەنگ چیەکان پاڕایەوە کە دەستیان لێ هەڵگرن. ئەوان قاچاخچی گەرمێنێ بون. خەڵکی قامیش و دڕی. ئێمە دەمان ناسین چونکە زۆر بە لای مە دا کاروانیان دەهات و دەچو. بەسەری جەنابت بە هەزار تکاو ڕەجا، هەتا بەخاتری مە دەستیان لێ هەڵگرتن. گوتیان با ئێوەو دێ یەکە تێدا نەچن. بەڵێ عەجەمیش هەر مەپرسە لە خۆشیان چیان دەکرد. مامۆستایان سواری وەڵاغە کە کرد بو، یەکیان ئاو ساری بۆ دەکێشا و ئەوی دیکەیان لێی دەخوڕی. قوربان هەر گەیشتینە نێو دێی و زانیان لە خەتەر ڕزگاریان بوە، دەستیان بە بەهانان کرد. ئەوە خزمی وەبون دەیان ویست بمان کوژن. ئەی بۆ بە قسەی ئێوە دەستیان لێ هەڵگرتین. هەر ئێستا دەبێ وەڕێ کەون بۆ شاری دەتان بەینە شاری. هەرچی مامۆستا پاڕایەوە و گوتی:

دایکو چاک ، بابو چاک ئێمە پیاوەتیمان لە گەڵ کردون نەمان هێشتوە بتان کوژن. نەخێر فایدەی نەبو. هەر ئەوە بو دەیان گوت، هیچ قسەیان بە گوێ دا نەدەچو. بەڵێ عەرزی بە حزورت دەکەم . دەستیان هەڵنەگرت. چەخماخیان لێ کێشاین و بە زۆر دەیان ویست پێش خۆمان دەن. بێ حورمەتیەکی زۆریان کرد. وەک قاحبەیەک زاریان کردبۆوە. ئاخری مامۆستا خوێنی وەجۆش هات. لێیان وەجواب هات و هەرچی خەراپە پێی کردن. خەڵکێکی زۆر لە بەر دەرکەی مزگەوتێ کۆ ببۆوە. لاوەکان بتەت لێدابان دەقەڵشین هێندە قەڵس ببون. بەڵێ عەرزی ئاغای خۆم کەم ژاندارم داگژانە مامۆستای لێی دەن. مامۆستا هاواری کرد: چۆن لێشم دەدەن بێناموسینە. بانگی کرد دادەی کوڕینە، دادەی بزانم کێ پانتۆڵی پیاوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبەر دایە. دادەی تێیان هەڵدەن.
ئێ قوربان خۆ ڕووتەش هەر ئەوەندەیە جولا، هەتا دەجولێ زۆر بە زەحمەتە. وەڵڵا جاری وایە نەقیزەشی تێوەژەنی چر کەی ناکا. کەچی ئەگە جولا چاک دەجولێ. قوربان داگژانە ژاندارمان، چەکیان کردن و جا بکوتە، کوێت دێشێ. هەتا تونیان تێیان هەڵدان. بەخوا ڕۆژێکی خۆش بو. کوڕە خۆ دڵمان تۆقی، بڕوا بفەرمو بە خودموختاریەکی دەبو..ها..ها..ها
مەلا حەسەن:
جا ئاخرەکەی چتان بەسەر هات لە گەڵ ژاندارمەکان؟
جا ئەوە عەرزی برای خۆم دەکەم. ئێستا دەستێکمان کەوتە ئەم لای ودەستێک ئەو لای. ئاواییەکەمان هێندە یەک دەست نەبو، یەک دەنگ لە بەرامبەریان ڕاوەستین. باشە ئەوەشمان پێ کردون، بگەنەوە شاری قشونێکمان دێننە سەرێ. یا دوور نییە هەر ئێستا تفەنگەکانیان دەست کەوێتەوە ، کارەساتێکی ناخۆش بخولقێنن.گوتمان چ بکەین، چار چیە، با بە دەستمان لێ هەڵگرن و پولێکیان بدەینێ. پولی شەقان..ها..ها..ها
بەلێ بە کاکی خۆم بڵێم کوێخا حەمەدمان بە گژ دا کردن. هەلی ستاندن و بردنیەوە ماڵێ خۆی، بەبێ تفەنگی. نان و چای دانێ وپێی گوتن. بابم قەول بدەن شکایەتێ ناکەن و گێچەڵێکی دیکە ساز ناکەن،دوو سەد تمەنیش وەرگرن و تفەنگەکانیش وەرگرنەوەو بڕۆن.
خۆیان مەزلوم کردبو:
ئەرێ وەڵڵا بە گورحان مام کووخا، هیچ ناکینەوە، توفەنگ بیدەن. ئابرو مابرو دچی. وەڵڵا بە کاکی خۆم بڵێم، تفەنگمان دانەوەو دیسان لێمان کەوتنەوە سەر کلکێ. ئیللا و بیللا لە پێنج سەد تمەن کەمتریان نەدەویست. بەلێ هەرچۆنێک بو بە سێ سەد تمەن ڕازی کردن. بە ڵام چما واش لە کۆڵ ئێمە بونەوە؟ شکایەتی خۆیان هەر کرد. ئەوەندەی چاک بو نەیان گوت چەکیان کردووین و تێیان هەڵداوین، لە بەر ئابڕوی خۆیان. بەسەری جەنابت ئێستاش ئەو شکایەتە هەر نەبڕاوەتەوە. دوو، سێ جار یان بردوینە سەردەشتێ و جارێکیش بۆ ڕەزایەی. ئەوەش پاداشتی چاکەی لە گەڵ عەجەمان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاک ئەحمەد لە تەنیشت وی دانیشتبو . پیاوێکی کەڵەگەتی وەنێوکەوتو. هەتا بڵێی قسە خۆش و زار بە پێکەنین. لە مێژ بو چاوەڕوانی دەکردحیکایەتی کاک عەبدوڵڵای تەواوبێ، تا ئەویش نەقڵی خۆی لە عەجەمان بگێڕێتەوە. گوتی:

کاکی خۆم جا چت دیوە . ئەوەی بە سەر من هاتوە، پەندێکی تەواوە. دوو ساڵ لەوەی پێش هەر ئەوەندەمان زانی دوولینگە لە پێیەک لە شاری را لە گەڵ کوڕی ئاغای هاتەوە. ئەوە دەبێ بەری چ گیایەکی بێ؟

وەڵڵا بۆ سپەینێ ڕا هەمومانیان کۆ کردەوەو کابراشیان هێنایە مەجلیسێ. ئاغا ڕاست بۆوە وهێندێک بە خۆی هەڵگوت و پاشان گوتی:

دەوڵەت ئەو کابرایەی ناردوە، سوپای دانیشە. ئەمن زۆر حەولم داوە نەیەڵم ئەو کابرا یەی بنێرن. دەوڵەت دەیهەوێ مەدرە سەی شەیتانی لێرە دانێ. بەهانەی ئەوەیە کە دێیەکەمان گەورەیە. ئەمن ئەوە زیاتر لە ساڵێکە پێشم گرتوە. دەڵێم منداڵی دێی مە وەختی دەرس و مەرسیان نییە. دەڵێم هەرمنداڵی من وەختی دەرس خوێندنیان هەیە. ئەویش بابە بۆ خاتری ئەوەی کە دێیەکەمان فاسید نەبێ منداڵی خۆم دەنێرمە شاری. با مەدرەسە نەیەتە ئێرە. ئەگەر کەسێک هەردەیهەوێ بە منداڵی خۆی بخوێنێ، ئەوە مزگەوت و ئەوەش مەلا. بادەرسی ڕەحمانی بخوێنن. بەڵێ ئاخرەکەی جەناب سەرهەنگ فەرموی:

بۆ حاڵتی زاهیریش بێ دەبێ سوپای دانیش هەر قەبوڵ بکەی. شۆڕشی سپی شایە، نابێ ڕەت بکرێتەوە. ئەمنیش بەو قەرارەی قەبوڵم کردوە کە کاری بە سەر دەرس و شتی واوە نەبێ. بابۆخۆی لە هۆدەیەکی دانیشێ و لە جیاتی سەربازی خۆی قەدەرێکی لێرەبێ. جا ئەوە دەبێ زۆریشتان ئاگا لە بێ. نەکەن لە خواردن و شتی وا بێبەشی کەن. ماست و پەنیر و شیرێژو ڕۆن و دۆی لێ نەبڕێ. جابابم یەک شتی دیکەشو پێ بڵێم. جەناب سەرهەنگ دیاریەکی دەوێ. ئەمنیش بەرگەی ئەو هەمو خەرجەی ناگرم. بە خاتری ئێوە منداڵان بنێرمە شاری. تا منداڵی وەتوشی دەرس خوێندنێ نەبن. بۆخۆم چەند جار بچمە شاری و بگەڕێمەوە، ناوەڵڵا بەرگە ناگرم. دیویش بدەم بە و کابرایەی تێی دا بژی. بە خوای بابم دەبێ پۆڵێکیش بۆ من کۆکەنەوە.

کوڕێکی برێک چاونەترسمان تێدایە، کوڕی مام ڕۆستەمی، هەڵی دایە و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغا بە خاتری مە قەت ڕەنجی وا مەکێشە. کوڕی خۆت دەنێریە شاری بخوێنن بە خەڵکی چی. لەو کابرایەش گەڕێ با دەرسی خۆی بڵێتەوە. بۆ هەر کوڕی تۆ خوێندەوار بن. چما ئاغا بەسەری دا نەڕوخا. کارێکی پێ کرد هەر مەپرسە. هەڕەشەی لێ کرد کە تەمبێی دەکا. چۆن دەبێ هەتیوێکی ئاوا جورئەت بکا بە گژ ئاغای دا بچێ. ئەوە شی کردە بەهانە، دە جا با هەتیوی مام ڕۆستەمی ژووری بداتێ. هەر لە ئێستاوە من لێی بێ ساحەبم. ئێ خۆ کوڕی مام ڕۆستەمیش چ ژووری نەبون. عەرزت بکەم گوتم ئەمن ژووری زیادیم هەیە دەی دەمێ. ئاغا زۆری پێ ناخۆش بو، بەڵام چی نەگوت. بە گرمە گرم هەستاو ڕۆیی.

کابرا بەسەر من دا برا. بەڵێ ژوورێکی چاکم دایە. تەویلەیەکیشمان هەبو، زیادی بو. خاوێنمان کردەوەو سەکۆیەکمان لێ ساز کرد. گوتم بابم بێکار مەبە. بۆخۆت دەتوانی لێرە دەرسێش بڵێیەوە. ئەوەی منداڵی نارد با بینێرێ. وەڵڵا بە برای خۆم بڵێم وردە وردە خەڵک منداڵیان دەنارد. کوڕەکەش جەوانێکی باش بو. پێی خۆش بو خۆیان لەگەڵ خەریک بکا. هەروا دەرسی پێ دەگوتن. ئاغا پتەت لێدایە دەقەڵشی. هێندەی پێ ناخۆش بو ، چوبو ڕاپۆرتی لە منیش و لە سوپای دانشیش دابو. کە بەڵێ غەوارەی دێنە کن و کەس نازانێ خەریکی چن. وەڵڵا بە برای خۆم بڵێم، ڕۆژێک ساواکێک و شەش ژاندارم پەیدا بون.

ئاخر زۆر گەڕان و کوڕەیان هەڵسەنگاند و ئەمەیان پشکنی، چیان بۆ مەیسەل نەبو. کوڕەکە عەکسێکی شای هەڵواسیبو. ژاندارم هەروا چاویان لێ دەکرد. یەکێکی زۆر چاو شەیتانیان تێدا بو، هەر چاوی لێ دەکرد و بزەی دەهاتێ. بەڵێ ئەمەش خەریکی نان و چا هێنان بوین. لە دیوی ماڵێ مەڕانان وچامان بۆ دێنان. وەختێک هاتینە ژوورێ دەبینین هەمویان سەریان لەبەر خۆ ناوەو گرژ و مۆن دانیشتون. چاوێکم لە عەکسەکەی کرد دیتم بە خودکاری عەینەکێکی بۆ ساز کراوە. نێوچاوەکانی ڕەش کراونەوە. لە دڵی خۆم دا شادە و ئینمانێکی بە حەقم هێنا. زانیم ئەوە کەڵەکێکە بۆیان سازکردوین. ئاخر چما ژاندارمی سەگباب لە من ڕاست نەبۆوە بە جنێودان و لێدان و پێدادان. بابە ئاخر چم کردوە؟ ئەتۆ سوکایەتیت بە ئەعلا عەزرەتی کردوە. چاوت کوڵیون. لە دڵی خۆمدا دەمگوت خۆزگە بە ڕاستی بم توانیایە چاوانی بکوڵم، هەرچی دەبو، با ببا. هەرچی کابرای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوپایی پاڕایەوە فایدەی نەبو، گرتیانم و دەستیان بەستم. بە سەری هەموتان هەتا بە چوارسەد تمەنی خەلاسیم بو، کلکی وشترێ گەییە عەرزی. ئەوە چاکەم لە گەڵ سوپای دا نیش کرد بو. وەڵڵا ئەمنیش هەر نەم کردە نا مەردی و وەسپەینێ ڕا سوپای دانیشم وەدەر نا. لە داخان ژووری مەدرەسەکەم کردوەتە کادێن.

لە دوورەوە ڕا پێشمەرگەی شۆخ دە هاتن. لاو ئیو فیشەکدانیان لە خۆ دابون. هەتا بڵێی جوان چاک بون. جامەدانە کەیان لە نێو چاوانی بە ستبو. فەقیا نەیان هەڵدابونەوە. فەقیانەی سپی وەک بەفری. هەردووک فەقیانەیان گرێ دابون و هاویشتبویاننەوە پشت ملی خۆیان. تفەنگی برنۆ یان لەسەر شانی دانابون. هەر نارە یان دە هات . کاک عەولا تەما شایەکی کردن. بزە یەکی هاتێ و لە بەرخۆیەوە گوتی:

خۆزگەم بە خۆ تان، خۆزگە ئەمنیش موو یەک دەبوم بە سەری ئێوەوە. هەر ئێوە پیاون. پێشمەرگەکان هاتنە بەردەمیان. سەلامێکیان کردو لەسەر خۆ رایان گەیاند کە جێگای کۆبونەوە کە لە (خاڵەباد) یە. دەبێ ببورن کە پێویستە لانی کەم سەعات و نیوێکی دیکەش ڕێگا ببڕن. بەڵام وا بە سەڵاح زانرا بۆ ڕێ وون کردن لە دوژمن، هەر دەستەیەک لە ئێوە بۆ جێگایەک لە نیزیک جێگای ئەسڵی دەعوەت بکرێو پاشان لە وێڕا ڕێنوێنی بکرێن. فەرمون با بڕۆین.

بە لا بەلای باسکی دا وەڕێ کەوتن. عەرز بۆنی بەهاری لێ دە هات. ئینسان بەڕێڕۆیشتن کەیف خۆش دەبو. بولبول و چوێلەکە و کۆتر بەسەر دارەکانەوە دە یان خوێند. شنەبایەکی فێنکی دە هات. لە گەڵ داران سرتەی دە کرد و نقورچێکی لە خەڵفە تازەکان دەکوتا. خەڵفە تازەکان شل و مل خۆیان ڕادەژاند. سروشت خەریکی بوژانەوە بو. گژ و گیا دەستیان بە سەر و گوێلاکی خۆیان دا دێنا. جۆگە ئاوەکان بە لوزەو لە قەدپاڵی چیاکانەوە دەهاتنە خوارێ. تەنیا بەفر کەساد بو. نەخۆشی توانەوەی گرتبو. وەک گەلێکی ژێردەستی بێ جولانەوە، لە ژێر دەستی شۆوێنیزمی حاکم دا چۆن بەرەبەرە دەتوێتەوە. بەفر بەو جۆرە دەتوایەوە. بەڵام حاڵی ئەو لە حاڵی گەلێکی ژێردەستی بێ جولانەوە باشتر بو. چونکە بەفر هیوای بەوەبو سووڕی ژیان دووبارە بکاتەوە. دەتوایەوە، دەبو بە ئاو، دەبو بە هەڵم و چنگی لە حاسمان قایم دەکرد و هەوری پێک دێنا. تەنیا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوایەکی زۆر ساردی پێویست بو تا دیسان خۆی بگرێتەوەو بە شێوەی بەفر بکەوێتەوە سەر عەرزی و خۆی ڕانێ کە تەواوی سروشتی لە باوەش گرتوە. کەچی گەلێک کە لە ئەنجامی سستیی خۆی دا دەتوایەوە، جارێکی دیکە ڕاست بونەوەی نەبو. قانونێکی سەیری سرووشتە، بە کوشتاری بە کۆمەڵ، بە زووڵم و زۆر و دیکتاتۆری، بە ڕاگوێزان و ژیان تەنگەبەر کردن، بەزیندانی کردن و لە داردان و بە هێرشی مەغۆلانە و تالان و بڕۆ، بە هیچ کامیان گەلێک ناتوێتەوە. بەڵام هەر ئەوەندە بۆ خۆی بێدەنگ بێ، تەنیا بێ دەنگی، وەک خۆرە دەی خواو وەک ئاسنێکی ژەنگی هەڵێنابێ، بەرەبەرە دادەڕزێ و لە نێو دەچێ. برینی نێوەوەیە و چارەسەر ناکرێ.

لا بەلای باسکی تەواو بو، کەوتنە سەرەو لێژی. شۆڕبونەوە بەرەو قولایی دۆڵی شیوەجۆیە، پاشان بە نێو دارە کانی نێو دۆڵێ دا سەرکەوتن. دۆڵی شیوەجۆیە زۆر جوان هەڵکەوتبو. ڕاست وەک پیرەدارێک دەچو. لە خوارەوە پان و ئەستور و بەرەبەرە کلکی لێ دەبونەوە. لە پێش دا دەبو نە دوو دۆڵ. ئەوانیش دابەش دەبونەوە. هەتا سەر لوتکەی شاخی دوا پۆپنەیان ڕوەو ئاسمان دە بو. ئە گەر لە ئاسمانەوە تەماشای ئەو دۆ ڵەت کردبا یە، پیرە چنارێکی هەزار ساڵەت بەرچاو دە کەوت. کە لە بناری چیاوە لەخ و پۆپی هاویشتون و هەتا دوو ندی پێ هەڵگەڕاوە.

ئەوان لکی لای راستیان گرت. بە (شیوەجۆ) و (دۆ ڵەتو) دا سەرکەوتن. لە (چوالان) تێپەڕین و هەتا نیزیک لوتکەی چیای چونە سەرێ.

چوالان و دۆ ڵەتو دوو گو ندی چکۆ ڵە بون بە دا مەنی چیاوە. بە سەر لکی دۆڵەکەوە نوسابون. راست وەک هێشوە ترێ دە چون. هەروابزانە مێویێک بە پیرە چنارە کەوە هەڵگەڕاوە و هێشوە تر ێی داهێشتون. ئەو دۆ ڵە جوانە بە گوندە نەشمیلانەکانیەوە ڕاست بەو جۆرە ڕازابۆوە. لکە کانی تری ئەو دۆڵەش گوندیان پێوە بون. (شیوەجۆ) و (مێرگە پیرکە) تاق و لۆق ماڵی تەنیا.

مێویش هەروا ترێ دە گرێ. هێندێک لک لە نێو هێشوە ترێیان دا وون دە بن. هی واش هەیە تەنیا یەک، دوو هێشوان دە گرێ.

لای ئێوارێ گەیشتنە (خاڵەباد)ی. خاڵەباد یەک تاقە ماڵ بو بە لاپاڵی دۆڵە کەوە. دەکەوتە سەر چڵی یەکێک لە لکە باریکەکانی دۆڵێ. دە کرێ بڵێین بە گڵۆفکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو پیرە چنارەوە نو سابو، کە وێنەی خەیاڵیی دۆ لی ( شیوەجۆ ) و( چوالان) دەکێشێ. دیمەنێکی سەیر بو، هەر بن دەوەنەی چەند نەفەرێکی لە دانیشتبون. پێشمەرگە یەکی زۆر بەو نێوە دا بلاو ببونەوە. هیوا قەت لە ژیانی خۆی دا هێندەی خەڵک بە سەر یەکەوە نەدیبو. بەراستی پێی زۆر بو. لە خۆ شیان ماندوویی لە بیر چوبۆوە و لە دڵی خۆی دا دەیگوت:

ئەم ساڵ سەردەکەوین. بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە ڕاستی دا هەموو هێزی چەکداری جوڵانەوەیە.

دوژمن لە هەر شارۆچکەیەی دە هێندەی هێز هە یە. ئەو بیری تەنیا لەوە دەکردەوە کە بۆ خۆی تا ئێستا ئەوەندە زۆر خەڵکی بە سەریەکەوە نەدیبو. ئەویش خەڵکی هاو بیر و باوەڕ و هاو ئامانج. ڕاستە لە شارەکان خەڵکێکی زۆر کۆ ببونەوە، بەڵام ئەوان خەڵکێکی پرش و بڵاو بون. کەس کاری بە کەس نەبو. لێرە هەمو پێکەوە بون. وەک برا تەماشای یەکتریان دەکرد.

هەمو یەکتریان خۆش دەویست. بەڕاستی سەیرە، ئەو هەمو خەڵکە وێکرا هاوڕێ بن و یەکتریان خۆش بوێ. لەژیانی ئاسایی دا پیاو زۆر بە زەحمەت دەتوانێ دۆستێک بۆ خۆی پەیدا بکا، چەندین ساڵی پێ دەچێ. کەچی لەم ڕێگا پیرۆ پزەدا ، بە یەک ڕۆژ ، تەنیا لە یەک کۆبو نەوەدا، دە یان دۆ ست پە یدا دە کەی، دۆ ستی وا کە باوەڕت پێ هەن. د یارە ئە گەر فێڵ و تەڵە کە و سیا سەتبازی نەکەوتبێتە نێو ئەو ڕێکخراوە یە. لەو سەردەمی دا ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات ئەو کرمەی نەکەوتبو یە. هەل و مەرج دژوار و پڕ کەند و کۆسپ بو. ئەوەی ئەو ڕێبازەی گرتبا یە پێش، تەنیا بە خاتری مە سلەحەتی گشتی دەی کرد. بۆیە خۆشەویستی لە ڕیزەکانی دا زۆر بو.

هەر ئەو ئێوارەیە پاش نان و چا خواردن کۆبو نەوە دەستی پێ کرد. گەلێک ئینسانی زانا و بە وورە و ئیمان باسی جوڵانەوەیان کرد. ئەرکی ئە ندامانی حیزبیان ڕوون کردەوە و باسی ناوچە جۆر بەجۆرەکانی کوردستانیان کرد. زۆر کەس لەوانە سەرنجی هیوا یان بۆ لای خۆ یان ڕاکێشا. هێندێکیان بە خاتری ووتارە ڕێک و پێکەکانیان و هێندێکیان بە خاتری ئازایەتیەک کە لە نەوچاوانیان دا دیار بو.

هیوا بە جارێک قوشقی ببو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەریّ ئەوەم نەدیوە کیّ بو؟ ئەو چوار شانەیە. ئەو سمێڵ گەورە و چاو زیتە. وەک خەڵکی ناوچەی پیرانشاریّ قسە دەکا.
نازانی ئەوە کاک مراد شیرێژە. ناو بانگی ئازایەتی مراد شیرێژی بە هەمو ئێرانیّ دا بڵاو بوەتەوە. عەجەم زۆر لێی دەترسن. کاکم دەیگێڕایەوە کە چوبو بۆ تارانیّ. لە دوکانێک لێیان پرسیبو ، ئەتۆ خەڵکی کوردستانی، راستە دەڵێن مراد شیرێژێک یاغی بوە، هێندە بەخۆ وەیە بە سێ نەفەران سەری دەتاشن؟
ئەدی ئەو پیاوە کەڵە گەتە کێیە زۆر ئازا دیارە.
ئەوە مینە شەمە، لەو نێوەی دا خەڵک منداڵی بە ناوی ئەوی ژیر دەکەنەوە. هەڵبەتە زۆریان خۆش دەویّ، هەر پێی دەڵێن خاڵە مینە.
کاکە وادیارە حیزب شکاکیشی لەگەڵن. چاوئەو پاڵەوانەی، دەڵێی شێرە.
ئەوە کاک نەحۆ یە لێرە ناوی باپیر شکاکە. چەند ساڵان لە ویّ بە قاچاغی بە تاقی تەنێ خۆی ڕاگرتوە. ئینسانێکی زۆر یش عاقڵە. قەرارە ببێتە بەرپرسی ناوچەی باکوری ڕۆژهەلاتی کوردستان.
ئەدی ئەو کەڵەگەتە داڵەگۆشتە کێ یە، ئەوەش زۆر نەترس دیارە.
کاک ساڵح لاجانی دەڵێی. ئەوەش پێشمەرگەیەکی زۆر نەبەزە. کوڕە شکور دیزب ئینسانی هەڵکەوتوی زۆرن. تەماشا کە، چاو هۆوە مامۆستا ئاوارە یە. خۆشەویستی کۆ مەلانی خەڵک و مێشکی جولانەوە بۆ راکێشانی جوتیارانی کوردستان.
ئاخر بە خزمەت وی گەیشتبوم بۆیە نەم پرسی.
ئەدی ئەوەیان کاک فایق، سولەیمانی موعینی هەتا بڵێی ئینسانێکی شۆڕشگێڕ و زانایە. ئەوەش مەلا عەزیزە، موهەندیسە. هێندە تێکۆشەرە هەمو ژیانی خۆی بۆ جولانەوە تەرخان کردوە. خەبەرم هەیە تازە براکانی حازر بون پولێکی زۆری بدەنێ و بچێ بۆ ئوروپا بژی و درێژە بە خوێندن بدا، نەچو. ئەو وەزعە سەختەی قەبوڵ دەکا. چاو ئەوەش کاک عەولایە برای کاک فایقی، هەتا بڵێی دڵسۆز وئازایە. بۆخۆی قارەمانێکە. ئەمەشیان کاک خەلیلە خەڵکی بانەیە. هۆ وەش مەلا مەحمودی زەنگەنەیە. چاو چ قارەمانێکە.جا باسی کێ‌هەیانت بۆ بکەم. هەرکام لە مانەی دەی بینی بۆخۆی قارەمانێکە. ئەگەر ئازاو بە جەرگ نەبان ، نەیان دەتوانی دەست بدەنە بەردێکی وا قورس. ئێستا دەوڵەتێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەی وەک ئێرا نێ لە ما نە دەتر سێ. دەو ڵەتێکی کە خۆی بە ژا ندارمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەزانێ.
کۆبونەوە تا سەعات دوازدەی شەوێ درێژەی هەبو. لەوکۆبونەوە یەدا زۆر تر باسی مەسەلە گشتی یەکان دە کرا. چۆن خەڵک لە سەر مە سەلەی خۆی ڕوون بکرێتەوە؟ پێشمەرگە چۆن بجوڵێتەوە ئەرکی ئەندامی دیزب چی یە؟ چۆن لە بەرامبەر ئەو هێزە گەورەی دوژمن خۆ ڕابگری؟ بۆچی جوڵانەوەی چەکدارا نە دە ستی پێ کراوە؟ تە شکیلات چ نەخشێکی هە یە؟ و زۆر پر سیاری دیکە بە درێژی وەڵامیان درایەوە.
ئەنجامێک‌کە لە ئاخری کۆبونەوەکە گیرا هیچ بە دڵی هیوا نەبو. چونکە بڕیار درا کە ئەندامانی حیزب بە هیچ شێوەیەک نابێ خۆ بنوێنن. کەس مافی وەی نییە کارێکی وا بکا ئاشکرابێ و قاچاغ بێ. تەنانەت لە زۆر جێگا پێویست نییە دیفاع لە دیزب وجوڵانەوە بکرێ. ئەوانەو بە دڵی هیوا نەبون. ئەویش وەک زور بەی لاوە کان سەرکێش بو. زۆر خۆی بۆ ڕا نەدەگیراوجاری وا بو لە نێو کۆمەڵێک خەڵک دا بە ئاشکرا دیفاعی لە حیزب دەکرد. بەلام دەلیلی بەرپرسانی دیزب زۆر ڕوون بو. ئە گەر هەمو دە ست بدە نە چەک ، تە شکیلات لە نێو خەڵک دا نامێنێ. دەردی جوڵا نەوەی گەلی کورد بێ تە شکیلاتی بو. تا ئێستا زۆر جار کورد ڕا پەڕیوە، هەمو جارێ بە شکانی پێشمەرگە جوڵا نەوەش بە جارێ یک لاواز بوە. ئە گەر زۆر بەی کۆ مەڵانی خەڵکی کورد ستان لە سەر مەسەلەی خۆیان ئا گادار بن و دیفاعی لێ بکەن، ڕەنگە هەڵگرتنی چەک هەر پێویست نەبێ. ئەوانەی سەریان لە سیاسەت دەردەکرد، زۆر جار ئەو ڕ ستەیان دووپات دەکردەوە.
بۆ هیوا ئەو ڕستەیە بێ مانای دەنواند. ئەو لە نێو کۆ مەڵانی خەڵک بو. گەلێک دەردی د ڵی کرد بو. زوور بەی خەڵک ئا گاداری وەز عی نابە سامانی خۆی بو. گەلی کورد بە تێکڕا یی لە م ێژ ساڵ بو دەیزا نی چ زوڵمێکی گەورەی لێ دە کرێ. دەردی کورد لە ڕوا نگەی ه یواوە بێ دە سەڵاتی بو. چۆن خەڵکی دەیانتوانی بە دەستی بەتاڵ بە گژ ئەڕتە شی شادا بچنەوە، کە سێک بە تفەنگ هەڕەشەت لێ دەکا، تۆ چۆن دەتوانی بە دەستی بەتاڵ بە گژی دا بچیەوە. چت بۆ دەمێ نێ غەیری تە سلیم. ه یوا لە د ڵی خۆی دا دەیگوت: ئێ مە لە گەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمنێکی سوێند خواردو ڕێوە بوین. دوژمنێکی بێ بەزەیی، لە هەزاران فرسەقەوە بە تانک و تۆپ و تەیارە هاتوەتە سەرمان، چۆن دەتوانین تێکی بشکێنین ئەگەر وەک ئەو خۆمان چەکدار نەکەین. بۆ ئەو چەکداربون واتایەکی تریشی هەبو. ئەو مەسەلە کوردیەی کە دەڵێ: کەم بژی و کەڵ بژی. بە تەواوی لە دڵی هیوادا هێلانەی کردبو. ئەو زۆر قوڵی لێک نەدەدایەوە. شۆڕش دەکرێ و هەمو کوردستان دادەگرێ. ماوەیەک کۆمەڵانی خەڵک هەڵدەستن. دوژمن هێزی چەندین بەرابەر دەکا وتەواوی تکنیکی نیزامی بەکار دێنێ. شار و دێهات بە بۆمب و تۆپی دوور هاوێژ دەکوتێ. گوند و شارەکان وێران دەبن. هەزاران کەس لە ژن و مندال و پیر و لاو دەبنە قوربانی و پاشان جولانەوە دەنیشێتەوە. خەڵک وەک جاری جاران و بەڵکو خراپتر لە جاران مل ڕادەکێشن و کۆڵی زوڵم دەکێشن. هەستی شۆڕشگێڕانە بە تەواوی دەمرێ و بۆ چەند ساڵی دیکە هێلانەی شۆڕش وێران دەبێ. شتێکی ئاوا بە گۆترەکاری نابێ دەست پێ بکرێ. پێشمەرگە هەر ئەوەندە هەبن کە دەنگی خۆ ئامادەکردن بە گوێی خەڵک دا بچرپێنن. بۆ هیوا یەک شت زۆر گرنگ بو: ژیان تەنیا ئەوەندەی بایەخی هەیە کە بە ئازادی و سەربەرزی تێ پەڕێ. ئەوەندەی چەکت لە شانەو مەجبور نی سەر بۆ دوژمن دا نەوێنی، ئەوەندە ژیانە. هەرچەند کورتیش بێ نرخی گرانە. ژیانی بە ژێر چەپۆکی بۆ ژیانە، ژانە. ئەوەبو لێکدانەوەی هیوا و گەلێک لاوی بە هەستی دیکە.

لەگەڵ ئەو بیر و بۆ چونانەش هیوا بەمو لە دەستوری تەشکیلاتی سەرپێچی نەدەکرد. هەر بۆیە بە دڵی نا بەدڵی و بە هەناسەساردی ، ماڵ ئاوایی لە چەکی شانی هاوڕێکانی دەکرد و بەرەو حوجرەی سارد و سڕ ملی ڕێیەی دەگرتەوە. ئەو کۆبونەوەش هیچ شتی تازەی بەدواوە نەبو. دوای ووت و وێژێکی درێژ لە سەر نەهێنی کاری، تەشکیلاتی نەهێنی و شێوەی پەیوەندی گرتن، ئەوانیان بەڕێ کردەوە. کادرەکان و پێشمەرگەکان لە وان جیا بونەوە. گۆیا ئەوان هێشتا کار یان تەواو نەببو. لە ڕوانگەی هیواوە خۆ شبەختەکان خۆ یان لە وان جیا کردەوە. ئەوان دیسان بونەوە هاواڵی هەڵۆی سەر لوتکەکان و ئێستا هیواش دەبو بەرەو ژێر چەپۆکی سەرەوخوار بێتەوە. بەرەو چاڵی ژیانێکی دوور و درێژی بێ براونەوە. ژیانێکی تاڵ بە ڕۆژانی بێکۆتاییەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەری بەیانی بە سەرەوژێری گوندی(گۆمان) دا بەرەو گوندی(میراویێ) شۆڕ بونەوە. گوندی میراوێ کە دەکەوتە ئەوبەری چۆمی پاسگای ژاندارمانی لێ بو. ماوە یەکیش بو گوردانێک لە ئەرتەشی دژی گەلیی پاشایەتی مۆڵگەیەکی لە دەورو بەری ئەو گوندە دانابو. گەلێک جاریش گروهی زەرِ بەت و دەستەی جاشەکان لەو ناوە سەروگوێلاکیان دەردەکەوت. بەڵام هێشتا نەگەیشتبونە سەرچۆمی ، جم و جوڵێکی تەواو جیاواز یان دی. وەک مێروو لە ئەرتەش و ژاندارم بەو ناوەی دا بڵاو ببونەوە. قەراغی چۆمی ڕەش داگەڕابو لە چەکدار. دەیان ئێستر و بارگینی بە سۆغرەگیراو بە بارە تەقەمەنیەوە لە ڕێیە دا بون. لەوبەری چۆمیەوە دەستە، دەستە ئەرتەش و ژاندارم دەهات. ئەنواعی چەکیان پێ بو. تەنانەت ژمارەیەکی زۆر خومپارە هاوێژ. لە سەر ئاسمانی ئەو نێوە هێلیکۆپتەر وەک داڵاشی دەگەڕان. هیوا ئەوان سڵەمینەوەو هەوڵیان دا بەرەو دواوە بگەڕێنەوە. تا هەواڵی هێرشی دوژمن بە پێشمەرگەکان بگەیەنن. بەڵام فایدەی نەبو، چواردەور یان گیرا بو. لە سەر گردەکانی دەورو بەر دوژمن دامەزرابو. لە چەندین لاوە دەنگیان دان و لولەی تفەنگەکانیان تێ کردن. وەک ڕەوە بەرازی بە سەریاندا دابەزین. چەتەمان گرتن، چەتەمان گرتن. کردیانە هات و هاوارێک هەر مەپرسە. هەریەکەیان کەوتە دەست دەیان جینایەتکار. بێ ئەوەی لێیان بپرسن بە مست و پێلەقە و قامچی تێیان بەربون. هەرچی هاواریان کرد ئێمە فەقێین فایدەی نەبو. هەمویان لەپێ خستن و بە شەکەتی لە سەر عەرزیان ڕاکێشان.

هیوا ئەوەندەی هۆش هەبو کە ئەفسەرێک تێی ڕاخوڕین دەست ڕاگرن. بە خۆبادان وکەش و فشەوە هاتە سەریان و دەستوری دا ئاویان بە زاری داکەن. بە زۆری راستیان کردنەوەو هەر یەکەی کەسێکیان چو لە بن باڵانەوە کە دایان بنێن و قسەیان لێ بپرسن.

هیچکامیان سەریان بۆ رانەدەگیرا. ئەفسەری خۆ بەزۆرزان وەک بە سەر ئەرتەشێکی گەورە دا سەرکەوتبێ، کەش و فشی دەکرد.

ئێستا بڵێن بزانم، چەتەکان لە کوێن؟

تەنیا هیوا زاری بۆ هەڵپچڕاو گوتی:

ئێمە هیچ چەتەمان نەدیون. خەبەرێکمان لە چەتان نییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی ئێوە کێن؟ نەکا بڵێن ئێمە چەتە نین.
ئێمە فەقێین چەتەی چی، بۆ ناشمان کەنە دز.
ئەفسەر بە جارێکی دەهری بو، تفێکی ڕۆ کردو قاقایەکی تاڵی لێدا، پاشان گوتی:
پدرسوختە، هەر پێوەبون خۆیان دەکەنە فەقێ.
هیوا:
ئەگەر فەقێ نەبایانیە، تێ نەدەکەوتین.
ئەفسەر هێندەی دیکە تورە بو. غەزەب لە نێو چاوانی دە باری. سەری پۆ ستاڵەکانی دەلەقاند و نوکی تیژی ئەوانی بە هیوا نیشان دەدا. هیوا تازە دەستی لە خۆی شتبو. تەنانەت خۆی بۆ مردنیش ئامادە کردبو. ددانی لە چیرەوە دەبردن و خۆی بۆ بەربەرەکانیەکی قارەمانانە ئامادە دەکرد. زۆری لە هاوڕێکانی بیستبو کە خۆڕاگرتن لە ژێر ئەشکەنجەی دوژمنان دا زۆر گرنگترە لە خۆڕاگرتن لە سەنگەری شەڕ دا.
ئەفسەری دژی گەلی جارێکی دی هیوای وە بەر مست و پێلەقە و نوکە پۆستاڵان دا. لە داخی خۆ ڕاگریی هیوا بە ڕاددەیەک تورەببو کە خوێن بەری چاوی گرتبو وەک شێتان دەست و پەلی دەبزاوتن و بە هەر چوار پەل و بە شێوەیەکی دڕندانە پەلاماری هیوای دەدا. خوێن لە سەروچاوی هیوا دەهاتەخوارێ. بە هەردوک دەستانی چاوەکانی داپۆشیبون. گرێی قامکەکانی هەمو خوێنیان لێ دەتکاوە. ئەگەر دەستی بە پێش چاوانەوە نەگرتبان، بێشک هەردووک چاوی لە دەست دابون. حاڵی هاوڕێکانیشی لەوی باشتر نەبو. مەلا حەسەن، کاک عەبدوڵڵاو مام ئەحمەدیش هەرسێکیان بێ هۆش لەوێ کەوتبون. تەنانەت ئاگایان لە خۆیان نەبو. دیسان هیوا تاقەتی زۆرتر بو. هێشتا هۆشی هەبو. ئاگای لە دەوروبەری خۆی بو.
لە لوتکەی چیاوە گرمە یەکی توند دەنگی دایەوە. کێوەکان بۆ یەکتریان دەستاندەوە. چەند دەنگی فڕۆک بەسەر سەریان دا بە ویزە تێپەڕین. ئەفسەر و سەربازەکان تێکیانەوە پێچا و سەریان لە بن دەوەنان ڕاکرد. هیوا و ئەوانیان بە بێ هۆشی بەجێ هێشت و بە نێو تەپۆلکەکان دا بڵاو بونەوە. لەسەر چۆمی ڕا فەرمانی ئاتەش درا. تۆپ و خومپارەکان وەکار کەوتن. بو بە گرم و هوڕێک گوێی ئینسانی کەڕ دەبو. کێوەکان لەبەر چاوی ئینسانی وێک دەهاتنەوە. هەمو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وێکڕا دەیان ناڵاند. زۆر بە زەحمەت سەرچاوەی ئەسڵیی گرم وهوڕەکە هەست پێ دە کرا. هەروا بزا نە لە نێو باو و بۆران و هەورەتریشقە دای، لە هەمو لایەک ڕا وێکڕا دەنگ دەهات، دەنگی تەقینەوە.
هێزی دوژمن بەرەو بناری کێوی سەرکەوت. بەڵام بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە. دنیا، واتە دنیای دەوروبەری هیوا، بە جارێک برێسکەی لێ هەڵدەستا. پۆلە کەوەکان بە هەڵەداوان ڕووەو دۆڵەکان دە فڕین. هێندێک لەوان هەر نەدەگەیشتنە جێگای مەبەست. چونکە بە گوللە یەکی و پێڵ لە ئاسمانەوە دەکەوتنە خوارێ و پرش و بڵاو دە بون. هەڵۆی سەردوندەکان حازر نەبون بەرزایی بەجێ بێڵن. لە سەر لوتکە شاخێک ڕا سە رنجی هێرشی دوژمنیان دەدا. خوێنی گە شیان بە سەر شاخەکان دا دەها تە خوار و لە سەر بەردەکانیان دەنوسی :
لە سەر لوتکە مردن، خۆشترە لە مل کەچ کردن.
هەتا دە هات تە قە گەرمتر دە بو. لە گەڵ گەرم بونی تە قەش چڕە دو کەڵ هەڵدەستا و دارستانی لە نێو خۆی دا وون دە کرد. نێوان کێوە کان بە تار مایی چڕەدوکەڵ پڕ دەبۆوە. بەرینایی دۆڵەکان تەسک دەبۆوەو ئاسۆی ژیان سورایی و زەردایی لێ دەبڕاو هەر دەهات زۆرتر تاریک دادە هات. ناڵەی ئە شکەوت و دۆڵەکان بەرە بەرە حەزین تر دە بو. ئەوان هە ستیان بە هێرشی داگیر کەران کردبو. هەربۆیە گرمەیان دەهات و تێکیان ڕادەخوڕی.
سەرباز وژا ندارم و جاش بە قو نە خ شکە دوور دەکەوتنەوە. ئەفسەری فەرما ندە دەی نەڕا ند و فەرمانی هێر شی دەدا. بە ڵام هیچ کەس کرِ یاری فەرمانە کەی نەبو. لە تر سان هەر خۆ یان دەنێو دەوە نان ڕۆ دە کرد و ڕووەو ئا سمان تە قەیان دە کرد. فەرما ندە دە ستوری دا بەرەو لای ڕا ست جێ گا بگوێز نەوەو هێرش بەرن. د یار بو ئەو دە ستورەیان بە دڵ بو. هەرچی بێ بەرەو لوتکەی شاخەکان نەبو، هێزە کانی دوژ من بە ڕا ستی لە لوتکەی شاخ دەترسان. ئەگەر کەسیشی لێ نەبایە، هەر دەترسان. زۆر جار بەردو دار یان لە پێش چاوان دەبونە پێشمەرگە و لێی دە سڵەمینەوە. هێزی داگیر کەران بەرەو لای ڕاست جوولا. تۆپ و خومپارەکان بۆ یەک چرکەش بێ دەنگ نەبون. ئەوان کار یان بەوە نەبو شەڕ ماوە، یان نەماوە، پێشمەرگەی لێیە، یان نا. دوژمنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی تۆپخانە دارستان و چیاکان بون. کاری ئەوان تێک ڕوو خانی زەندۆڵەکان، ئاور تێبەردانی دارستان و داڕوخاندنی لوتکەی شاخەکان بو. لشکر ڕۆیشت و هیواو ئەوانیان بە کەلاکی و بێهۆشی بەجێ هێشت. لە نێو خوێنی سەرو چاو ودەست و پێی خۆیان دا دەتلانەوەو دەیان نالاند. هیچ کەس نەبو تەنانەت چۆرە ئاوێکیان بە زاری دا کا. ڕۆژ بەرەبەرە بارگە وبنەی تێک دەنا و تەقەش هەتا دە هات دوور تر دەکەووتەوە. تۆپ و خومپارە کان لێدانی دڵ یان لە سەرخۆتر دە بو. بەڵام هێلیکۆپتەری زۆر تر سەر و گوێلاکیان پەیدا دە بو. هێزی دوژمن پاشە کشەی دەکرد ودەنگی دڵە کوتەی کێوەکان کەمتر دەهاتە بەر گوێ. توانای هیوا بۆ هەست پێکردن بە جارێک لە کزی دابو. ئێستا ووردە ووردە خەریک بو ئاسودەیی باڵی بەسەر دا بکێشێ. دنیای بێ هەستی، دنیایەک کە مرۆڤ ئاگای لە هیچ نییە. نە خۆشی، نە ناخۆشی، خەریک بو باوەشی بۆ هیواش دەکردەوە، هەروەک هاوڕێکانی.

وەختێک چاوی هەڵێنا لە ماڵێک لەنێو جێگای دا بو. پیرێژنێکی نێوچاوان نورانی بە دەسرۆکەی تەڕ، نێوچاوانی فێنک دەکردەوە. هەر کە دیتی هیوا چاوی هەڵێنا، لە خۆشیان هاواری کرد:

کوڕینە وەرن ئەمەشیان وەهۆش خۆ هاتەوە. لە سایەی خواوە ئەمەشمان ڕزگار کرد.

بۆ هیوا هەموو شتێک بێگانە بو. نەی دەزانی لە کوێی یە؟ بۆچی وای بەسەر هاتوەو کێی لە گەڵ بووە. هێشتا نەواری بیرەوەریەکان لە مێشکی دا لێدرابۆوە. پاش ئەوەی تەواو هۆشی هاتەوە بەر، دیتی مەلا حەسەن، کاک عەبدوڵڵا و مام ئەحمەدیش لە پەنای دانیشتون. خاوەن ماڵ بۆی گێڕانەوە:

بەڵێ عەرزی ئاغای خۆم بکەم پاش ئەوەی نەعلەتیەکان بڵاوەیان کرد، هێندێک کوڕ وکاڵی ئاوایی چونە جێگای وان بگەڕێن، بزانن چیان لێ بەجێ نەماوە. ئەگە دەبینن چوار پیاو لەوێ بێهۆش کەوتون. وەڵڵا هاتن هاواریان هێنا و ئەمەش هەمو وێکڕا وەڕێ کەوتین، ئێوەمان لە سەر دارەمەیتان داناو هێنامانەوە نێو دێی. ئەوا شوکری خوای نەجاتتان بووە. بەلام بە خوای برالە دەبێ ماوەیەکی لە نێو جێی دا ئیسڕاحەت بکەن، ئازای بەدەنو کوتراوە، هەموی وەک کولێرەی هەستاوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چریکە لە تەواوی دەمارەکانی هیوا هەستا، ناڵەیەکی توندی کرد. کابرای خاوەن ماڵ دەستێکی لەسەر شانی دانا:

خۆت ڕاگرە پاڵەوان، خەمیشت نەبێ دەڵێن پێشمەرگە قارەمانەکان دەردێکیان داونێ، با بەدەواری شڕی نە کردبێ. تۆڵەی وەیان لێ کردونەوە. دەڵێن شەڕی قورس لە (سپیسەنگی)بوە. دوژمن لە لای مها باد و پیرانشاریش ڕا هێرشی هێناوە. بەڵام هیچیان بۆ لە گەڵ پێشمەرگەکان نەکراوە. خوا سەریان دەخا چونکە لەسەر حەقن.

هیوا بەزۆری تینی دایە خۆی و وەجواب هات:

جا ئەو خەبەرانەت لە کوێ وەرگرتون. کوێڕا ئەو خەبەرانە گەیشتنە ئێرە.

خاوەن ماڵ:

کاکی خۆم ئێوە شەو ورۆژێکە بێهۆشن. خەڵک خەبەری خۆش دێ یاو دێ دەگوێزێتەوە. پیاو زوو ئەو شتانە دەبیسێ.

بەیانی زوو هەر یەکەیان سواری وەڵاغێک کران و بەرەو جێگای خۆیان بەڕێ کرانەوە. دەردی هیوا لە هەمویان گرانتر بو. ئازار پاڵی پێوەنا بە مەجبوری ڕوو لە نەخۆشخانەی سەردەشتێ بکا.

-

# پاژی حەوتەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەخۆشخانە هەر زرمەی دەهات. وەک شارەمێرووولە دەچو، پۆلێک دەهات و پۆلێک دەڕۆیی. ئەوە تەنیا نەخۆشخانەی سەرانسەری سەردەشت بو. بە شار و بە دێهاتەکانیەوە. تەنیا یەک جەڕڕاحی لێبو، واتە جەڕڕاحێک بۆ نیزیکەی سەد هەزار کەس. ژمارەی تەختەکانی نەدەگەیشتە چل تەخت. بۆ دوکتوری گشتی و پەرستار و دام و دەزگای پزیشکی و دەرمانیش هەزار و یەک ناتەواوی هەبو. ئەوساڵە دەهۆڵ و زوڕنای جێژنی دوو هەزار و پێنسەد ساڵەی پاشایەتی بەڕێوە بو. پێداویستیەکانی گشتی خەڵک ئەوەندەی دیکە کەوتبونە تەنگانەوە. دەتوانم بڵێم هەر ئەو خەرجەی لە شارێکی چکۆڵەی وەک سەردەشت بۆ ئەو جێژنە کردیان، بەشی پێداویستیەکانی نەخۆشخانەی دەکرد. لە هەموی گرنگتر هەڵس و کەوتێک بو کە لە نەخۆشخانەکانی ئێران دا باو بو. هەروا بزانە ئەوەندە ئیمکانەی هەشە تەنیا بۆ چینی و خوێندەوار و کاربەدەستانی دەوڵەتە. ڕەش و ڕووت و دێهاتیەکە بە هەزار پاڕانەوە ئاوڕێکی لێ دەدرایەوە. ئەگەر لایەنگرێکی دیزب نەبوایە هیواش هەروای بەسەر دەهات. بەڵام ئەو لایەنگرە هەر کە چاوی پێ کەوت و هێندێک قسەی لە گەڵ کرد، زانی لەسەر چی وای بەسەر هاتوە. بۆیە پەلی گرت و پێش ئەوەی دۆسیەی بۆ بکرێتەوە لە سەر تەختێکی دانا. خۆی پێناساند. ناوم عەبەیە، مریدی ڕێگای تۆم. هیوا نەی وێرا هیچ بڵێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک دوکتوری بەش بە سەرسوڕمانەوە گوتی:
ئەوە کێ یە؟ چ دەکا لەسەر ئەو تەختەی؟
عەبە خێرا وەڵامی دایەوە:
ئەمەش بەشە تەختی منی بەرکەوتوە. من بەشی خۆمم داوەتێ. خۆ جەنابت ئیعتیڕازێکت نییە؟
دوکتورەکە:
خۆنابێ هەروا بێ پرس وڕا کابرای لەسەر تەختی کوتی، ئاخر نابێ نۆرەی لە بەرچاو بگری؟
عەبە دەمێک بو لە هەلێکی وا دەگەڕا کوڵی دڵی خۆی بڕێژێ:
نۆرە؟ ئێوەش نۆرەو ڕ یاوەتی دەزا نن. ئە گەر دەوڵەمە ندێک بوا یە، یا کاربەدەستێکی دەوڵەت لێت دەپرسی؟ تا ئێستا چەند کەستان بە نۆرە ذستوە؟ کەنگێ هەژارێکی قوڕبەسەرتان چارەسەر کردوە. بە چاوی خۆم دیومە دەیان دێهاتی هەژار بەڕێ کراوەتەوەو لە نیوەی ڕێ یە دا بێ دوکتور و دەرمان گیانی دەرچووە. با ئەمجاریش ئەمن ئەو نەخۆشە موستەحەقەی دامەزرێنم. باکەسێکی موستەحەقیش کەڵک لەو بیمارستانەی وەرگرێ، خۆ کابە کەچ نابێ.
دوکتورەکە کە زانی زۆری لەسەر بڕواگەندی دەردێ، دەستێکی لەسەر شانی داناو بە لەسەرخۆیی گوتی:
بابە ئەو هەمو توڕەییەی بۆ چی یە. هەر زوو بت گوتایە دۆستی منە. باشە بە خاتری تۆ با هەر لە جێگای خۆی بکەوێ. ئیدی بۆ خەریکی لێمان دەی بێ قەزابی. زووتر بت گوتایە ئاشنای منە.
عەبە:
ئەدی ئەگەر ئاشنای من نەبوایە؟ لە مێژ بو وەدەرتان نابو، وەنیە؟
دوکتور:
ئیدی ئەوە بە من و تۆ چاک نابێ، سیستمەکەمان وایە. ئێمەش گوێ لە مستی ئەو سیستمەین. جارێ لە وەی گەڕێ، شوکری خوای بکە نە خۆشەکەت دامەزراوە.
هیوا لە نەخۆشخانە مایەوە. هەرچەند وەزعی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو چاکتربونەوە دە چو، لە باری ڕوحیەوە هەر دەهات و خراپتر دەبو. کاتێک دەی بینی لە وێش



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک سەربازخانەیەک ڕەفتار دەکرێ. وەختێک بە چاوی خۆی ناڵە و هاواری هەژارانی لە بەر دەر گای نەخۆ شخانە دەدی، بە جار ێک ئاوری دەرو نی دادەگیر سا. هەمو ڕۆژێ شایدی پاڵە پە ستۆی هەژاران بو. لە بەر دەر گای نەخۆشخانە خۆیان مەڵۆز دەداو دەپاڕانەوە، دەردێکیان لێ دەر مان کەن. هیوا بەڕاستی لە گیانی خۆی بێزار بو. ژیان لە شار لە ژێر سێبەری داگیر کەرانی نیشتمان دا، قورستری دەنواند. ژیانی لادێ لە سەر شانی سوکتر بو. کار گێڕانی دەوڵەت و دەست و پێوەندەکانیان تەنیا جار و بار ڕوو یان لە دێهات دەکرد. ئینسان زۆر سەعاتی وای بەسەر دەبرد کە تێی دا ئازادی بەدی دەکرا. لە شار دایم دوژمنان بەبەردەمی دا دەهاتن و دەچون. خۆ نەخۆ شخانە هەر بۆ خۆی ناخۆش و دڵتەنگ کەرە. ئەو ڕۆژانە هێندەی دیکە ناخۆشی بەسەر شارەکان دا ڕژابو. لە گەڵ گەرم بوونی عەمەلیاتی دوژمن لە دژی پێشمەرگە، جار و بار هەواڵی شەهید بونی چەند قارەمانێک بڵاو دەبۆوە. ئەو هەواڵانەش مێشک و ڕوحی هیوایان ئازار دەدا.

ڕۆژێک عەبە زۆر بە ناڕەحەتی هاتەوە نەخۆ شخانە. هیوا لە دوورەوە هەستی بە شێواوی و ناڕەحەتی ئەو دەکرد. هەرچۆنێک بێ خۆی گەیاندێ وپرسی:

کاکە زۆر ناڕەحەت دیاری، چت لێ قەوماوە؟

عەبە:

جا چ ماوە بقەومێ براله. ئەوی ئەوڕۆ بە چاوی خۆم دیم. نازانم بۆ ئەو خوایە لەسەرمان وەجواب نایە. جارێ پێت بڵێم لە زوور بەی ناو چەکان دوژمن تینی هێناوە. لە پشتی (نستان)ێ دوو پێشمەرگەی قارەمان شەهید بون. حوسێن خاتون و لاوێکی دیکە. جەنازەکانیان هێنابو نە نێو بازاڕی دەیان گێڕان. یا خوا کاک هیوا...قسەکەی لە گەرووی گیرا. فرمێسک لە چاوەکانی هاتنەخوار و بەسەر ڕوومەتی دا شۆڕ بونەوە.

هیوا ڕەنگی وەک کاغەزی سپی ببو، قین گەروی دەگوشی و زۆر بە ڕقەوە ددانی لێک دەسون. دەستێکی بردە سەرشانی عەبەی:

کاکە کار لە پیاوان دەقەومن. بۆم بگێڕەوە بزانم چ بووە.

عەبە زۆر بە زەحمەت وە قسەهات:


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برا له ئەو شەهیدانەیان ... ڕووت و قوت کرد بۆوە. له سەر پشتی وانێتێکی سەربەتاڵ هێندێک کاو کۆتیان پێ وەرکرد بون. سەریان به لای پشتەوە دا ذستبون. باسکیان بڵاو به دوای وانێته کەدا هاتبو نه خوارێ. بروا بکه دەتگوت شەهید نەبون و بێهۆش کراون، چاویان دانەخرابو. بەڕۆیشتنی ماشێنەکه چاویان بەو ئاپۆرایەی دا دەگێڕاکەلەمبەر ئەوبەری خیابانێ خڕ ببونەوە. کاکەپیاو ئاوری تێ بەردەبو. ئەو جینایه تەیان بۆ تر ساندنی خەڵک دە کرد. بەڵام ڕوا ڵەتی مەزلومانەی ئەو شەهیدانە ڕقێکی پیرۆزی له دڵی ئەو خەڵکه دا دەچاند.

ژاندارمه و ساواکیی جینایەتکار له دەوری جەنازەکان سمێڵیان با دەدا. دەستیان هەتا ئانیشکان هەڵکردبو. دەتگوت قەسسابن، جار و بار ئەم دیو ئەودیو یان به جەنازەکان دەکرد. دەستێکیان هەڵدێناو به توندی فڕێیان دەدایەوە سەر سینگی جەنازەکەی. دەست لێرەش بەر بەرەکانی له گەڵ دە کردن. دیسان ووردە، ووردە دەخزاو به پشتی ماشێنەکەی دا شۆڕ دەبۆوە.

ژاندارمی جینایەتکار قەڵس دەبون. خەڵکەکه دەستیان به چاوانەوە دەگرتن و به هەنیسکان دوور دەکەوتنەوە. ژنەکانی دێهاتی کیتەڵه ماستەکانیان هەڵ دەگرت و به گریان شەقامی گەورەیان بەجێ دەهێشت. بڕوا بکه هەمو خەڵک به جارێک کوڵی گریانی هەستابو. هەردووکیان باوەشیان پێکدا کردو دانیشتن. چینێکی چاک گریان.

هیوا وەقسە هاتەوە:

جاوەره لەسەر خاکی خۆت، له جێ هەوارگەی باب و باپیر و دەیان پشت، بشت کوژن و ئاوا جەنازەشت به شەقامان دا بگێڕن. بێ حورمەتی به جەنازەشت بکەن. به ڕاستی شتێکی ناخۆشە، پەککو، ئەگەر تۆزقاڵێک غیرەتمان هەبێ، قەت ئەو ئەتکەمان له بیر ناچێتەوە. ئەوە سوکایەتیەکه به زیندوەکانمان دەکرێ. شەهیدەکان ئاگایان لێ نییە.

عەبە:

کاکه گیان لەکوێمانە. دەڵێن له مهاباد، بۆکان، سەقز، بانه و شارەکانی دیکەش شەهیدیان گێڕاون. له ناوچەی مهاباد و بۆکانێ سەید فەتاح و مه لا مەحمودی زەنگه نه شەهید بون، له گەڵ چوار، پێنج پێشمەرگەی دیکە. دەڵێن جەنازەکانیان له هەمو شارەکانی کوردستان دەگێڕن، بۆ چاوترسێنکردن. دەڵێن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانیش دێنە ئ ێرە دە یان گ ێڕن. گۆ یا گوتویا نە گۆنگەڵە کە لە ناو چەی سەردەشتێ ڕا دەستی پێ کردوە. قەراریان داوە هەرچی شەهید بو لە بازاڕی سەردەشتێ بیگێڕن.

ئەو هەر درێژەی دەدا بە قسەکانی و هیواش بەرەبەرە ووزەی لێ دەبڕا. بە تایبەت بە بیستنی ناوی سەید فەتاح بە جار ێک وو شک بو. ئەو بە چاوی خۆی سەید فەتاحی دیـ بو. دەیزا نی چ کەڵێ کە. هەروەها مە لا مەحمود لە و کۆبو نەوەی دوایی دا بۆ یان باس کرد بو، مەلا مەحمودی زەنگەنە چ شێرێکی ئازایە.

هـیوا ڕەنگی سپی هەڵگەڕا، د ڵی تێکەڵ هات و چاوی هەڵگەڕا نەوە. عەبە بە جار ێک تر سا. بە غاردان چو هێندێک ئاوی ساردی هێنا ، هـیوای بردە سەر دەست شۆرێک و ئاوی ساردی بەسەری دا کرد. تا بر ێک دەمارە کانی گشت کردنەوەو بە دڵسۆزیەوە تێی ڕاخوڕی:

هیوا ئەمن بە تەمابوم هەستی خۆت گورج کە یەوەو برۆی جێگای شەهیدەکان بگریەوە. نەیەڵی چەکە کانیان بکەوێتە عەرزی. ئەوە چ غیرەتێکە دەی نوێنی؟

هیوا تەکانێکی دایە خۆی:

کاکە عەبە گیان، برینەکە زۆر گەورەیە، زۆر گەورەیە. لەسەر خاکی خۆت هەر ڕۆژەی شێرێکت لە عەرزی دەدەن و بە ڕووت و قوتی بە شەقامەکان دا دەیان گێڕن. لەو دونیایەی دا زوڵمی زۆر دەکرێن. بەڵام زوڵمی وا گەورە لە کەس نەکراوە. بەوحا ڵەش قسەی تۆ ڕا ستە. بە غەم و پەژاران ڕ ێک نا یە. ئەمنیش چی دی لە سەر ئەو تەختەی خۆم سارد ناکەمەوە. لە سپەینێ زوو تر نیە. فەقەت یەک پیاوەتیم لە تۆ دەوێ. خەبەرێکم لە پێشمەرگەکانی لای خۆمان بۆ بزانە. لە مامۆستا و ئەوان.

عەبە فەوری وەدەر کەوت. وەک سەربازێک کە دەستوری فەرماندەکەی بەڕێوە بەرێ. بە خێرایی دەرکەکەی پێک دادا و ڕۆیشت. نە خۆشەکانی دەور و بەری هـیوا سەریان لە وەزعی ئەو دووا نە سوڕ مابو. هە ریە کەیان فاڵێکی لێدەدا. پیاوێکی پیری قۆشمە لە سەر تەختێکی ڕاکشابو. ناوی مام ساڵە بو. مام ساڵە کابرایەکی دنیا دیدە بو.

گەلێک سەرگوزەشتەی خۆی بۆ هیوا دەگێڕانەوە. هەمیشە باسی ئەو سەفەرە دوور و درێژانەی دەکرد کە بە وەلاغی بڕیونی. دەی گێڕاوە کە چۆن بە کاروانی گەورەی سەد وەلاغی وەڕێ کەوتون و بە ناوچەی سلێمانی ، قەرەداغ، سەنگاو، و بەعقوبەدا گەیشتونە بەغدا. لە وێوە بە کای خانەقین دا گەڕاونەوە بەرەو هەمەدان و پاش چەند مانگان بە بیجاڕ و سەقز دا گەراونەوە بەرەو مهاباد و سەردەشت. باسی دەکرد کە چۆن ڕووسان بە سۆغرەیان گرتوە و هەتا باکۆ بردویانە. ساڵێکی تەواوی پێ چووە تا گەڕاوەتەوە. لە ماڵێ تازیەیان بۆ داناوە. مام ساڵح دەیگوت هەتا ئێستا چەند جار مردوەو زیندو بوەتەوە.

جار و بار قسەی زۆر خۆسی تێکەڵ بە سەرگوزەشتەکانی دەکرد.دەیگوت بە عومری خۆم قەت گیر فانم لە مێوژ و گوێز و نو قڵ و نەبات بەتاڵ نەبوە.گیرفانم دایم وەک شەکیلەی شیلەدار بووە، ئێستاش هەروایە، تەماشای کە. دەیگوت بە عومری خۆم بێ دڵی خۆم نەکردوە. ئێستاش حەز لێ کردوویە دەکەم، هەر بەچاوان. وەختێک دەگەیشتە ئێرە ئاخێکی قووڵی هەڵدەکێشا. ئاخەکەی لە ئی بێ مرادان دەچو.

ئەو ڕۆژە ئەویش زەوقی نەمابو. مام ساڵح دۆش دامابو. چاوی دە هیواوە بڕیبون و خەفەتی لە سەر تا پای دەباری. ئەویش هەستی بە ناخۆشیەک کردبو، رووی لە هیوا کرد و گوتی:

کوڕی خۆم ئەوڕۆ زۆر بێ کەیف دیاری. ئەمنیش هەر لە خۆرا بێ تاقەتم. ئەگەر چاو لە عاسمانێ دەکەم، دەزانم شتێکی زۆر ناخۆش ڕووی داوە. ئەمن تەجرەبەم هەیە. تەماشا عاسمان نێوچاوانی تێک ناوەو بە ئاشکرا دەگری. چاو لێ کە دوکەڵی هەناسەی عاسمانێ شۆڕبوەتەوە سەر عەرزی. خەریکە تاریکایی دادێنێ. ئەوە حاڵەتی سەرو بەندی زوڵمێکی گەورەیە. دەزانم زوڵمێکی گەورە کراوە. جانازانم چییە. نازانم عەبە چ خەبەرێکی ناخۆشی پێ گەیاندوی.

هیوا نەی وێست ئەو پیاوە بە ساڵداچوە زۆر ترتوشی ناڕەحەتی بکا. ڕاستییەکەی پێ نەگوت. هیچ نەبو مامە، شتێکی ....بۆی تەواو نەکرا. کوڵی دڵی هەستاو گریانی هات، خۆی لە مام ساڵح دوورخستەوە.

لە ژووری نەخۆشخانە ئۆقرەی نەگرت. هاتە حەساری و لە بن سێبەری سپیدارێک دانیشت. کۆمەڵێک ژنی دێهاتی لە بەر دەروازەی نەخۆشخانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەڕێی نۆرەی هاتنه ژوریان دەکرد. هەمویان بە تێکڕایی لە بەرخۆیانەوە دەگریان. جار و بار دەسرەیەکی کودەریان دەردێناو چاوی خۆیان پێ دەسڕی. یەکیان لە سەرخۆ لەوی تەنیشتی کوتا و شتێکی لێ پرسی. ئەویش سەرێکی ڕاوەشاند و هەردووک دەستی بەرەو عاسمان بڵیند کردن. ئەوانی دیکەش وێکڕا دەستیان بەرەو عاسمان بڵیند کردن و لێویان دەبزاوتن. هیوا لە جێی خۆی هەستا و چۆ بەردەمی دەروازەی. ویستی بچێتە دەرێ نێو ژنەکان، کە لە پشتەوەڕا هەردووک شانیان گرتن و بە توندی بەرەو دواوە ڕایان کێشایەوە. دوو پاسەوانی نەخۆشخانە بون. بە توندی بەسەریان دا نەڕاند:

پێت وایە شاری بێ دەروازەیە بە کەیفی خۆت بچیە دەرێ و بێیەوە ژووری؟

هیوا:

یەکێک لەو ژنانە خزمی منە پێم خۆش بو ئەحواڵێکی بپرسم.

پاسەوان:

ئەو دەتوانێ لە وەختی چاوپێکەوتن دا (ملاقات) دا بێتە لای تۆ.

هیوا:

هەزار و یەک بەدبەختی هەیە، ناتوانێ هەتا ئێوارێ ڕاوەستێ، دەبێ بگەڕێتەوە دێی.

پاسەوان:

تەنیا چەند دەقیقە دەتوانی قسەی لە گەڵ بکەی، ئەگەر کارێکت پێ یە. هەر لەو دیوەی ڕا نەچیە دەرێ.

هیوا:

مەمنون کاکە، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

خێرا خۆی گەیاندە بن دەروازەی و بانگێکی لە ژنەکان کرد:

توخوا یەککتان هەتا ئێرە بێ.

یەکێک لە پاسەوانەکان لە سەرخۆ وەدوای کەوتبو . لە پشت سەریەوە ڕاوەستابو.

ژنێکی بە خۆوەی دەم و چاو خڕ و چاو گەورە هاتە پێش. ئەوەندەی دەم و چاوی خۆی ڕنیبۆوە، خەت خەتی کردبو.

هیوا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پورێ گیان بۆ هەموتان نارِەحەتن و دەگرین؟
ژنەکە:
هەر ئیشارەی دەداو بە برۆیان لە هیوای دەگەیاند کە ناتوانێ قسان بکا.
ئیشارەی دەدا کە ئاورِ بداتەوە پشت خۆی.
پاسەوان هاتە پێش، دەستێکی بە لای زاری خۆیەوە ناو لە سەرخۆ:
ئەمنیش کوردم مەترسە دایە گیان. دەزانم ئەو کاکە شم بۆ نارِەحەتە. چ قەوماوە و بۆ لە خۆتان دەدەن، پێمان بڵێ. مەترسە با تەپلەشم لەسەر بێ، دڵم هەر کوردە.
ژنەکە هێندەی تر کوڵی گریانی هەستا. تاوێک لە سەرخۆ کوڵی، پاشان بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:
رِۆڵەگیان دوور لە بالآتان، جەنازەی دوو جحێڵی وەک ئێوەیان بە رِووت و قوتی بە بازارِی دا دەگێرِا. پاش کوشتنیش دەستیان لێ هەڵ نەدەگرتن. دایکەکەیان کوێر بێ دەڵێن زۆر پێشمەرگە شەهید کراون. دەڵێن بە شارەکان دا دەیان گێرِن. کوێر بم دەڵێن رِێی ئەو دیویشیان لێ گیراوە. دەڵێن پێشمەرگەکانی وێ قەولیان بە شای داوە لای پشتەوەیان لێ بتەنن. دەڵێن بارزانی لێیان قەڵسە. گوتویەتی بەبێ ئیزنی من لە ئێرانێ دەستیان پێ کردوە.
رِۆڵە دەڵێن حوکمەت لشکرێکی زۆریان دەباتە سەرێ. دەڵێن لە لای رِەزایەی جاشان دێنێ. بە خوای کەسیان دەر ناچێ دایکیان بمرێ. دەربازبونیان نییە. خۆزگە لە جێیەکی خۆیان حەشار بدایە. کوا چیان لە گەڵ ئەو زاڵمەی پێ دەکرێ.
هیوا لە پرِمەی گریانی دا. پاسەوان دەستێکی لە سەر شانی دانا:
کاکە خۆت رِاگرە با ئەو عەجەمە سەگبابە تێمان نەگا. بێ دەنگ بگەرِێوە جێگای خۆت، ئەمنیش دێم سەرت دەدەم. دایەگیان ئەتۆش بچۆوە نێو دایکەکانی دیکە.
یەکێک دەفتەرێکی بەدەستەوە بو. هەرناوی دەخوێندنەوەو ژن و پیاو و مندالّ ولاو دەچونە ژوورێ. لە نکاو ناوی ئەو ژنەشی خوێندەوە، ئەویش رِۆیشتە ژوورێ. هیوا ئارامی لێ هەڵگیرابو. هەمو رِۆژێ هەواڵی ناخۆشی پێ دەگەیشت. شەوانە لەسەر تەختەکەی هەتا لای بەیانی جینگڵی دەدان. برینەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاک ببو نەوەو کف تی لە شی دەرچو بو. بەڵام زۆر لاواز بو. پەرا سوەکانی دەژمێردران. لەگەڵ پاسەوان ببو نە هاواڵێکی باش. پاسەوان ناوی حوسێن بو. هەتا بڵێی کوڕێکی باش و دڵپاک بو. زۆر جار لەوەی کە بوەتە پاسەوانیش پە شیمانی دەردە بڕی. دەی گوت هەر نەبێ جل و بەرگمان لە ژاندار مە خوێنمژەکان دەچێ. دەیگوت ئاواتم ئەوەیە ئەو جلە پیسانە فڕێ دەم ڕۆژێک لە ڕۆژان شانازی ئەوەم دەسکەوێ جلی پێشمەرگانە لەبەر کەم. هەرچەندە نەی دەزانی کە هیوا پەیوەندی بە حیزب و پێشمەرگەکانەوە هەیە، بەڵام دڵنیا بو لە دڵسۆزی و پاکی ئەو. بۆیە گرێی دڵی خۆی لە لا دەکردەوە.

لای ئێوارە عە بە ها تەوە نەخۆ شخانە. زۆر شەکەت د یار بو. هەروابزا نە سێ ڕۆژان ڕێگای پێوابو. هێندە توڕە بو لێوی دەلەرزین و قسەی بۆ نەدەکرا. هیوا زا نی کارە ساتەکە ناخۆ شتریش بووە. وەک فە نەر دە چۆوە سەریەک. تەکانی دەدا خۆی تا بتوانێ پرسیارەکانی بکا، زۆر بە زەحمەت زاری بۆ هەڵپچڕا:

کاکە گیان هەرچی ڕووی داوە بیڵێ. دەردی بۆخۆت ئەو ڕۆژەی گوتت، کار بە گریان و خەمان پێک نایە. چت بیستوە باسی بکە.

لێوە کانی عە بە زۆر تر وە لەرزین کەوتن. ددا نی ڕ ێک دا دەدان وەک تەبێکی تو ندی گرتبێ، شەقەی ددا نی دە هات. ئاخری لە پڕ مەی گر یانی داو خۆی بەسەر لاقەکانی هیوا دا دا. ئاخر چۆن نەگریم، دەڵێن شەریفزادەش لە ناو چەی بانە شەهید کراوە. دەڵێن چوار پێشمەرگەی دیکەش لە گەڵی شەهید بون. یەکیان عەلی عەولا کۆڵیە. لێرە بو، ڕفیق بوین. دو کانی خەیاتی هەبو. هێندە کوڕی چاک بو هەموکەس خۆشی دەویست. لە نکاو گوتیان دو کانی فرۆ شتوەو دیار نییە. ئاخری دەرکەوت بوەتە پێشمەرگە. دایکێکی هەبو، پورە زارا، بە تەنێ بە جێی هێشتبو. خوشکەکەی لێرە بە شودا. دایکەکەی ئێستا بە تەنێ ماوەتەوە، دایکی شەهید بە تاقی تەنێ یە.

هیوا وەک مەنجەڵی لە بەر خۆیەوە دەکوڵی. بەڵام دەنگی لێ نەدەهێنا. پاشان تاقەتی وەبەر خۆی ناو پرسی:

ئەو خەبەرەت لە کوێ زانیوە. ئەوە چۆن قەوماوە، ئەو بێ بەختیە گەورەیە چۆن قەوماوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاکە گیان بۆ پێتوایە ئەو خەبەرانە وون دەبن. بچۆ نێو بازاڕی هەموکەس باسی پێشمەرگان و حکومەت دەکا. حکومەت هێرشی تەواو دڕندەی دەست پێ کردوە. لە تەواوی ئەو ناوچانەی پێشمەرگەی تێدایە گروهی زەڕبەت وەڕێ کەوتون. جاش و جاسو سیان گەلێک درو ست کردون. لەو ڕۆژا نە دا پێشمەرگەکانی خۆمان ، ئی ناوچەی خۆمان دوو جاسوسیان گرتون کە بە ناوی سەید گەڕاون. هەردووکیان ناردو نە جەهە ندەمێ. دە ڵێن مە سەلەی شەهیدبونی شەریفزادەش خائینێک بوە تە باعیس. کوێخا شەریف کە لەگەڵ خۆی بووە، پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەبوە. ڕۆژێک خۆی لێ وون کردوون. ئاخرەکەی لە (دارێنە) ی ناوچەی بانە ژاندارم و ئەڕتەشی وەسەر گێراون. ئەوە عەولا ڕەش باسی کردوە. عەولا ڕەش پێشمەرگەی خۆی، کەلە شەڕەکەی بە سەلامەتی دەرچوە. گۆیا عەولا مەجبور بووە بە بن ئاوێ دا مە سافەتێک بە نێو چۆمی دا بە مەلە بێتە خوارێ. دەنا دەر نەدەچو. چەند پێشمەرگەیەک کە دەرچون، هەریەکەی بە لایەک داو بە شێوەیەک دەرچون. عەولاش گەیوەتەوە نێو پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشتێ. مامۆستا و ئەوانیش زۆر لە خەتەر دان. دەڵێن وەک ئاڵەتی بەدوایان دا دەگەڕێن. جاسوسیان لێ وەخۆ خستون.

هیوا گرژ ببو. دەمارەکانی هەستابون، چاوەکانی دەترو سکان و غیرەت مووەکانی هەستاندبون. مووەکانی ڕاست ببونەوە. دەتگوت جشکە لە هەمو لەشیەوە نوکی تیژ هاتبونە دەرێ.

هەر لەو قسانەدا بون، حوسێنی پاسەوان بە هەڵە داوان هات. ڕەنگی بە ڕوانەوە نەمابو، سپی هەڵگەڕابو. لە دوورەوە هەردەستی ڕادەوەشاند و هیوای لە مەترسیەک ئاگادار دەکرد. کە گەیشتە بەردەم تەختەکەی گوتی:

هەرچی زووتر بە کەلێنێکی دا هەڵێ. ساواک بە دوات دا دەگەڕێ. دوو کەس هاتونە بیمارستانی ئاگام لێ بو لە ژووری مودیری هاتنە دەر. باسی کەسێکی وەک تۆیان دەکرد کە گۆیا لێرە کەوتوە. دەیان گوت دەمان هەوێ چەند پرسیارێکی لێ بکەین. ئێستا چونە ژووری دەفتەرداری. بزانن کەسێکی وا لە کوێیە و لە چ ژوورێکە. هەستە وەڕێ کەوە.

عەبە وەک فەنەرێک هەستێتەوە، هەستایەوە. جا چۆنی دەر باز کەین. ئێستا دەروازەکانیان ئاگادار کردوە. ئەتۆش لە وێ نی. نۆرەی مەمە داغایە، ئەویش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسەی لە گەڵ نایە. هیوا بۆ خۆی بڕوا دەیگرن. ڕاوەستە فکرێلم کردوەتەوە. ئەمن دەچم ئامبۆلانسی دێنم. ئەتۆش خۆت حازر کە و خێرا خۆت لە بن تەختی ئامبۆلانسەکەی ڕا کە. هیوا بە پە لە خۆی گورج کردەوە. خۆی گەیاندە کاڕێژەکەی و چو لە بن تەختی ئامبۆلانسەکەیەوە. عەبە ئامبۆلانسی لێ خوڕی و هاتنە دەرێ. لە نێو سپیدارەکانی گەڕەکی ئاشان هیوا دابەزی. خواحافیزی لە عەبە کرد و بە خێرایی چو دەنێو پۆلە سپیدارەکەوە. لە دوورەوە بانگی کرد: دەچم چەکی شەهیدێک هەڵدەگرمەوە. نایەڵم بکەوێتە عەرزی.

-----



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پاژی هەشتەم

بەهار بەرەبەرە پیر دەبو. گژو گیا ڕەنگی مردوویان لێ نیشتبو. لە هەمو لایەک بۆنی مەرگ دە هات. بەهاری ئەم ساڵ بە گێژەڵو کە دە ستی پێ کرد بو و خەریک بو بە تۆفانێکی ماڵوێرانکەر کۆتایی بێ. ڕۆژ نەبو گوڵی هیوای لاوێک پەڕپەڕ نەبێ. هاڵاوی هەناسەی دوندەکان، لە گەڵ گرفەی گێژەڵوو کە بەرەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆڵ و پێدە شتەکان لول دە بو. هەنا سەیەک کە بۆچرووکی لێ دە هات. هەناسەی دڵانی بریندار کە ووردە ووردە لە سەر لوتکەی چیا کانی کورد ستان، بە دنیایەک ئارەزووەوە لە لێدان دەکەوت.

هیوا شەکەت و ماندو بە نێو پوش و پەلاشی دوایین ڕۆژە کانی بە هاردا، بە هەڵەداوان دەڕۆیشت. تەمی غەم و پەژارەی ڕۆژەکانی تێشکان بە نێو چاوانیەوە دیار بو. لەشی لاواز و بێ توانای لە داوەڵێک دەچو. بە پۆل چوێلە کەو کۆتر لە بەر پێیانی هەڵدەفڕین. وا لە دەریای بیرەوەریە تاڵەکانی ئەو سەردەمەدا نوقم ببو، کە تەنانەت ئاگای لێ نەبو بەرەو کوێ دەڕوا. هەر ئەوەندە بو لاقەکانی ڕێگای خۆیان دەزانی. نو سەکە و چەقڵە شینکە لە لاق و لە تەری هاڵابون و بە دوای دا دەخشان. دیمەنی ئینسانێکی تەواو لە خۆ بڕاو و لە دنیا دا براوی بەخۆیەوە گرتبو.

لەو کاتیەوە کە لە نەخۆشخانە رای کردبو، تەنیا یەک جار لە ماڵێک لای دابو و نان و دۆیەکی خواردبو. لای ئێوارەی ڕۆژی دوایی بو کە گەیشتە دێبەرەکانی بەرماڵان لەو گوندەی کە حوجرە کەیانی لێ بو. کۆ مەڵێک کیژۆڵەی ئاوایی لە لاباسکێک نۆکیان دەڕنیەوە. هیوا چاوی پێ کەوتن و تیشکی ئەوین سەرنجی پێ دایە نێو کۆمەڵی کچان و دڵدارەکەی پێ بەدی کرد. مامز لە نێو کچەکان دابو. لەنگان، لەنگان لێیان نیزیک بۆوە. لە دوورەوە کەس نەی دەناسیەوە. بەڵام کاتێک کەو تە نێو یان هەمو بە جارێک حەپە سان. دە سکە نۆکیان لە دە ستان کەوتنەخوار و بە سەری خۆ یان دادا. ئەی ڕۆ ئەویش پێوە دە بێ. هەی هاوار چۆنی دەرباز کەین. هەی بۆ خاتری خوا با فریای کەوین. مامز بە هەڵەداوان گەیشتە بەردەمی و تێیەوە ڕاما. چاوەکانی دەستیان کرد بە پرتە پرت. دەتگوت چرا فتیلەی دێهاتیە هەژارەکانەو نەوتی لێ بڕاوە. چاوە کانی مامز بە ئەندازەیەک گریابون نوریان پێوە نەمابو. ئەو گەشیەی جارانیان نەمابو. دەوری چاوە کانی سور ببون، مژۆ ڵی سەریان لە بەر خۆ نابۆوە. بەڵام غەمزەی دڵدارکوژیان هەر پێوە مابو. بە تەوای لە هیوا نیزیک کەوتەوە. بێ ئەوەی گوێ بداتە دەور و بەر ڕا ست سینگی بە سینگیەوە نا، هەروابزانە ئەوینی خۆی ڕادەگەیەنێ و چیدی نایشارێتەوە، بە ئاشکرایی خۆشەویستی ڕاگەیاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاک بەسەرم بۆ هاتویەوە ئێرە؟ ئەوە چەند ڕۆژە ژاندارم و ساواک دەوری گوندی بەرنادەن. بە دوا ئێوە دا دەگەڕێن. فەقێکان هەمو هەڵاتون. شوکری خوای کەسیان پێوە نەبون. دەڵێن ناردویانەتە نەخۆشخانەی لەوێ ئەتۆ بگرن. ئەی هاوار بەماڵم چەند لاواز بوی. دەزانم ئەو خەبەرە ناخۆشانە کۆڵەواریان کردوی. خەڵکیش هەمو وەک تۆ نارە حەتن. هەمو عا لەم تاز یەبارە بۆ شەهیدەکان.

ڕووی لە کچەکان کرد:

کچینە دەبێ بیشارینەوە. نەکا یەکێکتان لە نێو دێی باسی بکەن. هەر لێرە لە سەر موچەی لە بن ئەو کەپرەی دەبێ، بە دزی نان و چای بۆ دێنین. هەتا برێک دێتەوە سەرخۆ و دەڕوا بۆ نێو هاواڵەکانی.

هیوا هیچ قسەی بۆ نەدەکرا. دەستی بەر ببونەوەو پشتی کەمێک کۆمابۆوە. دەساڵ پیرتری دەنواند. مامز دەستی گرت و بردی لە بن کەپرەکەی دانا. هیوا چاوێکی تێوە بڕی، زاری هەڵپچڕاو گوتی:

ئەوینی تۆو نیشتمان نەبوایە لە مێژ بو دیقم کردبو. هەر لە نەخۆشخانە دیقم کردبو. مامز بە جارێک دڵی کولا، تێبینی لە بیر چۆوە، باوەشی پێدا کرد و ئێر و پڕ ماچی کرد. پاشان دەستیان لە ئەستۆی یەکتر کرد و تاوێک گریان. مامز وەک ئاسک لە باوەشی هیوا دەرپەڕی، وەک کەروێشکێکی سڵ. بالەکانی هیوا بە ئاواڵەیی مابونەوە. کچەکانی دیکە لەو کەین و بەینەی گەیشتن. عیشقی مامز تەقیەوەو زمانە و زمان گەڕا. بەرە بەری ئێوارێ کچەکان بە پۆل بەرەو گوندی گەڕانەوە. ئەو ڕۆژە هەرەوەزی ماڵی مامز بو. ئەو کچانە هەمو هاتبون یارمەتی مامز بدەن لە کۆکردنەوەی پەڵە نۆکەکەیان دا. زوور بەی کارە کشت و کاڵیەکانی کوردستان بەم جۆرە دەکران. هەرەوەزی جووتکردن، هەرەوەزی دروێنە کردن، هەرەوەزی، بژارکردن، هەرەوەزی توتن چەقاندن، توتن لێوەکردن، توتن پێوەکردن، هەرەوەزی گەڵ بڕین و زۆر هەرەوەزی دیکە. بوخچە و هەمبانە و دۆدانە و کەتری و قاپ و قاچاغیان لە نێو خورجێن ناو بە پشتی کەرێکیان دادا. هەمویان بە پۆل بە دوای کەرەکەدا بەرەو ئاوایی سەرکەوتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاریکایی داهاتبو کە مامز لە گەڵ کچێکی دیکە بە ناوی گوڵێ بە خۆ و کۆڵە پشتێک نان و پێخۆر و لێفە یەک و سەرینێکەوە هاتنەوە. هیوا وەک بێهۆ شان لەوێ لە بن کەپرەکەی نوستبو. لە سەر خۆ وەخەبەریان هێنا. شتەکانیان بۆ دانا و گوڵێ بە ئانقەست بە جێی هێشتن. مامز دەستێکی هاویشتە سەر شانی و تێر بۆنی سەر مل و شانی کرد. پاشان گوتی:

پارویێک نان و چا بخۆ و برێک بحەسێوە، ئەمن دەچم برێک شتومەکی خۆم دێنم. پاشان پێکەوە دەڕۆین. دەچینە نێو پێشمەرگەکان. دەزانم ئەتۆ هەر ئەو ڕێگایەی دەگری. ئەمنیش بەبێ تۆ ژیانم ناوێ. یان پێکەوە دەژین، یان پێکەوە دەمرین.

هیوا سەرێکی هەڵبڕی. مامزی بە هەموو هێزی خۆی لە باوەش گرت. هەناسەیەکی قووڵی هەلکێشاو گوتی:

گیانەکەم، لە دوای ئەو ڕێگا پیرۆزەی خۆشەویستترین شتی سەر دنیا ئەتۆی. بۆخۆشم نازانم چۆن لە دووری تۆ دەتوانم پێشمەرگە بم. بەڵام ڕۆژی هاتنی تۆ نییە. پێشمەرگەکان هەر ڕۆژەی لە جێگایەکن. قەت ناتوانن دوو ڕۆژ لە شوێنێکی بمێننەوە. دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی هێناوە. جگای ئەمین لە و کوردستانەی دا نەماوە. تەنیا کچێکی وەشاخی کەوتبێ ئەتۆ دەبی. چۆن دەتوانی بەو حاڵەی رابوێری. جگە لەوەش نامهەوێ لە کەس و کاری خۆت دەربەدەر بی. نامهەوێ پێت بڵێن ڕەدوکەوت. پێم خۆش نییە گەردت لێ بنیشێ. ئەمن دەڕۆمە نێو پێشمەرگەکان، ئەتۆش وەدوای ژیانی خۆت کەوە خوا چارەنوسی ئێمەی وا داناوە.

مامز تورەبو:

نەم دەزانی هێندە ترسەنۆکی. پێم وابو لە هیچ کەس ناترسی. دەزانم لەبەر باب و براکانم ناوێری. مادام هێندە بێ دەسەڵاتی ئەوا ڕۆیشتم. بەڵام ئەوەی بزانە زیندو نامێنم. ئەوان دەیانهەوێ بم دەن بەو کابرایەی، ئەمنیش خۆم دەکوژم و نای کەم.

هیوا هەستایە سەرپێ و دەستێکی بەسەری دا هێنا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامز گیان نارەحەت مەبە. با بچم جاریَ لە گەڵ پێشمەرگەکان قسان بکەم. بزانم ڕێیەکمان نیشان دەدەن. ئەگەر ساغ بومەوە دێمەوە بە دوات دا، غەمت نەبیَ دێمەوە.

مامز ڕەنگی تێگەڕایەوەو کوڵمەکانی سور بونەوە:

دەباشە ئەمن چاوەڕێی تۆم. جاریَ بە خوات دەسپێرم.

بە گورجی گەڕایەوە بۆ ئاوایی.

بەیانی زوو وەڕیَ کەوت. بەڕێگای دارستان دا. دارەکان سێبەریان خۆش ببو. جارو بار بە هەنا سەبایەک لێک دەخشان. ئەو لێک خشانە جۆرە ئاوازێکی درو ست دە کرد. ئاوازە کە بەسەراز سەری دار ستانەکەدا دە گەڕا. ئە گەر ژمارەیەکی زۆریش ئینسان بەویَ دا تێپەڕینایە، ئەو ئاوازە هەر درو ست دە بو. هی شتێک لەوە خۆ شتر نیە هاوینان لە سێبەری دارێکی پڕ گەڵا دا ماندوویی خۆت دەرکەی. بە مەرجێک ئەو دارە پڕ گەڵایە لە نێو دارستانەکانی کوردستان بیَ. بەو مەرجەی بە قەدپاڵەکانی چیاکانەوە هەڵکەوتبیَ و سروەی فێنکی زۆزان لێی بدا. پیاو هە ست دە کا ڕوحیشی دەحە سێتەوە. بە تایبەت کە لە نێو پەلکەکانی ڕا ئا سمانی شین و بیَ گەرد دەبینی. ئا سمانی درەو شاوەی کوردستان. وەختێک هەناسەی هەڵدەمژی هەست بە زیندوبونەوە دەکەی لەو هەوا ساف و بێگەردەی.

هیوا لەبن دارێک دانیشتبو بحەسێتەوە. هەستی بە لەشسوکی دەکرد. وەک ئەو کۆترا نەی بە سەر سەریەوە هەڵدەفڕین دەیوی ست هەڵفڕیَ. زوو خۆی بگەیەنێتەوە هاواڵەکانی. لە دوورەوە جاوی لیَ بو کابرایەک بە ڕێگاکەدا دەهات. هەر چەپۆکی بە سەری خۆی دا دەدان و شیوەنی دە کرد. هیوا دڵی داخورپا، دیسان غەم وپەژارە بەسەری دا بارینەوە. دڵی خەبەری دا کە بیَ و نەبیَ شتێک بەسەر پێشمەرگەکان هاتوە. دیسان بەسەرهاتێکی تاڵ قەوماوە. کابرا بەرە بەرە نیزیک دە بۆوە. حاڵەتێکی زۆر شپرزەی هەبو. جامەدانەکەی لە ملی کەوتبو. هەردە ستەی بە لا یەکی دا کەوتبون و زۆر بە شل و شەوێقی بە ڕێگا دا دەڕۆیشت و دەگریا. ئێستا بەرەبەرە قسەکانی دەبیستران. هەی ڕۆ، بۆ ئێمەی هەژار ڕۆ، بۆ ئێمەی توتنەوان و شوان ڕۆ. پشتمان شکا، پشتیوانمان لەدەست دا. هەی ڕۆ برا ڕۆ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا هەستا و بە پیریەوە چو.
کاکە چت لێقەوماوە؟ برالە دەبێ خۆت ڕاگری. براشت مردبێ دەبێ قەوەت بدەیە خۆت، بە شیوەن و گریان هیچ ناکرێ.
کابرا سەرێکی هەڵبڕی و چاوێکی لە هیوا کرد. هەردوک باڵی لێک کردنەوەو شالاوی بەرەو هیوا هێنا. ئەو هەندێک ترسا و کشایەوە دوایە. شێت نەبێ؟
کابرا کۆڵی نەدا و باوەشی بە هیوادا کرد:
ئای کاکە هیوا خۆم لێ نەناس مەکە دەت ناسمەوە، پشتمان شکا کاکە، پشتمان شکا. ئەتۆش ئەو خەبەرەی بزانی لە من خراپتر دەکەی. پشتمان شکا و چمان بۆ نەما برالە. چۆن نەگریم.
هیوا سڵی کردەوە:
ئەتۆ ئەمن لە کوێ دەناسی کاکە. چت لێ قەوماوە براکەم، دە بڵێ دڵی منت داخورپاند.
کابرا بە گریانەوە:
دەتناسم، دەزانم حیزبی. ئەتۆ لە گەڵ مەلا خدری هاتویە ماڵی من. ئەو کاتەی قەرار بو کۆنفرانس بگرین، دوایە تێکچو.
هیوا بە دەنگی ڕا و بە قسەکانی ناسیەوە:
کاک بایز ئەتۆی؟ دەبڵێ بزانم چ ڕووی داوە، دڵم تۆقی برالە.
کاک هیوا جا چ ڕوو بدا لەوەی خراپتر. مامۆستا گیرا. مامۆستا ئاوارە بە خۆو سێ پێ شمەرگەوە لە (د یوالان) گیرا. پشتیوانەکەی هەژاران بە تەڵەی دوژمنانەوە بو. کەوە بێ سفەتەکان بانگیان کردە سەر راوگەی و بۆ دوژمنیان کردە نیشانە.
هیوا هیچ قسەی بۆ نەکرا. دەستی شل بونەوەو بە لادا هات. ئێستا کاک بایز دەبو دڵخۆشی ئەو بداتەوە. دەستی بە سەری هیوای دا دێناو بە سەری دا دەگریا. ئەو باشتر بو گریانی دەهات. زۆر باش دەیتوانی کوڵی دڵی خۆی بڕێژێ. هیوا زۆرتر دەی خواردەوە و کەمتر گریانی دەهات. پاش ماوەیەک بە نیوە بێهۆشی زمانی گەڕا:
باشە ئەوە چۆن قەوماوە، ئەو کارەساتە گەورەیە چۆن قەوماوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڵێن مامۆستا و هاوڕێکانی دەرمان داو کراون، گۆیا دەستی برایماغای تێدابوە.
ئەوانەی دیویانن دەڵێن هیچیان هۆشیان لە سەرخۆ نەبوە. دەرمان داو کراون.
بۆیە کار لە کار ترازاوە.
لە دیوالان را وەلامیان داوەتە مامۆستای کە بچێت بە کێشەی نێوان چەند کەسێک ڕابگا. وەختێک گەیوەتە وێ بە خۆو سێ پێشمەرگەوە چووەتە ماڵی کوێخا حەسەنی. پاش قسەکردن لە گەڵ خەڵکەکەی لە ئکاو دەوری تەواوی ئاوایی دراوە بە ژاندارم و سەرباز و جاش. دەوری ئەو ژوورەش دراوە کە ئەوی تێدا بووەو تەنراوە. فەوری هێلیکۆپتەر لە سەردەشتێ ڕا وەڕێ کەوتون.
گۆیا پێشمەرگەکانی دیکەش کەلە سورە دێ بون زانیویانە و گۆیا بە بە قسەی خۆ یان بەهاوارێ شیانەوە چون. کەچی پاش هێ ندێک تە قەی دووراو دوور گەراو نەوە. بۆ داپۆشینی هەلاتنەکەی خۆیان وایان بلاو کردوەتەوە کە گۆیا دەبێ پەیامی مامۆستایان پێ گەیبێ کە تازە فایدەی نیە و ئەو ڕزگار بونی ناکرێ، با ئەوانیش پێوە نەبن با بڕۆن.
هیوا هێندەی دیکە توڕە بو. چاوی دەرپەڕین و موی لەشی ڕاست بونەوە.
یەعنی پێشیان زانیوە و بە جێیان هێشتوە؟ وەڵلاهی یەکیان غیرەتیان نەبوە. دەنا چۆن دەستبەردار دەبون. تەنانەت ئەو هەروەلامێکیشی دابێ و هەرچی گوتبێ ئاقلانە نییە لە وەختی وادا بە جێی بێڵی. پیاو کەسێکی وای لێ لە داوێ بکەوێ چۆن هەروا بە هاسانی دەستی لێ هەڵدەگرێ. بەڕاستی هەڵەیەکی گەورەیان کردوە. ئەمن پێموا یە ئەو داستانەیان هەر بۆ یە ساز کردوە،چونکە هیچ وەلامێکیان نیە بۆ ئەوەی کە زانیویانە لە داو کەوتوە ، لێشی نیزیک بون، کەچی هیچ دیفاعێکیان لێ نەکردوەو بەجێیان هێشتوە.
بایز:
براله تازە کار لە کار ترازاوە.
هیوا:
ڕاستە، بەلام بۆخۆشی و چەند کەسی دیکەشی تێدا شەهید بونایە چاکتر بو لەوەی کە ئەو بە زیندوویی بکەوێتە دەست دوژمن. نەدەبو دەست لە تەقەی هەڵگرن و بە جێی بێڵن.
بایز:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

براله کێ دەڵێ پێیان وانەبوە، بەڵکو مامۆستا بتوانێ بەدیوار بڕین و شتی وا بەبێ دەنگی خۆی دەرباز بکا. ڕەنگە ئومێدێکی وایان هەبوبێ. دەنا چۆن؟

هیوا:

هەرچی بێ تازە پشتمان شکا و کەلێنێکی گەورەمان تێ کەوت کە پێم وانیە قەت بۆ مان پڕ بێتەوە. بەوحا ڵەش ئەمن دەڕۆم برا لە، دەچمە نێو پێشمەرگەکان، بەڵکو بتوانم کەلێنێکی بچوک پڕ بکەمەوە. ئەمن دەڕۆم براله خوا حافیز.

بایز:

ڕاوەستە ئەمنیش دێم. بڕیارم داوە ئەمنیش چەک هەڵگرم و ببمە پێشمەرگە. بە غەمان پێک نایە.

بەلابەلای باسکێکی دا ڕۆیشتن. پاشان بە نێو دێی (شاتمان)ی دا بە رەو گوندی (واوان) چون. دێهاتیەکان هەمو مات بون. ژنەکان لە بەر دەرگایان دانیشتبون و دەگریان. تازیەی گشتی باڵی بەسەر ئاوایی یەکانی ئەو ناوچەیەدا کێشابو. هەمو خەڵک بە وورد و درشتەوە غەمبار بون. بە تایبەت هەژاران و زەحمەتکێشانی گوندەکان هێندەی تر ڕەنگی مردویان گرتبو. توتنەوانەکان پێمەڕەیان فڕێ دابو. پەڵە توتنەکان زەردهەڵگەڕابون، چونکە چەند ڕۆژ بو پاراو نەکرابون. بایز وهیوا هەتا ئاوایی (وەڵیو) لایان نەدا، شەکەت و ماندو ببون. سەریان دەسوڕا و نەیان دەزانی لە کوێ پێشمەرگەکان پەیدا کەن. بایز رووی لە هیوا کرد:

کاک هیوا با لێرە بچینە ماڵێ مام ڕەسوڵی. ئەگەر پەرپینەوە ئەو بەری ئەو دەزانێ لە کوێن. مام ڕەسوڵ سەرشانەی ئەو گوندەیە، ئەو دەزانێ.

هیوا:

جا کاکە کوا لەو وەختەی دا دەوێرێ ڕاستیمان پێ بڵێ. ئێستاکە کەس ناوێرێ بە کەسێکی نای ناسێ بڵێ حیزبیم.

بایز:

کاکە ئەمن دەناسێ. پەیوەندی حیزبایەتیمان پێکەوە هەبوە. ڕەمزی لە دەرگا دانەکەش دەزانم. مامۆستا...گەرووی پڕ بو لە گریان.. بەلام بە زۆری خۆی راگرت و قسەکەی تەواو کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مامۆستای هێندەی بە ڕێک و پێکی دامەزراندوە. تەشکیلاتی وای دامەزراندوە، بە خوای قەت لە بەین ناچێ. وەک تەسبیحێکی درێژ ئەو عالەمەی پێکەوە گرێ داوە. هەموی بە بەنیەوە کردوون. کەسیش لە ئی تەنیشت خۆی زیاتر ناناسێ. چونە بەر دەرگای مام ڕەسوڵ. بایز بە پشتی دەستی سێ جار لە دەرکەی دا. پاشان دوو جار بە پتەی لێی دا. مام ڕەسوڵ خێرا هاواری کرد:

بایز ئەوا هاتم.

هیوا پێی سەیر بو:

ئەوە چۆنی زانی ئەتۆی.

بایز:

ئەی چۆن برالە سێ جار بە پشتی دەست و دوو جار بە پتەی ئەوە ڕەمزی دەرکە لێدانی منە بۆ مام ڕەسوڵی. خۆ هیچ کەسی دیکە نەیزانیوە. هەر ئەمن وای بۆ لە دەرکەی دەدەم. ئەوە هەمو ئامۆژگاریەکانی مامۆستان بۆ خۆت دەزانی.

مام ڕەسوڵ خێرا دەرکەی کردەوەو خۆی بە باوەشی بایزی دادا. لە بانگی گریانی دا:

پشتمان شکا بایز. قەڵاتەکەمان لێ گیرا بایز. تازە دەرباز بونی نییە.

بایز هێندێک دڵخۆشی دایەوە. لە ڕاستی دا بایز گریانی لێ بڕابو، ئاوی پێ نەمابو. مام ڕەسوڵ گیان دەبێ خۆڕاگر بین و ڕێگایان بەر نەدەین. دەبێ هەوڵ بدەین کەلێنیان پڕ کەینەوە.

مام ڕەسوڵ:

جا ئەو کەلێنە گەورەیە بە کێ پڕ دەبێتەوە بایز. بە من و تۆ؟ ئای برالە، بەخوا هەتا دنیا هەیە کەلێنی مامۆستای پڕ نابێتەوە. کێ دەزانێ ئاوا لە گەڵ خەڵکی بدوێ. ئاوا بچێتە ناو دڵی هەمو کەسەوە. ئاوا خاکی و لە خۆ بوردو بێ. ئاوا قسە زان و بە ڕاو تەگبیر بێ. ئاوا ڕووخۆش و لە بەردڵان بێ. ئاوا بۆ دەردان دەرمان بێ. بایز کەس ناتوانێ جێگای وی بگرێتەوە، قەت.

بایز:

مام ڕەسوڵ گیان پێشمەرگەکان لە کوێن. لەگەڵ کاک هیوای دەمانهەوێ بچینە ناویان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مام ڕەسوڵ:
دەزانم لە کوێن. لە پشتی(نستانێ)ن لە مەیدان چۆغه ن. ئه گەر چون لە زمان منەوە پێیان بڵێ، چۆن دەبو کاری وا بکەن؟ جاوەرە مامۆستا بگیرێ و بزانی و پاش سێ، چوار تەقەی دووراو دوور بە جێی بێڵی. پێیان بڵێ چاترە ئەگەر بێرە دا هاتن پەڕۆیەکی بە ڕوویانەوە بگرن، دەنا بەو خوایەی دەچینە بەر دیوانێی، سەر و چاویان هەمو دەکەمە تف.
نان و چایەکیان لە کن مام ڕەسوڵی خوارد و هەر شەوێ بەرەو نستانێ وەڕێ کەوتن. شنەبایەکی فێنک و لە سەرخۆی دەهات. مانگ تیشکی زێڕینی بەرەو دۆڵ و چیا کانی کورد ستان داوێشت. لە هێندێک جێگا دار ستانەکان پێشی تیشکەکەیان دەگرت و لە باوەشی خۆیان دەگرت. لێرە ڕێگا ڕۆیشتن برێک زەحمەت دەبو. زۆر جار پیاو لاقی لە چاڵەکانی جێ سمی وەڵاغی دەکەوت. سەرسمەیەکی دەدا و لوتی لە عەرزی نیزیک دەبۆوە.
هیوا و بایز بە قسەکردن بەو ڕێگا هەوراز و پڕ پێچ و لولەدا دەڕۆیشتن. وەک بە خەولێکەوتنەوە بە ڕێ دا بڕۆن متەقیان نە دەهات. تەنیا دەنگی پێی خۆیان گوێ لێ بو. جار و باریش دەنگی بۆق و سیسرەیان گوێ لێ دەبو. چەند سەعاتێک ئاوا بە بە دەنگی بە ڕێگاکەدا وەسەر کەوتن. تا لە نکاو گوندیان لێ وەدیار کەوت. لە دوورەوە چراکانی ئاوایی دیار بون. ماڵەکان زوور بەیان چۆل بون و چرایان نەدایسا. بەڵام ناو بەناو چرایەکی فانۆس، یا دیوارکۆیەک دایسا. هیواو بایز لە دوورەوە چرای فانۆس و دیوارکۆیان لێک دەکردەوە. شۆقی چرای فانۆس دەهات و دەچو. بەڵام شۆقی چرای دیوارکۆ ڕاوەستابو. وەک خۆی بێ جوڵە بو. چونە بەر دەرگای ماڵێک و بانگیان کرد:
ماڵێ میوانان ڕادەگرن؟
ژنێکی بە ساڵداچو هاتە پێشەوە. زۆر بە ڕێزەوە گوتی:
میوان لەسەرچاوانە برالە. ماڵ بۆ چیە ئەگەر بۆ میوانان نەبێ. جا ئەوە قسەیە دەفەرمون. چۆن میوان راناگرین. خۆ نەبوینەشارستانی ، فەرمون بۆ سەرێ.
لە دەرگایەکی گەورەی تەختە چونە ژوورێ. دالانێک بە نێو دوو تەویلان دا درێژ ببۆوە. لە تەویلەکانەوە بۆنی ڕیخی مانگا دەهات. لە ئاخری دالانەکە چەند پلیکانێک سەر دەکەوتن. پاشان دەچوە دالانێکی دیکە. لە ئەم لاو ئەولای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دالانەش دوو ژوور هەبون. لە پێش دالانە کەش بانیژە یە کی گەورە ساز کرابو. کە هەتا بەر پەنجەرەی هەردووک ژوورە کان چوبو. دایە پیرە فەرموی کردنە سەر بانیژەی:
فەرمونە سەر بانیژەکەی هەوا بڕێک گەرم بوە، دەرێ خۆشترە لە ژوورێ.
بۆخۆی خێرا چو لە ژوورێ بەڕەیەک و دوو سەرینی هێنان. بەڕە کەی ڕاخست وسەرینەکانی هەر یەکە لە لایەکی دانان و گوتی:
جا فەرمون دانیشن. عەیب نەبێ نان و چاتان خواردوە؟
هیوا:
دایەگیان نانمان پێ بو، بە ڕێوە سەر و بابۆڵەمان خواردن.
بایز خێرا نەقورچێکی تێ کوتا و لە سەرخۆ:
ئەو فەرمایشانە چن. لە کوێ نانمان خواردوە. خەریکە لە برسان دەمرم.
دایە پیرە نەی هێشت بایز زۆرتر نارەحەت بێ گوتی:
ڕۆڵە جا بابۆڵەیەک چیە. ئەویش بە بێ چا. هەر ئێستا نان و شیرێژو ڕۆنێکتان بۆ دێنم. خەجاڵەتیشە بەو شەوەی هیچی دی ساز ناکرێ. بەڵام خۆ ماڵ بە قوڕێ نەگیراوە. شەرمی بۆ چیە ڕۆڵە. هەر نان و شیرێژ و ڕۆن زۆرە، خوا بەزیادی کا.
نان و چا یەکی با شیان خوارد. ه یوا لە بایز بر سیتر بو، هەر دە ستی هەڵنەدەگرت. بایز نە قورچێکی دیکەی تێ کوتا و بە لە سەرخۆیی:
لەوەی بترسە دەڵێ ناخۆم. ئێ بۆ دەستبەردار نی.
هیوا شەرمی کرد و دەستی کێشایەوە. هەردوکیان وێکڕا:
خوا بەزیادی کا دایە گیان. ماڵتان هەر ئاوەدان بێ.
دایە پیرە:
پر سیار عەیب نیە ئەرێ خۆ کار ێک و بە بابی م ندالان نیە. بۆ خۆی لە سەر موچە یەو کوڕە کان و ک چەکانیش لە گەڵ مەڕی چو نە هەواری لە (مەیندانچۆ غە)ن ئە گەر کار ێک و بە وان هەبێ ، با بن ێرن بە دوا یان دا. بۆخۆشی هەر دەچێتەوە هەواری.
هیوا:
زۆر مەمنون دایە گیان، ئێمەش هەر نیازمان وایە بچینە مەیدان چۆغەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داپیره:

ئەگەر ئەو سەرەم لە بەر تاوێ سپی نەکردبێ، دەزانم بەدوای کێ دا دەگەڕێن. خوا بیانپارێزێ، ڕۆڵە ئەو ڕۆژانە وایان تین بۆ هێناون. ئەو ژاندارم و ئەڕتەش و جاشە لە عنەتیانە وایان تین بۆ هێناون، کوڕەکان نازانن رو لە کوێ کەن. هەردووک چاوی دایکیان کوێر بێ. ئەو هەمو جوانە شەهید دەکرێن. دەڵێن مەلا ئاوارەش گیراوە، کوێربم ڕۆڵە بەخوای لەو ڕۆژەیەوە پشتمان شکاوە.

هیوا:

دایە پێت وایە کوڕەکان لەوێ بن؟

داپیره:

ئەی کوڕی خۆم هەر لەو دەورو بەرەن. دەبێ لە پێشدا پیاو چاکو بناسێ، جا دەتوانێ پێتان بڵێ. هەرچونە هەواری بچنە ماڵێ مە. تاوڵی حاجی خدری بپرسن، هەمو کەس دەنناسی.

بەیانی زوو وەڕێ کەوتن. بە هەورازی ( بەردەکوڕ)ی دا وە سەرکەوتن. هەورازی بەردەکوڕی ناوی خۆی بەخۆیەوە بو. هێندە کووڕ بو پیاو ئەژنۆی بۆ هەڵنەدەهاتنەوە. ئەگەر پێی هەڵگەڕابای پشتت کۆم دەبۆوە، هەناسەت سوار دەبو و ئەژنۆت دەوەستان. پێی دا بڕۆیشتبایە خوارێ لینگت دەلەرزین هێند سەرەولێژ بو. گەیبونە نێوەڕاستی هەورازە کووڕەی، لە بەر سێبەری پیرەدارێکی قەزوان دانیشتبون. قەزوانەکان پیر ببون، دەنکەکانیان دەکەوتنەخوار و وە سەری ئینسانی دەکەوتن. دەتگوت تەرزە دەباری. بایز و هیوا برێک حەسانەوە. نان و پەنیریان دەرهێنا و یەکی بابۆڵەیەکیان خوارد. دایە پیرە ئەو نان و پەنیرەی دابونێ. تینوایەتی هێرشی بۆ هێنان. لەو نێوەش هیچ کانی و ئاو بەرچاو نەدەکەوتن. هیوا هەستابۆ سەرپێ و بەرەو خوار و بەرەوژوور دەی ڕوانی. بەڵام ئاوی بەر چاوی نەدەهات. تەنیا لە دوورەوە چەند سەد میترێک لە سەروی خۆیا نەوە، لە بن لوتکەی شاخێکی بەرز ، سەوزاییەک دیاربو. وەک مێرگێکی پڕو سەرسەوز دەچو. مێرگ بۆ خۆی نیشانەی کانیاوە. هەر جێگایەک مێرگی لێ بێ ، کانیاویشی هەر لێیە. ئەوە دیاردەیەکی زۆزانەکانی کوردستانە. بەپەلە بەرەو مێرگەکەی سەرکەوتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێکی مابو بگەنە مەرگەکەی کە گوێیان لە چۆرەچۆڕی ئاوێ بو. ئاوازێکی خۆشی پێک دەهێنا، بە تایبەت بۆ ئینسانی تینو. خۆشترین ئاواز دەنگی ئەو شتەیە کە مرۆڤ زۆرترین پێداویستی پێی هەیە. مرۆڤ تینوی هەرشتێک بێ ، ئەو شتەی لە لا شیرنە. زۆرجار ئیدەئالی کەسێک بۆ کەسێکی دیکە سەیر دێتە بەرچاو. بەڵام ویستی هەر کەسێ دەبێ لە ڕوانگەی ئەو کەسەوە هەڵسەنگێنی. ئەوا نەی زۆر تر مەیلی کۆکرد نەوەی پوڵ و پێکەوەنانی سەرمایەیان هە یە، تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە گەپجاڕی دەزانن. کەسێک ئاواتی تەنیا ماڵی دنیا بێ، تەنانەت لە هونەریش حاڵی نابێ. تینوی پوڵ، تینوایەتی ئاویشی لە بیر نییە. بەڵام مرۆڤی ئاسایی و تێکۆشەری وەک هیواو بایز تەنیا ئاگایان لە نیازی لەش و ویستی دڵیانە. بۆ ویستی دڵی خۆیان تێدەکۆشن وتەنانەت لە پێناوی ئیدەئالێک کە بە دڵیانە ئامادەن گیانی خۆیان فیدا بکەن. ئەویش زۆرتر بۆ ئەوەی مۆتۆڕی لەشیان لە کار نەکەوێ و هێزی درێژەدان بە خەباتیان هەبێ. ئێستا نیازی ئەوان گەیشتن بەو کانیاوەیە. کەلەقەدی کوێستان دێتەدەر.

کانیەکی جوان بە شێوەی ئەستێرکێکی بچوک، پلوسکێکی تەختەی تێگیراوە. ئاوەکە هێندە ڕوونە دەڵێی چاوی قرژاڵە. لە پەنای پلوسکەکەی کەوچکێکی تەختەی گەورە و قوڵ دانراوە. کەوچکەکە وەک قوتویەک دەچێ کە لاسکێکی درێژی پێوە نوسێنرابێ. بەڵام هەموی لە یەک پارچە تەختە هەڵقەندراوە. لە سەر زۆر بەی کانیاوەکانی کوردستان، بە تایبەت ئەوانەی لە سەر ڕێگاکان هەڵکەوتون، پلوسک و کەوچکی تەختە دەبینرێ. ئەوانە کاری ئینسانە خێرخواکانن. کەوچک بۆ ئاو خواردنەوەو پلوسک بۆ ئاسان کردنی دەست و چاو شوشتن. ئاوەکە هێندە سارد بو پیاو مچوڕکی پێدا دەهات. کەس نەی دەتوانێ لەسەریەک لەو کانیاوە بخواتەوە، لەبەر ساردیان دەبو قوم قوم بخۆیەوە.

پاش حەسانەوەو ئاوخواردنەوە دیسان وەڕێ کەوتنەوە. هەورازە کووڕیان تەواو کرد. لەسەر لوتکەی بەردەکوڕی کەمێک دانیشتن. ئەو لوتکەیە دیمەنێکی سەیری هەیە. شاخێکی گەورەی یەک پارچە، بە شکڵی حەیوانێکی هەڵتوتەکاو لەسەر ئەو بەرزایی یەی قوت بوەتەوە. دەڵێی پەیکەرێکە، بە فیزەوە چاو لە دەشتی کەڵوێ، شاری سەردەشت و هەوارگەی مەندانچۆغەدەکا. لێرە ڕا هەوارگەکە زۆر جوان دیارە. دەشتێکی کەمێک گەورەیە لە نێوان دوو ڕیزە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لوتکەی چیادا. ئەو لوتکەیە لە ڕەوەزە شاخی ذیزەڵان پێکهاتون. بەردەکانی بەزۆری سپین، بۆیە لە دوورەوە بریسکە دەدەن. دامێنی ڕەوەزە شاخەکان سەوزێکی تێرە. لە پێشدا پۆ لە گوێنی و تیروەکان دێن. هەتا لە لوتکە بەرەوخوارتر بێی، گیاکان بچوکتر دەبنەوە. بیزا ومەندێ بەشی زۆری ڕەوەزە شاخەکانیان تەنیوە. جگە لەوانە هەزاران جۆرە گیای کوێستانی بە بۆن و گوڵی ڕەنگاو ڕەنگەوە تێکەڵ بون. بۆنی تێکەڵی گیای کوێستان لە بۆنی نەعنایەکی توند دەچێ. ڕەنگە هۆیەکەی نەعنا کێویلە بێ کە پێی دەگوترێ جاترە و بۆنێکی ئێکجار خۆش و توندی هەیە. دیارە بەسەر بۆنەکانی دیکەدا زاڵە.

دەشتی مەیدانچۆغە لە دوورەوە خۆی دەنوێنێ. تاوڵی هەوارچیەکان دەڵێی هەڵۆی ڕەشن بە ڕیز هەڵنیشتون. لە دەوری تاوڵەکان مەڕ و ماڵات بڵاو بونەوە. وەک پۆ لە مێروو لەدیارن. هەتا نیزیکتر دەبیەوە، دیمەنە کە ڕاستەقینەتر دێتە بەر چاو. لە نیزیکەوە تەماشاکردنی هەوارگە خۆشیەکی تایبەتی هەیە. ڕەشماڵەکان ئێستا وەک ئاژەڵێکی ڕەشی گەورە و بەسام دەچن. ئەو تاوڵەی لەسەریان هەڵدراوە لە تووکی بزن سازکراوە، مووی لێ ڕاست بونەوە دەڵێی وورچێکی تووڕەیە. بە چوار دەوری دا پەلی هاویشتون لە پەتکی ئەستور، ئەو پەلانە بە سینگی ئەستوروقایم لە عەرزی داکوتراون. بەدەوری تاوڵەکەدا چیغێک کە لە قامیش سازکراوە، بە هێندێک ئەستوندەک ڕاگیراوە. تەنیا دەرگایەک بۆ چونەژوورەوە هێڵراوەتەوە.

کەمێک دوورتر لە تاوڵەکان، مۆڵگەی مەڕ و ماڵاتە. هەر ماڵەی جێ مۆڵگەی تایبەتی خۆی هەیە. چێشتەنگاوان مەڕ دێتەوە سەر ئەو مۆڵگانەو دەدۆشرێ. بێریەکان بە تەشی ڕستنەوە بەرەو بێرێ دەڕۆن. لەنجەولاری ڕێگا و خرم و هوڕی گوارەو گۆبەرۆکان سەرنجی لاوانی هەوارگە ڕادەکێشێ. تەماشاکردنی پۆلی بێریان یەکێک لە سەیرانەکانی کوڕە لاوەکانە.

هیواو بایز تاوڵی حاجی خدری پەیدا دەکەن. تاوڵێکی گەورە و بە سامە. نێوی بە بەڕەی زۆر جوان ڕازاوەتەوە. لە لای سەرەوە چەند دەستە نوێنێک دانراون کە هەمویان لە جاجمی ڕەنگا و ڕەنگ دان. لە لای خوارەوە لە نیزیک دەرکەی، سەماوەرێکی گەورە لەسەر کەشەفیەکی مس دانراوە هەر ویزەی دێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حاجی خدر پیاوێکی دەم و چاو درێژکۆڵەی کەمێک گڕوێ یە. زۆر قسەخۆش و ڕو کراوەیە. بەڵام ئێستا وەک داریان لەسەری دابێ هۆشی زۆر لەسەر خۆی نییە. دەڵێی تەبێکی توندی هەیە، هەر قسان دەپەڕێنێ.

حاجی خدر:

بەخێر بێن براله، سەرچاوی من. یاخوا بەخێر بێن. خێره هاتون؟

چی ناخۆش قەوماوە؟ جەڵەب کڕن یا بۆ خوری دەگەڕێن؟ هاتون جێ کەتیرەی وەر گرن؟ قەرزی کۆدەکەنەوە؟ وە شارستانی ناچن. پێم وایە بۆ ئەو شتانە هاتبن. وەنییە؟

هیواو بایز سەریان سووڕ مابو، نەیان دەزانی چی وەڵام بدەنەوە. حاجی زۆری پێکەوە داویشت. دیار بو حاڵی باش نیە. دیسان ڕووی تێ کردنەوە:

بۆ قسێکی ناکەن براله، دەڵێی زاریان دروون.

هیوا:

مام حاجی ڕاستیەکەی بە دوای پێشمەرگەکان دا دەگەڕێین، زۆر مەمنون دەبین پێمان بڵێی لە کوێن، کارمان بەوانە.

حاجی برێک دڵی تەنگ بو، تەبەکەی نیشتەوە. بۆ ماوەیەک مات بو. فرمێسکێک بە چاوەکانی دا هاتە خوار و لە سەر قووڵایی ڕوومەتی نیشتەوە. برێک سەری لە بەر خۆ ناو پاشان سەری هەڵبڕی و گوتی:

پێشمەرگە، پێشمەرگە چەند ناوێکی خۆشە. وەک دوژمن دەستی پێ کردوە، دەترسم ئەو ناوە خۆشەمان لە نێو نەهێڵێ.

هیوا چۆ نێو قسەکانی:

مام حاجی وورەبەرمەدە، بە هیوای خوای قەت دوژمن ناتوانێ پێشمەرگەی لە کوردستانی ڕیشەکێش بکا.

حاجی:

جا بەرخم چمان بۆ ماوە؟ لەو چەند مانگەی دا کەمیان لێ بەسەر هێناوین؟ شەریفزادەمان چو، زەنگەنەو سەید فەتاح چون، ئاوارەمان چو، ئەی هاوار ئێستاش بڕوا ناکەم ماموستا لە بەردەستی دوژمن دابێ، ئەو هەمو جوانانەیان لێ شەهید کردین. کوڕم چمان بۆ ماوە؟ ئێستاش وەک داڵاش بە دوای ئەوانی دیکەوەن. بەڵام هەروەک گوتت حیسان نابێ وورە بەردا. بە پشتیوانی خوای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەت ناتوانن ئەو چرا یەمان لێ بکوژێننەوە. هەر بە بیری من ئەوەتی ئەو حیزبەمان دامەزراوە، ئەوە سێ جار دوژمن ویستی خاشەبڕمان بکا، هەر پێی نەکرا. زەمانی پێشەوای، دوای کودیتای ۲۸ی مورداد و ئێستا. شوکری خوای حیزبمان هەیە، ئەمن دڵم هەر بەوەی خۆشە. حیزب نەخۆش دەبێ، نامرێ، ئەگەر حیزب نەبایە دەمگوت هەر بە گیرانی ئاوارەی ، هەموشتێک خەلاس.

هیوا:

دەبەر زاریت مرم حاجی. ئەو قسانەت خۆش بون. پیاو لەوەتی هاتوین قسان تێک داوێ. بۆ قسەی وا حیسابی ناکەی. ئێستا بفەرمو بزانم پێشمەرگەکان لە کوێن.

حاجی:

ڕۆڵە بەوخوایەی دەچینە بەر دیوانێ ئەوەتی ئەو خەبەرە ناخۆشانەم پێ گەیوە، نازانم شەو ورۆژ کەنگێ دەگۆڕێن. بۆ کوڕەکانیش هەروا نابێ. ناوی خۆتان بڵێن و چ کارێکتان هەیە، پیاوێکی دەنێرم پێیان بڵێ، ئەگەر پێیان خۆش بێ بتان بینن دەنێرن بە دواتان دا.

هیوا:

مام حاجی ڕەمزی ئێمە (بەفری کوێستان دەتوێتەوە)یە. ناومان بایز و هیوا یە. هاتوین ببینە پێشمەرگە.

حاجی پێکەنینێکی کرد:

هەی دەبەر عەمرێو مرم دەبنە پێشمەرگە؟ بە ڕاستی ئەوە کەڵە پیاون. ئەوەی ئێستا ببێتە پێشمەرگە کەڵە پیاوە. عالەم لە ماڵێ خۆشی خەریکە ، عەیب نەبێ خۆی پیس کا. ئێوەن پیاو کوڕم. بۆیە ئەو حیزبە قەت نامرێ. هەر ئێستا کەسێکی دەنێرم. ئەوا دەچم بزانم کەسێکم بۆ لە پاڵ ژنەکەی دێتە دەرێ بینێرم. چونکە خوێڕی وایە ئەوەشی لە خۆی نەگرتوە.

پاش نیو سەعات حاجی گەڕا یەوەو هێشتا سەعاتێک تێنە پەڕیبو دە ستەیەک پێشمەرگە هاتن. لە پێش هەمویانەوە کاوە دەڕۆیی. هیوا فەوری ناسیەوە. بەدوای دا حەسەن ئەلیاس ، ئەویشی ناسیەوە. لە بەردەرکی چادری حەسەن بە ڕێزەوە کاوەی پێش خۆی دا. لەگەڵ هیوا و بایز پێک دانوسان و ماوەیەکی باش گریان. پێشمەرگەکان زۆر مات بون. بە تێکڕایی زەوقی جارانیان نەمابو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاوە ڕووی لە هیواو بایز کرد و گوتی:
خێرە هاتون؟ خوابکا دیسان خەبەری ناخۆش بڵاو نەبوبێتەوە. ئەو ساڵ دەڵێی نەهاتیمانە، مانگ نیە زەڕبەیەکی گەورەمان وێ نەکەوێ. دوژمن هەمو هێزی خۆی تەرخان کردوە، جاسوس و خۆفرۆش بەتەواوی وەخۆ کەوتون، بە تایبەت ئەوانەی شۆڕش بە چەقڵی چاوی خۆیان دەزانن، ئینسانی وەک برایماغای لای ئێوە.
هیوا:
ئەو دوژمنانە هەر هەبون. ئێوەش بە تەواوی بە بێ ئیحتیات دەهاتن و دەچون. مەسئولەکان بە قسەی مندالێکی دەچونە هەموو جێگایەک. نازانم خەریکی حیزبایەتیە بون یا شەڕ و کێشەی خەڵک حەل کرد نێ. جاوەرە هەڵکەوتوی وەک مامۆستای لە دەست بچێ، ئەوەچیە ویستویەتی چەند کەسان ئاشت بکاتەوە، یاخوا یەکتریان قڕ دەکرد. ئێوەش نەغد لە دەستی دوژمنی دا بە جێتان هێشتوە، حازر نەبون شەڕێکی لەسەر بکەن. هەمو خەڵک لێتان بە گلەییە، مام ڕەسوڵی وەلیوێ دەی گوت...بایزنەقوورچێکی تێ کوتا؛
ئەوەیان مەڵێ، نەوەک دڵیان بێشێ.
کاوە سەری بەردابۆوەو لە فکرانەوە چوبو. جار و بار قامکێکی خۆی ڕادەکێشا، قرچەی لێ دێنا. یا هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا. هیوا و ئەوانی دیکەش چاوەڕوانی هەڵوێستی کاوە بون. پاش چەند دەقیقەیەک بێ دەنگی لە سەرخۆ دەستی پێ کرد. وەک ئاوێکی مەنگ بە شنەبایەکی لاواز جوڵەی تێ بکەوێ. پاشان بە توند بونی با ووردە، ووردە وەشەپۆل کەوێ هەتا دەگاتە ئاستی تۆفان. بڕێک گەرووی خۆی هەلخڕاند و بە نوزەوە گوتی:
چت جواب بدەمەوە کاک هیوا. ئەتۆ نارەحەتی، حەقیشتە. خەڵک نارەحەتە و حەقیەتی. لەدەستدانی ڕێبەرێکی وەک مامۆستا ئاوارە، لەدەستدانی ڕێبەری وەک شەریفزادە، شۆڕشگێڕی وەک سەید فەتتاح و زەنگەنە و دەیان قارەمانی دیکە شتێک نین پیاو بتوانێ هەروا بە هاسانی هەزمیان بکا. بە تایبەتی سوکایەتی کردن بە جەنازەی شەهیدەکان، بە دیل گیرانی کەسێکی وەک مامۆستا و خەیانەتی هێندێک کوردی خۆفرۆش جەرگی ئینسان کون دەکەن. گەل ناتوێتەوە، ڕۆژێک دێ هەمو کەس حەقی خۆی وەردەگرێ. خاین حەقی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەیانە تەکانی، دوژ من حەقی جینایە تەکانی، گەل حەقی ڕەوای خۆی. لە سەر خۆشمان وەک تۆ گلەییم هەیە. بەتایبەت لە مە سەلەی گیرانی مامۆ ستا. بەڵام لێ گەڕێ لەو هەڵانە کەڵک وەر گرین، بە یەکتر تاوانبارکردن دڵی دوژ من خۆش نەکەین. خەسارەتێکمان داوە گەورەتری نەکەین.

لە پڕ وەک دەریایەکی توفانی شەپۆلی دا:

هەڵەمان کردوە، دە بێ تۆڵەی ئەو هەڵانەش بکەینەوە. زەڕ بەی کاری لە دوژ من بدەین. چیدی خۆ شاردنۆکێ نە کەین. لە هەر جێیەک دوژمنمان لێ هەڵکەوتن بە سەریانەوە نەچین. هەتا ئێمەش شەهید دەبین سەری دوژمنان و خائینان پان کەینەوە. لەوەی گەڕێین بە قسەی قەڵەو چ ناکرێ. ئەرێ ڕاستی نەتان فەرمو بۆچی هاتون؟

هیوا:

هاتوین کەلێنێکی پڕکەینەوە. هاتوین چەکی شەهیدەکان لە شان کەین، نەیەڵین بکەوێتە سەر عەرزی. هاتوین ببینە پێشمەرگە.

کاوە:

ویستێکی پیرۆزە، بەخێرهاتن سەرچاوان. ئێوە تا ئێستاش هەر پێشمەرگە بون، بەڵام لە جل و بەرگێکی دیکە دا. عەیبی ئەوەیە چەکی زیادیمان نییە. ڕەنگە دە ستەی کاک عە بدوڵڵای چەکی زیاد یان هەبێ. ئەوان لە ناو چەی گەورکی مهابادێن. ئەگەر لە دەستەی خۆمان جێ بەجێ نەبو، بچنە لای ئەوان.

هیواو بایز لەگەڵ پێشمەرگەکان ڕۆیشتن. وەپشتی تاوڵان هەڵگەڕان. ڕوو یان لە ڕەوەزە شاخەکان کرد. لە نیزیک لوتکەی شاخی ، لە سەر کانیەکی ڕوون و ئاو زۆر پێشمەرگەکان هەڵیان دا بو. لە هەمو هەوارەکان و گو ندەکانی دەور و بەرەوە بە کۆڵ و بەبار خواردەمەنیان بۆ دەهات. ئەو ڕێزەی کۆمەڵانی خەڵک لێی دەگرتن ، وورەی پێ دەبەخشین. بەڵام کارە ساتەکانی ئەم دواییانە گەلێک تێکی شکاندبون و ناڕە حەتی کرد بون. جاران پێشمەرگەکان گەیشتبانایە هەر جێگایەک گێڕی شاییان گەرم دەکرد. ئەمجارەیان هەمو بە ماتی ، دوو، دوو و سێ، سێ پێکەوە دانیشتبون دەردی دڵیان دە کرد. هێندێکیان خەریکی چەک پاکردنەوە بون، هێندێکی تر چرپ و چاڵیان کۆدەکردەوەو چەند کە سێکیش خەریکی چا لێنان بون. لە دەوروبەریان لە چەند جێگایەک ئێشکچی راوەستابون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای حه سانه‌وه هیواو بایز له گه‌ڵ دوو پێشمه‌رگه‌ی دیکه به‌ره‌و ناو چه‌ی مهاباد به‌ڕێ کران. به گونده‌کانی (گرد شیلان) و (سوێناس) دا به‌ره‌و (قالوێ) ڕۆیشتن. خه‌به‌ر هه‌بوکه ده‌سته‌ی کاک عه‌بدوڵڵا له‌و نێوه‌نێوه‌ن.
خه به‌ریش هه‌بو که هێزێکی زۆری دوژ من، پێکهاتو له گرو هی زه‌ڕ به‌ت، ژاندارمه‌ری و ئه‌ڕته‌ش به دوایان دا ده‌گه‌ڕێن. پێشمه‌رگه‌کان نه‌یان ده‌توانی بچنه نێو ئاوایی. ده‌گه‌ینه هه‌رجێگا یه‌ک هیواو بایز ده‌چو نه نێو گو ندی و خوارده‌مه‌نیان بۆ ئه‌وانیش ده‌هێنا. جل و به‌رگی فه‌قێیه‌تی ده‌فریا یان هاتبو. سیخوڕه‌کان شکیان لێ نه‌ده‌کردن. له ده‌ورو به‌ری گو ندی گڵۆڵان بون که ده‌نگی ته‌قه له (قالوێ) وه هه‌ستا. گرم و هوڕی خومپاره‌و ده‌نگی ده‌سترێژی ئه‌نواعی چه‌ک هه‌تا چه‌ند کیلۆمیتری ده‌ڕۆیی. چڕه‌دوکه‌ڵ له‌سه‌ر ئاسمانی ئه‌و ناوه هه‌ستابو. له نێو لولی چڕه‌دو که‌ڵ دا تیشکی ڕۆژ سوور ده‌ینواند. دڵی هیواو هاوڕێکانی داخورپا. دیسان خوێنی شه‌هید له نێو دوکه‌ڵی باڕوت دا به‌دی ده‌کرا. دیسان هه‌ناسه‌ی ئه‌ویندارانی به ئاوات نه‌گه‌یشتو خۆی له نێو تاڵه‌کانی دوکه‌ڵی باڕوت ڕاکردبو و به‌ره‌وبه‌ررزایی هه‌ڵده‌کشا. به‌ره‌و خوا نیزیک ده‌بۆوه تا نزای گه‌لێکی به‌شخوراو بگه‌یه‌نێته باره‌گا که‌ی. تا بیعه‌داڵه‌تی ئه‌و دنیا پڕ کاره‌سات و ناکۆکیه به خاوه‌نه‌که‌ی بگه‌یه‌نێ، ئه‌گه‌ر شوێنه‌وارێکی هه‌بێ. تا ئاهو ناڵه‌ی دایکانی ڕۆڵه کوژراو به‌سه‌ر مرۆڤایه‌تی دا بڵاو بکاته‌وه. مرۆڤایه‌تی خۆش به‌خت، ئه‌وانه‌ی ڕه‌نج و ئازاری هاونه‌وعی خۆیان له‌بیر نیه. ئه‌وانه‌ی له پێناوی ژیانێکی خۆشی کاتی دا، چاو له به‌رامبه‌ر زوڵمه‌کاندا ده‌نوقێنن.
هیوا قه‌راری لێ هه‌ڵگیرابو. هه‌ر ده‌هات و ده‌چو، ده‌تگوت ئه‌سپێکی ژان گرتو یه. لێوه‌کانی که‌فیان ده‌پڕژاند و به ئاشکرایی ده‌ی گوڕاند. هاواری ده‌کرد بۆ تفه‌نگێک، تا به نۆبه‌ی خۆی ئه‌رکێک به‌جێ بگه‌یه‌نێ. به هاواری هاوڕێکانیه‌وه بچێ که له داوی دوژمن که‌وتون. چه‌ند جار هه‌وڵی دا به بێ چه‌کی خۆی بگه‌یه‌نێته مه‌یدانی کاره‌سات، به‌ڵام ئه‌و دوو پێشمه‌رگه‌یه‌ی له گه‌ڵی بون نه‌یان هێشت. مۆڵه‌تیان پێ نه‌درابو هیواو بایز به‌جێ بێڵن تا ته‌حویلی ده‌سته‌ی کاک عه بدوڵڵایان نه‌ده‌ن. هه‌رچواریان به سه‌ره‌وژێری گڵۆڵان دا شۆڕ بو نه‌وه. به‌نه‌رمه غار ده‌ڕۆیشتن. هه‌ستی شۆڕشگێڕی ترس و تێبینی له بیربردبو نه‌وه. ڕو حی خه‌بات خوازی و به‌ر به‌ره‌کانی له گه‌ڵ دوژ من گوڕ یان ده‌دا به



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ما سولکەکانیان و گشتیان دەکرد نەوە. ما ندویی و بر سیەتی نەی توانی پێشی هەلینگدانیان بگرێ.

هەتا سەر ماڵەکانی قالوێ بە نەرمەغار ڕۆیشتن. دەنگی تەقە لە پۆلە چنارە کانی خوارەوەی گو ندی دە هات. بەڵام کەمتر بۆوە. ڕۆژ خەریک بو لە ئاسۆ وون دەبو. لە پشت چیاکانەوە بە ئەسپایی خۆی دەدزیەوە. وەک خەتایەکی گەورەی کردبێ بە ڕوو زەردی لە کەل ئاوا بو. وەک هەستی پێ کرد بێ کە ئەو ڕۆژە نەدەبو ڕوو لەو مەڵبە ندەی بکا و بۆ نێو دۆ ڵی قالوێ تیشک باوێ. چونکە تیشکەکانی ئەو، وێنەی شۆڕ شگێڕەکانی بۆ دوژمن ئاشکرا دە کرد. دوژ من بێ بەزەییانە سێرەی لە ئەویندارانی ئازادی دەگرت. گوللەی بێ ڕوحم جێگای خۆی دەدۆزیەوەو لە سەر سینگی خۆشەویستانی گەل دەنیشتەوە. وەک کوندی شوم هەمو خۆ شیەکی گۆڕ دە کرد و هەزاران ئاواتی بەرزی بە نا کامی ژێر گڵ دەکرد.

لە دوورەوە خەڵکی گوندی د یار بون، هەر تێکیا نەوە دەپێچا . پیاوە کان هێشتا نەیان وێرا بو بچ نە نێو ماڵی خۆ یان. لە بن پچ‌کە دەوەن و سوچە شاخەکان خزابون. خۆیان شاردبۆوە، لە بەڵای ناگەهان. ژن و منداڵەکان بێ ئارام و قەرار دەهاتن و دە چون. لە کۆلا نەکان بەغار تێپەڕ دە بوون وخۆ یان دەنێو ما ڵەکان ڕادەکرد. وەرزێرەکان هەر لە کێڵگەی مابونەوە. کەس نەی دەو ێرا بچێتە نێو ئاوایی، یان لەوێوە بێتە دەرێ. هیواو بایز و دوو پێشمەرگەکەش بۆیان مەعلوم نەبو دوژمن لە کوێ دامەزراوە و پێشمەرگە لەکوێ. چاوەڕوانی هەواڵێک بون، هەواڵێکی دڵ فێنک کەرەوە.

تاریکایی باڵی بەسەر ئەو مەڵبەندە دا دەکێشا. ڕۆژێک ژێرچەپۆکیی گەلی کورد بەرەو ئاوابون دەچو. نر خی خۆی دە ستاند و لاپەڕە یەکی دڵتەزێنی دیکەی لە دەفتەری بیرەوەریە تالەکان زیاد دەکرد. داخوا ئەو ڕۆژە چە ند گران لە سەر گەلی کورد کەوتبێ. ئەوەی بۆ هیوا و هاوڕێکانی ڕوون بو، ئەوە بو کە لا نی کەم لە دۆڵی قالوێ، لە گۆ شە یەکی زۆر بچو کی کورد ستانی خۆشەویست دا نرخێکی گران درابو. دیاربو دیسان پێشمەرگەکان غافڵگیر کرابون. ئەو جێگا یە، جێگای شەڕی پارتیزانی نەبو. جێگا یەک نەبو کە پێ شمەرگە بۆ خۆی د یاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد بێ، تا دوژ من له داو بخا. دڵەکو تەی هیوا هەردەهات و زۆر تر دە بو. بێگومان دیسان زیانێکی گەورە لە جوڵانەوە درابو.
لە نێو تاریک و ڕوون دا چەند کەسێک بە کۆمە کۆم سەرکەوتن. زۆر بە تێبینی ، دوور لە یەک ، بە هەڵوێستە و پارێزەوە دەهاتنە پێش. هیواو ئەوان بڵاوەیان کرد. هەریەکە لە بن دارێک دامەزران. دوو پێشمەرگەی هاوڕێیان سەنگەریان گرت. تارماییەکان بە تەوای نیزیک بونەوە. تەنانەت تێکەڵ بە هیواو ئەوان بون. چ ڕێگا یەک هەبو بۆ نا سینیان. ئە گەر دەنگ یان بدەن و ناوی خۆ یان بڵێن، خەتەرێکی گەورەیە. چونکە دوور نیە دوژمن بن و لەوحاڵە تە دا دەربازبونیان نییە. ئە گەر هیچ نەڵێن دیسان خە تەرە، دوژ من دێتە نێو یان وده یان بینێ. بڕیاریان دا خۆیان مات کەن و هەست لە خۆیان ببڕن. تا وورتە وورتی ئەوانیان گوێ لێبێ. بزانن شتێک هەڵناکرێنن.
هیوا گوێی لە دەنگێکی زۆر لەسەرخۆ بو گوتی:
ڕەحیم، ڕەحیم دەتوانی بڕۆی؟ یا تاوێک بحەسێینەوە. ئێرە لە خەتەر دوورە. پێموایە کە سی دوژمن لەو دەور و بەرا نە بن. هەموویان گەڕا نەوە بەرەو ماشێنەکانیان.
دەنگێک بە نوزە وەڵامی دایەوە:
ئێستاش دەتوانم بڕێک تین بدەمە خۆم و بڕۆم. برینەکەم ئێسکی نەگرتوە، هەر گۆشتی هەڵدڕیوە، مەترسە.
هیوا بۆی دەرکەوت پێشمەرگەن. ڕوناکاییەک بە دڵی دا هات. هێزی وەبەر خۆی ناو بانگی کرد:
کاکە ئێوە پێشمەرگەکانن، ئێمەش لە لای سەردەشتێ ڕا هاتوین بە دوای ئێوە دا دەگەڕێین.
هەرئەوەندەی بیست بو بە چەخماخ کێشان و خۆ لە بن دەوەنان ڕۆکردن:
هەرکەس هەن زوو چەک فڕێ دەن و دەستتان بڵیند کەن و وەرنەپێش.
یەکێک لەو دوو پێشمەرگانەی لە گەڵ هیوا و ئەوان هاتبو، بانگی کرد:
ڕەحیم خۆمانین، ئەمن حەسەنم ، جانداری.
دەنگێک بە نوزە وەڵامی دایەوە:


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەسەن ئەی بۆچی ناوی نەهێنی ناڵێن؟ ماڵوێران ئەمە لە کازیوەی بەیانیەوە لە
گەمارۆی دوژ من دا ین، گەورەترین خە سارەتمان وێ کەوتوە،ما ندو و
بریندارین. ئێوەش لەو بن بەردانە لە نکاو لێمان ڕاست دەبنەوە. دەوەرە نە
پێشێ. ئەگەر نانێک، ئاوێکتان پێیە بمان گەیەنێ.
هیوا و ئەوان بە پەلە چو نە پێش. نان و پەنیر و ئاو یان پێ بو. لە فر یان
پێشمەرگەکان هاتن. یەکێکیان بریندار بو، ئەوانی دیکەش پازدە کەس دەبون
شەکەت و ماندو. باری غەم لەسەر لێوەکانیان نیشتبو. لێوەکانیان قەتماغێکی
ووشکی لەسەر ڕەق ببو. زوور بەیان دەستیان لە ئەژنۆیان وەرێنابو و سەریان
بەردابۆوە. سەر و پاروو نانیان خوارد و هێندێک لێو یان بە ئاوەکەی تەڕ کرد.
پاشان ڕەحیم بە دەنگێکی کزەوە درێژەی دا:
حەسەن گیان خاڵەمین و کاک عەبدوڵلاشمان شەهید بون. کاک عەبدوڵلا ئەو
ڕۆژانە لە تاوی کاک فایقی هیچ حاڵی نەبو. لەو کاتیەوە خەبەری کاک فایقیان
پێ دابو کە بەدەستی کورد شەهید کراوە و جەنازەکەی تەحویلی ڕژیمی شا
دراوەتەوە، زۆر مات بو. فکری بۆ نەدەکرایەوە. هەربۆیەش لەو داوەی ئە وڕۆ
کەوتین و گیانی خۆشی و خاڵە مینەش قوربانی بو. کابرایەک لە مهابادێ وە
هاتبو بۆ لای کاک عەبدوڵلای و بە تەوای بۆی باس کرد. چۆن کاک فایق لە
ناوچەی (ماوەت) لە کوردستانی عێراق لە لایەن بەشی پاراستنەوە گیراوە. چۆن
سەدیق ئەفەندی بەرپرسی پاراستن بەبێ حورمەتی گرتویەتی و دەستی
بەستون. چۆن لە وێ را بەو شاخانەدا بە دەست بەستراوی بەڕێیان کردوە بۆ
سەرکردایەتی و چۆن ئاخرەکەی لە ڕێگای حاجی ئۆمەرا نەوە تەرمەکەیان
تەحویلی ئێران داوەتەوە. چۆن ژاندارمە خوێن مژەکان تەرمی سولەیمانیان بە
بازاڕی مهابادێ دا گێراوەو پاشان کەس و کاریان بردوەتە سەر بیناسنەوە.
چۆن حاجی موعینی و خوشکی شەهید بە هەڵەداوان و گریان چون و چۆن
ڕفیقێکی گیانی بە گیانی کاک فایق، تەرمەکەی ناسیوەتەوە. هەموی بۆ باس
کرد، کاکە لە نوکەوە هەموی بۆ باس کرد. غەمی شەهید شەریفزادە، غەمی
مامۆستا ئاوارە و پاشان غەمی کاک قایقیش هۆشیان بە کاک عەبدوڵلا نە
هێشت. دەنا چۆن دەبو ئێمە بە نوێژی نیوەڕۆیە لە دۆڵی قالوێ دای کوتین.
دوژمن ئاوا بە کەم بگرین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاکە بە تایبەت بەو کارەی پاراستنی بارزانی زۆر ناڕەحەت بو ، جاوەرە برای خۆت ئاوات لە گەڵ بکا. جاوەرە پاش ئەو چاکەی ئەو کادرانەی دیزب لە گەڵ شۆڕشی کوردستانی عێراقیان کردوە. ئینسانی وەک کاک سولەیمانی بە شەهید کراوی تەسلیمی دوژمنی بکەنەوە. لەو ڕۆژەوە کاک عەبدوڵڵا هەر حەواسی نەبو. ئاخری سەری خۆشی تێدا چو. ئەمڕۆ کاک عەبدوڵڵا و مینە شەمیش تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بون. ئەوانیشمان لە دەست چون. هێندەی قسەکرد زمانی تێکەڵ دەبو. بۆخۆشی بریندار بو، هێزێکی هێندە زۆری پێ نەمابو.

هیوا دیسان غەم و پەژارەی بەسەر دا بارین. ئەو جاریش خەبەرێکی زۆر تاڵ لە سەر شان و ملی قور سایی دە کرد. دیسان دە یان پر سیار لە مێشکی دا دە هاتن و دە چون. پر سیاری بێ وەڵام. ئایا تەنیا بە خاتری سەلماندنی بونی خۆت ئەو هەمو قوربانی دانە ڕەوایە؟ مەگەر بە پێی ووتەکانی ئەو شەهیدانە بۆخۆیان نابێ هەل و مەرجی شۆڕش ئامادەبێ، جا دەست پێ بکەی؟وەختێک سور دەزانی دەرەقەتی هێزی گەورەی حەمەڕەزا شا نایەی، کە تەنانەت وەڵاتانی دەرەوەش بە گەورەترین هێزی ئەم ناوچەیە و ژاندارمی خلیجی دەزانن، دەست دانە چەک چ قازانجێکی هەیە؟ کاتێک شۆڕش لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان لە گۆڕێ دایە، پێویست نیە هەمو هێزی کورد بۆ ئەوێ تەرخان بکرێ؟ ئەم پرسیارانە بە مێشکی هیوا دا ڕادەبردن. لە گەڵ هێندێک ڕاستیی دژوار تێکهەڵدەنگوتن و بە بێ گیانی لە شانەکانی مێشک هەڵدەوەرین. ڕاستیەکان بەم جۆرە بەرەو ڕووی پرسیارەکان دەبونەوە.

قوربانیدان تەنیا بە مەبەستی سەلماندنی بونی خۆت نییە. قوربانیدان لە پێناوی پاراستنی بونت دایە. ئەگەر ئەم خوێنانە خاکی کوردستان سور نەکەن، زۆری پێناچێ دەت توێنەوە. دوژمن شەو و ڕۆژ سەرگەرمی تواندنەوەی کورد و قوت دانی کوردستانە. ئەگەر خەبات نەکرێ، ئەگەر دیفاع لە بوون، بکوژێتەوە و دەستەچیلەی تازەی نەخرێتە سەر، دوژمن زۆر بە هاسانی لەو کارەی دا سەردەکەوێ.

هەل و مەرجی شۆڕ شیش لە خۆڕا پێک نایە. ئێمە شۆڕ شمان دەست پێ نەکردوە. ئێمە قوربانی دەدەین تا هەل و مەرجی شۆڕش ئامادە بکەین. ئەگەر هەوڵ و تێکۆشان نەبێ، نە خەڵکی ڕوون دەبنەوەو نە هەل و مەرجی شۆڕش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێک دێ. هەردڵۆپە خوێنەی شەهیدێک، گەرایەک لە مێشکی کۆمەڵانی خەڵک دا دادەنێ. ڕۆژێک ئەو گەرایانە هەمو پێکەوە دەتروکێن و شۆڕشێکی گەورە وەڕێ دەخەن.

ئەگەر مرۆڤە چەوساوەکان تەنیا سەرنج بدەنە هێزی ڕوواڵەتیی دوژمن، هیچ نرخێک بۆ هێزی لەبن نەهاتوی خۆیان دانەنێن، هەتا دنیا ، دنیایە هەر دەبێ باری چەو سانەوە بکێشن. ئەگەر هێزی کۆمەڵانی خەڵک یەکبگرێتەوە، چ دەوڵەتێک دەتوانێ بەرەنگاری بێ. دەست دانە چەکیش بە مەبەستی شەڕی نابەرامبەر لەگەڵ دوژمن نییە. تەنانەت ناکرێ لە قۆناغی ئێستا دا مەبەستەکەی بکەیە بەرگری لە نیشتمانیش. چەک بۆ بەرگری لە شەخسی خۆتە. تۆ کە بە تیۆری و دەلیل و بەڵگەی سیاسی دەتپەوێ کۆمەڵانی خەڵک ڕوون کەیەوە، دوژمن هەر بەو چەکە نایەتە ویزەت. دەزانێ مەنتیقی بە دەستەوە نییە. ئەو بە چەک پێشت پێ دەگرێ. تۆش یادەبێ تەسلیم بی. تەسلیمی توانەوەی لەسەرخۆ بی. یا دەبێ خەبات بکەی و بەرەنگاری بکەی، لەو حاڵەش دا هەرنەبێ بۆ بەرگری لە شەخسی خۆت چەکت پێویستە.

بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش لە بەشێکی کوردستان، لە سەر حیسابی بەشەکەی دیکەی کوردستان بێ؟ ئایا بۆ قازانجێکی کاتی ، ڕەوایە دەست لە قازانجێکی دوور ودرێژ هەڵگیرێ. داخوا بە قازانجی کورد و کوردستان نییە کە لە هەمو پارچەکانی دا وێکڕا خەبات بکرێ؟ئەوان ببنە پاڵپشتی یەکتر، لە جیاتی پشت بە دوژمنانی یەکتر ببەستن؟ ئەو وەلامانە لە مێشکی هیوادا بەرەنگاری پرسیارەکان دەبونەوە. هێز و توانای شۆڕشگێڕیان تێدا زیندو دەکردەوەو جارێکی تر ئیمانی بەو ڕێبازەی گرتبویە پێش پتەوتر دەبو.

شەو لە درەنگانی دابو، تاریکایی وەک ڕەشماڵێکی سامناک باڵی بەسەر مەڵبەندی گەورکان دا کێشابو. دەنگی تەقەی تفەنگ و گرم و هوڕی تۆپ وخۆمپارە زۆر لە کزی دابو. جار و بار نەبێ کە دەنگی تاریکە شەویان دەشکاند. بۆق وسیرسیرە هەلیان بو، بە کەیفی خۆیان بۆ یەکتریان دەستاندەوە. کۆمەڵێک پێشمەرگەی شەکەت و ماندوو لە نێو بەردەلانێک دا بڵاو ببونەوە. لەوەتی هیوا بەو پرسیار و وەڵامانەوە خەریک بو لە مێشکی دا، هیچ کەس متەقی لە بەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەهاتبۆ دەرێ. لە غەمبارییی یان بو، یا لە هیلاکی و لە برسان. ڕەنگە هەمو دەردەکان پێکەوە بوبن.
هیوا زۆر ماندوو نەبو، مێشکی زۆر چالاک بو. هەر ئەوەندەی بۆ خۆی بە ئەنجامێک گەیشت خێرا گەڕایەوە سەر دەوروبەرەکەی. سەرێکی گێڕا و بە زوویی ئەم پرسیارەی بە بیر داهات. باشە بۆ لێرە، لە نیزیک هێزی دوژمن هەمومان وەک مەڕ بۆی مۆڵیوین؟
هەر ئەو پرسیارەی خێرا ڕوەو پێشمەرگەکان کردەوە. برایینە بۆ وا بێ دەنگ لێرە دانیشتوین و خۆمان کردوە تە نیشانەی دوژمن. کێ دەڵێ وەدواتان نەکەوتون. دوو، سێ یەک لە پێشمەرگەکان وەدەنگ هاتن:
بابم راست دەکا ئەو برایە ڕاست دەکا. با هەتا ڕووناکیمان بەسەر وەر نەبوە خۆمان دوور خەینەوە. هەرچەندە بێ سەرپەرست ماوین و نازانین ڕوو لە کوێ بکەین.
ڕەحیم بە بریندارى هەڵی دایە:
دەزانین، بۆ نازانین. هەستن وەڕێ کەون، بەرەو کوڕەکانی ناو چەی سەردەشتێ. ئەو برایانە لە کن وان ڕا هاتون، دەزانن لە کوێن، هەستن وەڕێ کەون.
بە نێو ڕەز و بەردان دا، بەسەر گوێنی و تیروێ و دڕکان دا وەڕێ کەوتن. ڕەحیم بەرە بەرە وەزعی خراپ دەبو. ئازاری برینەکەی زۆر بو. هێزی ڕێگا ڕۆیشتنی پێ نەمابو. پاش نیو سەعاتە ڕێیەک لە پەل و پۆ کەوت و نوزاندی:
ئای... ئەمن چیدی هێزم پێ نەماوە. ئەمن لێرە بەولاوە ناتوانم. لە بن پچکە دەوەنێک دەدانیشم. ئێوە بڕۆن هاوڕێکان پەیدا کەن و وەڵاغێک بە دوای من دا بنێرن، ئەگەر تا ئەوکاتەی مابوم....
چەند کەس لە پێشمەرگەکان هەڵیان دایە:
ئەدی ئێمە مردووین، چۆن قسەی وا دەکەی، چۆن بە تەنیا بەجێت دێڵین. بەنۆرە ڕەحیمیان لە کۆڵ دەکرد. برینەکەی باسکیان بۆ بەستبو، ئازاری زۆر بو، بەڵام خوێنی کەمتر دەهات. ماوەیەک بە ڕێ دا ڕۆیشتن. تاریکایی ئەوەندەی کە بۆ خۆ حەشاردان لە هێرشی دوژمن بە کەڵک بو، ئەوەندەش بەڵای پێش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگاڕۆیشتن بو. کەس نەمابو چەند جار لاقی هەڵنەنگوێ، بە تایبەت ئەوانەی ڕەحیمیان لە کۆڵ دەکرد، زۆر شەکەت بون.

لە دوورەوە دەنگی سەگوەڕ دە هات. ئەوانی شارەزای ناو چەبون دە یانزانی ئەوە دەنگی سەگوەڕی گوندی(سوێناس)ە. پێشمەرگەکان دڵیان خۆش بو کە گەیشتونە تە ئەو گوندەی. لە لایەک نیشانەی دوور کەوتنەوەیان لە هێزی دوژمن بو، لە لایەکی دیکەشەوە دەیان توانی بڕێک بحەسێنەوەو نان و چایەک بخۆن. بە گەیشتنی نێو گوند خەڵکێکی زۆر بە پیریانەوە هات. هێندێک کەس هەر بە چاوپێکەوتنی پێشمەرگەکان دەگر یان. خەبەری شەهید بونی کاک عەبدوڵلا و خاڵە مین لەمێژ بو لەو گوندەش تێپەڕیبو. هەروا زارەوزار بەسەر دێهات و شارەکانی کورد ستان دا دە گەڕا. خەبەری شیان هەبو کە ژا ندارم و ئەرتەشیەکی زۆریش کوژراون یا بریندار بون. بە گشتی لە هەمو شەڕەکان دا وابو. لە جێگای هەر شەهیدێک دەیان کەس لە هێزەکانی دوژمن دەکوژران. بەڵام ئەو سەردەمی زۆرتر ناوی شەهیدەکان بڵاو دەبۆوە. پێشمەرگە هێندە لە لای خەڵک بە نرخ بو ئەگەر لە جیاتی یەک پێشمەرگە هەزار کەسیش لە هێزەکانی دوژمن کوژرابان، هەر پێیان هیچ نەبو. لا ڕاستیش دا ئەو کەسەی لە و هەل و مەرجە دا دەبو بە پێشمەرگە، بە هەزار کەسی دیکە هەبو.

هیواو بایز و پێشمەرگەکان دیسان هەر لە نێو تاریکایی شەودا بەرەو هەوارگەی مەیدانچۆغە وەڕێ کەوتن. ڕەحیم کە برینەکەی هەردەهات و زۆر تر ژانی دەکرد لە گوندی سوێناس بەجێ ما. تەحویلی دڵسۆزێکی حیزب درا بۆ موداوا کردن. چێشتەنگانی ڕۆژی دوایی بو کە گەیشتنە مەیدانچۆغەی. پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشتێ لەوێ نەمابون. بەرەو گوندەکانی گۆڵێ و قامیشە وەڕێ کەوتبون.

گۆ یا دە ستەیەک پێ شمەرگەی تازە لە کورد ستانی ع ێڕاق ڕا گەرابو نەوە. بەرپرسەکەیان قادر شەریف بو. لە نێو خەڵکی ئاسایی دا هاتنەوەی ئەو دەستە پێشمەرگەیە دەنگ و باسێکی گەورەی پەیدا کردبو. ژمارەیان زۆر گەورە باس دەکرا. هەر گوندێک کە دوورتر دەکەوێتەوە ژمارەی ئەوان بە سەدان کەس زیادی دە کرد. بەکورتی لەو سەرو بەندی شکستەدا گەڕانەوەی ئەو دەستە



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگەیە، شوێنەوارێکی گەورەی لەسەر ڕودیەی خەڵک و دوژمن دانابو، ئەگەر تەنیا بە تەبلیغاتیش بوبێ.
هیوا و ئەوانیش بەرەو گوندەکانی گۆڵێ و قامیشە وەڕێ کەوتن. لە پشتی گوندی گۆڵێ لە هەوارگەی کانی سێولەگەڵ ئەوانی دیکە یەکیان گرتەوە. ژمارەی پێشمەرگەکان زۆر ببو. هەر کەس دەی دین پێیان دڵخۆش دەبو. جاران لەسەر یەک زۆر لەوە زۆرتر بون ، بەڵام بە ناوچەکان دا دابەش ببون. ئێستا فشاری ڕژیم هەموویانی لە دەوری یەکتر کۆ کرد بۆوە. ژمارەیان هەرچەندە لە جاران کەمتر بو، بە ڵام هەیبەتیان زیاتر بو. ڕۆژی دواتر دەستەی قادر شەریف گەیشتە هەواری کانی سێو، بە پێچەوانەی چاوەڕوانی زۆر کەم بون. تەنانەت پێشمەرگەکانیش چاوەڕوان بون هێزێکی گەورەتری یارمەتی دەریان بگاتێ.
قادر شەریف ئینسانێکی زۆر وریا و خاوەن تاقیکردنەوە بو. ئەو چەندین ساڵ لە گوندەکانی کوردستانی ئێران دا، هەرجارەی لە ل و بەرگێک دا ، جارێک وەک شوان، جارێک وەک پاڵەو باغەوان، جارێک وەک جەڵەبکڕ و جارێک وەک فەقێ و مەلایان گەڕابو. تەبلیغاتی کرد بو و خەڵکی وو شیار کرد بۆوە. شانەی نەهێنی پێکهێنابو و گیر و گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی چارەسەر کرد بو. ئەو ئینسانێکی بە وورە، بە ئیمان و لە خۆبوردو بو. قەدێکی مام ناوەندی هەبو، دوو جاوی گەورە و سمێڵی پڕ و ڕەش. دەمو چاو کەمێک کونج و چاوێکی مەیلەو خێل بو. جامەدانەیەکی لەسەر دەنا کە ڕیشوی درێژی پێوە بون. ذێرا ذێرا قسەی دەکرد. زۆر هەوڵی دەدا لە نێو قسەکانی دا زاراوەی سیاسی بەکار بێنێ و ووشە لاتینیەکانی وەک کۆسمۆپۆلیتی، ماکیاولیزم، ئۆپۆرتۆنیست، ئیمپریالیزم، سپۆسیالیزم، سەندیکالیزم، پۆپۆلیزم و زۆری تر دایم لەسەر زاری بون. ئەو باوەڕی بە توند و تیژی هەبو لە خەبات دا ئەوەی پێ راست نەبو کە تەنیا بۆ بەرگری لە خۆت چەک هەڵگری. ئەو دەیگوت تازە چەکت هەڵگرتوە، دەبێ دەست وەشێنی هەوەڵ بۆ خۆت بی. بت هەوێ و نەت هەوێ دوژمن شەرت پێ دەفرۆشێ. کەوابو بۆچی هەوەڵ تۆ لێی نەدەی. قسەکانیشی ڕاست بون. سیاسەتی دیفاعیی پێشو لە زیان زیاتر ئەنجامێکی نەدابو بە دەستەوە. پاش کۆبونەوەیەکی دوو ڕۆژە ، بڕیاریان دا لە مەودوا لە هەر جێگایەک خەبەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتنی دوژمنیان زانی، ئەوان دە ست پێشخەری بکەن و لێیان بدەن. هەروەها بڕیاریان دا پێشمەرگەکان هەمو پێکەوە بگەڕێن و هێزی خۆیان دا بەش نە کەن. بڕ یارێکی دیکە ئەوە بو کە بە تو ندی سەزای خۆفرۆ شان و سیخوڕەکانی دەوڵەت بدەن و تەنانەت ناوی چەند کەسێکیان هەڵبژارد بۆ گەورەترین سزا، وا تە ئیعدامی شۆڕ شگێڕانە. سیا سەتی پێشمەرگە گۆرانی گەورەی بە سەر دا هات. عە مەلیاتی نیزا می بو بە تاکتیکی ڕۆژ. دیارە کاری سیا سی و تە شکیلاتی بەتەواوی لە کزی داو تەنانەت زۆر بە کەمی بەڕێوە دە چو. پێشمەرگەکان لە هەمو لایەک ڕا لێک خڕ دەبو نەوەو لە نەو کۆ مەڵانی خەڵک دەهاتنە دەر. بە هەر لایەک دا دەڕۆیشتن، هێزی خۆیان نیشان دەدا، قۆناغێکی تازە لە جوڵا نەوە خەریک بو دەستی پێ دەکرد.

قۆناغ ێک کە لق و پۆپی جوڵا نەوەی نی شان دەدا. بەڵام ڕێ شەی جوڵا نەوە بەرەبەرە خۆی خڕ دەکردەوە و تەنانەت بەرەو لاوازی دەچو.

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پاژی نۆهەم



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له گەڵ بەرزبونەوەی پلەی گەرما، هاڵاوێکی گەرم لە سەر دۆڵەکانی نێوان چیا کان شەپۆلی دەدان. لە دوورەوە زۆر بە جوانی دەبینرا کە ووردیلەکانی هەڵم بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن و تێکەڵ بە هەناسەی دایکی ڕۆڵە کوژراوان دەبن. بەهەر لایەک دا دەڕۆیشتی هەوڵ و تێکۆشانی دژوارت بۆ ژیان دەدی. زووربەی ئاواییەکانی کوردستان، بەتاڵ بون لە دانیشتوان. مەزراو دێبەرەکان ئاوەدان بون. خەڵکی زەدمەتکێش لە ڕیزی درووێنە دا بون، کا یان دەکێشا، خەرمانیان هەڵدەگرت، یا پاراو یان دە کرد، گیا یان دەدرو یەوە، یا کەتیرە و مازوو یان دە کرد. مازوو کردن یەکێک لە کارە خۆشەکانی کوردستان بو. (مازووبەربون) بۆ خۆی شێوەیەک جێژن بو. مازوو بەربون ئەوە بو کە لە ڕۆژێکی دیاریکراوی نێوەڕاستی هاوین دا، بە زۆری لە ١٠ هەتا ٢٠ ی مانگی گەلاوێژ دا ، لە هەر گوندێک کیژان و کوڕانی لاو، هەروەها بەساڵدا چووەکان کاروباری دیکەیان بەجێ دەهێشت و ڕوو یان لە دارستان دە کرد. کوڕ و کچە لاوە کان لە سەر داران ڕا یەکتریان لە بالۆرە و قا مان دە گرت و ڕە مزی دڵداریان بۆ یەکتر دەنارد. نیوەڕۆ یان هەمو وێکڕا لەسەر کانیەکی سارد کۆ دەبو نەوەو نان وچا یان دە خوارد و هێندێک جار ڕە شبەڵەکیان دە گرت. مازوەکانیان پێنج، پێنج دەبژارد . بە پێنج مازوو یان دەگوت(قەڵاتە) هەرکەسێ زۆرتر قەڵاتەی هەبوایە قارەمانی نێو دارستان بو. دیار بو چونە سەر دار و گەیشتنە لەق و پۆپە دژوارەکانی پیشەیەتی بۆیە زۆر مازووی دیونەوە.

لەم کاتانەدا پێشمەرگەکان زۆر توشی دەستەی مازوو چنان دەبون. مازوو چنان قازانجێکی تایبەتیان بۆ شۆڕش هەبو. سەرچاوەیەک بون بۆ هێنانی خەبەری دوژمن و ئاودەنگیی نێو دارستانیش بون و میوانداری چا لێنان.

پاش یەکگرتنەوە تازە لەبەری کەلوێ ڕا دەپەڕینەوە بەری سوێسنایەتی. هیوا ئێستا جامبێزارێکی درێژی پێبو. چەند جار کە ویستبای تاقی بکاتەوە ، بە دوو گوللان گەرمی کردبو. دیسانیش دڵی خۆش بو کە تفەنگی پێ یە. هەرنەبێ دەتوانێ دوو فیشەک باوێ. هێندە بە وورە و ئیمان بو کە پێی وابو بەو دوو فیشەکانە ، دوو دوژمنان سارد دەکاتەوە. پاش نیوەڕۆی درەنگە هاوینێکی گەرم، لە نێو پۆلە دارێکی چڕ و پڕ دا بە دەور دانیشتبون. بە چوار دەوری خۆیان دا کێشک چیان دانابون. لە نێوەڕاستی خۆیان خەرمانێکیان ترێ ڕەش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵدابۆوە. بەدەوری تریَ ڕەشەکەدا نوردوە نان دانرابون. هەر بە نێوان چەند کەسان سەلکە پەنیرێک لە سەر نانی دانرا بو. دارێکی دوو لک لە نێوەڕاستیَ دا چەقابو و یەک دۆدانەی گەورەی پێدا هەڵاوەسرابو. لە دەرەوەی کۆڕەکەیان بە چەند میترێک ئاورێکی گەورە کرابۆوە و سێ کەتری لەسەر دانرابون. ئیستیکانی گەورەی دەسکدار، لەسەر سینیەکی فافۆن لە دەوری ئاورەکە دانرابون. ئەوانە هەموی بە کوڵی ژن و پیاوە دێهاتیەکانی لایەنگری شۆڕش هاتبون. ئەوانەی دوارۆژی خۆیان لە سەر کەوتنی جولانەوەدا دەدی. پێشمەرگەکان خەریکی نان و چا خواردن بون.

لە باریکە ڕێیەکی ئەولای پۆلە دارەکەوە پێشمەرگەیەکی کێشک وە پێش سێ نەفەران کەوتبو. هەرکام لەو سێ نەفەرانە (چەڵاک)ێکیان لە سەر شانی دانابو. چەڵاک دارێکی باریکی درێژ بو کە نوکێکی تەختەی تیژی لە سەرەکەی بەسترابو. ئەو نوکە بە ئاخری دارەکەوە وەک قولاپی لێ هاتبو. مازووچن ئەگەر بە دارێکی بڵێندەوە مازوویەکی بەدی کردبایە کە دەستی نایگاتیَ، بە نوکە قولاپیەکە لە دارەکەی دەکردەوە.

پێشمەرگەکە ڕاستەو ڕێ چۆ بن گوێی فەرماندەکەیان. دوو، سێ قسەی بە گوێیدا سرتاند. فەرماندە هەستاو سێ، چوار کەسی دیکەی بانگ کرد بۆ بن دارێک. پاش چەند دەقیقە یەک گەڕانەوە. پێشمەرگەکان هەمو چاوەڕوانی خەبەرێکی تازە بون. ئەوەی فیشەکدانی دانابو لە خۆی بەستەوە. ئەوەی پارووی بە دەستەوە بو، خێرا دەزاری دەناو پاش یەک، دوو سووڕ ڕۆی دەهێشت. هێندە خێرا نانیان دەخوارد، هەروابزانە بەڕێوەن. مازووچنەکان هەریەکەی هێشوە ترێیەکیان بەدەستەوە گرتبو. دەستێکیان بە چەڵاکەوە بو، بەدەستەکەی دی ترێیان دەخوارد.

فەرماندە بە پێوە ڕاوەستابو. کەمێک گەرووی هەڵخڕاند و گوتی:

برایانە ئەو ڕۆژەی لێی دەگەڕاین خەریکە نیزیک دەبێتەوە. کۆمەڵێک لە ئەفرادی دوژمن، لە گەڵ زووربەی جاشە بەناوبانگەکان، هەر ئێستا لە هەڵویَ بەرەو ئەو لایەی دێن. باشترین هەلە بۆ وەی دەستێکی چاکیان لێ بوەشێنین و تۆڵەی شەهیدەکان بکەینەوە. ئێمە دەبێ بچین لە دەورو بەری سەر شیویَ دامەزرێین و مەتەق لە خۆمان نەبڕین. هەتا نەیەنە نێومان کەس حەقی نییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەقەی بکا. هەوەڵ دەسرێژدەبێ قەرەنی بە دیکتارۆفەکەی بیکا. هەر گوێتان لە دەنگی دیکتارۆف بو دەست پێ بکەن. با هەستین برالە نابێ ڕێگایان بدەین ئەوان بێنە سەرمان. پشتی سەر شیوێ باشترین جێگایە، دەبێ لەوێ لە داویان بخەین. زۆر دەبورن ئەو برامازووچنانە، بەڵام هیچ عیلاجمان نیە دەبێ لەگەڵ ئەو برا پێشمەرگەمان لە دوای ئێمەوە چاوەڕوان بکەن، هەتا دوژمن لە داو دەکەوێ، ئەو کات ئازادن بڕۆن. هەرسێک مازووچن:
تفەنگیش بدەنە مە با لەو غەزایەی دا بەشدار بین.
پێشمەرگەکان دوو، دوو ڕۆیشتن. شوێنی کەمینە کە زۆر دوور نەبو. جێگایەکی زۆر باش بو بۆ شەڕی پارتیزانی. گوندی سەر شیو دەکەوێتە نێو دۆڵێک. ماڵەکان بە بەرێکی دۆڵەکەوە هەڵکەوتون. ئەو بەری دۆڵەکە هەموی ڕەز بو. سەرەوەی مالەکان هێندێک ڕووتەن و بەردەلان بو. بەڵام چەند سەد میترێک کە دوور دەکەوتیەوە دەبو بە دارستان. پێشمەرگەکان لە ئەمبەر ئەو بەری دۆڵەکە، لە پشتەوەی ڕەزەکان و لە سەرەتای دارستان سەنگەریان گرتبو. دوژمن ئەگەر لە ڕێگای هەڵوێ وە هاتبێ دیارە بەو ڕێگایەدا دێ کە بە نێوەڕاستی ڕەزەکان دا بەرەو گوندی دێتەخوارێ. دوایەش بە ڕووتەنی پشت ئاوایی دا لە گوندی وەدەر دەکەوێ.
پێشمەرگەکان هەمو سەنگەریان گرتبو، هەناسەیان لە خۆیان بڕیبو. لە نێو ئاوایی ژن و مندالْ دە هاتن و دە چون. جوانەگایەکی زەردی قەڵەو لە بن گوێسەبانی بانیژەیەک دەرپەڕی و بە جیفڕک لێدان بەسەرەوژێری دا هەڵات. ژنێکی بەخۆوەی چوارشانە بە غاردان بەدوای دا ڕۆیی. منداڵێک قۆچەقانی بە دەستەوە بو لەوانەی درێژی کە لە بەنی تەندراون. بەردێکی چکۆلەی تێنابو. هەر بای دا و بای دا و پاشان بەدوای ژنەی دا بە ڕێی کرد. بەرد ڕاست لە نێو شانی ژنەی نیشتەوە. ژنە ئاوڕێکی دا یەوە و دەستێکی لە کوڕەکەی ڕاوەشاند. پاشان بە غاردان وەدوای جوانەگاکەی کەوتەوە.
لە ڕێگای نێو ڕەزەکانەوە هەوەڵین لولەی تفەنگ دەرکەوت. لە پێشەوە چەند کوردێکی چەکدار دەڕۆیشتن. ئەوەندەی چاک بو هەریەکەی جۆرێک کەواوپانتۆڵیان لە بەر کردبو. دەنا کەس لە گەڵ پێشمەرگە لێکی نەدەکردنەوە. یەکێکی قەد نێونجی بە خۆوە و چوارشانەیان لە گەڵ بو، بە ڕانک و چۆغەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شینکی یەوە. یەکێکی کەڵە گەت را نک و چۆ غەی سپاتی لە بەردابون. چە ند کەسێکی دیکەش هەریەکەی بە جۆرێک جل و بەرگەوە . بەدوایان دا کۆ مەڵێک ژا ندارم و دوای ئەوانیش ژمارە یەکی زۆر سەرباز. بە دەوری ڕێگا کە دا بڵاو ببونەوە بەرەو ئاوایی دەهاتن. هەر گەیشتنەئاوایی و دەستیان کرد بە ئازاردانی ژن و پیاو و بە ساڵدا چوەکان. کابرایەکی سەروی پەنجا سالەیان وەگیر هێنابو بە سێ، چوار کەسان لێیان دەدا. ئەویش هەر دەستی بە سەر و گوێلاکی خۆی گرتبو و هیچی نەدەگوت. دوو منداڵ بەرامبەر کابرا ڕاوەستابون دەگریان. ژاندارمێک چو یەکی زللەیەکی لێدان. منداڵ بە گابۆڕ هەڵاتن. ژنێکی دەوری چل ساڵە بە کوتکێکی گەورەوە بە غاردان بەرەو ڕوو یان هات. کوتکی داهێنایەوە بۆ ئەو ژاندارمەی کە خەریک بو لە پیاوەکەی دەدا، ژاندارم لە ژێری دەرپەڕی، کوتک نەی گرت. ژنە وەک شێر پەلاماری ئەوانی دیکەی دا، ئەوانیش بلاوەیان کرد.

یەکێک لە ژاندارمەکان چەخماخی ڕاکێشاو لولەی تفەنگی لە ژنەکە کرد.

هیوا حەجمینی لێ هەڵگیرا، تفەنگەکەی ڕووەو ژاندارمەکە گرت و خەریک بو قامکی لێ بکێشێ. پێشمەرگەیەک لە پەنای بو، خێرا دەستی گرت:

چ دەکەی ماڵ وێران، هەمو ڕیسەکەمان لێ دەبێتەوە بە خوری. مەگەر قەرار نییە هەتا دەنگی دیکتارۆفی نەیە، هیچمان تەقە نەکەین.

هیوا:

کاکە ئەو ژنە هەژارەی دەکوژێ، ئێمەش تێیەوە ڕامێنین؟

لەو کاتەدا ئەفسەرێک بە غار چو دەستی ژاندارمەکەی گرت و نەی هێشت. ئەفسەر دەستوری دا بەرەو دەرەوەی ئاوایی. جاش و ژاندارم و سەربازەکان بە روو تەنی پشت ئاوایی هەڵگەڕان. بەشێکیان بەو بەری گوندی دا بە نێو ڕەزەکاندا وەسەر کەوتن.

وەک لە نەبونی پێشمەرگە دڵنیا بوبن زۆر یان تێبینی نەدەکرد. هەر هەر دەهات ماوەی نێوان ئەوان و پێشمەرگەکان کەمتر دەبۆوە. هیوا زۆر بەپەلە بو، یەکەم شەڕ بو کە بەشداری تێدا دەکرد. لێدانی دڵی توند ببو. دەستی خەریک بو بلەرزن. تینی بۆ هاتبو، ڕووی لە هاوڕێکەی کرد و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیسان زەڕبەیەکمان لێ دەدەن، وەک چوێلەکەی دەمان گرن، بۆ تەقەیان لێ نەکەین، ئەوا گەینە سەرمان.

هاوڕێکەی:

کاکە سەبرت هەبێ، با چۆن قەرار دراوە وا بکەین. راست دەکەی زۆر یش نیزیک بونەوە، تەماشا پیاو جاشەکان دەناسێتەوە هێندە نیزیکن.

ئەو کەڵەگەتەی ڕانک و چۆغەی سپاتی لەبەر دایە، ئەوە هەڵمەتە. نازانم چ شتێک فریوی داو ئاوا ڕووی لە جاشەتیە کرد. پێشمەرگەیەکی ئازا بو لە ئالان فریو یان داو بە هێلیکۆپتەر بردیانەوە. ئێستا بۆتە جاش و بەدوای هاوڕێکانی پێشوی خۆی دا دەگەڕێ. ئەمڕۆ سەزای خەیانەتەکانی وەردە گرێ. دیارە ئەجەلی هاتوە ئاوا بێ پەردە سینگی پێوە ناوە. ئەو رانک وچۆغە شینکی یە چوارشانە محمد بریاجی یە. ئەویش هەر لە وانەیە کە پێشتر لە ڕیزی شۆڕش دابوە. بەتایبەت لە کوردستانی عێڕاقێ. هۆ وەش ساڵحە برای قادرئاغا، لە پێش دا سیخوڕ بو. بۆ ڕوکنی دوو کاری دەکرد. ئێستاش تەشریفی بوەتە جاش. وا دیارە ئەو ڕۆ گیانی پێشکەشی شاهەنشای دەکا.

هیوا:

کوڕە زۆر نیزیک بونەوە. بە قوڕعان بە لایەکمان بە سەر دێنن. تەماشا کە خەریکە بگەنە سەرسەرمان.

لەو قسانەدابو لە پشت ڕەوەزەکانەوە قریشکەی ڕیزێک فیشەکی دیکتارۆف هات. لە دۆڵەکان دەنگی دایەوەو بە دوای دا بوبە خرم و هوڕ. لە هەمو لایەک ڕا جاش و ژاندارم و سەرباز وە بەر دە سترێژ دران. هاوار وقیژەقیژ یان تێکەوت. هەر لە هەوەڵین دە سترێژەکان دا جاشی ڕانک و چۆغە سپات سەرەنگرێ بو. بە سەربەقولات ڕۆیشتە خوارێ و لە چەند میتری بە بەردێکەوە گیرسایەوە. دەست ولاقی لە بنی دا گرۆڵە بون. هەر لەجێ گیانی لە دەست دا. ئەوەی خڕەبنەی ڕانک و چۆغە شینکی خۆی هاویشتە بن دەوەنێک و تەقەی کرد. بەڵام زۆری پێ نەچو ئەویش هەر لەوێ بێدەنگ کرا. برای قادرئاغای جاشی بەناوبانگ لە هەلاتنێ دا لێی دراو خلۆر بۆوە. ئای دەدەم، هاوار کوژرام و ئای مادەر و هات و هاواری جاش، ژاندارم و سەربازان ئەو دۆڵەی کەڕ کردبو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوا ووره‌ی هاتبۆ به‌ر به ئاشکرا هاواری ده‌کرد:
ده‌وه‌رگرن هه‌ی خائینان ، له‌و ژنه فه‌قیره‌ی ئازابون، ده‌وه‌رگرن.
قریشکه‌ی که‌لاشینکۆف، گرمه‌ی دیکتارۆف ، ته‌قه‌ی برِنۆ و رِمبه‌ی نارنجۆکان ئه‌و دۆڵه‌یان له‌ نێو خۆ گرتبو. داره‌کانیش وه‌سه‌ما که‌تبون و له‌ خه‌کانیان هه‌رجاره‌ی به‌ لایه‌ک دا ده‌چو، تا رِێگای فیشه‌کی پێشمه‌رگه‌کان بکه‌ن و نه‌بنه هۆی لاربو نه‌وه‌یان. دوژ من به‌ جار ێک زه‌ل یل بو، ده‌ ستێکی ئه‌وتۆی بۆ نه‌کرایه‌وه. له‌ نێو رِه‌زی خومپاره‌یه‌کیان دامه‌زراند و گولله‌ یه‌کیان پێ به‌رِێ کرد. به‌ڵام هێشتا ئه‌و گولله‌یه نه‌ته‌قیبۆوه، خومپاره‌ش بێ ده‌نگ کرا.
چرِه‌دوکه‌ڵ له‌سه‌ر ئه‌و دۆڵه‌ی داوه‌ستابو. سه‌دان فیشه‌ک به‌رِیز له‌ هه‌ر چوار لای دۆڵه‌ که‌وه‌ به‌ ویزه‌و یز ده‌ هاتن. باڵنده‌کان سه‌ریان لێ شێوابو. له‌ سه‌ر ئاسمانی گوندی له‌ نێو چرِه‌دوکه‌ڵ دا تێکیانه‌وه‌ داویشت.هێندێک رِه‌شه‌ وه‌ڵاغ و مه‌رِ و بزنه‌ شه‌ل نه‌یان توانیبو بچنه‌ نێو مه‌رِ و گارِانێ، له‌ ده‌ورو به‌ری ئاوایی بڵاو ببو نه‌وه، ده‌ یان بارا ند و ده‌ یان زه‌رِا ند. که‌ لا کی جا شه‌ که‌رێک له‌ په‌نا که‌لاکی سێ جاشی به‌ناوبانگی ناوچه‌ که‌وتبو. له‌ نێو رِه‌زه‌کان ، له‌ پشتی ئاوایی و له‌ نێو دۆڵه‌که‌دا هه‌ر زیرِه‌و هاواری بریندار‌ه‌کانی دوژمن بو. له‌ هه‌ر ده‌وه‌نێک هه‌ر بن به‌ردێک جه‌نازه‌یه‌ک یا برینداڕێکی دوژمنی لێکه‌وتبو. به‌ڵام هه‌رده‌هات و ژ ماره‌ی دوژ من ز یادی ده‌ کرد. له‌ سه‌رده‌ شت و ده‌ورو به‌ره‌وه‌ ه ێزی یارمه‌تیده‌ری بۆده‌هات. هێلیکۆپته‌ر له‌ سه‌ر ئاسمانی ئه‌و ناوه‌ ده‌ستیان به‌ هات وچۆ ده‌ کرد و خه‌به‌ر هه‌بو که‌ له‌ لای خواره‌وه‌ رِا هێزێکی گه‌وره‌ی دوژ من وه‌رِێ که‌وتوه‌ که‌ پ شتی پێ شمه‌رگه‌کان ب گرێ. له‌و هه‌راو هه‌نگامه‌ یه‌ش دا دڵ سۆزانی گه‌ل، یار مه‌تی ده‌را نی پێ شمه‌رگه، به‌ خۆ و به‌ کۆ ڵه‌ نان و پێخۆریانه‌وه‌ خۆیان ده‌گه‌یانده‌ پێشمه‌رگه‌کان و خۆراک و خه‌به‌ریان بۆ دێنان. ژنانی ئازای دێهاتی بێ په‌روا له‌ خه‌ته‌ری مردن، خۆ یان ده‌نێو پۆ له‌ داره‌ کان رِاده‌کرد و به‌ نێو ویزه‌ویزی فیشه‌کدا خۆیان ده‌گه‌یانده‌ پێشمه‌رگه.
له‌ گه‌ڵ هه‌مو ئه‌و خه‌به‌ر و خه‌ته‌را نه‌ش دا ، پێشمه‌رگه‌کان درێژه‌ یان به‌ شه‌رِ دا هه‌تا به‌ره‌به‌ری ئێوارێ. هێزی دوژمن له‌ گه‌ڵ ئه‌وه‌ی کوژراو و برینداڕێکی زۆریشی دابو، خه‌ریک بو خۆی بگرێته‌وه‌و بکه‌وێته‌ حاڵه‌تی هێرش کردن. چونکه هه‌روا ده‌ هات و ه ێزی یارمه‌تیده‌ری بۆ ده‌ هات. هێندێک له‌ پێشمه‌رگه‌کان



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاوری سەرکەوتن تینی دابون. چونکە لاو یش بون خەریک بو غرور بە سەریان دا زاڵ بێ. ئینسانی لاو هێندە باوەڕی بە هێزی خۆی هە یە کە پێی وا یە هیچ هێزێک دەرەقەتی نایە. تەنانەت لە پێشمەرگایەتیش دا هەر ئەو هەستی لاوەتیە زۆر کاری دژی ئوسولیی پێ دەکا. بۆ وێنە پێشمەرگەی لاو پێی وایە دوژمن لە خر پە خر پی خەوتنی ئەو دەتر سێ. کەوابو کێشکی ناوێ. زۆر جار بێ کێشک دانان لێی دە نوێ و تەنانەت گەلێک زەڕبەی گەورە بەم هۆ یەوە لە شۆڕش دەدرێ. چەندجار بەرپرسەکان و ێشمەرگە خاوەن تاقیکرد نەوەکان دەنگیان دا کە بەرەبەرە پاشە کشە بکەن، فایدەی نەبو. تەنانەت هیواش کێشی سەرکەوتن بە سەری دا زاڵ ببو. بەخۆو جامبێزارە شکاوەکەیەوە کۆڵی نەدەدا. هەر دوو فیشەکی داوێشت و دە بو نیو سەعات ڕاوە ستێ تا تفەنگە کەی سارد بێتەوە. دیسان دوو فیشەکی دیکە و نیوسەعات ڕاوەستان. بەوحاڵەش هەتا نۆرەی دوو فیشەکەکەی دەها تەوە ئارامی لێ هەڵدەگیرا. لەو کا تەدا تەنیا بیری لەوە دە کردەوە کە تفەنگە کەی سارد بێتەوەو دوو فیشەی دیکەش باوێ. زەلیلیی دوژمنی دیبو ، دیمەنێکی ئەوەندە سەرنج ڕاکێش بو، نەی دە توانی دە ستی لێ هەڵگرێ. هەرچی زۆر تر دوژ من زەلیل کەی، ئەوە مەنتقی شەڕە. دەڵێن لە شەڕ دا حەڵوا نابە شنەوە، بەڕا ستی وا یە. ئینسانێک کە بە خاتری خۆشبەختی کۆمەڵێک ئینسان تەنانەت ڕوحی خۆی لەسەر بەری دە ستی داناوە، پێی خۆ شە لە نێو شەڕ دا هەرچی زۆر تر ئینسان بکوژێ. لەو کا تەدا ئەوان لە بەر چاوی ئینسان نین، دوژمنن. دوژمنیش سەزای کوشتنە. شەڕ هەرچی بێ دژی ئینسانە. تەنیا ئەوەی تاوانبارە بە هەڵایساندنی شەڕ بە ڕا ستی حەقی خۆ یەتی تێیدا بکوژرێ. پێشمەرگەکان درێژەیان دا، دارەکانماندو بون لە خوێن خواردنەوە. پێیان خۆش نەبو لە جیاتی باران خوێنی مرۆڤەکان بە ڕەگەکانیان دا سەرکەوێ. وە سیرەسیر کەوتن و لەرزین، هەمو دارستان لەرزی، دۆڵەکە بۆڕەی دە هات. بەئاشکرا دەی ناڵاند و هاواری دە کرد دە ستی لێ هەڵگرن و چیدی کەلەکەی دابێژ، دابێژ نەکەن. ئەو حەیوانانەی لەبەر شەل و شەکەتیان لە ئاوایی مابونەوە، یا ببو نە قور بانی و کەلاکیان لەوێ کەوتبو، یا بە دە ست و پێ عەرزیان هەڵدەدڕی و توشی تووڕەیی ببون. بزنە شەلێک هەروا دە می بۆ بن هەنگڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبرد و ڕووی لە ئاسمان دەکرد. سەگێک بریندار ببو خەریکی لستنەوەی برینەکەی بو، لە سەر تەنیشت وەرکەوتبو، جار و بار دەیقروسکاند.
خەبەرێک لە هاتنەوەی مەڕ و گاڕان نەبو. ئەو ڕۆژە لە ئاوایی سەرشیو ژیان ڕاوەستابو. مانگرتنی گشتی بو. یا باشترە بڵێین جێژنی گشتی بو. جێژنێکی بێ ساز و ئاواز. لە پشتەوە ڕا دەستور درا پاشە کشە بکەن. هەرکەس پاشە کشە نەکا بە جێی دەهێڵن. هاوڕێکەی بە هیوای گوت:
ئەتۆ هەستە بە بن بەرد و دەوەنەکاندا، لەسەر سینگ بڕۆ ئەمن دیفاعت لێ دەکەم.
هیوا سور هەڵگەڕا و برێک بەتوڕەیی:
بۆ پێتان وایە ئەمن تازە هاتوم غیرەتی شەڕم نییە. هەر دەبێ ئەمن زوتر خۆم دەرباز کەم. تازە تفەنگەکەم سارد بوەتەوە. هەتا دوو فیشەکی دیکە ناوێم هەڵناستم.
هاوڕێکەی بە پێویستی نەزانی لەو کاتە ناسکەدا دم بە دمەی لەگەڵ بکا:
جا باشە ئەگەر وایە ئەمن برێک هەڵدەکشم ئەتۆ تەقە بکە.
ئەو لە سەر سینگ بەرەو پشتەوە خوشی. هیوا فیشەکی یەکەمی هاویشت. لەولای ڕا وەک باران فیشەکیان بەسەردا باری. هاوڕێکەی هاواری کرد:
هاوڕێ گوتم لە پێشدا ئەتۆ هەستی . براله مەنزوورم ئەوە نەبو خوانەخواستە بێ غیرەتی. تفەنگی تۆ تەک تیرە و بە دوو فیشەکان گەرم دەکا. تفەنگی من ڕیزە و گەرمیش ناکا. ئێستا تکات لێ دەکەم وەڕێ کەوە.
هەر ئەوەی گوت و دەستی پێدا هێنا سی فیشەک بە سەریەکەوە. ئاوری لەو دۆڵەی خوارێ بەردا. هیوا بە ناچاری بە خێرایی لە سەر سینگ خشا و بۆ پشتەوە ڕۆیی. زیاتر لە پەنجا میتر هەڵکشا. جێگایەکی ئەمینی گرت. دەنگی هاوڕێکەی دا نۆرەیەتی. هاوڕێکەی لە نیزیک خۆیەوە وەڵامی دایەوە، ئەوەتام هاتوم. خۆ نەم دەتوانی لە سەر جامبێزاری تۆ ڕاوەستم. بە تاقە فیشەکێکی دیفاعم لێ بکا. دەستڕێژێکم کرد و بە غار سەرکەوتم.
کاری سەختیان گردێکی چکۆڵەی ڕووتەن بو. لە وێ سەرکەوتنایە لە تیری دوژمن دەردەچون. بەودیوی دا نەدیوێکی پڕ دارستان بو. هاوڕێکەی گوتی:
کاک هیوا ئەمن دایان دەگرم، بە غار خۆت لەو گردە ڕووتەنەی دەرکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو قسانەدابون گوللە یەکی خوم پارە بە ویرەو یرِ هات. ڕا ست لە گردە ڕووتەنەکەی کەوت و دنیایەک تەپ و تۆز و ووردە بەردی بڵاو کردەوە. تیکە ئاسن وەک گوللەی ویزە یان دە هات. هیوا و هاوڕێکەی خۆ یان تەخت کرد بو. جێگای خومپارەکە بو بە چاڵێکی گەورە. هاوڕێکەی دیسان گوتی:

هەستە بە غار بڕۆ برالە، هەر دێت و توندتر دە بێ. ڕاوە ستان فایدەی نییە. ئەگەر دەنگی هاوەنی دیکە هات خۆت لە چاڵی ئەوەی پێشو هاوێ. جارێکی دی لە وێ نادرێ. هیوا کێشەی نەکرد. دیسان هاڕەی هاوەنێک و قرو سکەی گوللەکەی بەسەر سەریانەوە هات. هیوا خۆی هاویشتە نێو چاڵەکەی . هاوەن لە پشت سەریەوە بە چەند میترێک کەوت و گڵ و خۆڵێکی زۆری بەسەر هیوادا کرد. هیوا هەستایەوەو ئەو جارەی بە پێوە بە غاردان لە گردەکەی سەر کەوت. هاوڕێکەشی بە دوای دا هاتبو. هەر دووکیان لە گردی ئاوابون. بەرەو نزماییەکی دیکەی پڕ دار و دەوەن. هەر بەو جۆرەی وەڕێ کەوتبون درێژەیان دا. دانەمەزرا نەوەو دە ستیان بۆ چەک نەبردەوە. لەو نزماییەش تێپەڕین. گەیشتنە گردێکی دیکە. پێشمەرگە دوو، دوو و سێ، سێ پەیدایان دە بو. لە گۆڕە پانێکی دوور لە مەیدانی شەڕ کۆبو نەوە. دوژمن هەروا کوێر کوێرانە تەقەی دەکرد. زیاتر لە سەعاتێک لە پاشەکشەی پێشمەرگەکان تێپەڕیبو، هێشتا هێزەکانی دەوڵەتی نەیان وێرابو سەنگەرەکانی خۆیان بەجێ بێڵن و بێنە پێش. تەقەیان دە کرد، تەقەیەکی بێ وەڵام. پێشمەرگەکان هەمو خڕ بو نەوە. تەنیا یەک پێشمەرگەی لاوی تازەوار یدد یار نەبو. (محەمەدی ڕە سووەمەرە). محەمەد لاوێکی چالاک و لە خۆ بوردو بو. لە پێش دا وەک پەیک کاری دەکرد. نامەکانی دێنا و دەبردن. لەم دواییانەدا ئاشکرا ببوو دەستی دابۆ چەک. خۆشەویستی هەمو لا یەک بو. ماوە یەکی زۆر لە سەر پێشمەرگەی وون بو ڕاوە ستان، کەڵکی نەبو. واد یار بو ئەویش بەرەوکاروانی شەهیدان هەنگاوی هەڵێنابون و مێژووی گەلی کوردی بە خوێنی خۆی ڕەنگاندبو. دوو ڕۆژ دواتر پێشمەرگەکان خەبەریان زانی کە محەممەد هەڵبڕاوە. کەوتوەتە داوی دوژمن وئەوانیش بێ ڕوحمانە شەهیدیان کردوە و تەرمەکەیان بۆ چاو ترسێن کردنی خەڵک بردوەتەوە شاری سەردەشتێ. گۆیا لە تورەکەیەکی سپی خام دا لە بەر دەمی پادگان فرێران داوە. تەنانەت حازر نەبون تەرمەکەی بدەنەوە تا بە پێی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێ و ڕەسمی کوردانە بە خاک بسپێردرێ. دواتر هەر لە نیزیک پادگانی لە چاڵێک یان هاوێشتوە. خەبەریش هەبو کە لەو شەڕەدا دوژمن زەڕبەیەکی یەکجار قورسی وێ کەوتوە. زووربەی جاشەکانیش کە لە گەڵیان بون کوژراون یا بریندار بون. شاری سەردەشتێ هەم شایی تێکەوتبو هەم شین. شایی کۆمەڵانی خەڵک و شینی کاربەدەستانی دەوڵەت و خۆفرۆشان.

لەو ڕۆژە بە دواوە دوژمن هێندەی دیکە هار ببو. هێزێکی زۆری کۆکرد بۆوە. لە ناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە جاشێکی زۆری هێنابو. سەرکردەی جاشەکان ئاغایەکی بەنابانگی هەرکی بو بە ناوی محمد ئەمین چیچۆ. چیچۆ فڕوفیشاڵێکی زۆری بۆ ڕژیم کرد بو. گۆیا قەولی دابو زور بەی پێشمەرگەکان وەک (بارەکەو) بگرێ.

پێشمەرگەکان بەشی هەرە زۆریان لە ناوچەی سەردەشت کۆ ببونەوە. لە ناوچەکانی دیکە تەنیا کادری نەهێنی مابون، لە نێو ڕیزەکانی مەلا و فەقێیان دا. هێزی دوژمن دایم بەدوایانەوە بون. کۆمەڵانی خەڵک بە گشتی پشتیوانیان لێ دەکردن و نان و پێخۆریان پێ دەگەیاندن. بەڵام هەلپەرستان و خۆفرۆشان کەوتبونە خۆ و دەستیان بەسیخوڕی بۆ دوژمن کرد بو. پێشمەرگەکان نەیان دەتوانی لە ڕۆژێک زیاتر لە هیچ جێگایەک بمێننەوە، گوندا وگوند دەڕۆیشتن. جار و بار بە ویزەی هێندێک خۆفرۆشان دەگەیشتن و حەقی خۆیان دەدانە دەست. چەند ڕۆژ بو نەحەسابونەوە. هەر لەم ئاوایی بۆ ئەو ئاوایی و لەم هەوارگە بۆ ئەو هەوارگە. چالاک بونی ئەوان لە باری نیزامیەوە، ڕژیمی زۆرتر هار کرد بو. هێزێکی زیاتری بۆ تەرخان کرد بون و توند و تیژی لە بەرامبەر کۆمەڵانی خەڵک زۆرتر کرد بو. لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی گیرابون و ئازار و ئەشکەنجە درابون. خۆشیەکەی ئەوەبو کە ڕژیم بە هیچ شێوەیەک نەی تونیبو نفوز بکاتە نێو تەشکیلات. زۆر کەس گیرابون کە لە ڕاستی دا پەیوەندیان بە جولانەوەوە نەبو. زۆر کەسیش هەروا کاری حیزبی خۆیان دەکرد و لە شارەکان و لە گوندەکان، لەبەر چاوی دوژمن مابونەوە. بۆ نیشاندانی هێزی ساواک ڕژیم هات زۆر مامۆستای قوتابخانەکانی ناوچەی سەردەشت ومهاباد وپیرانشاری گواستەوە بۆ شوێنە دورەکان، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوێش دا تەڕ و پوشی پێکەوە سوتاندبو. هەم لایەنگرانی حیزب، هەم بێ لا یەن گوێزرابونەوە.

پێ شمەرگەکان بۆ ئی سراحەتێکی چە ند ڕۆژە لە هەوارەکانی گوندی( شڵماش)کۆبونەوە. ئەو گو ندە چە ند تایبەتمەند یەکی با شی هەبون. ڕێگای ماشێنی نەبو. دوژمن بە هاسانی نەدەگەیشتە ئەوێ. زۆربەی خەڵکە کەی کوردی باش و خزم و دۆستی مامۆستا بون. دوو ڕۆژ بو پێشمەرگەکان لەوێ دەحەسانەوە. موچەکانی دەوروبەری ئەو گو ندە هەم سازگار و خۆش بون و هەم زۆر بەربڵاو. هەر لە سەر دووچۆ مانی کەڵوێ\ شڵماش ڕا مو چە و مەزرا دە ستی پێ دە کرد تا لوتکەی کێوی هۆ مل. کانیاوێکی زۆر و میوەو بەر و بێستانێکی زۆر ئەو مەڵبە ندی کرد بو بە بەهە شت. پێشمەرگەکان بە سەر ئەو موچا نەدا بڵاو ببو نەوە. هیوا لە گەڵ دە ستەیەکی پێنج کە سی لە سەر گردی سەنەغان دامەزرابون. ئەو گردە بەسەر ڕێگای نێوان سەردە شت و شڵماش دا دەیڕوانی. گردێکی تا ڕاددەیەک بڵیند بو، هەرچەندە بەسەر دەشتاییەکی چکۆلە بە دامێنی هۆملەوە هەڵکەوتبو. لەسەر بەرزترین جێگای ئەو گردە گومبەزێک ساز کرا بو. ئەو گوم بەزە گۆڕی خوالێخۆ شبو مەلا محەم مەد ئەمینی هەمەو ندی، بابی مامۆ ستا ئاوارە بو. هیوا بە ڕێزێکی تایبە تەوە دە چۆ بەر دەر گای گومبەزە کە و فاتیحا یەکی دەخوێند. لە زور بەی گو ندەکانی دەور و بەرەوە دێهاتیەکان دەهاتن و ڕێزیان لە وگومبەزە دە گرت. هە ستی مەز هەبی و هە ستی وەڵات پارێزی تێ کەڵ دە بون و شکۆیەکی تایبەتیان بەو مەر قەدە دەبەخشی.

تاریک و ڕوونی بەیانی بو. لە ڕێگای سەر موچەکانەوە دەنگی وەڵاغە بەرزە و جارو بار دەنگدانی ئینسان دە هات. شنەبای فێنکی بەرە بەیانی بۆنی گوڵ و ڕیحانەی بڵاودەکردەوە. لە دوورەوە قرمەی پێی کاروانێکی چەند وەڵاغی وەک زەنگوڵە دەنگی دەدایەوە کە بە ڕێگای خوارەوەی قەبرستان دا ، بەرەو شاری سەردەشت دەڕۆیشت. ئەو جۆرە کاروانانە لە ڕۆژانی هاوین دا بۆ هیوا شتێکی ئاسایی بون.

ئەوانە خەڵکی ناوچەی ئالان بون کە هاوینان میوەو سەوزەی خۆیان دە بردە شاری سەردە شت بۆ فرۆ شتن. ئێوارەی ڕۆژی پێ شتر سەوەتە میوە یان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داده گرت و بۆ ئەوەی کۆن نەبێ هەر بە شەو وەڕێ دە کەوتن. لای ئیوە شەوێ برێک یان ئیسراحەت دە کرد و ئاخری شەوێ بە پشتەوەی گو ندی شلْماش دا بەرەوشار دەڕۆیشتن. هەتاو نە کەوتبو کە دەگەیەنە نێو شاری و لە دەری شاریش را چەقاڵ و بەقاڵ لێ یان وە کۆ دە بون و سەودایان دە بو. پاشنیوڕۆیان بە هێندێک کەل و پەلی پێویست و برێک پوڵی زیادیەوە بە سواری وەڵاغەکانیان بەرەو ئاوایی خۆیان دەگەڕانەوە.

کاروانی میوە فرۆ شان بە خوارەوەی هیواو هاوڕێ کانی دا ڕەت بون. بۆ ماوەیەک هەست لەو دەور و بەرە نەما. لە لای خۆرهەڵاتی ئاسمان تاریکایی هەروا کاڵتر دەبۆوە. لە دەورو بەر دەنگی سریوەسریوی گیاندارە بچوکەکان دەهات. چونکە دەنگی گەورەتر نەبو کە بەسەریان دا زاڵ بێ. شاخی گەورەی (سید)ی کە یەکێک لە لوتکەکانی کێوی هۆمل بو و بەسەر شلْماش دا دەڕوانی، سێبەری لە تاریکایی کردبو. سێبەری بە هەیبەتی ئەو تەنانەت لە نێو تاریکایی دوا هەناسەکانی شەویش دا دیار بو. خشەی دارستان تێکەڵ بە سیرەی چوێلەکە و بولبول و قارەی بۆقان دەبو. هەیبەتی سروشت لێرە بە ڕاستی سامی خۆی دەنواند. سروشت هەمیشە نێو چاوانی کراوە نییە. جاری وایە بێدەنگ و بە سامە و جاری واشە بۆ ئینسان پێ دەکەنێ. سروشتی ئەو بەرەبەیانە بێ دەنگ و بە سام بو. موچەکانی خوارەوەی کێوی هۆمل هەر یەکەی وەک قەڵایەکی تەلیسماوی دە چون. بە سپیدارە بەرزەکان، گوێزە لەخ و پۆپ بڵاو و ئەستورەکان وباغ و ڕەز پڕ و کانیاوە بە خوڕەکانیەوە، هەستێکی قوڵیان دەدا بە ئینسان. هەستێک کە وای لێ دە کردی بە قوڵایی نەهێنیی یەکانی سروشت دا بڕۆیە خوار و خۆت لە بیر بچێتەوە. هیوا لەو بێدەنگی بەرەبەیانەدا ڕاست لە نێو هەستێکی ئەوتۆدا مەلەی دەکرد. تفەنگەکەی لەسەر هەردووک ڕانی دانابو و لەسەر کوچکە بەردێک دانیشتبو. خەیاڵی بە نێو پۆلە سپیدارەکان دا دەڕۆیی. باسکی لە قەدی ئەستوری گوێزەکان وەردێنا. دیار بو بە نیوەشی ڕانەدەگەیی. خۆی بە نێو پۆلی قەیسی، هلو، هەرمێ، بەهێ، توو، هەلوجە و هەنجیرەکان دا دەکرد. سەری دادەنەست و دە چو دەبن پۆلە مێوەکانەوە کە وەک کەپرێکی یەکپارچەی گەورە لە سەر کۆڵەوەژەکان ڕاوەستابون. دەستی دە برد هێشوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ترپێیەکی گەورە لێ بکاتەوە، دەستی وە دەستێکی نەرم دەکەوت و تەزوو یەکی بە باسکی دا هەڵدەکشا.
تەزووی خۆشەویستی، کاتێک سەرنجی دەدایە دەستێکی کچانە بو، دەستی مامز.
لەو خەیا ڵە خۆ شانەدا بو، شتێک بە قورِە قورِ بە سەر سەری دا ڕەت بو. لەحزە یەک تا سا، دە بێ ئەوەش خەیاڵ بێ. تا یەکی دیکەش قورِەی هات و ئەوەی پێشو لە بناری کێوی هۆمل تەقیەوە. تۆپی دوورهاوێژ بون کە یەک بە دوای یەک دا لە لای گو ندەکانی تر شیان و مارە غانی یەوە دە هاتن.
پێشمەرگەکان ڕا ست بو نەوەو خۆ یان پێچا یەوە. هـ یوا گوێی لە هە ستی پـێی ژمارەیەکی زۆر ئینسان بو لە ڕێگای قەبر ستانەوە دە هات. ئەوان بەرەو شار نەدەڕۆیشتن، بەڵکو لەوێوە دە هاتن. د یار بو هێزی دوژمنە، بە شێکی لە وێوە هاتوە. پێشمەرگەکان دەستوریان پێ بو کە هەرکات هەستیان بە خەتەر کرد بە بێ ئەوەی تە قە بـ کەن وەڕێ کەون و بچـ نە دە شتی(خوێبیە). ئەو دە شتە دەکەوتە سەرەوەی ئاوایی و بە چەند جێگا دا ڕێگای دەر بازبونی هەبو. لە هەر چوار دەوریەوە دارستانی چڕ بو.
ڕووناکایی لە لوتکەی شاخەکانی ئاخوڕ و بێندروێی دابو کە هێر شی هێزە کانی دوژ من لە هەمو لایە کەوە هە ست پێ کرا. ئەو دوو لوتکە یە دەکەو نە سەرەوەی گو ندی شلماش و بە شێک لە کێوی هۆ مل پێک دێنن. دوژ من لە سێ لاوە هێر شی هێنابو. لە لای مارە غانی و تر شیانەوە بە تۆپباراانەوە. تا ئەو جێگایەی کە ماشێن دەڕۆیی تۆپ و خومپارەکانیان هێنابۆ پێش. لە وێرِا بە با شی سەنگەری پێشمەرنگەکان دە کوترا. لە لای هۆمـلەوە بە گو ندەکانی گوڵێنە و قازان دا پەڕیبو نەوە. بە شی زۆری ئەو هـ ێزە جا شەکانی هەرکی بون بە سەرۆکایەتی چیچۆ. لە لای باسکی کۆڵەسەوە ، بەشێک بە گوندی نێوکوردار داو بە شێک لە لای خانەخە لەوە. ئا مانجی ئەوبە شەی دوژ من گرتـ نی ڕ ێی دەربازبونی پێشمەرگەکان بو.
پێشمەرگە کان بون بە چە ند دە ستە. دە ستەیەک لە سەر بەرزایی پـشتەوەی دەشتی خوێبیە کە ڕێگای ناوچەی ئالانی پێدا دەڕۆ یی دامەزران. ئێرە پێویست بو بـ پارێزرێ تا ڕێ گای پا شە کـ شێ هەبێ. دە ستەیەک لە پـ شتەوەی پۆ لە گوێزە کانی کێ سەڵان تا ڕێ گای هێر شی دوژ من بۆ دە شتی خوێبـ یە بـ گرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستەیەکیش لە سەر گردی سیکەروار تا پێشی هێرشی دوژمن لە تەرەفی شاریەوە بگرێ.

لە گەڵ سەروەدەرنانی هەوەڵین تاڵە تیشکەکانی ڕۆژ لە سەر لوتکەی هۆمل، شەڕ دەستی پێ کرد. گرمەی تۆپ و خومپاران تێکەڵ بە شریخەی چەکی ڕیز و تەکتیر ببو. کێوەکان دەیان ناڵاند و ئەم بەر و ئەو بەر وەڵامی یەکتریان دەدایەوە.

هۆمل زریکەی دەگەیشتە بڵفەت. بڵفەتیش هاواری هۆملی بە قەندیل دەگەیاند. بەم جۆرە زنجیرە شاخی زاگرۆس لە ناڵەی ئێرە ئاگادار بو. پێشمەرگەکان تەنیا یەک ڕێگایان لە بەردەم بۆ بۆ دەربازبون. ئەویش وەسەرکەوتن بەرەو لوتکەی هۆمل، پاک کردنەوەی دوژمن لە سەر ڕێگاو دەربازبون بەلای ناوچەی ئالان دا. ئەگەر بەرەو خوارەوەی گوندی پاشەکشەیان کردبایە، زۆر بەهاسانی لە داوی ئەو هێزە دەکەوتن کە لە باسکی کۆڵەسەوە هاتبو. جگە لەوەش ناوچەکە نزمایی بو و لە هەموو لایەکەوە دوژمن یان بە سەردا زاڵ بو. بۆیە هەر لە سەرەتای شەڕەوە بڕیاریان دا بەرەبەرە بۆ سەر لوتکەی کێوی هۆمل سەرکەون.

هیوا لە گەڵ دەستەیەک پێشمەرگە لە دوایین بەرەکانی شەڕ بو. ئەوان بەرپرسی بەرگری بون تا پێشمەرگەکانی دیکە بتوانن بەرەو بەرزایی بچنە پێش. تەنیا ڕەشاشێکی کە هەشیان بو لێرە دامەزرابو. ئەو ڕەشاشە ئامانجی ئەوەبو ڕێگای لە نیشتنەوەی هێلیکۆپتەرەکان لە سەر دەشتی خوێبیە بگرێ. لە لای گوندەوە، لە بەرزایی کێوی ئاخوڕ و لە نێو ڕەزەکانی پشتەوەی ئاوایی تەقە گەرم بو. دوو هێلیکۆپتەر بە هارە هاڕ هاتنە سەر دەشتاییەکەو لەنگەریان داهێشتن. ڕەشاش کەوتە خوێندن. هێلیکۆپتەرەکان هەستانەوەو بەرز بونەوەتا خۆیان لە داوی پێشمەرگە ڕزگار کەن. بەڵام بۆ یەکێکیان زۆر درەنگ بو، چونکە وەک لولە سۆبەی زستان ، کە بەداری تەڕ پڕ کرابێ و ئاورەکەی نەی گرتبێ، ئاوا چڕە دوکەڵی لە پشتەوە دەردەچو. ئەوەیان بە خێرایی بەرەو شاری سەردەشت گەڕایەوە و ئەوەی دیکەشیان بەدوای دا.

پێشمەرگەکان ئازایانە بەرەو هێرشکەران شاڵاویان دەبرد. هێرشێکی دژوار ، بەڵام سەرکەوتوانە. دژوار چونکە دەبو بەرەو بەرزایی بە شەڕکردنەوە بچنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێش. ئەوەش مەودایەکی کەم نەبو. بە ڕێگا ڕۆیشتنی ئاسایی دوو سەعاتەڕێ بو. جا بەشەڕ تێپەڕ بون لێرە دیارە چ واتایەکی هەبو.

دە ستەی هیوا دوای ڕۆیشتنی هێلیکۆپتەرەکان فشارێکی زۆر یان لە سەر نەبو. هێزەکانی دوژمن زۆرتر لە بەرزایی یەوە هێر شیان دە کرد. پێشمەرگەکان بن دارەو بن دار دەیان گواستەوە. پلە، بە پلە دەچو نە سەر. دێهاتیەکان بە کۆ لە نان و پێخۆرەوە بەدوایانەوە بون. ژنێکی قەد نێونجی کزی مو زەرد، کۆلێک نان و پێخۆری بە کۆڵەوە بو. شان بە شانی پێشمەرگەکان سەردەکەوت. جارو بار خۆی لە بن بەردێک دە نا و دە ستی دە کرد بە گر یان. پا شان بەقوربانی پێشمەرگەکان دەبو:

دەی بەقوربانی بەژنێو بم. دەی خوا دە ستو بە عومر یەوە بگرێ. بە شکم هێندێک لەو سەگبابانە بگرن. دەور یان بدەن بیان گرن، ڕەیسەکەیان بگرن. دا خوا لە گەڵ کاکم نای گۆڕ نەوە. دە ڵێن ئیعدامی دە کەن. دە ڵێن قەرارواپە تیرەبارانی کەن خوشکەکەی کوێربێ.

هیوا لێی نیزیک بۆوە و دڵداری دایەوە. خوشکی مامۆستا بو، ئەو ڕۆژانە دە نگ و با سی تیرە باران کرد نی ئاوارە بڵاو بۆوە. گۆ یا لە بێدادگایی جڵدیان دا حوکمی ئیعدامی درابو. بێ دادگایی ، بێ وەکیل مودافیعی شەخسی. هەمیشە لە کوردستان ئاوا ئیعدام دەکەن. خەڵک هەرنازانێ کە ئینسان حەقی هە یە وەکیل بگرێ. دەوڵەت بۆخۆی ڕەیسی دادگا، دادرەس و پارێزەرە. ئەفسەرێک ڕەیسی دادگا یە، ئەفسەرێکی دیکە دادڕەس و ئەفسەرێکیش پارێزەرە. د یارە با سی بە شداریکردنی خەڵکی ئا سایی لە داد گا دا هەر نابێ بکەی. کەس و کاری تیرەباران کراو تەنانەت حەقی داوای جەنازەشیان نییە. لەگەڵ ئەوەش خە بەری ناخۆش زوو زمانەو زمان دەڕوا.

هیوا بڕێک دڵخۆشی دەداتەوەو نان و پێخۆرەکەی لێ وەردەگرێ. تکادەکەم تۆ سەری مامۆستا بڕۆ ماڵێ. با ئەتۆش شتێکت بەسەر نەیە.

ئەو دڵسوتاوی برا تێکۆ شەرەکەی بو. بە تایبەت لەوەتی براکەی گیرا بو ئەو ئارام و قەراری لێ هەڵگیرابو. هەست دەکرا بەرە بەرە دەتوێتەوە. خەمی وەی بو کە ژنە و خاوەن منداڵە و ناتوانێ چەک لە شانی بکاو کەلێنێکی بچوک لەو بۆشاییە گەورەیەی بە گیرانی ئاوارە لە جوڵانەوە کەوتوە پڕ بکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە هەناسە هەڵکێشانەوە خواحافیزی لە هیوا و پێشمەرگەکانی دیکە کرد. هەر هاواری دە کرد بیان گرن.. ڕەیسەکەیان بگرن، بەڵکو لە گەڵ کاکم بیان گۆڕنەوە...تیرەبارانی دەکەن...و بەدوای دا لە گابۆڕی گریانی دەدا.

شەڕ هەتا ڕۆژ ئاوابونی کێشا. هەر جەنازەی دوژمن بو لە سەر سوچە شاخەکانەوە هەڵدەخلیسکاو لە ڕەندۆڵەکان دە کەوت. پێشمەرگەکان زۆر بە تێبینی و زانایانە شەڕیان دە کرد. تاریک داهاتبو کە توانیان بە سەلامەتی لە لوتکەی سەرکەون و بەرەو ناوچەی ئالان پاشە کشە بکەن. دوژمن کوژراو و برینداریکی زۆری دابو و بە ناچاری بەرەو شاری سەردەشت پاشە کشەی کردبو. چیچۆ نەی توانیبو وەک بارەکەو پێشمەرگەکان بگرێ. ژمارەیەکیش لە جاشولکەکانی بە سەزای خەیانەتیان گەیشتبون. بۆ خۆشی لاپەڕەیەکی خەیانەتی ذستبۆ سەر کارنامەی ژیانی. پێشمەرگەکان دیسان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنابو. تەنیا یەک پێشمەرگە چاوێکی بە پڕیشکی شاخ بریندار ببو. دیاربو ئەو چاوەی تازە لەدەست دابو. سەلیم پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو دڵسۆز بو. لەو شەڕە دا چاوێکی لەدەست دابو. پاش ئەم شەڕە و چەندین شەڕی قارەمانانەی دیکە کە لە ناوچەکانی بانە، پیرانشار، مهاباد، سەردەشت و تەنانەت ور مێ کرابون و زوور بەی پێشمەرگە و کادرە هەڵکەوتوەکان و بەرپرسانی جوڵانەوە شەهید بون، بڕیار درا کە پێش ئەوەی زستان دابێ و هەمویان لە داوی دوژمن کەون، بەرەو کوردستانی عێراق پاشەکشە بکەن. لەو جولانەوە ساڵ و نیویەدا قارەمانانی وەک شەریفزادە، موعینیەکان، ئاوارە (کە لە ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ١٩٤٧ لە گەڵ دوو پێشمەرگەی دیکە لە شاری سەردەشت تیرەباران کران)، مراد شیرێژ، مەلا مەحمودی زەنگەنە، باپیر شکاک، مینە شەم، ساڵح لاجانی، سەید فەتتاح و زۆری تر شەهید بون. جوڵانەوە پاشە کشەی کرد. پێشمەرگەکان بڕیار یان دا بەرەو کوردستانی عێراق بڕۆن. هیوا بۆ دوا چاو پێ کەوتن لە گەڵ باب و دایک و خو شکی سەرێکی ماڵەوەی دا یەوەو چارەنوسێکی تازە لەوێ بە پیریەوە هات. چارەنوسێک کە ئینسانێکی لێهاتوتر و زاناتری لێ دروست کردو زۆر تر بە دواڕۆژی گەلەکەیەوە گرێی دا. لە پاژەکانی داهاتو دا ئەگەر گیرو گرفت و ژیان مۆڵەت بدەن وە دوای هیوا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکەوین. لە نێو ژیان و خەباتی دژواری ئەو دا چاوێکیش بە ژیان و خەباتی گەلی کورد دا دەخشێنین. هەتا قۆناغی داهاتو خواتان لە گەڵ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org